# بەیان

ISSN: 2676-7252

دوماهنامه فرهنگی، اجتماعی ـ سال دوم، شماره ۹، اسفند ۱۳۹۸
گۆڤاری فەرهەنگی، کۆمەڵایەتی ـ ساڵی دووهەم، ژمارە ۹، رەشەمەی ۱۳۹۸
BAYAN Social, Cultural Magazine No 9. Mar. 2020
قیمت: ۱۵۰۰۰ تومان



## دوماهنامەی بەیان

مدیرمسئول و صاحب امتیاز: **د. اسماعیل مصطفی‌زاده**

سردبیر: **طاهر کریمی**

شورای نویسندگان:

کوردی کرمانجی: **عبدالکریم سروش، اوزال اسکندرزاده**

کوردی سورانی: **د. ابراهیم اسماعیل‌پور، قرنی امین پور،**
**د. خالق جلیل نژاد. پروانه احمدین،کریم رحمانی**

کوردی هورامی: **همایون محمدنژاد**

ادبیات کودکان: **آمنه سنبلی، گلاله ستاوند**

طراحی و گرافیک: **آوات حکیم‌زاده**

تایپ و حروفچینی: **زهرا (گوڵزار) نادری،آزاد اسماعیلی**

سالی دووهەم، ژمارە ٩ ڕەشەمە ١٣٩٨



آدرس: مهاباد، میدان آرد، پاساژ بانک ملت، طبقه ۳

تلفن: اسماعیل مصطفی زاده ۰۹۱۴۱۶۸۳۲۱۱

Email: beyangovar@gmail. com


گۆڤارێکی دوومانگانەی هونەری کۆمەڵایەتی



وێنە: لوقمان ڕەحیمی


**سەروتار/** قەرەنی ئەمین‌پوور ۲

**وتوویژ لەگەڵ.../** د.ئیسماعیل مستەفازادە د.برایم ئیسماعیل‌پووور ۳

**گرینگی وەرگێڕانی ڕۆمان بۆ سەر.../** هێرش بێتووشی ـ سەردەشت ۱۱

**مزگەوتی ڕۆستەم بەگ/** محەمەد ئەحمەدیان ـ مەهاباد ۱۳

**ڕێ و ڕەسمی نەورۆز.../**لوقمان نادرپوور، حەیدەر لوتفی‌نیا - سەقز ۱۵

**پەردەیەک لە سەر پشتی شێر/** مەحیە مکایلی ـ سەقز ۱۹

**وێژەوانانی موکریان/** سەید نووح عینایەتی - مەهاباد ۲۰

**نەتەوە و نەتەوایەتیی**/ فایق دارتاش – مەهاباد ۲۲

**شایی و شینی ڕەنگەکان/**کەریم ڕەحمانی - بانە ۲۴

**ماناخوازی یان مانابێزی/** کەیهان عەزیزی - پاوە ۲۶

**شیوی چۆمی و سیپچێکان/** پەروانە ئەحمەدێن - مەهاباد ۳۰

**حەسەن فەیزبەخش «ئارام»/** پشکۆ یاسینی- سەقز ۳۲

**ئاوڕێک لە سۆز/** قادرعەلیخا - **بۆکان** ۳۳

**هونەرهۆی.../**کامیل شەریف پوور - ئاوایی سەرا - سەقز ۳۵

**خۆشارووکێنە/** هادی مەحموودی- بۆکان ۳۷

**نان و ئازادی /** وە رگێڕ بۆ کوردی سلێمان عەبدی- سەقز ۳۸

**«ڕۆژئاوا» سەرسامم دەکا!/** جەمیلە سەمەدی- مەهاباد ۴۲

**مێژووی شارستانییەتی دنخە/**مراد نەزەری- شنۆ ۴۳

**ناساندنی کتێبی «شوانی کورد»/** کەماڵ مەسعوودی – مەهاباد ۵۱

**دەزگای ڕۆشنبیری جەمال عیرفان /** مؤفەق میراودەلی- پشدەر ۵۵

**زمانیزە کردنی میشک /** کوردوان افتخاری- سنە ۵۶

**محەممەدسەلیم ئەردەلانی/**هێرش ڕێکانی - دهۆک ۶۰

**تحلیل و تفسیر داستان.../** دکتر عبدالله لطیف پور- سقز ۶۱

**کرمانشاه/** طاهر ویسی- روانسر ۶۶

**مکتوبی از شیخ حسام‌الدین.../** شفیع خضری - اشنویه ۶۹

**سندوس/** کاوە آهنگر قارنائی- نقده ۷۱



**شماره کارت (اسماعیل مصطفی‌زاده): ۶۰۳۷۹۹۷۴۷۴۳۰۸۷۸۱**



ئەم دەقانەی لەم گۆڤارەدا بڵاو دەبنەوە، مەرج نییە ئاوێنەی بیروڕای بەڕێوەبەرانی بێ.

هەواڵنامەی کتێب



# سەروتار

قەرەنی ئەمین‌پوور – مەهاباد

## زمانی دایکی هەوێنی گەشەی بیری مرۆڤ

هەموو ساڵێ ئەودەمانە (٢ ڕەشەمە) بە بۆنەی ڕۆژی ڕێز گرتن لە زمانی دایکی گەلێک بابەتی هەمەڕەنگ لە جۆری چاپەمەنی، فیلم و شانۆ دێنە بەرهەم و لە میدیاکان دەخرێنە بەر چاوی خەڵک. منیش وەک مرۆڤێکی هەستیار، بەدواداچوونیان بۆ دەکەم، ئەمەش دەبێتە هۆی ئەوە بیرەوەری منالێم وەک ئەستێرەیەکی پڕشنگدار خۆی لەناو خۆڵ و تۆزی تەمەنی ڕابوردوو وەدەر خا. یەک لەوانە دەگەڕێتەوە بۆ ٣٥ ساڵ بەر لە ئێستا کە هەوەڵ کتێبی کوردیم خوێندەوە. ئەو کات لە بەر هۆی بارودۆخی ناوچە منیش وەک منالێکی تامەزرۆی زمانی کوردی بەدوای نامیلکە و کتێبی کوردی بووم، تا ئەوەی لە ناوەندی فێرکاری و پەروەردەیی منالان و تازە لاوان کتێبێک سەرنجی منی بۆ لای خۆی ڕاکێشا، ئەویش کتێبێکی وەرگێڕاوی مامۆستا هەژار بە نێوی «پێنج قامک دەبنە مست»، زۆر لە خۆم نووسام تا توانیم ناوی کتێبەکە ڕاست بکەمەوە، بۆ ماوەیەکی کورت بە ئەمانەت وەرم گرت بردمەوە بۆ ماڵ، بەزەحمەت جارێکم خوێندەوە ئەو چێژەی دەبوو، لێم وەرنەگرت. جارێکیتر دیسانیش خوێندمەوە، جار لەگەڵ جار لێی سەرخۆشتر دەبووم. بە خوێندنەوەی ئەم کتێبە دوو سەرە چێژم لەخوێندن وەرگرت: یەکەم لە بەر ئەوەی توانیم بێ‌ئەوەی لەشوێنی تایبەت فێری کوردی خوێندن بم، کتێبی کوردیم خوێندەوە، دووهەم لە مەبەست و ناوەرۆکی کتێبەکەش بە چاکی تێگەیشتم. هەر ئەو کات بۆم دەرکەوت ئەو چێژەی لە خوێندن بە زمانی دایکیدا هەیە قەت لەخوێندن بەزمانی جیاواز لەزمانی دایکی دا نییە. نەتەوەکانی دونیا بەرهەمگەلی بە هێز و ڕەنگینیان زۆرە لە بواری ئەدەب و زانست و هونەر و هەڵبەست و...، نەتەوەی کوردیش لەم یاسایە بێ‌بەش نییە، تاکی کورد بۆ چێژ وەرگرتن لە بەرهەمە بەهێزەکانی ئەدەبی و زانستی و کۆمەڵایەتی خۆی پێویستە خوێندن و نووسین بە زمانی خۆی بزانێ.

خوێندن بەزمانی جیاواز لە زمانی دایکی سەرەڕای ئەوەی دەبێتە لەمپەر بۆ چێژ وەرگرتن لە بابەتەکە، ڕێگری دەکا لە فێربوونی بابەتەکان لەلایەن مرۆڤ. کەسێک کە بە زمانی جیا لەزمانی دایکی دەخوێنێ و دەنووسێ دەبێ کارێکی قورس و دژوار بکا، هەر وەک ئەوەی «ئیسکاول» باس لە حالەتێک دەکا بە نێوی «ترس و دڵە ڕاوکێ نادیار» هەروەک دەزانین بە ئەنجام گەیاندنی کاری سەخت و دژوار جۆرێک دڵەڕاوکێ دەخاتە نێو دڵمان و لە خۆمان بە شک دەبین، ئایا دەتوانم ئەو کارە بە ئامانج بگەینم یان نا. ئەو شک و دڵەڕاوکێیە دەبێتە هۆی لە دەسچوونی متمانە بەخۆی مرۆڤ کە ئەویش دەبێتە بناغەی گیر و گرفتی دەروونی مرۆڤەکان. فێر بوونی زمانی دووهەم یێکێکە لەو کارە دژوارانەی کە دەتوانێ خورپە بخاتە ناو دڵی مرۆڤ و ئەو سەبارەت بە خۆی بێ‌باوەر بکا یان خود بزوێنەری دەروونی لێ بستێنێ لە فێربوونی بابەتگەلی جۆراوجۆر و ڕێگری لێ بکا. لەلایەکیترەوە مرۆڤەکان، زمان بۆ پیوەندی گرتن و دەربڕینی هەستی جوان و ناسک و خۆشەویستی و جاری واشە بۆ دەربڕینی تووڕەیی بە کار دێنن، جار هەیە نهێنیکانی دەروونی خۆیان بە شیوەی لاتاو و تەشەر ونێونیتکە بە بەرامبەرەکەیان دەڵێن، کە وایە کەسێک کە بە زمانی جیاواز لە زمانی دایکی قسە دەکا، بەدڵنیاییوە ناتوانێ وەک خاوەن زمانی سەرەکی خۆی، پێوەندی دروست بکا لەگەڵ بەرامبەرکەی، لە بەر ئەوەی بەشە جیاوازەکانی مێشکی مرۆڤ بۆسازدانی ئەو پێوەندیە کەرسەی پێویستیان نییە، یان خود ڕاهێنانیان پێ‌نەکراوە. فێربوونی زمان کە بەشی جیا نەکراوەی قۆناغەکانی گەشەی مێشکن لەکات و ساتی خۆی بۆ مرۆڤ دەلوێ و پێدەگا. گەشەی زمان ڕووبەرێکی بەر بڵاوی لە تێگەیشتنی واتادار دەس پێدەکا و دەگاتە ساز کردنی قسەی واتادار.

جا کەواتا زمانی دایکی پێناسەیە بۆ شوناسی مرۆڤ، بەجۆرێک کە مرۆڤ کاتێک لە سەرتای منداڵیوە بە فێر بوونی زمانی دایکی کۆمەڵێک سەرچاوە و بەرهەمی کلتوری و ئەدەبی و زانستی کە لە بەر دەستی دایە و بە زمانی خۆی نووسراوە بە چاکی لێیان تێدەگا، پێوەندی ڕاست و درووست لە هەمبەر کەسانی دەور و بەری خۆی ساز دەکا و لە ئاکام دا دەسکەوتی باشتری لێدەکەوێتەوە. بەڵام ئەگەر یاسا و ڕیساکانی حاکم بە سەر کۆمەڵگا بە تایبەت ئەو کۆمەڵگایانەی زمانی زاڵ زمانی فەرمییە و بە زمانی نەتەوەیی دەناسرێ، هەڵەیەکی زانستیە. زمانی نەتەوەکانی جیاواز لە ئێران، ڕێگای گەشە و نەشەیان لێ گیراوە، هەرچەند لە یاسای بنەڕەتی ئێراندا ئاماژە بە فێرکردنی زمانی نەتەوەکانیتر کراوە لە تەنیشت زمانی فارسی، بەڵام تا ئێستا پاشی ٤١ ساڵ تێ‌پەڕین بە سەر پەسەند کردنی ئەو یاسایە، نەهاتۆتە بواری کردارەوە. خۆ بواردن لە فێر بوون و فێر کردنی زمانی دایکی غەدرێکی گەورەیە لە منداڵ و کۆمەڵگا، زمانی فەرمی لە قوتابخانە فێردەکرێ و لە دامودەزگای حوکومی دەکار دەکرێ، بەڵام زمانی دایکی، زمانی نەتەوییە، پاراستنی زمانی نەتەوەیی پاراستنی نەتەویە.

د.ئیسماعیل مسته‌فازاده
د.برایم ئیسماعیل‌پوور

# وتووێژ له‌گه‌ڵ مامۆستا فه‌تاح ئه‌میری



ئاماژه:

مامۆستا فه‌تاح ئه‌میری ڕۆمان نووسی به‌توانای ڕۆژهه‌ڵاتی کوردستانه که به نووسین و چاپکردنی ڕۆمانی هاواره‌به‌ره له ساڵی ١٣٧٢ی هه‌تاویدا نازناوی یه‌که‌م ڕۆمان‌نووسی پێ ده‌برێ که له ڕۆژهه‌ڵات ڕۆمانی چاپ کردبێ( ڕۆمانه‌که‌ی مامۆستا ڕه‌حیمی قازی له به‌غدا چاپ کراوه).کاره‌کانی مامۆستا فه‌تاحی ئه‌میری،پڕن له ڕه‌سه‌نایه‌تی و هه‌رکامیان جیا له ناوه‌ڕۆکی به‌پێزفه‌رهه‌نگیکی که‌م وێنه‌ی زمانی کوردین.ئه‌م مامۆستایه تا ئێستا سێ به‌رهه‌می به ناوه‌کانی: هاواره به‌ره، میرزا و زینده‌خه‌و به چاپ گه‌یاندووه.ئه‌م بابه‌ته‌ی ژێره‌وه وتووێژێکی خۆمانه‌یه له خزمه‌ت ئه‌م مامۆستا دڵسۆزه‌دا.

پ:ئاخۆ ژیانی خۆت پێوه‌ندی به ڕۆمان نووسی جه‌نابته‌وه هه‌یه‌؟

و: پێم وایه نه‌ک ڕومان نووس هه‌ر هونه‌رمه‌ندێک به‌شێکی گه‌وره له ڕۆحی نه‌سره‌ووتویی خۆی ده‌دات به‌و شته‌ی یان به‌و ته‌ولیده‌ی که ده‌یکا، به‌و به‌رهه‌مه‌ی که به وجودی دێنێ، جا تابلۆیکی نه‌قاشی بێ، ئاهه‌نگیکی خۆشی مووسیقی بی، ڕۆمانیک بێ، کورته چیرۆکێ بێ، شێعرێک بێت، له ڕۆحی نه‌سره‌وتوویی خۆی به‌شی ده‌دا ده‌بێته مایه‌ی ئه‌وه‌ی که شتێک به دڵه‌وه ده‌نووسێ، ئینسان به دڵ پێی خۆشه! ئه‌گه‌ر غه‌یری ئه‌وه‌ی بێ یانی حاڵه‌تی ڕۆژنامه‌یی هه‌بێ، حاڵه‌تی خه‌به‌ری هه‌بێ و به زۆری بنووسرێ هه‌رگیزاو هه‌رگیز نابێته کتێب. هه‌موو ڕۆمانێک له ژیانی ڕۆمان نووسه‌که‌ی به‌شی دراوه. له هه‌ر جێگایه‌ک قاره‌مانێکی زه‌عیف دێ بۆ خۆی دێته مه‌یدانێ. جا من چه‌ند نموونه‌ت عه‌رز ده‌که‌م لێره‌دا که ئه‌زموونی خۆمن.

ئه‌من نۆ مانگم بوو که باوکم مرد و شه‌ش ساڵیش بووم دایکم مرد! ئیتر له‌و دونیا زه‌لامه‌یدا به تاقی‌ته‌نیا مامه‌وه. هه‌تا دایکم مابوو چاکترین و خۆشترین و ڕاحه‌ترین ژیانم هه‌بوو.یانی ئه‌و شه‌ش ساڵه، هیچ جۆره که‌مبودێکم له هیچ له‌حازێکه‌وه نه‌بوو، له حاڵێکدا حه‌تمه‌ن خوێندوتانه‌ته‌وه که مازلۆده‌ڵێ: ئینسانێک ده‌بێ هه‌موو نیازه‌کانی به‌راوه‌رده بکرێ جا ده‌توانێ بچێته لووتکه، جا ده‌گاته حه‌دی ته‌حه‌ققوقی زات، جا هه‌ڵ ده‌کشێ بۆ سه‌رێ. جا له نیازگه‌لی فیزیۆلۆژیاییه‌وه بگره هه‌تاکونێ نیاز به ئیحترام و نیاز به دلۆڤانی و ئه‌منییه‌ت و ئه‌وین و خۆشه‌ویستی و....حه‌وت پله‌ی هه‌یه، پله به پله ده‌چێته سه‌رێ ئه‌گه‌ر به شێوه‌ی یه‌ک دانه موسه‌لله‌س به‌و شکڵه‌ی ده‌رێنین له ڕه‌ئسی موسه‌لله‌سدا ده‌گاته ئه‌وج و ده‌گاته حه‌دی ته‌حه‌ققوقی زات. ئه‌وه واقعیه‌تێکی مۆتڵه‌قی مۆتڵه‌قه که به داخه‌وه زۆر که‌ممان هه‌یه که له کۆمه‌ڵگای ئێمه‌دا که‌سێک بتوانه‌ێ بگاته ئه‌و جێگایه! چونکه ئه‌و بارودۆخه‌مان نه‌بوه. من تا ئه‌و شه‌ش ساڵه ئه‌وه‌م هه‌ست ده‌کرد، ئه‌و شه‌ش ساڵه گه‌وره‌ترین شه‌خسیه‌تی فکری دا به من. وه‌ختێ منال بووم پاپووچه‌یان له‌پێ کردبووم. مندال وه‌ختێکی دێته داره‌داره پاپووچه‌ی له‌پێ ده‌که‌ن به‌خاتری ئه‌وه‌یکه بڕوات و لاقی بریندار نه‌بێت و به شتدا نه‌که‌وێ. له‌و ده‌مه‌یه‌وه ئه‌وه‌م له بیره تا به ئه‌وڕۆ، به قه‌ولی ئیره‌ج میرزا ده‌ڵێ:« یاد ایام جوانی جگرم خون می کرد/ خوب شد پیر شدم کم کم و نسیان آمد » ئه‌من ئه‌و فه‌رامۆشییه به فریام که‌وت ئه‌گینا یادی ئه‌وده‌مێ،ئێستا ئه‌منی کوێر ده‌کرد. به‌دبه‌ختانه دایکم زۆر له وه‌ختێکی حه‌ساس‌دا ئه‌منی به‌جێ هێشت و زۆر به ته‌نیایی به‌جێی هێشتم، دوای ئه‌و ئیدی ئه‌من وێڵ و سه‌رگه‌ردان ده دونیادا تاق و ته‌نیا مامه‌وه. سێ خۆشکم هه‌بوو مێردیان کردبوو، دایکم نه‌مابوو، بابم نه‌مابوو، باپیرم نه‌مابوو مامم که زۆرم بۆ باش بوو نه‌مابوو، دوو پوورم مردبون، بابی دایکم مردبوو، ئه‌من مامه‌وه، هێنامیانه سابلاغی له ماڵی خزمێکمان بخوێنم. ته‌واوی ئه‌و شتانه‌ی که مایه‌ی دڵخۆشی ژیانی من بوون،هه‌موی یه‌ک ڕا له یه‌ک زه‌مانی واحیددا له ده‌ستم چوو، یانی هیچی نه‌ما، نه میحیبه‌ت ما، نه سه‌رپه‌ره‌ستی‌ما، نه خۆشه‌ویستی ما، نه ڕه‌فعی نیاز ما. سه‌ره‌ڕای ئه‌وه منداڵانیش پیان ده‌کوتم کرمانج، ده‌ردێکیان ده‌دامێ نه‌بێته‌وه.

هه‌تا ئه‌و ساڵانه‌ی دوایه ئه‌من ئه‌و ده‌م له بۆکانێ کارمه‌ندی ئیداره‌ی به‌رق بووم، سه‌ر به مهابادێ بووین. له‌وێ ڕۆشتین له‌گه‌ڵ ئه‌و کوڕانه‌ی له‌وێ دانیشتبووم ده‌یانکوت هه‌تیوه کرمانجه لاچۆ! کوڕه کوتم که‌س نازانێ له کوێوه هاتوون، باپیره گه‌وره‌ی من سابلاغی بوو. ئه‌من ئه‌ولادی بداغ سولتانم، ئه‌لان

ئەو هەڵاهەڵایەو لە چیە؟ نامەوێ ئابڕوت بەرم، ئەمان کرمانج ئەسیلترین نیژادی کوردە.

جا قوربان، گرانیساڵی ٢٧ و ٢٨ گرانییەکی بێداد بوو، من لەدایکبووی ٢٥م. بەڵام من پێش دوو ساڵانە بوونی خۆشم بیر دێت ! تەنانەت پاپۆچەکەم ڕەنگەکەشیم لەبەر چاوە، ئەو دەم خەڵکی لەوپەڕی هەژاریدا بوون. هەرچەند تێرترین بەشی ئێران کوردستان بوو. چونکە گەنم، نیسک، نۆک، گوڵە پێغەمەرە و جۆی هەبوو. لەوانە نانیان ساز دەکرد ئەمن لە بیرمە دەچووین نانێکی گەنممان دەبرد لە ناو دێ دەماندا بە کولێرەیەکی گوڵە پێغەمەرەی زۆر شیرین و خۆش بوو دەمان گۆڕیەوە ئەوەمان پێخۆش بوو. لە دەوروبەری تەورێزدا هەرچی عەجەمستانە ڕوویان لە کوردستان کرد هەر لە دەری دێڕا خەڵک نانی بە پیریەوە دەبرد هەر وەک ئەو داستانانەی مامۆستا هێمن لە تاریک و ڕووندا دەیگێڕێتەوە هەر هی ئەو سەردەمەیە. خەڵکەکە زۆر خەڵکی چاکە! لە لێقەوماندا کورد زۆر پیاوە، لە ئەو پەڕی پیاوەتی دان، ئەمن لە بیرمە لەو ساڵانەیدا، چاڵێکمان هەبوو ئەلعانیش هەر ئەو چاڵە ماوەتەوە و پڕ نەبوەتەوە و١٢٠ تەغاری گەنم دەبرد، خەڵکی چوار دێهات برسی بوون دایکم ناردی بێنە ئێرە. پیاوێکی زۆر چاک هەبوو لە دێکەی ئێمەدا بانگی کرد کوتی: کا عەبلا. کوتی: بەڵێ. کوتی بچۆ سەر ئەو چاڵە ئەوانەی دێنە ئێرە لیان پرسە چەن سەر خێزانن بەپێی خێزان ئەو چاڵەیان بۆ بەش کە، ١٢٠ تەغار گەنم لە یەک ڕۆژدا ڕۆیی. درا بە دێکانی دەوروبەری خۆمان. دەهاتن دەپاڕانەوە هەمووی ڕووت و ڕەجاڵ، ئەوی وا مامۆستا هێمن دەڵێ کچێکیان دەفرۆشت بە پووتێ ئارد. دوای ئەو گرانییەی وابەسەردا هات و ئەو قاتیە وا بەسەر دا هات، حەقی کاریگەری بوو بە هیچ یانی کابرا دەهات فەقەت نانی وشکی بدەیەی کارت بۆ بکا ئاوای لێ هاتبوو. بەراتێک لە گوڕدا نەمابوو. جا ئێمە ئیوامان زۆر بوو، بەتاییەت کە پیاو نەمابوو لە ماڵی ئێمەدا. پیاوی ساحێب ماڵ، هەر دایکم بوو و زۆر مودیر بوو. ساڵی ٢٥ بابم فەوتی کردووە و ٥ ساڵ دوایی دایکم لەو فاسڵەی ٥ ساڵەدا کارێکی کرد زۆر دەوڵەمەندتر بووین لە پێشوو. مەڕ و ماڵاتمان هەبوو، بۆ خۆمان جووت و گامان هەبوو، سێ دانگی دێیەکمان هەبوو، دایکم ناوی سارا خاتوونی شەمسەدینی نەوەی شێخی بورهان کچی شێخ ئەحمەدی باجەوەندە. ئەو، ئەو گەنمەی دانێ کوتی چون بەشی سەغیری تێدایە ئەگەر کاتی سەر خەرمان بووتان بمان‌دەنەوە ئەگەریش نەبوو گەردنتان ئازابێ، بیبەن و بڕۆن خواتان لەگەڵ. وەڵاهی زۆر کەم هێنایانەوە لە حەدی ١٠-١٥ تەغارێ دەنا ئەوانیکە بردیان و ڕۆیشتن و نۆشی گیانیان بێ.

ئەو کەڕامەت و سێخاوەت و هێمەتەشی هەبوو بێجگە لەوەیکە زۆر دایکێکی چاک بوو و زۆر مودیر بوو، لەو ماوەدا دەستەیەک پەک کەوتە پەنایان بۆ ماڵی ئێمە هێنابوو، دایکم ڕێی دابوون.پیرێژن وشتەی وا لەوێ بوون، مەگەر تەشییەکیان ڕستبایە، کارێکی ئاساییان کردبایە ئەگینا هەر لەوێ دەژیان. دەیزانی هیچ کوێیان نییە بۆ مانەوە نەیدەهێشت بڕۆن. دیوێکیشیان هەبوو. هەموو شەوێک دایکم حیکایەتێکی بۆ من دەگوت پێش ئەوەیکە بنووم و خەوم لێکەوێ. وەها هۆگری حیکایەتی ببووم. ئەگەر لە جێگایەکی خەوم لێ دەکەوت سبحەینێ دەمگوت دەبێ باقیەکەیم بۆ بڵێیەوە و بۆی دەگوتمەوە، و چاکیشی دەزانی. دوای ئەوەش ئەو ژنانەش به ڕۆژ حەکایەتیان بۆ دەگوتم، خولاسە ئەمن لەو دەمەیەوە چێشکەی ئەو مەسەلەیە بووم.

هەر وەک عەرزم کردن پێنج ساڵ،شەش ساڵ دوای بابم، ئەمن ئەودەمی ئەو ئامادەگیەی کە ئەلان هەیە پێش سەرەتایی، ئەلان پێی دەڵێن ئامادەگی ئەو دەم پیان دەگوت تەهییە، ئەمن لە تەهییە بووم. لەدەوە شاری.تەنها جێیەک کە مەدرەسەی لێ بوو دەوە شاری بوو و کەلبی ڕەزاخان هەموو موکریان دا. من لە دەوە شاریدا تەهییەم دەخوێند.

ڕۆژێکی، ئێوارەیەکی سوارێک هات لە دووم وگوتی وەرەوە دایکت ئەمنی ناردۆتە شوێنت، گەیشتمەوە دایکم بێحاڵ بوو و بەداخەوە کۆچی دوایی کرد. شتێکی کە قەتم لەبیر ناچێ بابی دایکم ئەمنی لە باوەش کردبوو شێخ ئەحمەد، دەگریا فرمێسک بە ڕدێنیدا دەهاتە خوارێ، ئەو مەنزەرەشم هەر لەبەر چاویدایە. بە دووی مەرگی دایکمدا باپیریشم مرد کە زۆری خۆش دەویستم، دوایە مامم، دوایە پوورم، گشتیان ڕۆیشتن تەقریبەن لە دوو ساڵاندا خەڵاس بووین، هیچمان نەما. نەخۆشی ئازارەباریکە بێدادی دەکرد پنیسیلین نەبوو، ئەوە قەیرانی دوای شەڕی دووهەم بوو وڵاتی داگرتبوو، گرانی، قاتی، مردن، نۆبەتێ.نۆبەتێ تەواوی ئەو دێیانە لە ئەوەڵی بەیانیەوە خۆیان دەیانزانی دەیانگوت ئەوڕۆ نۆبەتی ئێمەیە لەبن دیواری تا شەوێ هەڵدەبەزین، سبەینێ دەستەیەکی دیکە جیگای ئەوانیان دەگرتەوە،هەموو جۆرە فڕوفێڵێکیان ساز کردبوو. مەسەلەن بۆرە سوارێکیان دیبا هەرایان لێدەکرد بۆرە سوار دەرمانی شەوتێیی چییە؟ جا بۆرە سوارەش بە زەوقی خۆی و دڵی خۆی جاری وا هەبوو شتی زۆر خراپی دەگوت. خورما و ڕۆن یان هەنگوینە دەرمانەکەی. ( شەوتێیی: تب ) یا مەسەلەن شەمۆلەیان دەگرتەوە، نوبەتەیان بۆ خەڵکی دەبڕی وەک مەلا و شێخ و سەیید و ئەوانە، چەن گرێیان لێئەدا خۆلاسە ئەوە فێڵ بوو دیارە ئاساری ڕەوانیشی هەبوو، ئەوەی باوەڕی پێی بوو پێی چا

دەبوو. ئیدی ئەو یونیسێف بوو( دێ دێ تێ)ی هێنا ئیدارەی مالاریای ساز کرد، هەمووی ئێرانیان سەم پاشی کرد و لە ئاکامدا ڕوویشت.

پ:ئەو لە بن دیوار هەڵبەزینە چ بوو؟

نەوبەتییان‌دەگرت‌قوربان.دەیانزانی ئەورۆ نۆرەیانە نۆبەتێ بگرن یا سبەینێ. ڕۆژی وابو نەیدەگرت کەسانێکی تر دەیانگرت.لە حاستی خۆیان هەڵدەلەرزین و تا ئێوارە ئەوە کاریان بوو، و هۆکەی مێش ئانۆفێل بوو، مالاریا ئەساسەن لەوی بەوجود هاتبوو. بەو سەم پاشییەی کە کرا بە گشتی ڕیشەبریان کرد. تەنانەت نێو ئاوەکانیش، ئاوی گۆلاوەکان، ئەوانیشیان سەم پاشی کرد. تەویلە و سەرانگوێلک و هیچ کوێ نەما سەم پاشی نەکەن. ماڵەکانیان هەموو سەم پاشی کرد.

بەڵام دەردی لە هەموان گەورەتر دەردی من بوو، هەموشتێکم لە ساتەوەختێکدا لە دەس دابوو. تەواوی ژیان و حورمەت و ئیحترام و تێری و تەسەلی و پاکوخاوێنی و لیباس و موحیبەتم لە دەستم چوو. بەڵام هەمیشە و داییم لەشتێکی دەگەڕام وەکوو شتێکم ون کردبێ و نەم دەزانی چیم ون کردووە. لەبیرمە ساڵی سێی سەرەتایی بووم لە مەدرەسەی پەهلەوی دەمان خوێند ڕۆژی تمەنێکیان دەدامێ بۆ گیرفان پووڵی، ئەودەم کتێب فرۆشی موفەقی و حەمیدی لە لای یەک بوون. منداڵ بوم لە کتێب فرۆشی حەمیدی لە پیادەڕەویدا هەڵدەهاتم. جەماعەتێکم دیت لەوێ، هاوکلاسییەکم تووش بوو، گوتم ئەوە چ باسە لێرە؟ گوتی: ئەوە کتێبی هەڕاج دەکەن، نەم دەزانی هەڕاج چییە؟ بۆ هەڕاجی دەکەن کتێب چی کردووە وا هەڕاجی دەکەن؟ ئەو دەمی دوای موسەدیق و تودە عەزیەتی‌مان دیبوو خەڵکیان لە خیابانڕا بە شەپان دەبرد بۆ شارەبانی. گوتم هەڕاج چییە؟ گوتی: هەڕاج ئەوەیە تمەنێکی دەدەی دەچی کارتێکی هەڵدەگری خۆت و شانسی خۆت کە نێوی کتێبێکی لێ نووسراوە، ئەو کتێبەت دەدەنێ بە هەرچەنێ بێت مومکینە دوو قرانیش بێت یا زیاتریش بێت وەلی بە تمەنێک دەست دەکەوێ. ئەمنیش تمەنێکم پێ بوو هەستام چوومە ژووری و بەو ئاغای حەمیدیەم گوت: ئاغای حەمیدی کارتێکم بدەیە هی کتێب! تمەنەکەم دایە گوتی ڕۆڵە گیان ئەوە دە ئەو قتوەی دایە بۆخۆت کارتێکی هەڵگرە. کارتێکم هەڵگرت، پاکەتێکی بچکۆلەی تێدا بوو، دەرم هێنا، لێی نووسرابوو نرگس نووسراوەی حوسەین قوڵی موستەفا، کتێبەکەی دامێ وتی ها مامەگیان حەڵاڵت بێ. تمەنێکم دایە بە ١٥ قران ١٦ قران شتێکی ئاوا کتێبەکە ئەوندەی تیا نۆسرابوو. دەی جا خودا ئەوەم چی لێ کردبا؟ منداڵێکی سێهەمی سەرەتایی. ئێوارە بوو، شارەداری مەهاباد ئەو دەم، نەردەی هەبوو لەباتی دیوار، نەردەکانی دار بوو،دارەکەشی بە ڕەنگی شین، ڕەنگ کرابوو، پاڵم بەوێوەدا و وردە وردە دەستم بە خوێندنەوە کرد زۆر بە زەحمەت دەمتوانی دێڕێکی ساخ کەمەوە و تێی بگەم، بە جێم نەدەهێشت. برێکم خوێندەوە بوو بە شەو و بردمە ماڵێ و لە ماڵێ بۆ سبەینێ و سبەینێ شەو کتێبم خلاس کرد، سەر لە نۆێ خوێندمەوە یانی لە دە ساڵیڕا ئەمن بووم بە موریدی کتێب. دوایە ئەو شتەی کە گەیشتمە کتێبەکانی سادق هیدایەت لێم مەعلووم بوو ئەو شتەی من لە منداڵیەوە لێم ون ببوو و لێیدەگەڕام داستان بوو، یانی هیچ شتێک نەیتوانی بوو جێگای ئەو بەشەی بۆ من بگرێتەوە. من لە دەساڵیڕا کە ئەلانەکانی بەرەو٧٥ دەڕۆم ٦٥ ساڵە موتالا دەکەم،ئەوە دونیا و لەمپەر و پەردە و هەموو شتێکی لە بەرچاوی من لابرد و گەیشتە جێیکی کە پڕ بووم و دەستم کرد بە نووسین، بۆ خۆم پێم وابوو پڕ بووم! ئەلانیش پڕنیم ئینسان هیچ وەختایەکی پڕنییە. لە ژیاندا هەتا هەتایە یانی عومر زۆر کەمترە لەوەیکە تێبگات و بتوانێ.

ئەمن بوومە کتێبخانەیەک.هاوینان کە دەچومەوە دێ پانزە بیست کتێبم دەبردەوە لەگەڵ خۆم، نەم دەخوێندەوە بەڵکو دەم خوارد، بە حەدێکی عەلاقەمەند بووم. هەر ئاوا ڕۆیشتە پێشێ ئەمن لە ژیاندا ناتەواو بووم تا جحێڵ بووم. لە دەبیرستانێ ڕۆیشتمەوە ماڵێ. ئەمن دیپلۆمم وەر نەگرت، جوابی کەسیشم نەدەداوە. پێنج شەش ساڵیش سەرباز بووم دەهاتن جوابیشم نەدەدانەوە، دەیانگوت لێرە نیم کەسیش باسی نەدەکرد.

دوای ئەوە وابوو ژنم هێناو منداڵم بوو، سێ منداڵم بوو. ئەوانیش دەبو بخوێنن، مەدرەسە و شتیش بوو چوینە شاری، وتم بچین لە شاری چی بکەم ئەمن فێری بێکاری نەببووم، دەبوو بچمە مەزرایە، مەڕو گارانم هەبوو، لە بەیانیڕا هەتا شەوێ جاری وابوو نەهاریشم لەبیر دەچوو بیخۆم. چ بکەم چی نەکەم ئەمن بڕۆم لە دووکانی کابرایەک دانیشم ڕۆژی دوو ڕۆژ ساڵێ دوو ساڵ... ئیدارەی برق پێرسۆنێلی کەمی هەبوو، چووم لە ئیمتیحانەکەیدا بەشداریم کرد و قەبووڵ بووم لە ساڵی ٥٤دا.

هاتم هەر لەم بۆکانە دامەزرام، تەقریبەن مانگێ شتێکیوا لێرە بووم دوایە ڕۆژێکی هاتم موهەندسێکمان هەبوو لە مەراغەوە دەهات ئێرە لەبەر دەستی مەراغەیدا بوو، برێکی قسە لەگەڵ کردم و دەقێکی پێ گوتم و گوتی ئەوەی بنووسە بە فارسی، بۆم نووسی و ئەلحانیش نازانم ڕقی لێم بوو یان خۆشیویستم، پترم دەزانی لە کابرایەکی دیپلۆم و شایەدیش زیاتر. چونکە لە مێژ بوو ئەو دەمی ئەمن موتالەعەم دەکرد پترم دەزانی. حوکمێکم بۆهات کاکە دەچیە مەراغەی خۆت لەوێ موعەڕەفی دەکەی، خانووم لێرە بە کرێ گرتبوو منداڵم لێرە سەبتی‌ناو کردبوو خودایە چ

بکەم. وەڵا ڕۆیشتم بۆ ئەوێ تەقریبەن مانگێکی لەوێم کار کرد شەوێکی هاتمەوە ئەو بۆکانەی سەرێکی منداڵەکانم بدەم وەڵا دوای شامێ هاتن گرتمیان، ماڵەکەم گەڕان ٧٠٠ جڵدیان کتێب لێ هێنایە دەرێ. گوتیان خەزێنەمان دۆزیوەتەوە، یەک دوانێکیان نەبێ ئەوانی دی هەمووی شومارەی کتێبخانەی میللی ئێرانی پێوەبوو.هیچ گوناحێکم نەبوو! کتێبێکی محەممەد مەسعودیم پێ بوو، کە بەوی قەڵس بوون. فارس بوو هی زەمانی دووکتور موسەدیق « گلهایی که در جهنم می رویند » چون قاچاغ بوو و ئەو دەم چاپ ببوو، « ماهی سیاه کوچولو»ی سەمەد بێهرەنگی و هەندێ کتێبی سادق هیدایەت و هەندێک کتێبی دوکتور عەلی شەریعەتی.سەریان سوورمابوو! کتێبەکانم هەمەجۆرە بوون. تا ٥٧ی لە زنداندا بووم دوای تێهەڵدان و کوتانێکی زۆر من لە کاتی خۆپیشاندانەکان لە زیندانێ ئازادیان کردم، شا عەفوی دابوو هاتمە دەرێ. هیچ گوناحێکم نەبوو.ساڵێکیش وەدوای ئەوە کەوتم کە ئەمن کارمەند بووم دەبێ بچمەوە سەر کار، دەیان گوت تۆ چووی تەرکت کردووە بە ئێمەت نەگوتوە! ئەی هاوار من نەڕۆیشتووم، گرتوویانم! ئەوەتا ئەوە بەڵگە، ئەوە دادگای نیزامی گەواهی داومەتێ و ئەو چەن ساڵە لە زیندان بووم، فایدەی نەبوو. سێ چوار جار موکاتیباتەکەشم ڕاگرت. دوای ئەوە کە هێئەتێک هاتە ئیدارە کە لیستیان خوێندبوەوە گوتبوویان کوا ئەوە؟ دەستووریان دابوو لە هەرجێیەک هەیە بۆ سبەینێ ئێمە ئەومان دەوێ! وەڵا منیش ماڵەکەم لە مهاباد بوو و دەستیشم لە هەموو شتێک داشوتبوو. وڵاتیش شێوابوو. هەڵاتن و تەقە و.... پیان گوتم شتێکی ئاوایە،گوتم باشە هەستام چووم، خۆم ناساند، گوتیان ئەوە تۆ لە کوێی؟ ئەڵبەت من چوومە تەوریزو لەوێ پەروەندەکانیان یەک یەک تەماشا کرد و گوتیان دە سەراسەری ئەو شیرکەتەی دا تەنیا ئەتۆ زندانی سیاسیت و ئەتۆش ونی، گوتم ئاخر ون نەبم چی بکەم ئەوەتا موکاتەبەم لەگەڵدا کردوون،گوتویانە تۆ تەرکی خزمەتت کردووە.مەدارکم نیشان داون وقەبووڵیان نەکردوە. دادگای نیزامی گەواهیان داومەتێ قەبووڵیان نەکردووە، بڵێم چی؟ چ بکەم؟گوتیان نەخیر هەر ئەمڕۆ دەبێ بچیتە سەرکار. بەڕێیان کردم بەرەو بۆکانێ جا بوو بە شەڕو هەڵاتن.

ئەمن ئەو فکرەم لە بیست ساڵیدا لە مێشکیدا بو بۆ هاوارە بەرە، لە چل ساڵیدا توانیم بیهێنم ئەو دەم چاپ نە دەکرا، دوای ئەوە ئینتیشاراتی سەلاحەدینیان دانا، ئەگەر ئەویان دانەدەنا هەر نەدەبوو. مامۆستا هێمنیش زۆر زۆر پێی خۆشحاڵ بوو کە ئەمن خەریکم ڕۆمان دەنووسم. شتی ئاوا وکاری ئاوا نەکرابو دە کوردستانی ئێراندا. تەنها دوکتور ڕەحیمی سەیفی قازی شتێکی نووسیبوو ئەویش لە بەغدا چاپ ببوو نە لە ئێرانێ.ئەوەی لە ئێرانێ چاپ بووبێ ڕۆمان نەبوو. کاک ئەحمەدی قازیش پێش من شتێکی نووسیوە بە نێوی باقەبێن ئەویش ڕۆمان نییە. دوای ئەوەش کە چاپ بوو ئیرادیشم لێگرت و بە ڕەحمەت بێ گوتم کاک ئەحمەد بریا بە منت گوتبا! گوتی بۆ فەتاح؟ گوتم زۆری هەڵ دەگرت ئەوە دەیتوانی ڕۆمانێکی چاک بێ! ڕۆمانێکی تەنزیش دەبوو، تەنزمان ئەلعانیش نییە! هونەری کردووە بەڵام لە حەدی ڕۆماندا نییە. من هەر لەو ڕێگایەڕا کە لە منداڵیڕا دەگەڵ حیکایەت و ئەوانە عەجین ببووم فکرم چوبوو بۆ ئەو جێگایە، مەغزم چاکی کار دەکرد و ئارەزووم دەکرد ئەو شتە ببینمەوە کە دوایە ئاوا بە ڕێکەوت بەو تاقە تمەنەی ئەمن دیتمەوە. ئیدی زەمانی شا نووسین هەر ئەوەبوو، کوڕێک عاشقی کچێک دەبوو، پەیامێکی نەبوو. دەیانەویست زەماوەند بکەن یان یەکیان خۆی بکوژێ یا شتێکی ئاوا. حەتمەن نووسینی هەر ڕۆمانێک دەگەڵ ژیانی خودی ڕومانووس پێوەندی هەیە، لە خۆی دەنووسێ، خۆی دەنووسێ. مەسەلەن کتێبێ وەکوو پاپیونی کە بە هەموو زمانی گەورەی دنیا تەرجومە بۆتەوە، زۆر کتێبێکی پڕ فرۆش بووە. خۆ هیچت ناداتێ بەڵام بەلانی کەمەوە خوێنەر سەرگەرم دەکا هەتا ئەو سەعاتەی کە دەیخوێنێتەوە هەر بە دووی خۆیدا دەیبا و دەیکێشێ.

بەکورتی من دەستم پێ کرد، ئەگەر هاوارە بەرە هاتە دەرێ لە تیراژی سێ هەزاردا هەر زۆر زو خەلاس بوو. ساڵی ٧٢ی هەتاوی چاپ بوو، پێموایە ئەمن یک دو ساڵ دەبوو نووسیبوم جا ئەوان چاپیان کرد.چونکە بۆیان تەرجومە نەدەبووەوە. هەرشتێکیش چووبا بۆ ئینتشاراتی سەلاحەددین دەبوو تەرجومەی کەنەوە، بۆشیان تەرجومە نەدەبووەوە، بە خۆشم تەرجومە نابێتەوە هاوارە بەرە، ڕەنگە کتێبەکانی تر بتوانم بکەمە فارسی بەڵام خودی هاوارە بەرە ئەوندە ئەساڵەتی وشەی کوردەواری تێدایە، زۆر زەحمەتە کە ئێمە بتوانین تەرجومەی بکەینەوە. ماڵیان ئاوەدان بێ وەڵا هیمەتی وان بوو چاپ کرا. بەدویدا میرزام بە شەش مانگان نووسی دوایە مامەوە دوبارە تا بیست ساڵی دیکە تا من توانیم زیندەخەو بنووسم و ئەلئانەکانیش کتێبێکم نووسیوە بە ناوی گێژەڵووکە، هێندێک ڕایان ئەوە بوو بیکەمە گەردەلول. گوتم وەڵاگەردەلول پێموایە زیاتر بەرەو فارسی کێشراوە گێژەڵووکەکە جوانترە. کردمە گێژەڵوکە، نامەوێ لەسەرو زۆر بڕۆم چونکە ئەو کتێبە هێشتا ساز نەبووە. بە بڕوای خۆم جوانترین بەرهەمی من کە تا ئێستا نووسیوومە زیندە خەوە. زیندە خەو زۆر پڕ ناوەڕۆکە دە زبانێکی زۆر سادەدا و لە چەندانە سەبکیش ئەمن کەڵکم وەرگرتووە،

هەریەک سەبک نییە؛ تێکەڵم کردوە، ئەوشتانە هەر یەکێ لە جێگای خۆیدا ڕێی هەیە.

پ:نووسینی ڕەسمی هاوارەبەرەت لە ساڵی چەندەوە دەستپێکردوە؟

– قوربان تاریخی لەسەرە، دوساڵ دوای ئەو تاریخەی چاپ بوو. دەنا من سێ ساڵ و نیوم پێ چوو. هەر دەمنووسی لە دوایەدا دەمدیت وەکوو نووسراوەی یاشار کەماڵ دەچێ، مەجبور بووم بیدڕێنم، ئەمن هیچ وەخت پێم خۆش نەبو لاسای یەکێکی بکەمەوە. ئینجەمەمەدیش تەقریبەن منداڵێکی بەرەڵایە وەکوو ئەو شوانەی من، وەکو یارەی من بەرەڵایە و دەخولێتەوە. دە ئاخری دا تووشی تەفەکوراتی سیاسی دەبێ، دەواقع دا یاشار کەماڵ تەفەکوراتی سیاسی خۆی لە قاڵبی ئینجەمەمەدیدا هەڵڕشتوە، بۆ خۆشی لەوێدا کۆمۆنیستێکی کرچوکاڵە. دە پێشدا پێی وایە ئەگە ئاغایێکی بکوژێ ئیدی هەمووشتێک حەلە. بەڵام دەبینێ لە دوایدا وانییە.ئاغاش دەکوژێ کوڕەکەی دێت زۆر لەو هیلاکترە، یا براکەی دێت. بەکورتی ئەوەیکە ئەو سیستمی ئەرباب و ڕەعیەتی غەڵەتە لەوی بۆتە نەفەرێک، دوای ئەوە هەر بۆ خۆیەتی، کتێبی ئەربابهای ئاقچاساز یاشار کەماڵت خوێندبێتەوە، یاشار کەماڵ خودا بیبەخشێ یارەبی، نووسەرێکی یەک جار گەورە بوو، باوەرم پێدەکەن ٣٠٠ لاپەرە تەنیا باسی شەرە مێرولەی کردووە. ئەوە زۆر مەسەلەیێکی گرینگە. ئینسان ئەگەر ئەو قودرەتی قەڵەمەی هەبێ، یا دە «ئان سووی کوهستان»دا ١٧٠ لاپەرە پیرێژنێک دەبۆڵێنێ، ئەوانە تازە بۆ دونیای ئەوڕۆش نابن.

پ: مامۆستا باسی زیندە خەوتان کرد و فەرمووتان کە لە هەموویان عەزیزتر و بەهێزترە بۆت. جیاوازی زمانی لە نێوان ڕۆمانی زیندە خەو و هاوارە بەرەو و میرزادا چۆن هەل دەسەنگێنن؟ ئاخۆ بەرای خۆتان لە باری زمانییەوە ئەو گۆرانکارییەیی کراوە، هەڵ کشانە یان داکشانە؟

قوربان، ئەساسەن ڕۆمان دیاردەیەکی غەربە، لە ڕۆژئاواوە بە ئێمە گەییوە، هەموو ئەو میللەتانەی شەرق کە ڕۆمانیان نووسیوە لاسایی غەربیان کردوەتەوە، سەبک و شێوازەکانیش هەر لەوان ڕایە. دە زەمانی تێزارەکاندا پێش ئینقلابی شووڕەوی یا ڕووسییەی ئەو دەمی، ڕووسییەی تێزاری، نووسەری یەگجار گەورەیان لێ هەڵکەوتووە.لە ئەمریکای لاتین، کە تا ڕادەیەک بە نیسبەتی خودی ئەمریکای واشینگتۆن، ناتوانین بڵێن وڵاتێکی ئاوا پێشکەوتووە، ئەما ڕۆمانێکی زۆر گەورە هاتووەتە دەرێ لەوێ. لەوێ قەڵەم زۆر ئازادە. لەوێ تیراژی هیچ ڕۆمانێک لە لانیکەم یەک ملوێن کەمتر نییە. ڕۆمان نووسێک لە ئەمریکای لاتین ئەگەر لانیکەم یەک ڕۆمان بنووسێ، هەتا ئاخری عومری بۆ بەرێچوون فکری ئاسودەیە! لە حاڵێکیدا ئەمنی کارمەند دەبوو ڕۆژی هەشت سەعات، دە ساعات جاری واش بوو دوازە سەعات کار بکەم لە ئیدارەیدا و دوایی بێمەوە ئەگەر وەختم بوو شتێکی دانێم بۆ نووسین، نووسین لێرەدا کار نییە. شتێکی زیادییە، ئینسان دەبێ بە جۆرێکیتر ژیانی مسۆگەر بکات، یانی من هیچم وەر نەگرتوە لە کتێبەکانم و هیچ شتێک بە من نەگەیوە! لە حەدی زۆر کەمدا، هاوارە بەرە و میرزا خوا هەڵناگرێ، ئینتشاراتی سەلاحەددین زۆر چاک دەگەڵ ئەمن سازا. ئەوەڵەن بیست لە سەدی قیمەتی پشت جلدیان دا بەمن و هەر دووکیشیان لە تیراژی سێهەزاردا چاپ بوون. ئەمنیش ئەوانەم نارد بۆ ئوروپا، بڕێکیان بۆ ناردمەوە و بڕێکیش لەوێ لە بەینی قامکاندا چوو. ڕۆمان نووسی لێرەدا و لە تەواوی دونیادا نە ئێستا بووەتە ڕشتەی دانشگاهی و نە ئێستا بووەتە ڕشتەی بەرێچوون. ئیدی لەوەی گەرێ یەکێ وەک یاشار کەماڵ یان مامۆستا یوونسی و ئەوانە، زۆر باڵا بوون. یاشار کەماڵ دە پێشدا میراوو بووە،یانی بەسەر جۆگەی ئاوێ ڕا گەیشتووە و ئاوی بۆ خەڵکی بەش کردووە و لەسەر جۆگەی ئەو ئاوانە کە هاموشۆی کردوە نەهێڵێ ئاو زایە ببێ و بشکێ، هەر لەوێدا بناغەی ئەو ڕۆمانە دووردرێژانە دارشتووە. کتێبی یەک جار گەورەی نووسیوە قەهری دەریا یەکێک لەو کتێبانەی کە ئینسان بەڕاستی سەری سوور دەمێنێ کە ئەو ئینسانە چ قەڵەمێکی هەیە و چ ئیمکاناتێکی هەیە. لە دوای ئەوەدا چوە لەگەڵ مەتبووعاتدا بە شێوەی نووسەر و خەبەر نیگار ئاوا کاری کردوە و گەیشتووەتە ئەو جێگایە. تورکیاش خاوەنی فەرهەنگێکی عەجیب و غەریب بووە و ئەویش کە کورد بووە، بەڵام کوردی هەڵ نەبژاردوە و ڕەنگە ئەویش کوردی زانیبێ ئەمما بە کوردی ئەگەر نووسیبای نە ئەو ناوبانگەی دەبوو و نە ئەو بەرێ چونەشی دەبوو، ئەلانیش کتێبەکانی بۆ خانەوادەکەشی هەر بوونە سەرمایە وموڕەتەب چاپ دەکرێن.

ئاغای یوونسی من کتێبەکانیم خوێندوەتەوە کتێبێکی هەیە بەناوی « گورستان غەریبان » لەو کتێبەدا شاکاری کردووە و کتێبێکی یەگجارچاکە! ئەمن تەواوم کرد و خوێندمەوە، بە ڕەحمەت بێ یارەبی ماڵی لە عەباس ئابادی تارانێ بوو. چوومە خزمەتی و دەشی ناسیم زۆرجار تەلەیفوونی بۆ دەکردم یا موزاحیمی دەبووم تەلەیفوونم بۆ دەکرد، ئەحواڵیم دەپرسی، فەرمووی چت خوێندونەوە ڕۆژانە؟ گوتم وەڵا قوربان گورستانی غەریبان! گوتی چۆنی تێدەگەی؟ گوتم وەڵا دوکتور لە بەعزەجێیەکیدا ئێحساسی ئەوەم دەکرد لە سەربانێکیڕا فرم دەدەنە

خواریَ، گوتی دەزانی ئەوە هی چییە؟ گوتم چییە؟ گوتی ١٦٠ لاپەڕەی سانسۆڕ بووە. ئەو پینە کردن و تێک خستنەوەش زەربەی زۆری لە نووسەری کورد داوە، یوونسیش وەک قازی کاری خۆی کرد. ئەوانە گەرچی بە فارسی کاریان کردووە بەڵام بەسەریەکەوە کاری زۆر گەورەیان ئەنجام داوە، فارسیش زمانێکی زۆر بەربڵاوە. ساڵهای ساڵە حکوومەتی ئێرانی تەنانەت دە زەمانی ئەو پادشاهانەی کە تورکیش بوون، زمانی فارسی هەر زمانی ڕەسمی ئێرانیَ بووە، لەم بارەوە فارسی زۆری خزمەت پیَکراوە. ئەمما زبانەکەی ئێمە کەس خۆی تیَنەگەیاندوە. ئەمن لە کوردستانی ئێرانیَ پێم خۆشبوو بە کوردی بنووسم و کوردیشم نووسی و بە نیسبەت کەمیشم نەنووسیوە. ئەمن بێجگە لەو چوار کتێبە مەقالات و وردە چیرۆک و ئەوانەشم هەن کە ئێستا کۆ نەبوونەوە و نەکراونە کتێب. دوای من نازانم کیَ کۆیان ئەکاتەوە، بەڵام چاپ بوون لە نەشریاتدا و نەفەوتاون. جا ئەلان تۆ دەفەرمووی باسی زبانەکە بکە، زبانی دوو کتێبان یانی هاوارە بەرەو و میرزا، زبانی گوندییە. ئەمن لە ماوەی دە ساڵان لە گوند ژیاوم. جووت بەندە بووم، مەرداربووم، ئەو ئیستلاحاتە گشتی فێر بووم لە خەڵکی، کە زۆر شتێکی جالبە ئێمە لە ئیستلاح‌دا دە زبانی کوردی‌دا وەک زبانی ئینگلیزی غەنین. بیَئەندازەمان ئیستلاح هەیە. ئەو دوو کتێبە هەمووی زمانی گوندییە بە تایبەتی هاوارە بەرە، هاوارە بەرە قسمەتێکی کەم نەبیَ کە میرزا قسان دەکا لەوێدا باقییەکەی زمانی گوندییە. دە کتێبی میرزاشدا زمانەکە زمانی گوندییە، سادەتریش بوەتەوە. ئەمن بەو نەتیجەی گەیشتم زبانی خۆمان دەبیَ بەرەو سادەگی بچیَ، زمانی زیندە خەو زمانێکی شارستانییە و ئەساسەن ڕۆمان بۆ خۆی دیاردەیەکی شارستانیی و مۆدێرنیتەیە. منداڵێکی ئەوڕۆ دەبینی یان دەگەڵ ئینتێرنێت سەروکاری هەیە یان دەگەڵ تلویزیون یان دە مەدرەسە دەرس دەخوێنیَ هیچکام لەوانە ئەوانەی تێدا نییە. کتێبی زیندە خەوم بە حەدێکی سادە نووسیوە لە ئاخرەکەیدا فەرهەنگۆکم بۆ دانەناوە. هەمووکەس زۆر ئاسان دەتوانیَ بیخوێنێتەوە. ئێمە بەداخەوە فەرهەنگی چاکمان نییە.مامۆستا هەژار کارێکی زۆری کردوە و زۆربەی کەسانی‌تریش لە بەخشی فەرهەنگدا زەحمەتی تایبەتیان کێشاوە، بەڵام حاڵەتی لۆغەت مەعنی هەیە، ڕیشەیابی کەلیمەی نەکردووە، ئەو کەلیمە بۆ وایە ئەوجار فێعلە، فاعیلە،مەفعولە، مەستەرە،ئەوە نێوی چییە؟ بۆ ئەو تەفکیکە نەکراوە و ئەوەش کاری ئەو کەسانەیە کە باسەوادن وە دووی دەکەون. دێهخودا کە ئەو فەرهەنگە گەورە و عەزیمە فارسییەی نووسیوە تەواوی دانشجوی تارانیَ دەخزمەتی ئەو فەرهەنگەی دا بووە، کاری تاکە کەس نییە. مامۆستا هەژار بەتاقی تەنیا ئەوەی نووسیوە! عەبدوورەحمانی زەبیحی من بۆ خۆم نەم دیبوو، مامۆستا هێمن دەیگوت فیش بەندی فەرهەنگەکەی کە ئەمن بۆ خۆم دیبووم بەئەندازەی هۆدەیەکی دەبوو، لە خواریَڕا هەڵی چنیبوو هەتا بن میچ. ئەوە سیَ حەرفی لیَ هاتە دەریَ و بەداخەوە مەرگ مەودای نەدا وپێموا سەدام کوشتی. سەدام عەبدوو ڕەحمانی زەبیحی نەکوشت فەرهەنگی کوشت! ئەو فەرهەنگە لەبین چوو، کەس نازانیَ چی لیَهات و بۆ کویَ چۆ، چ بوو چۆن بوو؟

باسی زیندەخەومان دەکرد زبانێکی سادەی شارییە جاروباریش گەڕاوەمەتەوە بەرەو زمانی گوندی و ئەو نەقڵانەی تێیدا، دایەخەیاڵ، دەی گێڕێتەوە و دەچێتەوە بۆ ئەو زاراوەیە.ئەساسەن شەهرییەتی ئێمەش زۆر لەمێژ نییە، مەهاباد سێسەد و چەن ساڵە هەیە! کوڕێکم دەرچووبوو لە کرمانیَ منیش بردم ناونووسی کەم لە دانشگایە،کرمانیش جێگای دیدەنی و تاریخی زۆرە مەسەلەن حەمامی گەنجەلی خان، بازاری گەنجەلی خان، ڕۆژێکی گوتی ئەریَ بابە ئێمە لە وڵاتی خۆمان بۆ ئەمانەمان نییە؟گوتم ڕۆڵە گیان ئەو دەمی ئێمە شوان بووین ئەگەر ئەوان ئەوانەیان بوو. ئێمە درەنگ گەیشتووینیَ بەڵام خراپیش نەگەیشتووینیَ.

پ: پاراستنی بەرژەوەندی نەتەوەیی لە کارەکانی خۆتاندا چۆن پێناسە دەکەن؟

– وەڵاهی نەتەوە ڕوو بەنا و ژێربەنای دەویَ، ژێربەناکەی کە ئیقتسادە و ڕوبەناکەشی زمانە. ئەمن لە عومری خۆمدا پێموابیَ غەیری ئەوە هیچ ئیفتخارێکی دیکەم نییە، هەر ئەوەی خزمەتم کردووە بەبیَ ئەوەی دڵی کەس بێشێنم، بەبیَ ئەوەی باسی کەس بکەم، نە لەباری سیاسییەوە،نە لەباری دۆستایەتی و ئێحیانەن دوژمنایەتییەوە! حەتا دە ئەو شەجەرەنامەی کە بۆ بنەماڵەی بداغ سوڵتانم نووسیووە، هیچ بەحسێک لەوە نەبووە کە چ کوشتوو کوشتاریَ لەمە کراوە، چمان کردووە. ئەودەمی من منداڵ بووم ئەو کەڵکی بەگزادەی سابلاغیَ کێلی لیَ بوو دوو میتر بڵێند، ئەمنیش هەروا ئەو دەمیش منداڵ بووم. ڕۆیشتین لە خزمێکمان پرسی گوتم ئەریَ ئەو کێلانە بۆوان زۆر عەجایبن، ئەو بەردانەیان لە کویَ هێناوە دوو میتر بڵێند، گوتی بابەکەم ئەوە ئاخرین سەنگەری بەگزادان بووە کە دە زەمانی سەفەویەدا کوژراون لێرە.یا قەڵای سارمیَ ئەو دەمی سارم بەگ لەویَ قەڵایەکی درووس کردووە، کە گرتوویانە و ڕوخاندوویانە. چونکە ئەوانە شتێکن تاریخی و تاریخ ڕشتەی من نییە. بە داخەوە ئەلان تاریخی مەهابەدیش هەیە زۆر بە کەمی باسی بوداغ سوڵتانی تێدایە، حەوت ماڵی دەگەڵ بووە ئەگەر هاتۆتە ئێرە و سازی کردووە ئەو دەمی بۆ حەوت ماڵان مزگەوتی سووری ساز کردووە و بناغەکەی بۆ

شار دامەزراوە.

پ: مامۆستا بەڕای جەنابت قارەمان ڕۆمان دروست دەکات یان ڕۆمان قارەمان دروست دەکات؟

و:دەڵێن ئینسانی ئەوڕۆ گەیشتۆتە جێگایەک قارەمانی ناوێ. بەڵام ئەوە هەمووی نییە، بەشێکی لەوان دەیانەوێ و بەشێکی زۆر پتریش نایانەوێ. ئەوانەی کە خوێندەوارن، ئەوانەی کە ئاگاهن دەزانن کە کار جەمع دەیکا نە فەرد. ئەما فەرد لێرەدا نەقشی چییە؟ فەردێک دەتوانێ جەمعێکی نائاگا ئاگا بکاتەوە. قارەمانەتی دە ئەو جێیەیدا نیاز هەیە ئەوە دەبێ هەبێ و هەیەو ئەلعانیش دە ڕۆمانەکانیشدا ئێمە قارەمانمان هەیە، قارەمانی ئەسڵی و فەرعیمان هەیە. جیاوازی ئەسڵی و فەرعییەکە ئەوەیە، من بۆخۆم وام، دە پێشدا ماوەیەکی زۆر فکری لێ دەکەمەوە کە چ دروس کەم و چم لازمە بۆ دروس کردنی ئەو شتە. کەرەستەکان چ بن. جارێ لە پێشدا زبان کەرەستەی سەرەکییە، هەرکەس بەهەر زبانێک لە دونیادا کە بیەوێ مەتڵەبێکی بنووسێ دەبێ ئەو زبانە چاک بزانێ. نووسینیش ئاسانترە لە تەرجومە، چون لە تەرجومەدا ئەگەر تەرجومەی بە تەعەهودەوە بکەی دەبێ ئەوەی کابرا نووسیویە ئەتۆش عەینی ئەوەی تەرجومە بکەی. تەرجومەی جەنابی قازی تەرجومەی ئازادە هەر بۆیە خۆشە! ئەو بە کەیفی خۆی لایەی پێدا داوە زۆر زو خەڵاسی کردووە، ئەو کارانەی هەموو کردوە ئەما موتەعەهید نییە لە زۆر شتی دا. ئەوانەی چەند زبان دەزانن ئینگلیزی و فەڕانسە، ئەمن ئەوەم لە ئەوان بیستووە کە دەزانن ئەوشتەی زۆر ڕەعایەت نەکردووە. بەڵام ئەمن بۆخۆم وام دەپێش دا لە داستان دا قارەمانی سەرەکی، هەرکەس هەیە سازی دەکەم، دە زێهنی خۆمدا ناشیکەمە ئوستوورە، چونکە بە هەرحاڵ ئوستوورەش بۆ خۆی زەمانێکی خاسی خۆی هەیە لەوە گوزەراوین، ئەمما نەفەرێکمان دەوێ وەک قارەمان، ئەلعانیش دەمانەوێ. دەبینی ئەتۆ شەش دانگ فکرت دەرگیری ئەوەیە کە ئەتۆ کەسێکی دروس کەی کە کەس بێ، ناکەس نەبێ. ئەمما دەبینی لە ڕێدا شتێکت لەدەستی دەردەچێ یا نیاز پێت ساز دەکا کە دوایە چاو لێ دەکەی ئەوە لە هەموویان خۆشەویستترە،خۆشەویست ئەو جێگایەی ڕۆمانەکە ڕۆمانخوێن دەکێشێ بەدوی خۆیدا، ئەوە موهیمە. جگە لە پەیام و لە تکنیک و کارەکانی دیکە کە دە ڕۆماندا لازمن. هەر ئەو کێشە مەسئەلەیە، خۆش قەڵەمی مەسئەلەیە. هی وا هەیە دێ دەنووسێ ئەمما لە جێی نووسراوەکەی، بەردت پێدا دا خۆشترە! نووسراوەکەی خۆش نییە. مەسەلەن زۆربای یوونانی چەن نەفەر تەرجومەی کردوەتەوە هەر هی قازی بە کەڵک دێ، کون بە کون خەڵک لێی دەگەڕێن ئەوانی دیکە هەروا لە بازاڕیدا ماونەتەوە. خۆش قەڵەمی، پەیام، تکنیک، شێواز، ئەوانە هەمووی داستان دەنەخشێنێ.

لە وەسەتی نووسینی داستاندا دەبینی شتێکت لازمە ئەمما لە ئەوەڵەوە هیچ بەحسێکت لێ نەکردوە، دەبێ بە وجوودی بێنی. ئەوشتە دە میرزادا بۆ من زۆر عەجایب زەق و بەرچاو هاتە گۆڕێ. وەختێکی میرزا گوزارشیان لێ دا و هەڵات و ڕۆیشتە ماڵ مەولود، کە لەسەر ڕێ باغە مێوێکی هەیە، ڕاوچی بووە. لێی دەپرسێ کە ئەمن ئاوا ناتوانم بڕۆم بۆ دێیان چون ئەمنیەتم نییە. چ بکەم دەی خۆ لە دەرێش ناتوانم بحاوێمەوە و ئەسپەکەم دەبێ تێر بخوا و خۆم دەبێ شتێکی بخۆم. ئەو دەڵێ وەڵا تەنها جێگایەکی کە دەتوانی بچی ئاشی ڕەشیدە دزەیە، بەڵام هیچ بڕوایە بە ڕەشیدە دزەش مەکە ئینسانێکی ناجۆرە. جا دەڵێ ئەو ئەسپەم پێیە و دەمانچەیەک. هەڵدەستێ دەچێ. لەوێ دا باوەڕ دەکەی حەدئەقەل دوسەد سێسەد نەفەر یان کاغەزیان بۆ نووسیوم یان تەلەیفوونیان لێکردووم کە تۆ ڕەشیدت بۆ بە کوشت دا؟ زۆر زۆر خراپت کردووە. نەدەبوو ئەو کابرایە بمرێ، گوتم ئاخر چۆن نەدەبو بمرێ ئاخر ئەو کابرایە جارێ ئەوەڵەن سادیسمی هەبوو، وەختێکی گیسکەکە سەر دەبڕن خوێن فیچقە دەکا، خوێن گرتی و نەشئەی کرد و ماوەیەکی زۆر ماوە بە ئەو شێوە و هەتا دوایە ملی گیسکەکەی کە شکاند، قرتە لە ئێسقانەکانی هات وەهۆش هاتەوە. لەو حاڵەتە ڕزگاری بوو، میرزای بەدبەخت ساڵهای ساڵە یان لە زیندان بووە یان دەربەدەر بووە یان لە کێوان و شاخان بووە. ئاشقی بێوەژنێک بووە لانیکەم ئەوندە پیاوەتیت هەبێ با بیدینێ. قازی بە ڕەحمەت بێ تەلەیفوونی بۆ کردم هاوارەبەرە هاتبووە دەرێ.گوتی فەتاح گوتم بەڵێ؟ کوتی فەتاح خەریکی چیت؟گوتم وەڵا کاکە ئەحمەد خەریکی جلدی دوهەمم. خەریکم میرزا سەروسامان دەدەم. گوتی فەتاح دەکرێ قسەیەکت پێ بڵێم؟ گوتم چییە؟ گوتی ئەو کچەتیوەی بدە بەو هەتیوەی مەردی خودای بە. هێندە کێشی مەدە. گوتم بەچاوان کاک ئەحمەد.جا لەوێ ڕا نووسیومە کە یەکێ تکای بۆ کرد کە بیدەنێ. ئەوانە کاکە هەمووی خەیاڵن لە خەیاڵ بەدەر هیچی کە نییە. ئەمما لە زۆر جێگایان بەشی خۆشمی تێ کەوتووە نەمتوانیوە لەوە لادەم. قارەمانی فەرعی جاری وایە جێگەی قارەمانی ئەسڵی لێژ دەکا. ئەلعان لە زیندە خەوێ دا بە عەقیدەی من دایە خەیاڵ قارەمانە نەک ئازاد، نەک مەلی. قسەکانی دایە خەیاڵ کە بە بن زاراوەی مەنگوڕی و هێندەک مەهابادی تێکەڵ پێکەڵی کردووە زۆر عەجایبی جێ گرتووە، زۆر حەقایقی گوتون یانی خەڵک بەگشتی دایە خەیاڵی خۆش دەوێ. ئەوەیە کە قارەمانی فەرعی دەبێتە قارەمانی ئەسڵی، بە بێ ئەوەیکە خۆت بتەوێ

یا ئارەزوت بێ ئەوە دروست کەی یان لە ئەوەڵەوە دە نەزەرت دا بوبێ. بەڵام دەبینی لە نیوەی ڕێگادا شتێکی ئاوا ساز دەبێ، ئاوا ساز دەبێ قارەمان شایەد لە زۆر جێگایەدا قارەمانی ئەسڵی دەچێتە دواوە ویەکی فەرعی دێ جێگا بە ئەو لێژ دەکا.

پ:مامۆستا هەرچەند فەرموت زمان سەرەکیترین شتە بۆ ڕۆمان، بەڵام مامۆستا فەتاحی ئەمیری زمان فیدای پەیام دەکا یان پەیام فیدای زمان یان هیچیان و هەردوکیان پێکەوە گرینگن؟

– ئەمن دە هاوارەبەرەی دا هەموشتێکم فیدای زبان کردووە چونکە ترسم هەبوو نەهێڵن کارەکەم ئیدامە بدەم، ئەو واژانەشم پێ بوون بەشی چوار کتێبی دیکەی دەکرد بەڵام مەجبور بووم بیاننووسم. ئەمن ئەو دەمی کە هاوارە بەرەم دەنووسی، سەلاحی ئاشتی کە ئەودەمی ناوی سەلاحی عەرەبی بوو سەرباز بوو. هاتە کنم گوتی خاڵە ئەوە چ دەکەی گوتم وەڵا چەن لاپەڕەیەکی ماوە گوتی جا ئەوە چ لێ دەکەی؟ گوتم خەریکم پاک نەویسی دەکەم. ئەوە دە دوازدە فەسڵە دەمەوێ هەر فەسڵێک دە شومارەیەک سروەدا چاپ بکەم. گوتی بۆ؟ گوتم وەڵا دەترسم بۆ کتێب مجەوزم نەدەنێ، نەکراوە ئەو کارە بەڵام ئەگەر دە ئەوێ دا چاپی بکەم ئەوەڵەن دەمێنن و دوائەوەش دەتوانم بیانکەمە کتێب و کۆیان کەمەوە. هەر من نیم زۆر یەک لە نووسەرەکان کاری وایان کردووە، ئەویش حاڵەتی پاوەرەقی هەیە دوایە خڕی دەکەنەوە دەبێتە کتێب. گوتی وەڵا خاڵە ئەو کارە مەکە. گوتم بۆ؟ گوتی زۆر حەیفە، جارێ خەڵاسی کە ئەگەر نەیانکرد ئەوسا کەیفی خۆتە. جوابم داوە و لێی مەمنوونم کە ئەو شتە دامەزرا. ئەلعان کەسانێک خەریکن دەنووسن، جا ئیدی چاک یان خراپ، ئەو خراپانەش چاک دەکرێن. ئەمما نەسڵی دوای ئێمە هێزوگوڕێکیان لە گۆڕێدا هەیە کە بتوانن بڕۆن. باوەڕ دەکەی ئەو دەمەی دە کوردستانی عێراق ١٠ ڕۆمان نەبوو کە من دەستم کرد بە نووسین، یانی نوسخەیەک نەبوو کە من لە ڕوییەوە بنووسمەوە.

پ: مامۆستا گیان ئەگەر بابەتێک هەیە لەسەر کارەکان و ئێمە باسمان نەکردووە و بۆخۆتان پێتان خۆشە باسی بکەن بیفەرموون.

و:وەڵا بابەتەکان یەکجار زۆرن مەسەلەن من لە مەوزووعی ڕەشیدە دزە کە عاشقی زڵەیخا دەبێ، ئەوە بۆخۆی دەیتوانی ڕۆمانێکی سەربەخۆ بێ. شتێکی زۆر جوان بە بێ ئەوەی کە من چکۆلەترین بێ ئەدەبییەکم تێدا کردبێ. شتەکە زۆر دڵگرە، زۆر جوان هاتوەتەوە. حەتا ئەوانەی سانسوریان کردبوو یەکێکیان بە فارسی لە منی پرسی گوتی ئەوە نییە باسی پشیلەیەکی دەکەم کە لە دەلاقەکەی ڕا خۆی تێ داوێ و لە ترسان زڵەیخا دەچێتە باوشی ڕەشیدەوە لە ترسان. لە منی دەپرسی دەیگوت: "اون گربەی پدر سوخته اونجا چیکار میکرد؟ " گوتم چووزانم چی دەکرد. ئەمن تێکۆشاوم زۆر مۆئەدەب بنووسم دیارە بەرپرسایەتییەکم هەیە دە بەرامبەر ئەو خەڵکەی خۆمان دا. وەڵاهی ئەمن پێم خۆشە هەمووی بەئەدەب و بەحەیا بن.

پ:مامۆستا لە ئیبتزال نەترساوی لە ڕۆمانەکەتدا؟ ئەوە کە بگا بە سنووری ئیبتزال بۆ وینە هەر لە ئەو جێگایەدا کە باسی پشیلەکەیە؟

و:ئەمن لێی ناترسم ئەمما ئەوەڵەن چاپی ناکەن ئەوە یەک، دوەمەن دەرسەدێکی باعسی انحراف دەبێ هەرچەن ئەلان نیازی بە توجیهی من نییە، ئەلعان هەموی وەسیلەیەک هەیە.ئەوەی کە من عەرزم کردی ئەوەی کە لە ڕۆماندا ئێمە شتەکانیش باس دەکەین بەڵام ناچێتە چوار چێوەی ئیبتزالەوە. مەسەلەن بۆ نموونە ئەگە لە بیرت بێ لە " مادری پرل باک " دا، کچەکە دەچێتە نێو مەعبەدەکە لەوێ جلوبەرگەکەی بەسەر بوتەکەدا دەدا، کە چاوی لێ نەبێ ئەوان چ دەکەن، بەڵام ئیبتزالیش نییە یان ئەگەر لەبیرت مابێ کە وەختایەکی حەمە دۆک یا ئینجەمەمەد خەجیجی هەڵدەگرێ ( تەرجومەکەی حەسەن زادە کە زۆر تەرجومەیەکی سەرکەوتووە ) ئەو لەو جێگایەدا کە ئەوانە دەچنە پاڵ یەکەوە، خۆ ئەوان مارە نەکراون، دەڵێ کە دێنە دەرێ لە غارەکە ئیدی خەجیج کچ نەبوو. ئەمما مەحموود دەوڵەتابادی ماڕاڵی هێناوە سواری ئەسپێکی ڕەشی کردووە بە شەقامدا دەڕوا، لە ترساندا شێت بووە ئەو کچە. کچێکی کورد، وێچوو و توند و تۆڵ. دە دواییدا هەر بە بای خەیاڵیشیدا نایە. ئەو دە ئەوێدا چوەتە سەر فەرهەنگی فارسی. کوردێکی ئاوا خۆڕاپسکانێک هەر دەکا، دو زلان هەر دەوەشێنێ وا هەر نیە کە سووک ئاسان خۆ بەدەستەوە بدات. ئەمن وابەستە بە نەسلێکم کە زۆریان حەیا و ئەدەب لە کن مەترەحە و پێم وایە حەتا نەسلی ئەلعانیشمان ئەگە زەمانێکی ئەولادیان ببێ کوڕ و کچیان هەبێ، پێیان خۆشە بە ئەدەب بن. یانی شتەکە فورمولە بێ. ڕیشەی فەرهەنگی هەیە. ئەمن زۆرم ڕەعایەتی ئەو جۆرە شتانە کردووە. لەو جۆرە بەرنامانەدا، لە هەموو کتێبەکاندا لە ئەو کتێبی ئاخریشم دا کردوومە. پێموا نییە ئەو ئیبتزالەی وجوودی ببێ، هەمووشتەکان خودای تەعالا سازی کردوون و نێوێکی بۆ داناوە، موشەخەساتێکی بۆ داناوە، شەڕایتی ڕەفتارێکی بۆ داناوە. خۆ وانییە لەخۆڕا دروست کرابێ. زۆر لە ئیبتزال ناترسم ئەمما لەوەی دەترسم کە خودای نەکردە نەبادا ئەو هەنگاوەی من هەڵم هێناوە ببێ بە باعیسی تەنانەت یەک کەس،یاخۆ ئینحرافێک شتێکی وا.



هێرش بێتووشی– سەردەشت

# گرینگی وەرگێڕانی ڕۆمان بۆ سەر زمانی کوردی

پیشە و هونەری وەرگێڕان یان داڕشتنەوە و شرۆڤەی بابەتەکان، بریتییە لە داهێنانەوەیەکی نوێ و پرواتا کە بە درێژایی مێژوو ئاڵقەیەکی پەیوەندی لە نێوان زمانە جۆراوجۆرەکانی دنیادا بووە. وەرگێڕان وەکوو تێکۆشانی هزر و بیر لە روانگەی تێگەیشتنەوە زانستە و لە کرداریشدا بە هونەر ناو دەبرێ، هۆی سەرەکی وەرگرتن و پێ برانی ئەو پێناسەیەش لەو هۆیەوە سەرچاوە دەگرێ کە جیاوازی نێوان زمانەکان لە ناو دەبات. وێڕای ئەوەش کردارێکە بۆ بە یەک گەیاندنی فەرهەنگەکان و وەک هونەرێکی حاشاهەڵنەگر لە پلەیەکی بەرزی زانستدا، رۆڵی بەردەوام و کاریگەری زمان لە ژیانی کۆمەڵگادا پیشان دەدات، شاراوەکان وەدەر دەخات و بواری دووبارەبوونەوەیان بۆ دەڕەخسێنێت. بە پێی ئەو گرینگییەش کە وەرگێڕان هەیەتی لە زۆربەی بوارەکاندا شان بە شانی زانست و هونەر بە ژمار دێت و لێهاتوویی تێدا بەدی دەکرێت.

وەرگێڕان یەکێ لە بنەمایی ترین دەسکەوتەکانی مرۆڤە. ئەگەر ئەو هونەرە لە دنیادا نەبوایە و بە شێوە و شێوازی ئەمڕۆیی پەرەی نەستاندبایە، فکر و بیر و زانست و کەسایەتی مرۆڤەکان لە چوارچێوەیەکی بەرتەسکدا قەتیس دەما و ئەو پێشکەوتنە بەرچاوەی ئەمڕۆ بەدی نەدەهات. گرینگی ئەو کارەش لە ئێستادا لە هەموو کات و ساتەکان زیاتر هەست پێ دەکرێ، چونکە زمانی وەرگێڕان شوێندانەری تەواوی لە سەر کۆی جومگەکانی ژیان و بوونی مرۆڤ هەیە و وەک پرۆسەیەکی فرەلایەن لە وەرگرتن و وێدانی زانست و شرۆڤەی بابەتەکان سنووری نێوان هەموو دەوڵەتانی بەزاندووە و ئەوەش دەکرێ بە بنچینەی پەیوەندی رامیاری، ئابووری، کۆمەڵایەتی، پزیشکی و... نێوان هەموو گەلانی جیهان دابندرێ.

لە راستیدا وەرگێڕان زمانێکی هاوبەشی هەموو گەلانی سەرزەوییە و بێ بوونی ئەو زۆربەی هونەرەکان، زانستەکان و شارستانییەتەکان بە نەناسراوی دەمانەوە، وەک ئاگری ژێر خۆڵەمێش رەش دەبوونەوە و لە زۆربەی بوارەکانی وەکوو: فەرهەنگی، کۆمەڵایەتی، هونەری، پەروەردە، زانستی و پزیشکیدا ئەو پێشکەوتنە خێرایە بەدی نەدەهات و ئاوها بە بەربڵاوی کەڵکی لێ وەرنەدەگیرا. ئەوە وەرگێڕانە بۆتە هۆی ئەوە کە سەرجەم گەلانی جیهان بێ ماندووبوون و کات کوشتن لە چرکەساتێکدا بتوانن کەڵک لە بەرهەمە نووسراوەکانی یەکتری وەربگرن.

وەرگێڕان لە بواری رۆمان و چەمکە ئەدەبی و فەرهەنگیەکانیشدا بێ وەبەرچاوگرتنی جیاوازی زمان و وڵات و ئایین و سنوورە دەسکردەکانی دنیا ئاڵووێری ئەندێشەی بەدی هێناوە و بەشێکی زۆر لە رووداو و کارەساتەکانی هەستاو لە هەست و هیوای مرۆڤەکانی بە پوختی پاراستووە.

گرینگی وەرگێڕانی رۆمان لەوەدایە کە بەرهەمێکی ئەدەبی زۆر ئاڵۆز و چڕە، لە رۆماندا رووداوەکان لە رابردووە بۆ داهاتوو بێ پسانەوە خۆیان نوێ دەکەنەوە. ناوەرۆکی رۆمان پەیوەندی بە هونەر و داهێنان و دەربڕینی گەلانەوە هەیە و لە بواری چەندایەتی و چلۆنایەتیدا لە چلەپۆپەی راچلەکاندنی کۆمەڵگا دایە و هەمووان لە خەوی بێ ئاگایی هەڵدەستێنێت. رۆمان دەسکەوتی ئەو سەردەم و رۆژگارەیە کە کۆمەڵگای تێدایە و ئەوەش پیشاندەری ئەوەیە کە رۆمان هەمیشە هەر نوێیە و بە نوێ بوونەوەی کۆمەڵگا ئەویش نوێ دەبێتەوە.

رۆمان تێگەیشتنێکی دەروونی هەست پێنەکراو و بەشی هەرە زۆری لە ئەودیو پەردەی بێ ئاگایی کۆمەڵگا دایە. رۆمان ماکی تێداگۆورانی مێشکە و گرینگی وەرگێڕانی رۆمان لە بەسەردا کەوتنی دنیایەکی جیاواز دایە، وەک گەڕان بە ناو گوڵزاری سروشت و پاراوکردنی مێشک و بیر لە بۆن و بەرامەی بەهاری. رۆمان لەزەت بردن لە زانست و هونەری نووسەرانی سەرانسەری دنیایە، قوتابخانەیەکی راهێنانە لەسەر شێوازی جوان قسەکردن و چوونیەتی چوونە ناو دنیای گەلانی جۆراوجۆرەوە.

گرینگی وەرگێڕانی رۆمان لەوەدایە کە مرۆڤەکان بێ پەیوەندی کردن بە یەکەوە ناتوانن وەکوو پێویست یەکتر بناسن، بێ هاوبەشی فکری ناتوانن لە هزر و بیر و تێگەیشتنی یەک کەڵک وەربگرن و بە قووڵایی ناخی یەکتریدا شۆڕ ببنەوە. هیچ هونەرێک لە دنیادا ئەوەندەی رۆمان یارمەتی ئەوەمان نادات کە مرۆڤەکان و روانگەکان لە زۆربەی کاتەکانی وەکوو: خۆشی و ناخۆشی، دۆستایەتی و دوژمنایەتی، تووڕەیی و شێنەیی، ئەمەگناسی و بێ وەفایی، دڵنەوایی و دڵڕەقی، تێشکان و سەرکەوتندا بناسین و شارەزایی بەسەر هەست و بیری ون و نادیاریاندا پەیدا بکەین. رۆمان بەڵگەیەکی حاشاهەڵنەگری دەروونناسی تاک و کۆی ناو کۆمەڵگایە، رووکاری راستەقینەی مرۆڤەکان دەردەخات و دەبێتە هۆی بەخۆداهاتنەوەی هەمووان لە کار و کردار و بۆچوونیاندا.

گرینگی وەرگێڕانی رۆمان لەوەدایە کە بێ خوێندنەوەی رۆمان و سەردەرکردن لە باس و خواسەکانی سەر زاری خەڵکی، بەشێکی بەرچاو لە زانستی مرۆڤەکان لەنگەی تێدەکەوێ. خوێندنەوەی رۆمان یەکێ لە نیازە هەرە سەرەکییەکانە و ئینسان لە هەر پلە و پایەیەک دابێ، بۆ تێگەیشتن لە راز و نیاز و هەست و ویستی کۆمەڵگایەکەی

خۆی دەبێ چەند چرکەیەک بۆ خوێندنەوەی ڕۆمان تەرخان بکات.
ڕۆمان هۆیەکی سەرەکی گواستنەوەی ئەزموون و تاقیکاری سەرجەم ئینسانەکان بە درێژایی ڕۆژگار و هۆی دۆزینەوەی کەسایەتییە ناودار و ناوزڕاوەکانی سەر سەکۆی ژیانە. بەرهەمێکە لەسەر بناغەی دارشتنەوەیەکی نزیک بە ڕاستییەکان بەدی دێت و بە شێوەیەکی زۆر ئاسایی ژیان و بوون، خوو و خدە و کرداری بێ شرۆڤەی مرۆڤەکان دەنوێنێتەوە. لە هیچ کات و سەردەمێکدا مرۆڤ لە خوێندنەوەی ڕۆمان بێ نیاز نابێت.
ڕۆمان لایەنێکی گرینگی وریاکردنەوەی مرۆڤەکان و گێڕانەوەیان لە هەڵدێرگەی ژیان و هێنانەوەیان بۆ سەر ڕێگای ڕاستە. ڕۆمان داهێنانی دنیایەکی نوێ لە وشەیە کە یاسا، داب و نەریت، ڕەوشت، بڕیار و بۆچوونی نەتەوەکان دەردەخات و دەکرێ هاوتا یان بە دوور لە هەست و ویستی دنیای ڕاستین بێت.
گرینگی وەرگێڕانی ڕۆمان لەوەدایە کە بە کەڵک وەرگرتن لە هێماکانی گێڕانەوە، دارشتنەوە و وێناکردنی ڕووداوەکان لایەنە جۆراوجۆرەکانی هەست و بیری مرۆڤەکان دەردەخات. ڕۆمان ئاوێنەیەکی باڵانوێن و ڕاپۆرتێکی ئاشنایە لە هەموو ئەو شتانەی کە ڕۆژانە بە بەر چاوماندا دێن و دەڕۆن و وێنەیەک لەو ڕۆژگارەیە کە تیایدا دەنووسرێ. وەک گەنجینە و خەزێنەیەکی ئەمین و جێ متمانەیە کە زمان، فەرهەنگ، داب و نەریت، شێوەکانی ژیان و گوزەران و هەموو کارەسات و ڕووداوە تاڵ و تفت و سەرسووڕهێنەرەکانی کۆمەڵگای تێداگووزرانی بە ئەمانەتەوە هەڵدەگرێت و لە تێداچوون و نەمان دەیانپارێزێ، ئەوەش دەردەخات کە کام یەک لەو ئامانج و بەهایانە لە باو کەوتوون و کامەیان تا ئێستاش هەر لە برەودان.
گرینگی وەرگێڕانی ڕۆمان لەوەدایە کە سەردەمی خۆی دەردەخات و دەست نیشانی دۆخەکان دەکات کە لەو کات و ساتەدا چ ڕووی داوە و چۆن ڕووی داوە، لە چوارچێوەیەکی زانستی و ئەدەبی بەهێزدا بە ناخی دنیای ڕاستیندا ڕۆدەچێت و تەنانەت تلی ئاماژە بۆ ئەو کەسانە درێژ دەکات و دەیانناسێنێ کە خزمەتکاری گەل و وڵاتەکەیان بوون یان بە پێچەوانە دەستیان لە شێواندنی ئەزموونەکانی پێشکەوتن و دواخستنی ڕووداوەکاندا هەبووە.
گرینگی وەرگێڕانی ڕۆمان لەوەدایە کە بۆ ڕابردوو شرۆڤەیەکە لە خۆشیەکان، ناخۆشییەکان، ناکۆکییەکان، کردارە ڕەوا و نارەواکان، چاوەنداز و ڕوانگەکان، هەڵوێست و باوەڕبەخۆیی کەسەکان و گەلەکان و هەموو ئەو هەست و هیوایانەی کە بنچینەی مێژووی مرۆڤایەتیان لەسەر دامەزراوە، بۆ داهاتووش وەکوو بەڵگەیەکی پتەو قەوارەی بوون و مانی کۆمەڵگایەکی ڕووناکبیر و تێگەیشتوو و پێگەیشتتوو دادەڕێژێت و دەستەبەر دەکات.

Di wan salên borî da li bajarê Ûrmiyê gelek ciwanan bera xwe dane xebtên çandî û hunerî û rengek taze danê wê qadê. Yêk ji Ciwanan kiça Lîstikvan Razîye hacîpûr e ku di sala 1373ê, li bajarê Ûrmiyê li dayîk bûye
Raziye derçûyê Zanîngeha Ûrmiyê ye Ev kiça xebatkar

Xebata xwe hunerî li sala 1396ê bi şanoya Eyşa bi derhênerî ya Hamid ismayîlvend dest pê diket û her li destpêkê de dikare rolek ciwan bilîze û çavê temaşewanan rakêşîne ser xwe
Loma Piştî şanoya Eyşa yê,li sal 1397ê wek listikvana serke. di şanoya Analîz bi derhênerî ya Hamid Mohibî cî digire Her wisa
li sala 1398ê de, di şanoya Wekû perê de dilîze Her wisa di payîza heman salê de Rola serekaya Şanoya Qabûsa Moriyan bi derhênerî ya Hamid ismayîlvend, der dikeve ser sehnê Û bi Şanoya Qapûza Moriyan Beştarî mêhrîcana Navnetewiya Şanoyan Ya Seqizê dibe û bi lîstka û rola xwe ya bi hêz dikare Xelatê dûyemîn yê Lîstikvanên Jin bi dest bîne û di qada xebata hunerî da roj bi roj lpêlekanên pêşketinê jêlel biçe



محەمەد ئەحمەدیان– مەهاباد

# مزگەوتی ڕۆستەم بەگ

یەکێک لە مزگەوتەکانی سابڵاغ کە زیاترلە دووسەدەیە لە کاتی ئاسایی دا جێی عیبادەت و پاڕانەویە و لە کاتی تەنگ و چەڵەمەی ژیان دا جێی هاوار و نەزا وسینگ کوتان لە زولْم و زۆری زۆرداران بووە ((مزگەوتی ڕۆستەم بەگ))ە،ئەو مزگەوتە دەکەوێتە گەڕەکی "ڕزگەیان"ئەو گەڕکە لە گەڕەکە کۆنەکانی سابڵاغە،لە دوخانیات را تانزیک فەرمانداری ئیستا بەو ناوە دەناسرێ ماڵی زۆربەی بنە ماڵە زاناکانی سابلاغ لەو گەرکە هەڵکەوتووە،ماڵی مەلاحوسینی تورجانی کوڕی عەللامە مەلا عەلی فەرجی واتە بابی عەللامە مەلا محەمەدی فەرجی و مەلا ئەحمەد تورجانی زادە،ماڵی مەلا محەمەدی بۆر،بابی مامۆستا هەژار و زور کەسایەتی تر.

بەڕێز سەید محەمەدی سەمەدی نووسیویە:"گەڕەکی ڕزگەیان"دەکەوێتەنزیک مزگەوتی ڕۆستەم بەگی ئەورِۆ،ئەو گەڕەکە پێش‌تربەردڵان‌و بڵیندایی و شاخ بووە،لە ئیدارەی دوخانیاتی ئەوڕۆ تا نزیک فەرمانداری لە خۆ دەگرێ.هۆی ئەوە ناوی"ڕزگەیان"لەسەر ئەو گەڕەکە دانراوە ئەوەیە،دەڵێن:دووتیرە بە ناوی "ڕزگە"و"ماڕۆ"لە بەشی مەنگورایەتی کوردستان عیراق کیشە و ناخوشییان لێ پەیدا بووە،ڕزگەییەکان ناچار دێنە سابڵاغ و لەو گەڕەکە نیشتەجێ دەبن و ناوی گەڕەکەکە دەبێتە"ڕزگەیان"،ناوی رزگەیان لە بەیتی کاکە میر وکاکە شیخ داهەیە(سەمەدی،سەید محەمەد،گوڤاری مەهاباد ژمارە(٨٥)،ئاورێک لە گەرەکە کۆنەکانی مەهاباد)

مزگەوتی رۆستەم بەگ ساڵی ١٢٢٠ی کۆچی واتە٢٢٠ساڵ بەر لە ئیستا لە لایەن کەسێکی خێرخواز بە ناوی "برایم بەگ"ئاودەان کراوتەوە و بە ناوی باوکی "رۆستەم بەگ"نێودێر کراوە،"تاریخ مەهاباد،١٣٣"دیارە وەک هەر مزگەوتێکی کوردستان لە تەنیشت ئەو مزگەوتە چەند حوجرەی ئاوەدان دروست کراوە،بەڵام بەداخەوەسەرەتای چالاکی خوێندن لەو مزگەوتە و حوجرەکانی روون نییە ئەوەندی ئیمە ئاگاداربین مامۆستا مەسعوود محەمەد لە کتیبی"حاجی قادری کۆیی"دا باسی ئەو مزگەوتە دەکا و نووسیویە"حاجی قادری کۆیی"سەردەمێک لە مزگەوتی رۆستەم بەگ لە سابلاغ ماوەتەوە.

ئەوە دەقی نووسینەکەی مامۆستا مەسعود مەحەمەد:"بە پێی باس و خواسێک کە سابڵاغ بە ئێمە ڕاگەیاندووە حاجی سەردەمێک لەوێ ماوتەوە لەو ماوەیە دا بەینێک لە مزگەوتی رۆستەم بەگ" لەلای "مەلا حوسین"یش هەر بە مزگەوتەکەوە هەڵدراوەتەوە و گوتراوە مەلا حسێنی مزگەوتی رۆستەم بەگ،چەند دێڕە شێعرێکی لە دیواری مزگەوتەکە نووسیووەوە،هەر مابووە تا لە ساڵانەی دوایی دا ژێر سواغی سپیکاری کەوتووە،بێگومان کەم تەرخەمی و بێ‌پەرۆشی نەبا دەبووا نووسینەکە وەک خۆی بهێڵرایێتەوە و لە ناوسپیکارییەکە دا ببێتە میراتێکی مێژوویی و ئەدەبی و نەتەوایەتی زۆرنرخدا""حاجی قادر کۆیی،مەسعود محەمەد"ج٢،ل:١٥٠"

لەوتوێژێکی‌تردا مامۆستا مەسعوود محەمەد دەڵێ:"زەبیحی دەیکوت: ئەم نووسینە تائەو دواییانە هەرمابوۆوە، لەو ساڵانەی دوای دا ژێر سواغی سپی کاری کەوت،گوتی هەزار دووسەد وحەفتاو نۆی لی نوسرابوو(١٢٧٩)هی حاجی قادر بەختی خۆی بوو""وتوویژ لەگەڵ مامۆستا مەسعود و محەمەد – مارف ئاغایی،سروە ژمارەی تایبەت ١٣٧١"

لەو نووسینەی مامۆستا مەسعوود محەمەد چەند بابەت روون دەبێتە:یەکەم،مزگەوتی رۆستەم بەگ حوجرەی ئاودان پڕ لە فەقێی بووە،تەنانەت لە کۆیە ڕا حاجی قادری کۆیی هاتۆتە سابڵاغ بۆ خویندن لە حوجرەکانی ئەو مزگەوتە،دووهەم لەو کاتە دا مامۆستای ئەو مزگەوتە ناوی "مەلا حوسیین"بووە،سێیەم ساڵی (١٢٧٩)حاجی قادر لە مزگەوتە دەرسی خویندوە.

وەرزنامەی"کەشکۆڵ: ژمارە(٣)نوسخەی دەسخەتێک، نیشان دا کە ساڵی (١٢٨١تا١٢٨٤)لە لایەن "مەلا محەمەد ئەمین" نووسراوتەوە و لە مزگەوتی رۆستەم بەگ لەوکاتە دا فەقێ بووە لەو مزگەوتە لە لای مامۆستا "عەبدولکریم"نەوەی مەلا یایی.ئەو دەستخەتە ئەوە دەست نیشان دەکا ساڵی ١٢٨٤ مەلای ئەو مزگەوتە" مەلا عەبدولکریم"نەوەی مەلا یایی بووە،پێویستە بڵێن مەلا عەبدولکریم کوڕی مەلا حەکیم بووە، مەلا حەکیم کوڕی مەلا محەمەدی یایی بووە،بەو شێوە بۆ خوێنەری بەرێزی روون دەکەینەوە: مەلا محەمەدی یایی – مەلاحەکیم – مەلا عبدولکریم - مەلا عەبدورحمانی سابڵاغی(مەلای گەورە).لە لاپەڕی ١٦ی ئەو دەسخەتەی 'مەلا حەمەدئەمین کوڕی مەلا عەبدوڵلا"لە مزگەوتی "رۆستەم بەگ"سابڵاغ بەو چەشنەی نووسیوە:"الحمدلله علی الاتمام والصلوة علی خیرالانام و علی آله البررةالکرام فی غرة شهر محرم الحرام علی اقل الانام للمحتاج الی رحمةالملک العلام محمدامین ابن املا عبدالله ابن املا احمد بعون الملک الصمد بمسجدرستم بیک فی خدمة استادی العام العامل الفاضل الکامل املاعبدالکریم خلف المرحوم املا محمد المشهوربابن یایی فی سنة١٢٨٤" "کشکول شمارە(٣)،١٣٩٥،ص١١٤-١٢٦"

"تاریخ مهاباد"لە چەند جێ باسی مزگەوتی ڕۆستەم بەگ دەکا و نووسیویە:"دوای نۆژەن کردنەوەی ئەو

مزگەوتە سەرپێشیاری "شێخ یوسف،شێخ بورهان "مەلا حوسینی کانی کەوە"کبود"دەبێتە مەلای مزگەوتی رۆستەمبەگ، شیخی بورهان دەفەرمێ: مەلا حوسینی کانی کەوە زانایەکی ئایینی تەواوە و لە لای "مەلا گچکەی هەولێر"و"مفتی زەهاوی" دەرسی خوێندوە و ئیستا لە سەقز مەلا و مودەڕسە،من پێشنیارم ئەوەیە ئەو مەلایە بێننە سابلاغ،لەسەر ڕای شێخی بورهان مەلا حوسینی کانی کەوەیی ماوەی چل ساڵ لە مزگەوتی ڕۆستەم بەگ مەلا و مودریس بووە،چەند زانای ئایینی لەو مزگەوتە پە روەردەکردووە"صمدی"سیدمحمد،تاریخ‌مهاباد،١٣٩"مەلا حوسین ساڵی١٣٣٦ی کۆچی لە سابلاغ وەفاتی کردووە مەلا حوسینی کانی کەویی چوار کوڕی لە دوا بە جێ ماوە بەو ناوانە"مەلا عەبدوڵلا مودەڕڕیسی- مەلا قادری مودەڕڕیسی- مەلا حەسەنی مودەڕڕیسی- مەلا محەمەد مودەڕڕیسی "دوای مەلا حوسێن کوڕی گەورەی واتە"مەلا عەبدوڵلا مودەڕریسی" لە مزگەوتی ڕۆستەم بەگ بۆتە مەلا و مودەریس ماوەی حەفتاو پێنج ساڵ بێ پسانەوە مەلا و مودەڕڕیسی مزگەوتی ڕۆستەم بەگ بووە، سەرئەنجام ساڵی ١٣٦٣ی هەتاوی لە تەمەنی ٩٨ ساڵی دا کۆچی دوایی کرد.

کتێبی"مساجد دیرینه سال استان آذربایجان غربی"سەبارەت بەو مەلا و مودەریسانەی لە مزگەوتی ڕۆستەم بەگ تەدریسییان کردووە نووسیویە:"مەلا وەسیم (ساڵی ١٣٢٦ ی کۆچی فەوتی کردووە)هەروا مەلا عەبدولکریم (نەوەی مەلای یایی)،مەلا محەمەد باقی و مەلا محەمەد کیانی و مەلا حوسێنی کانی کەوەیی(تاساڵی١٣٢٦)مەلا و مودریس بوون،دوای ئەوانە مەلا عەبدوڵلای مودەریسی ماوەی(٧٥)سال مەلا و مودەریسی مزگەوتی رۆستەم بەگ بووە وساڵی ١٣٦٣ ی هەتاوی کۆچی دوایی کردووە،دوای ئەوە مەلا حوسێن نوربخش ماوەی دەساڵ لە ساڵی ١٣٦٩تا١٣٧٩ی هەتاوی مەلای مزگەوتی ڕۆستەم بەگ بووە،لە ساڵی١٣٧٩تا ئیستا مەلا سەلیمی دانیش لە مزگەوتی رۆستەم بەگ مەلا وپێش‌نوێژی ئەو مزگەوتەیە."مساجد دیرینه سال،١٣٩٢،٦٣٥،محمد اشتری"

بۆناسینی زیاتری ئەو مزگەوتە ئاوڕ لەسەر چاوەی پێش‌تردەدەینەوە واتە"مساجد دیرینه سال اذربایجان غربی"ئەو کتێبە نووسیویە:"مزگەوتی رۆستەم بەگ لە زەوییەک بە بەرینی و پانی "تیکڕا"(٧٥٠)میتر و ژێربینای(١٩٠)میتر دروست کراوە،قیبلەی ئەو مزگەوتە دەکەوێتە کۆچەی عەتتاری حەساری ئەو مزگەوتە چوارسد میترە،لە لای قیبلەی ئەو مزگەوتە ئاوی پێویست بۆ ئەو مزگەوتە دابین کراوە کە لە کانیاوی کێوەکان ڕا ئەو ئاوە دڕژێتە حەوز خانەی ئەو مزگەوتە،تاسالی ١٣٤٤ی هەتاوی میچی ئەو مزگەوتە بە ئالۆدار،دارە ڕاکرابوو،کاریتە و کۆڵەکەی ئەو مزگەوتە هەمووی دار بوو،پەنجەرەکانی داربوون ئەو ساڵە مەزگەوتە نۆژەن کراوەتەوە،سەبارەت بە حەوزخانەی ئەو مزگەوتە پێویستە بڵێنن،ناوی ئەو حەوز خانە لە"میراث فرهنگی" تۆمار کراوە ژمارەی تۆمار کرانی بریتییە لە (٦٦٨٤) لە بڕواری١٣٨١/١٠/١٠ی هەتاوی ئەو حەوز خانەیە بە شێوەی گومبەز ساز کراوە و لە لای رۆژئاوی مزگەوتەکەیە،کەرەسەی ساز کرانی حەوز خانەکە خشتی چوار گۆشەیە و وێنەیەکی تەواوە لە بیناسازی سەردەمی قاجار دریژایی و پانایی ئەو حەوزخانە (٤٠/٥*١٠/٨)میترە و بڵیندایی٤/٦٠ میترە و بڵیندایی گومبەزی ئەو حەوزخانە ٦/٦٠ میترە،لە "ارشیو سازمان میراث فرهنگی"سەبارەت بە ساڵی دروست کردنی دوو بڕیار هەیە،یەکەم بڕیاری "حەسەنی عەبدوڵلا مەلا"کە پێی وایە ساڵی ١٢١٧-١٢٣٥ی کۆچی ئەو حەوز خانە دروست کراوە،بڕیاری‌تر کە وەک راستەقینە دەچی ساڵی ١٢٣٠ ی کۆچی باس کراوە."مساجددیرینه سال اذربایجان غربی"١٣٩٢،ص٢٣٥-٢٣٨،محمداشتری،بنیاد ایران شناسی"

سەباەرت بە ساڵی نۆژەن کردنەوەی حەوزخانەی مزگەوتی رۆستەم بەگ لە لاپەڕی ٢٣٥ را سەرچاوەی پێشووا واتەی"مسجد دیرینه سال"بەو چەشنە نووسیوە:"اما روایتی دیگر راجع به سال مرمت حوض‌خانه وجود دارد و ان اینکه گویا وقتی ساختمان حوض خانه و توالت مسجد رستم بیگ به اتمام رسیده، سید رشید خانقاه از عبدالله بیگ مکری (مصباح الدیوان) می خواهد ماده تاریخی برای ان بسازد مصباح هم این دوبیت را می سرایند:

این خانه کز برایت خانه طهارت امد
درجای انهدامش از نو عمارت امد
تاریخ این بنا را چوان زان فراغت امد
پرسیدم از خرد گفت"خانه طهارت "امد

عبارت خانەی طهارت "اگر همزه روی(ه) را به حساب نیاوریم(١٢١٨)قمری واگر این همزه هم (خانەی) به حساب اید ١٢٨١ قمری می‌شودکه مربوط به بازسازی این ساختمان است، این دو بیت تا همین سالها در سقف همان مکان به صورت گچ‌بری وجود داشت،اما متآسفانه انرا تخریب کردند."مساجد دیرینه سال،ص٢٣٦که از صفحه١٤٠تاریخ مهاباد نقل کرده"

سەباەرت بەو بابەتە کە ئەو مزگەوتە جیا لەوە نوێژ گە بوو و حوجرەی فەقێی بووە وادیارە کتێبخانەی تایبەتی بووبێ،وەرزنامەی "کەشکۆڵ"ژمارە(٣) لە لاپەری ١١٦ دا نووسیویە: "مسجد رستم بیگ در گذشته نه چندان دور به عنوان مرکز علمی و درسی علوم دینی فعالیت می‌کرده و از قرارمعلوم کتابخانه‌ای مملو از نسخ و خطی داشته است.از آن جمله،قرآن خطی که توسط "ملا عبدالله مولوی"از خوشنویسان مشهور مهاباد کتابت و به کتابخانه مسجد اهدا گردیده است و هم‌اکنون موجود می‌باشد""کشکول.ژماره(٣)صفحه١١٦/تاریخ مهاباد،سید محمد صمدی،ص١٣٨"

هەواڵنامەی کتێب

لوقمان نادرپوور، حەیدەر لوتفی‌نیا – سەقز

# ڕێ و ڕەسمی نەورۆز لە سەقز و دەور و بەری

پێشەکی: ساڵانی پێش هەندێ ڕێ و ڕەسمی تایبەت بە نەورۆز لە هەندێ ناوچەی ڕۆژئاوای ناوەڕاست بۆ پیرۆز ڕاگرتنی ئەو ژیانەوە سازکراوە کە ئێستایش دوای هەزاران ساڵ وەک یاد و بیرەوەریەکی پیرۆز بەڕێوە ئەچن. لە کوردستان وەک بەشێکی گرینگ لە هەرێمی نەورۆز هەندێ ڕێ و ڕەسمی تایبەت بووە کە دوای هەزاران ساڵ و هاتنی سەدان پادشا و وێرانی و شەڕ و کوشت و بڕ هێشتا یاد و بیرەوەری نەورۆز لە ناو گەلی کورد پیرۆز ڕاگیراوە.

نەورۆز: پێشینیانی ئێمە وەرزێر و ئاژەڵدار بوون و هەموو ساڵ چاویان لە مردن و ژیانەوەی سروشت بووە؛ هاتنی هەوای بەهار ژیانەوەی دار و دەوەن و دەر و دەشتی بە شوێنەوە بووە و هاتنە دەر لە تاریکی زستان و گەرم بوونی زەوی بۆ ئەوان زۆر گرینگ بووە. هەر بەو هۆیەوە یەکەم ڕۆژی ئەو ڕووداوەیان "نەورۆز" ناو ناوە.( صمد عابدینی- ١٣٨٦) بە بڕوای میرچا ئیلیادە کە یەکێ لە ئوستوورە ناسانی گەورەیە: ئەم یاسایانە ساڵ بە دوو وەرز دابەش ئەکەن کە کاتی پاشەکەوت خستنی دەغڵ و دان یان کاتی هاتنی وەرزی بەرەکەت و خێر و پڕبوونەوەی ئازووقەیە.(فاطمە نراقی-١٣٨٥). هەروەها نەورۆز بە مانای تازە بوونەوەی کات و زەمانە و دنیا سەر لە نوێ تازە ئەبێتەوە؛ هەر ئەو باوەڕە ئەبێتە ساز بوونی بڕوای گەڕانەوە و زیندوو بوونەوەی مردۆکان. (ابوالقاسم اسماعیل پور-١٣٧٩ )

لە ڕووی وشەناسیەوە ئەم وشە لە دوو بەشی "نەو+ ڕۆز" پێک هاتووە. "نەو" بە مانای "نوێ" و تازە، "ڕۆز"یش بە مانای ڕۆژ کە سەرجەم بە مانای یەکەم ڕۆژی ساڵە. لە دەورانی ئەشکانی بە جەژنی یەکەم ڕۆژی ساڵیان وتوە "نەوەک ڕۆج" nok roc (علیرضا جنتی سراب-١٣٨٥ )؛ ئەگەر سەرنجێکی ناوی کێوی "نەکەڕۆز" لە باشووری سەقز بدەین بە جوانی پێوەندی نێوان ئەو دوو وشە دەر ئەکەوێ.( لە درێژەی وتار زیاتر شی ئەکرێتەوە)

لە ناوچەکانی کوردستان بە تایبەت دەور و بەری سەقز، لە ڕۆژانی بەر لە نەورۆز و چەند ڕۆژی ئەوەڵی ساڵدا هەندێ ڕێ ورەسم بەڕێوە ئەچن کە گرنگترینەکانی بەم جۆرەن:

أ.میر

ب.کۆستە

ج.وشتر

د.هەندێک بۆچوون و بەسەرهاتی کۆن سەبارەت بە زستان

ه.ئاگری نەورۆز

و.هەڵاوە مەڵاوە

ز.هێلکە شکێنێ

ح.سەمەنی یان سەمەنوو

لێرەدا زۆر بە کورتی هەرکامیان باس ئەکرێن. ( هەندێ لەو ڕێ و ڕەسمانە بەداخەوە ئێستا بەڕێوە ناچن یان ئەگەریش مابن زۆر بە دەگمەنن و چۆڕ چۆڕی ئاخریانە.)

میر یان "میرمیرێن": میر لە چەند ڕۆژی ئاخری زستاندا کە بە وتەی پسپۆڕانی ئەو بوارە پێنج ڕۆژی ئاخری زستان، ساز ئەکرا و حوکماتی ئەکرد(روح الامینی-١٣٧٦-لاپەڕەی٤٦). مامۆستا ایوبیان لە وتارێکدا باسی ژاک دیمۆرگان ئەکات کە ساڵی ١٨٩٠ز لە مەهاباد چاوی بە ڕێ و ڕەسمی میر کەوتوە و ئەڵێ: "کارناواڵی میر، کارناواڵێکی سەیر و سەمەرەیە" (عبیداله ایوبیان-١٣٤١)

بە وتەی بەساڵاچوانی ناوچەی سەقز، لە ئاخری پاییز و ناوەڕاستی زستان و ئاخری زستان میریان ساز ئەکرد. شێوەی سازکردنی میر لە هەندێ شوێنی کوردستان بەم جۆرە بووە: یەک نەفەریان دێنا و کراسی شەق و شڕ و ڕەشکەیان ئەکردە بەری و بە کراسەکەیدا هەموو جۆرە شتی سەیر و سەمەرە وەک ئێسکی سەگ و کەللەسەری ئاژەڵ و زەنگوڵەیان پێدا هەڵئەواسی. دەم و چاویان بە خەڵووز ڕەش ئەکرد و بە ئێسکی ئاژەڵ قلیانیان بۆ ساز ئەکرد بەڵام نەدەبو پێ بکەنێ. یانی بە هیچ جۆر ئیجازەی پێکەنینی نەبوو چون بەگشتی خەڵک تێکڕا بەر شەقیان ئەدا. ئەویش لە ماوەی میر بوون و حوکماتی خۆیدا کە یەک دو ڕۆژ بوو، هەر فەرمانێکی بدایە ئەبوا بە قسەی بکەن جا هەر کەس بوایە ڕەعیەت یان ئاغا فەرقی نەدەکرد چون حوکمی ڕەوا بووە. جاری واهەبوو کە میر دەست بە ئاوی ئەکرد، دوو کەسی ئەکرد بە کاسە مەستەراح، یەک لە ڕاست و یەک لە چەپەوە و پای لە سەر پشتی ئەوان ئەنا وەک دەست بەئاو کردن. میر ئەگەر فەرمانی بدایە بچن بۆ ماڵ فلانە ئاغا لە فلانە ئاوایی خۆی بێنن یان پارەی لێ بستێنن، ئەچوون و ئاغایش حوکمی میری قبوڵ ئەکرد و ئەیوت: سڵاو لە میر ئەکەم، چون زستانە خۆم ناتوانم بێم بەڵام ئەمە پووڵ و خودا حافیزتان. لە دوای ئەو چەند ڕۆژە، میر لە حوکمات ئەهاتە خوار و هەرچی پەیدایان بکردایە بە فەقیر و هەژاریان ئەدا.

جا ئەوی زۆر گرنگ بێ بنەمای ئەسڵی "میر" بووە و بە مانای ئەوەیە کە زوڵم و زۆر هەتا سەر نیە و دنیا جێگای گوزەرە(حسن ذوالفقاری-١٣٨٥). میرمیرێن ئەتوانێ پاشماوەی ئایینێکی کۆنی ناوچەی "نێوچەمان" بێت بە ناو جەژنی "ئەکیتو"(علیرضا حسن زاده-١٣٧٩). هەروەها زۆر لە ئایینی کۆنی کوشتنی پادشای پیر و پەک کەوتە ئەچێ؛ ئەگەر پادشا پیر بوو ناتوانێ وەک جێ نشینی خواکان کار وباری خۆی بەڕێوە بەرێ

و زەوی‌زارو ئاژەڵو لە گشتی گرنگتر مرۆڤ،زاوزێ ناکەن و لە ناو ئەچن(ج.فریزر –١٣٨٨). لە گشتی سەیرتر ئەویە کە لە پێنجوێن خەڵک ئیزەدین و پادشا لایان زۆر گرنگە و ئەگەر پیر و پەک کەوتە بێ و توانای منداڵ بوونی نەمێنێ کوشتنی رەوایە. (مهرداد بهار-١٣٨٧-لاپەڕەی٢٧٣)

کۆستە: "مسعودی" لە کتێبی مروج الذهب کە لە سەدەی چوارەمی کۆچیدا ژیاوە باسی رێ و رەسمی کۆستە ئەکات (روح الامینی-٤٦).

لە یەکەم رۆژی بەهار چەند کەس لە ئاوایی کۆ ئەبوونەوە و یەکیان دێنا کراسی سپیان لەبەر ئەکرد و سەر و چاویان بە ئارد سپی ئەکرد. کڵاوێکیان لە سەر ئەکرد و دوو گوێچکەیان وەک کەروێشک بۆ ساز ئەکرد. گەسک یان پەشمی مەڕیان بۆ ئەکرد بە ریشێکی پان. یەک کەسی دیکەیش ئەبوو بە ژنی کۆستە و کراسی ژنانەی لەبەر ئەکرد. ئینجا بە ئاواییدا ئەگەڕان و شۆخی و جەفەنگیان ئەکرد. لە هەر ماڵێکدا کۆستە کوتێکی بە ژن کۆستەوە ئەدا و ئەویش شەقێکی لە کۆستە هەڵئەدا و ئەم چەند دێڕەیان ئەوت:"هەتەرێ مەتەرێ/سەری هاواڵم بە قوونی کەرێ/شتێکم بۆ بخەنە بن چەپەرێ"

خاوەن ماڵیش بڕێ پارە یان هێلکە و نوقڵ و سنجوو و خورمایان پێ ئەدان.لە هەندێ شوێنی دیکە ئەم دێڕەیان وتوە:

کۆستە هاتوە بۆ تووتن/کەوتوە وەک سەگی کوڵکن/
وەرن هێلکە بدەن بە من
یان
کۆستە هاتوە بەو ریشەوە/بەو ریش و بیش و پەشمەوە/گۆشتم بۆ بکەن بە شیشەوە

ئەگەرماڵێکیش حەیوانێکی سەر ئەبڕی لەو گۆشتەیان پێ ئەدان، ئەوانیش لە دواییدا گۆشتەکەیان بە خەڵکی فەقیر ئەدا.

وشتر: جاجمێکیان ئەدا بەسەر دو نەفەردا و ئەوی پێشەوە داسێک کە بە پەڕۆ ئەپێچرا و زەنگوڵەیان پێدا هەڵئەواسی و ئەیگرت بە دەستەوە کە ئەبوو بە ملی وشتر، جا بەو نووکی داسە خۆی ئەخوراند و قورتمی لێ ئەدا و خڕەخڕی ئەکرد یان ئەچوو بۆ خەڵک و ئەوانیش گاڵتەیان پێ ئەکرد. وشتر و خاوەنەکەی ماڵ بە ماڵ ئەگەڕان و ئەیاندا لە درگا و ئەیانوت:

مەڕتان بێنێ دوانە و بزن بێنێ سیانە
بەرەکەت بکەوێتە ئەم گەوڕ و گەلەخانە

ئەیانوت بە خاوەن ماڵ کە وشتر داوای زەخیرە دەکات، ئەوانیش لە هێلکە یان ڕۆن و کەرە و خورما و نوقڵ و نەباتیان ئەدا بە خاوەن وشتر. شایانی باسە لە هەندێ شوێندا رێ و رەسمی وشتر وەک بەشێک لە کۆستە دابەش ئەکرێت.

هەندێک بۆچوون و بەسەرهاتی کۆن سەبارەت بە زستان:

• چلە: چلە گەورە کە لە دوای ئاخرین شەوی پاییز(شەوی‌چلە) دەستپێدەکات،لەگوندەکانی کوردستان بە تایبەت ناوچەی تیلەکۆدا، میوانداری چلەکانیان ئەکرد و بەسەرماڵەکانی ناو دێ لەگەڕەکی سەرەوە بەرە و گەڕەکی خوارو دەستی پێ ئەکرد و هەرشەوێک دەبووە میوانی ماڵێک و تەواوی خەڵکی ئەو دێهاتە ئەیانزانی کە هەرشەوێک لە ماڵی چ کەسێک میوانە. هەربۆیە ئەوماڵە لەو شەوەیدا کە چلە لەوێ دەبوو، خورد و خۆراکی خۆشی ساز دەکرد. هەر شەوێک بەفر و تۆفانی بوایە خەڵکی ناودێ ئەیانوت: ئەمشەو خۆراکی ناخۆشیان داوە بە چلە بۆیە ئەویش تووڕە بووە و کردوویەتە بەفروبۆران، بۆوێنە ئەیانوت: دۆینە یان چێشتی شەلەمیان بۆی داناوە و بەدڵی نەبووە!

چلە چکۆلە ئەڵێ: ئەگەر وەک کاکەم عومرم زۆر بوایە دەستی ژنانم لە هەویردا ئەبەست و منداڵم لە بێشکەدا رەق ئەکردەوە!

•کوڕی سەیاو(راوچی): چیرۆکی کوڕی سەیاو بەسەرهاتێکی خەماوی لەبارەی کوڕێکی راوچیە کە لە نیوەی زستان لە کێودا رێگەی لێ ئەشێوێ و سەر دەرناکات بێتەوە و لە شەوێکی سارد و سڕی سایەقەدا بۆئەوەی لەسەرما ڕەق نەبێتەوە بەردی خۆرەتاو بۆ نسار و بەردی نسار بۆخۆرەتاو ئەگوێزێتەوە؛ لەهاڕە و تەقە و ناڵەی ئەو بەردانەی کە بارە و باری ئەکات زەوی وە خەبەردێت و ئیتر بۆ سبەی هێواش هێواش تاو و تین و تەوژمی زەوی ئەشکێت و ڕۆژ لە دوای ڕۆژ هەوا بەرەو خۆشی ئەڕوات بەڵام بەداخەوە کوڕی سەیاو دەمەو بەیانی لەسەرما دڵی ئەوەستێ و ئەمرێ.

•خاتوو زەمهەریر: کە بەمانای خاتونی سەرما و سۆڵە، لە دوای تەواو بوونی چلە گەورە و چلە چکۆلەدا و مردنی ئەوان (کە بە برای خاتوو زەمهەریر ناسراون) دەست ئەکاتە شیوەن و چەمەری گێڕان بۆ براکانی؛ ئەڵێن گێڤە و گڤەی با و بۆران لەو کاتەدا، یاد هێنەرەوەی دەنگی شیوەن و سۆز و چەمەری گێڕانی ئەو خاتونەیە لەمەرگی براکانیدا. لە دوای چلە چکۆلە مانگێک ئەمێنێ بۆ نەورۆز کە دە رۆژ، دە رۆژ دابەش کراوە: برجە پیرێژن، برجە لەق لەق، برجە ریشۆڵی. برجە پیرێژن هەر ئەو خاتوو زەمهەریرەیە کە بۆ براکانی ئەگری و ئەو چەند رۆژە زۆر بەفر و بارنی سەخت ئەبێ. دوای ئەوە برجی لەق لەقە کە لە گەرمەسێر دێنەوە. جا ئەڵێن: بە قودرەتی خوا بەفرێک دای ئەکرد و هەوا سارد ئەبوو بەجۆرێک هێلکەی حاجی لەق لەق ئەیبەست و تا ئەو هێلکەش نەیبەستایە نەدەبوو بە جووجکە!

•تەز و تەوژمی زستان دەرکردن: لەنیوەی زستاندا دەچوونە گەوڕ و گەلەخانی وڵاخان و ئاویان لە گەڵ و گوانی ئاژەڵەکان ئەپژاند بۆ ئەوەی تەز و تەوژمی زستان لە جەستەیان دەر بچێت و بۆدەرکردنی جەمامی ئاژەڵەکان چەند جارێک بۆ سەر کانی ئاو و رووباریان ئەبردن.

•تەپڵە وگەوەن سوتاندن: لە زستان کە نزیک بەهار ئەهاتن و هەستیان ئەکرد زەوی بەرەو گەرم بوون ئەڕوات، تەپڵەکی سەر کولانجە و ڕۆچنەکانیان ئەهێناو ئاگریان ئەدا و بەسەریدا بازیان ئەبرد و ئەیان وت:

ئاگر، سووری تۆ بۆ من و زەردی من بۆ تۆ

دواجار ئەچوونە سەر بانیجە و ڕۆچنەی ماڵان و پشتوێنیان ئەخستە خوارێ و ئەیان وت:

هەواڵنامەی کتێب

نەورۆزە و نەوبازە/شتێ بخەنە ئەو کاسە /لەڕێی خوا خاسە

•کەللە سەری کەر سووتاندن: لە هەندێ شوێن ئەڵێن وا ڕەسم بووە لە دەمەو بەهاردا کەللە سەری کەرە تۆپیویان ئاگر ئەدا و جا بە شەق ئەیانبرد تا نێو چەم و ڕووبار و لە خودا ئەپاڕانەوە بەڵکوو ئەو ساڵە تەڕە ساڵ بێ و زۆر بباریێ!

•ماسی قولاخ: ئەڵێن لە کۆتایی ساڵدا سەرمایەک دێ بە ناوی ماسی قولاخ. بە قایەری خوا ماسیەکان دێنە سەرئاو و یەخ ئەبەستن. ئەوحەوتەیەی ئاخری ساڵ بە ناوی حەوتووی ماسی قولاخ ناوئەبەن.

•بەفری دوای نەورۆز: لە دوای نەورۆز بەفرێک دەباری لە کاتی شەتڵ لێدانی تەماکۆ(تووتن). لەوبارەوە ئەڵێن: بەقورەتی خوا لە ئەوەڵی بەهار کە شەتڵمان لێ ئەدا و بە گڕاڵک شەتڵەکانمان دائەپۆشا بەفرێکی قورس ئەباری بە جۆرێک ئەویش سەر گڕاڵکەکانی دائەپۆشا و دواجار گڕاڵکەکە بە سەر شەتلەکەدا دائەمرکا و بەوجۆرە لە سەرمابردن و لەناو چون ئەیپاراست.

ئاگری نەورۆز: خەڵکی شار و دێ لە ئێوارەی ئاخرین ڕۆژی زستاندا چیلکە و دار کۆ ئەکەنەوە و بەر لە ڕۆژئاوا بوون ئاگری ئەدەن. بە دەور ئاگردا هەڵپەڕکێ و بەزم و ئاوازە هەتا بەشێک لە شەو. لەو بەزمەدا هەندێ جاریش بە سەر ئاگردا بازبازێن ئەکرێ و لە ئاگر ئەپەڕنەوە. لە ساڵانی پێشوودا بەسەر قوڵەداریکەوە پەڕۆیان ئەپێچا و بزمار ڕێزیان ئەکرد و لە ناو نەوتدا چەند ڕۆژ خووسیان ئەدا. لە شەوی نەورۆز ئاگریان ئەدا و ئەیانخست بە حەوادا. ئەم کارە ناوی شەم هەڵدان بووە. لە گۆرانیەکی ناوچەی سەقز وتوویانە:خاڵێک ها وەبان پەنجەی پیرۆزۆ/ وەک "شەم" ئەدرەوشێ بە "نەکەرۆز"ۆ

ئەمە ئەتوانێ بەڵێن لەسەر ئەوە بدات کە شەم هەڵدان لە شوێنێکی تایبەت بووبێت وەک لووتکەی کێوە بەرز و پیرۆزەکان وەک کێوی "نەکەرۆز" لە باشووری سەقز. هەندێ لە بەساڵاچوان بڕوایان وایە کە ئاگر کردنەوەی نەورۆز بە هۆی کوشتنی زوحاک بووە بە دەست کاوەی ئاسنگەر، کە بەم شێوە خەبەریان بە خەڵک داوە و بۆ کۆژرانی زاڵم جەژنیان گرتوە.

ئاگر لای پێشینان زۆر جێی ڕێز و حورمەت بووە و ئاگریان بە ئاسمانی زانیوە چون بەرەو سەرەوە ئەڕوات(ژان شوالیە – ١٣٨٨-بەرگی یەکەم لاپەڕەی ٦٢). بە بڕوای "باشلار" ئەوین یەکەم هۆی ساز بوونی ئاگرە و ئاگر زۆرتر کوڕی مرۆڤە تا کوڕی دار، چون ئەوین و شەهوەت لە یەک هەڵسوان پێک دێن. (ژان شوالیە – ١٣٨٨-بەرگی یەکەم لاپەڕەی ٦٦) ئێستایش هەندێ کەس بڕوایان وایە ئەگەر کەسێ منداڵی کوڕی نەبێ وەجاخی کوێرە. وەجاخ و ئاگر ڕۆشن کردنی ماڵ ئەرکی کوڕ بووە جا ئەوەیش هێمایەکە لە درێژەی پشت و نەتەوە لە لایەن ئەولادی نێرینەوە.

ئاگر ئەسووتێنێ و لە ناو ئەبات، هەروەها ئەگەر بە باشی مەهار بکرێ توانای زایین و ئافراندنی هەیە... هەر وەها ئاگر هەم لە ئاسمان هەیە و هەم لە زەوی، لە بەهەشتدا هەیە و لە جەحەندەمیش هەیە(سمیە رمضانی ماهی – ١٣٨٩)

گرنگترین خاسیەتی ئاگر پاک کردنەوە و سووتانی خراپەکانە(ژان شوالیە – ١٣٨٨-بەرگی یەکەم لاپەڕەی ٦٠). هەر بۆیە کاتێ زێڕ ئەخەنە ناو ئاگر خەڵ و خەوشەکەی ئەسووتێ و زێڕی خالیس ئەمێنێتەوە. ئەگەر چاوێک لە ئوستوورەی "سیاوەخش" یان "سیاوەش" بکەین ئەبینین بۆ سەلماندنی پاکی خۆی بە سەر ئاگردا ئەڕوا و چون بێ تاوانە ئاگر هیچی لێ ناکا. ئاگر هێمای یەکێ لە یاریدەرانی خوای "ئەهورامەزدا"یە بە ناوی "ئوردیبهشت" یان"ئەرتە وەهیشتە" کە نێرینەیە(بهروز اتونی-١٣٨٩). ڕێ و ڕەسمی بەسەر ئاگر پەڕینەوە ئێستایش وەک باسکرا لە ئێوارانی نەورۆزدا وەک هێمایەک ئەبیندرێ.

لە بەسەرهاتی حەزرەتی "ئیبراهیم"دا ئەبینین ئەخرێتە ناو ئاگر بەڵام بە سڵامەت دێتە دەرەوە کە بۆ سەلماندنی پاکی بووە. هەروەها لە دینی ئیسلامدا باوەڕ وایە کە لە ڕۆژی قیامەت ئەبێ بەسەر پردێکی زۆر سەخت و ئەستەمدا بڕۆن کە ژێرەکەی ئاگری جەحەندەمە، کەسێک پاک بێ بە ئاسوودەیی گوزەر ئەکا بەڵام تاوانباران لێی ئەکەونە خوارەوە. هەروەها لە دینەکانی جوولەکە و مەسیحی و موسوڵماندا هاتوە کە تاوانبارانی ئیماندار دوای سووتان لە ئاگردا خەڵ و خەوشیان نامێنێ و پاک ئەبنەوە و ئینجا ئەچنە ناو ڕیزی بەهەشتیان.

هەلاوە مەلاوە: لە ئێوارەی نەورۆزدا جەحێڵان و تازەلاوان ئەچوونە سەربان و لە کولاوکەو و ڕۆچنەوە پشتوێنیان شۆڕ ئەکردە خوارەوە و ئەیانوت: هەلاوە مەلاوە/کوڕتان و کچتان ببێ بە زاوا/شتێکم بۆ بخەنە بن تاوە

لە هەندێ شوێنی دیکە وەک ئاوایی سەرچاوە بنی قابلەمەیەکیان کون ئەکرد و چرا دەستی و ئاوێنە و مێڵ و کلتووریان تێ ئەخست و لە سەربانەوە شۆڕیان ئەکردە خوارەوە و هەلاوە مەلاوەیان ئەکرد. جا ژنانی ناو ماڵ ئەگەر پێیان خۆش بوایە چرا دەستیان ڕۆشن ئەکرد و لەبەر ئاوێنەکە بەو مێڵ و کلتوورە چاویان ئەڕشت و شتێکی وەک هێلکە و نوقڵ و سنجوویان بۆ ئەخستنە ناو قابلەمەکە. لە هەندێ شوێنی دیکە وەک ئاوایی تاهیر بوغدە لەنتەرێکیان ئەخستە نێو پشتوێنەکەوە و مێڵ و کلتوور و سابوونیان تێ ئەخست و لە کولاوکەوە دایان ئەهێشت و ئەیان وت:

أ.هاتەرێ ماتەرێ: سەری ئاوەڵم بە قوونی کەرێ/ شتێکمان بۆ بخەنە بن لەنتەرێ

یان

ب.هەلاوە مەلاوە

کوڕ و کچتان ببێ بە زاوا/شتێکمان بۆ بخەنە بنی تاوە

ژن یان گەورەکچەکانی ناو ماڵیش ئەگەر کەیفیان لێ بوایە چاویان لە بەر ئاوێنە و لەنتەرەکە ئەڕشت جا لە دواییدا هێلکە و سێو و نوقڵ و خورما و سنجوویان بۆ تێ ئەخستن.

لەم ڕێ و ڕەسمەدا ئەبینین هەندێ شتی وەک چرا و ئاوێنە و مێل و کلتوور و شانە و هێلکە و سنجوو وەک چەند هێما دیارن. ئەگەر چاو بقووچێنین وەک تابلۆیەکی زۆر جوان دێتە بەر چاومان. هەر یەک لەوانە مانای تایبەتیان هەیە: چرا ئەتوانێ هەر بە مانای ئاگر و ڕۆشنایی بێ کە پێشتر باسکرا. ئاوێنە ئەتوانێ بە مانای ناسین و ڕاستی و پاکی و سەفا و دڵی پاک بێ (ژان شوالیە – ١٣٨٨–بەرگی یەکەم لاپەڕەی ٣٢٣). مێڵ و کلتوور بۆ چاوڕشتن و جوان کردن بووە و هەندێ کەسیش بڕوایان وایە کە بینایی چاو زیاد ئەکا. شانە ئەتوانێ بە مانای تیشکی هەتاو کە بە سەر سەرا ئەڕژێت ببێ. هەروەها بۆ جودا کردنەوەی تاڵە قژەکان بە کار دێ کە هێدی بوون نیشان ئەدات(ژان شوالیە – ١٣٨٨– بەرگی چوارەم ١٣٨٥ لاپەڕەی ١٥). هێلکە لە خوارەوە باس ئەکرێ. سنجوو نیشانەی ئەوین و عەشقە، هەروەها بۆنی گوڵ و گەڵاکەی ئەوین ئەبزوێنێ و لە بەهاردا شەهوەت زۆر ئەکا. نوقڵ و خورما و شیرینی و هەندێ جاریش پارە بۆ دەم شیرینی و شاباش بووە. سێو یەکێ لە میوە بەهەشتیەکانە و میوەی پارێز لێکراوی ئادەم و حەووا بووە کە بە هۆی خواردنی سێو لە بەهەشت دەرکراون. سێو بە مانای هۆشیار بون و ناسینی چاکە و خراپەیە... هەروەها میوەی جوان و تازەبوونە (ژان شوالیە–١٣٨٨– لاپەڕەی ٧٠٠و٧٠١)

هێلکە شکێنێ: لە نەورۆزدا جەحێڵان ئەچوون هێلکەیان دێنا و هێلکە شکێنەیان ئەکرد. بەم جۆرە کە هێلکە لە یەک ئەدەن و هەریەکیان درزی برد ئەیدا بەوی دیکە. هەندێ یاسای تایبەت لەم کارەدا هەیە:

قوڵ بە قوڵ: یانی بنی هێلکە لە یەک بدرێن

سەر بە سەر: یانی سەری تیژ لە یەک بدرێن

لاشان، لاژ: لاشانی هێلکە لە یەک بدرێن

چەشتن: بۆ تاقی کردنەوەی نەرم و ڕەقی هێلکە لە ددان ئەدرێن.

خەوتن: یەکیان هێلکە ڕائەگرێ هەتا هێلکەی لێ بدەن. (ڕزا سەرسیفی– ١٣٨٨– لاپەڕەی ٧٣)

هێلکە یەکێ لە هێماکانی ژیان و لە دایک بوونە، لە بەندهشن دا ئەڵێ: یەکەم جار ئاسمانی ساز کرد... کە بە شێوەی هێلکەیە (احسان خانی سومار–١٣٩٢). هەر ئەو بڕوا بووە کە لە دەورانی زۆر کۆندا مردویان لە ناو کووپەی هێلکەیی ئەخستە قەبر بەڵکو زیندوو بوونەوەی لەو دنیای دیکە ئاسان بێ.

سەمەنی: لە چەکەرەی گەنم ساز ئەکرێ و تامێکی زۆر خۆشی هەیە. سەمەنی ئەتوانێ بە مانای ڕواندن و بەرەکەت بێ کە ئەچێتە سەر سفرەی خەڵک و لێی ئەخۆن. پێشینان وتوویانە:

چوومە ماڵی ئەرمەنی/ قوڵتە قوڵتی سەمەنی/ چوومە ماڵی جوولەکە/ قوڵتە قوڵتی کوولەکە/ چوومە ماڵی موسوڵمان دەنگی یاسین و قورئان

ئاکام: نەورۆز بەو جۆرەی کە باسکرا وەک ڕەسمێکی دێرین لەناو گەلی کورددا هەر ماوە و تێکەڵاوی ژیانی خەڵکی شار و گوندە. هەندێ یاسای تایبەتی نەورۆز کە خەڵکی نازانن لە کوێوە هاتوون بەڵام بەڕێوە ئەچن بنەمایەکی زۆر دێرین و جوانیان هەیە وەک هۆی سازکردنی میر و هەڵاوە مەڵاوە و.... لەم سەردەمەدا ئەرکی سەرشانی هەموانە لەو ڕێ و ڕەسمانە کە هەزاران ساڵ لە ناو گەلی کورددا ماون پاسەوانی بکەن و نەهێڵن لە ناو بەردئاشی مودێرنیتە ون ببن.

سەرچاوەکان:

الف) کتێب: •از اسطوره تا تاریخ - مهرداد بهار – نشر چشمه ١٣٨٧ چاپ ششم•اسطوره‌های بین النهرینی- هنریتا مک کال-ترجمه عباس مخبر- نشر مرکز ١٣٧٣•آیین ها و جشن های کهن در ایران امروز- محمود روح الامینی – نشر آگه ١٣٧٦•داب و نەریتی کوردەواری- ڕزا سەرسیفی- نشر گوتار١٣٨٨•زمستان در فرهنگ مردم کرد - هاشم سلیمی – نشر سروش ١٣٩٠ •نوروز در کردستان- مصطفی کیوان- سازمان چاپ تبریز ١٣٤٩•شاخه زرین - جیمز.ج. فریزر – نشر آگاه ١٣٨٨ چاپ ششم•فرهنگ نمادها – ژان شوالیه - ترجمه سودابه فضائلی- ١٣٨٨ نشر جیحون ٥ جلد•التفهیم-ابوریحان بیرونی با تصحیح استاد جلال همایی-

ب) وتار:•بخشی از صحبتهای مرحوم انجوی شیرازی راجع به نوروز - ناصر ملائیان - مجله نجوای فرهنگ شماره ٥و٦ پاییز و زمستان ١٣٨٦•بررسی تطبیقی اسطوره ی آب در اساطیر ایران و هند - احسان خانی سومار – فصلنامه مطالعات شبه قاره شماره ١٧ سال١٣٩٢

•تجلی آیین ور در نگاره گذر سیاوش از آتش- سمیه رمضانی ماهی – نشریه هنرهای زیبا بهار ١٣٨٩•تخیل ادبی کهن الگوی آتش در داستان سیاوش از منظر گاستون باشلار – سوسن پورشهرام – فصلنامه تخصصی مطالعات داستانی سال اول شماره چهارم ١٣٩٢•درونمایه‌های اساطیری نوروز – دکترابوالقاسم اسماعیل پور مطلق - مجله کتاب ماه هنر بهمن و اسفند ١٣٧٩•میر نوروزی – دکتر حسن ذوالفقاری – مجله نجوای فرهنگ شماره ٢ زمستان ١٣٨٥

•میر نوروزی – عبیداله ایوبیان – مجله دانشکده ادبیات و علوم انسانی تبریز بهار ١٣٤١•نگاهی به عید باستانی نوروز در گستره‌ی تاریخ - علیرضا جنتی سراب – روزنامه خراسان ١٣٨٥ شماره ١٤٠٨٨

•نگاهی کوتاه به تاریخچه جشنهای نوروزی – فاطمه نراقی - مجله نجوای فرهنگ شماره ٢ زمستان ١٣٨٥

•نگرشی بر عید نوروز و دلایل بقای آن – دکتر صمد عابدینی – مجله نجوای فرهنگ شماره ٥و٦ پاییز و زمستان ١٣٨٦

•نوروز در تاریخ و تقویم – یحیی ذکاء – مجله کتاب ماه هنر بهمن و اسفند ١٣٧٩

•نوروز و بازرایی ساختهای آیین کهن – علیرضا حسن زاده - مجله کتاب ماه هنر بهمن و اسفند ١٣٧٩

ج) وتوویژ لە گەڵ بەساڵاچوان:•حاجی برایم سوارە تەمەن ٧٣ ساڵ ئاوایی سەرچاوە/•حاجی عەبو ئەشرەف تەمەن ٦٠ ساڵ ئاوایی سەرچاوە/•مام ڕەحیم ڕەوشەنی تەمەن ٧٥ ساڵ ئاوایی تاهیر بوغدە/•وەستا حەسەن نادرپوور تەمەن ٥٨ ساڵ ئاوایی سەرچاوە/•وەستا موحەممەد کیمیا تەمەن ٦٥ ساڵ ئاوایی مەلقەرەنی/•کەریم لوتفی نیا تەمەن ٦٣ ساڵ ئاوایی تەیمان قەڵا

مەحیە مکایلی ــ سەقز



# پەردەیەک لە سەر پشتی شێر

بێ گومان ئەدەبی فولکلۆری کوردی یەکێ لە دەوڵەمەندترین ئەدەبەکانی جیهانە کە هاوشێوەی زۆر بەکەمی لە دونیادا دەبینرێ. بوونی هەزاران شێعر و هەزاران مێلۆدی وهەزاران چیرۆک و دەیان بەیت و... ئەو ڕاستییە باشتر دەسەلمێنێ، بۆ نموونە چۆنییەتی گیرسانی تۆمی کاکە لاس لە چیرۆکی لاس وخەزاڵدا چاو لێدەکەین کە بەڕاستی وێنە وهاوشێوەی وەها چیرۆکێ لە ئەدەبی گەلانی دیکەدا کەمتر دەبینرێ!!!
خانی باڵک گەنجێکی گەلێک ئازا و چاونەترس وزیرەک و لەخۆبایی دەبێت. مەحموود خان ڕۆژێک لە گوندی خاتووپەریزاددا بە شێوەیەکی نەناسیاو بە تەنیشت کانی قەراخی دێدا تێدەپەڕێ، لەناکاودا چاوی بە کیژێکی چەلەنگ و لەبار دەکەوێ کە گۆزەی ئاو بەرەو ماڵێ دەباتەوە. ئەو کیژە جوانەش خاتوو پەریزادە کچی خانی ڕەقیبی، مەحموود خان هەرلە نیگای یەکەمدا دڵی دەدۆڕێنێ و عاشقی خاتوو پەریزاد دەبێ و ڕازی خۆشەویستی خۆی بۆ ئەدرکێنێ، بەڵام خاتوو پەریزاد جوابی ناداتەوە و بەجنێوان دێتە وەرام. مەحموود خان واز ناهێنێ و وەدووی دەکەوێت، لە بەردەرگای ماڵی خاتوو پەریزاد بەرلەوەی پەریزاد بچێتە ماڵەوە، گەنجەکە هەڕەشەی لێدەکات ودەڵێ دڵنیابە عاقیبەت دایکم دەبێت بەخەسووت و دەتخوازم، پاش تێپەڕبوونی چەن مانگێ باوکی مەحموود خانی باڵک دەچێتە خوازبێنی پەریزاد، پەریزادیش بێ ئەوەی بزانی کە خوازبێنی کەرەکەی کێیە ڕازی بەو خزمایەتییە دەبێت. بێ ئاگا لەوەی کە خوازبێنی کەرەکەی هەر ئەو گەنجەیە کە لە ڕێی کانی ڕێگای پێ گرتوە و ئازاری داوە. عاقیبەت زەماوەند دەکەن و دەچنە پەردە بەڵام زاوا بە هۆکارێکی نادیار ئاوڕێک لە بووکێ ناداتەوە و شەوە بووکێنییەکی ئێجگار ناخۆشیان دەبێت. لە شەوی پەردەوە ئیدی هەموو شەوێ ئەو بێموبالاتییە دووپات دەبێتەوە و ڕۆژ ئەدوورن بە ڕۆژەوە و مانگیش بەمانگ و ساڵیش بە ساڵەوە. هەموان لەم کردارەی خان ڕاماون، بووکیش لە ڕووی هەڵنایێ کە سەبەبی ئەو ئاوڕنەدانەوە لە خان بپرسێ، ڕۆژێک دەنگۆی ئەو بڵاو دەبێتەوە کە لە یەکێ لە بێشەکانی قەراخی دێ شێرێک پەیا بووە وگاکانی دێ دەخوات و شێرپیاوێکیش پەیدا نابێت بەرەنگاری شێرەکە ببێتەوە و ئەو بەڵایە لەسەریان لابات. دوای ئەوەی کە کەس نەیوێرا بەرەنگاری شێرەکە بێتەوە خانی باڵک بەویستی خۆی ئامادەی شەڕ لەگەڵ شێرەکە دەبێت و زرێی شەڕ دەپۆشێت و دەس بە خەنجەر ڕێگای بێشە دەگرێتە بەر، هەموو نیگەرانن، بەڵام لە هەموان نیگەرانتر خاتوو پەریزادە کەهێشتا هەر بە کچی لای مابۆوە. شێر وشێرەپیاو لەبێشە دەکەونە گیانی یەک و عەرزو عاسمان دێننە لەرزە، چەن کاژێرێک تێدەپەڕێ، تاریکایی جێگای ڕۆژدەگرێتەوە، بەڵام خان هەر نەگەڕاوە، خەڵکیش دڵشکاو وناهومێد و بێ هیوا بەرەو ماڵی خۆیان دەگەڕێنەوە. بەڵام خاتوو پەریزاد شێرانە قۆڵی ژنانەی لێ هەڵدەماڵێ و ترس دەتارێنێ و بۆ ئەوەی بزانێ چی بەسەر مێردەکەی هاتووە، خۆی دەخزێنێتە ناو بێشەکەوە وبەدوای مێردەکەیدا دەگەڕێ. پاش گەڕان دەیاندۆزێتەوە و شێرەکە دەبینێ کە لەناو خوێنی خۆیدا گەوزاوە وخەڵتانی خوێنەوە و خانیش لەحاڵێکدا لیباسەکانی خوێناویەو تێکڕا دڕاون لەپشتی شێرەکەدا دەم وڕوو کەوتەوە، خاتوو پەریزاد دەچێتە پێشەوە تاکوو بزانێ کە ئایا شوەکەی ماوە یان شێرەکە کوشتوویەتی. سەر دەنێ بە سینگیەوە دڵی هێشتا لێدەدا، لە زیندوو بوونی دڵنیا دەبێتەوە و دەبینێ شێرانەش توانیویەتی شێرەکە شەکەت بکا و بیکوژێ. خاتوو پەریزاد خۆشی ئەکەوێتە دڵی و لەناکاودا فکرێک بیرو زەینی دائەپۆشی و بیر لەوە دەکاتەوە کە ئەمە چەن ساڵە ژنی ئەم پیاوە شێرکوژەیە بەڵام هیچی لێ هەڵنەوەریوە و هۆکارەکەشی نازانێ. خاتوو پەریزاد بەخەیاڵی ئەوەی کەخان بەخاتر شەڕو بەربەرەکانێ لەگەڵ شێرەکەدا شەکەت وماندووبوە وخەوی لێکەوتووە، پانتۆڵی مێردەکەی دائەکەنێ تاکوو بەرگەدەی چاولێبکات. بەڵام خان خۆی کردبووە خەو و لەژێر چاوەوە ئاگای لە هەڵسوکەوتی خاتوونەکەی دەبێت وهووژێکی تێ دێتەوە و دەستی ژنەکەی دەگرێت و لەسەر پشتی شێرەکە پاڵی دەخات و پشتی شێرەکە دەکاتە شەوی بووکێنی وتۆمی کاکە لاسیش هەر بەو جووت بوونەی سەر پشتی شێرەکە دەگیرسێ وپاش نۆ مانگ کاکە لاس دێتە دنیاوە.

# وێژەوانانی موکریان

بەشی ٧

سەید نووح عینایەتی – مەهاباد



بەپێی بڕیاری گۆڤاری بەیان، هەموو ژمارەیەک چەند کەس لە چالاکانی بەستێنی فەرهەنگی و ئەدەبیی وڵاتەکەمان دەناسێندرێن. ئەم ژمارەیە:
١- مەلا حەسەن جەوهەری ٢- هەیبەت ٣- مامۆستا مەلا محەممەدی حەیدەری

## مەلا حەسەنی جەوهەری

مەلاحەسەن کوڕی مەلاعەبدوڵڵا زەردەڕوو، باپیری جەوهەریش بە مەلاحەسەن زەردەڕوو بە نێوبانگ بووە، چونکی خەڵکی دێ زردەڕووی لای ئالانی سەردەشت بوون، دایکی جەوهەری نێوی شایجان و خەڵکی دێ بایندەریێ نزیک شاری مهاباد بووە. مەلا حەسەن ساڵی ١٢٥٤ی کۆچی هەتاوی لە دایک بووەو ساڵی ١٣٣٧ لە تەمەنی ٨٣ ساڵی لە گوندی کوێرەگویزی گەورکی سەقز لەماڵی مەلا ساڵحی برای کۆچی دوایی کردووەو هەر لەوێ نێژراوە، مەلا حەسەن دەورانی فقییەتی و خۆیندنی لە گوندەکانی جامەرد و عەمبار و شارەکانی بۆکان و مهاباد و کەرکوک و هەولێر و سولەیمانییە و سنە گوزراندووە، یەکم جار لە گوندەی باخچەی فەیزوڵڵابەگی بووە بە مەلا، مەلا حەسەن دە درێژی تەمەنی دا بە سێ زمانی کوردی و عەڕەبی و فارسی شێعری گوتووە بەڵام لەبەر کەمتەرخەمی دەوروبەریان هەروەک زۆربەی شاعیرانی دیکەمان بەرهەمەکانی لێرەولەوێ پڕش‌وبڵاو بوون. بەڵام بەختەوەرانە دەوچەند ساڵەی رابردودا برای دڵسۆز و فەرهەنگ دۆستمان کاک عومەری خوسرەوی قۆڵی بۆ کۆ کردنەوەی بەرهەمەکانی مەلا حەسەن هەڵماڵیو بەشێکی بە نێوی (دیوانی جەوهەری) بە چاپ گەیاندو بەشێکی دیکەش بە نێوی کتێبی (رێ و شوێنی موسوڵمانی) ئامادەی چاپە.

لە سەر بستووی ژیان وەک داری چاکی
بە تەنیا مامەوە بێبەرگ و بێ بەر
گەلێ بێ تینترە تاوی هومێدم
لەزەردەی رۆژ پەڕی مانگی خەزەڵوەر

ئەی نەسیمی سوبحدەم وەی شارەزای دەشت‌ودەرە
خۆم بە قوربانی شنەت بم هەستە زوو بە واوەرە
زۆر دەمێکە ئارەزوومە وابنێرم قاسیدێک
بۆ حوزوری خۆشەویستم بۆ سەرم تاجی سەرە
کاغەزێکت بۆ دەنووسم زۆر بە زەوق و ئاب و تاب
دەیدەمە دەستت بەڵان تۆخودا زەریفی هەڵگرە

## هەیـبەت

سەید محەممەد سادق حوسەینی پارسانیان ناسراو بە هەیبەت کوڕی سەیدرەزا کوڕی سەید مەحمود بە پێی لێکۆڵینەوە ساڵی لە دایک بوونی نامەعلومە، بەڵام دەورانی فەقێیەتی لە سنە و ئەترافی گوزەراندووە و لە نوسراوەکانی وا دەردەکەوی کە لە خزمەت شێخ سەلیم عارف و شاعیری ئەوزەمان دەرسی خوێندووە و دەگەڵ شێخ محەممەدی مەردوخ پەیوەندی بووە و دە مەودای خوێندن‌دا ماوەیەک لە کوردوستانی تورکییە و عێراق ماوەتەوە و دوای گەڕانەوە لە لایەن مەسعود سەلتەنەی کوردوستانی بۆ دەرس‌کوتن بە کوڕەکانی (غیرەتوڵڵێخان و نوسرەتوڵڵێخان) بانگ دەکرێتەوە کەرەفتوو، لەوێ دادەمەزرێ. سەید محەممەد جگە لە تەواوی علوومەکانی زەمانی خۆی دەعیلمی مەتەڵۆکەو(معما) و مادە تاریخ و ئوستورلاب و جەبرو علوومی غەربیش دەستێکی بالای بووە و چەند کتێبی لە پاش بەجێماوە. هەر کتێبێکی کەوە دەستی کەوتووە شەرح و لێکدانەوەی خۆی لە پالأ نووسیوە و دە مەودای ژیانی‌دا بەردەوام دەگەڵ مامۆستایان و زانایانی ئەو سەردەم وەک سەیفەددین خانی غەففاری(یورقول) و مەلاحەسەنی لەگزی و شێخ جەلالەددین نەقشبەندی و مەلامەحمودی جوانرۆیی و مەلائیسحاقی دیواندەرە و شێخ فەرەجوڵڵێی مەریوانی و عالمانی سەقز و سنە دەپەیوەندی و نامە گۆڕینەوەدا بووە و ئەو نامانەی کە لە پاشی بە جێ ماون حەکایەت لە زانایی ئەو پیاوە گەورە دەکەن، مامۆستا سەرەرای زانایی پیاوێکی چوارشانە و بالابەرز و بە تاقەت بووە و تەنانەت جارێک دەگەڵ پاڵەوانی سنە زۆرەوانی دەگرێ و پاڵەوان لە عەرز دەدا و لەو کاتەوە نازاناوی «هەیبەت»ی بە سەردا بڕا.

سەرەنجام هەیبەت لە ساڵی ١٣١٣ی کۆچی هەتاوی کە بۆ سەردانی شێخ جەلالەددین نەقشبەندی چووبوو بۆ دێی خانەقای نزیک ساحێب دوچاری زگ‌ئێشە دێ و دوای دو رۆژ لەوێ کۆچ دەکا و لە گوندی ساحێب ئەسپردەی خاکی دەکەن.

**بێ وەفایی**

جەفـای بێ سـوودم جەفای بێ سـوودم
ئـاخ پەی رەنـج پووچجەفای بێ سـوودم
داپـەرەی مایـەی بەخـت نابـوودم
فەریـاد پـەی دڵـەی وەهـوون ئالـوودم
پـەری رەنـج بـەردەی کەس پـێ نەزانام
پـەی نامـەی هیجـران هیچکـەس نەوانام
پەیجەفـای عەبەس نـەڕای دۆس بەردەم
پـەی عۆمـر شـەباب وە تاڵـوو یـەردەم
پـەی پـێ نەزانـای سـۆز شـەو ناڵـەم
پـەی لافـاو بـەردەی رەنج سـەد سـاڵەم
پـەی ئاراگێڵـی کـەس جـێ نەپەرسـام
پەی کەسجە دۆعای وەسـوز نەتەرسـام
پەیتۆخمـی وەفـای سـارایدڵا شـەنەم
جـەلای بـێ وەفایـی یار بـە جامـە نەم
هـەر ئـاخ بکێشـون پـەی رەنـج وەبایم
پـەی جـواو نـەدای دەوڵـەت زیاییم
پـەی عۆمـر شـەباب وە تاڵـوو یـارام
پـەی سـەنگ سـیای وەتاڵـە وارام
ئاخ پەی حەسـرەتان گشت جە دڵا مەنەم
پەی ریشـەی شـایی سـەیل خەم کەنەم
پـەی بـاغ دەمـاغ زو خـەزان کـەردەم
سـۆزەی خەمەوەتوون پەی هەردانبەردەم
پەی خێڵا خانەی خەم سـارای دڵاوەستەم
راگـەی خەیاڵـە ئامشـۆ بـە سـتەم
سـادق بناڵـە پـەی رەنـج بـەردت
پـەی بێوەفایـی لـە یـل چـە میکـەردت

**مامۆستا مەلا محەممەد حەیدەری**

ساڵی ١٢٩٩ لە کانی بەندی بەخشی ئاڵۆتی بانە لە دایک بووە باوکی بە ناوی حاجی شەریف هەرلە منداڵیەوە وەبەر خوێندنی ناوە. هەر بۆیە لە حوجرەی فەقێیان وەبەر خوێندنیناوە. لەدێیەکانی بانە وەک سەدبار لای مەلا شێخ پیر و لە بەردەرەش لای مامۆستا عبدالقادر عەزیزی خوێندوویەتی.شارەکانی شنۆ و نەغەدە مەهاباد و بانە گەڕاوە و بۆ خوێندن هەوڵێکی زۆری داوە. ماوەیەک لە تورجان خوێندوویەتی،ماوەیەکیش پەریوەی شارەکانی پێنجوێنو سولەیمانی بووە، پاشان گەڕاوەتەوە ئێران و لە مەهاباد لە ساڵی ١٣٤٠ لە خزمەت مامۆستا مەلا حوسین مەجدی ئیجازەی مەلایەتی وەرگرتوە.بۆ مەلایەتی گەڕاوەتەوە بانە و لە دێیەکانی کانیبەند و سورێن و نودێ و سەیران بەند مەلایەتی کردووە. لە زۆربەی ساڵە کانی مەلایەتیدا لە حوجرەی مزگەوتەکان دەرسی بە فەقێیەکان گوتووە.
لە بانە بە هۆی زەحمەت و هەوڵی خۆی مزگەوتی غەزالی ئاوەدان کردۆتەوە هەر لەوێ مەلایەتی کردووە.زۆربەی شێعرەکانی باسی نیشتمانی و ئایینین. لە ساڵی ١٣٤٩ لە مەترسی ساواک کە ماڵەکەیان پشکنیوە زۆربەی شێعرکانی سووتاون یان ون بوون. لەگەڵ زۆربەی شاعیرانی سەردەمی خۆی وەک مامۆستا قانع نیزیکایەتی و دۆستایەتی بووە. حاج مەلا محمد حیدری لە تەمەنی٨٠ ساڵیدا لە بەرواری ١٣٧٩/١٠/٦ کۆچی هەتاوی دا لە گۆرستانی سلێمان بەگی بانە ئەسپەردەی خاک کراوە.

[ ئەی وەتەن ]

ئەی وەتەن قوربانی دەشت و دۆڵ و سەرکێوانی تۆم
ئەی وەتەن شەیدایی تۆم و ڕۆژ و شەو حەیرانی تۆم
خادم و حافز لە بۆگشت خاکی کوردستانی تۆم
ڕووت و قووتم من هەتیوی شاروهەم کوڵێنی تۆم
فەسڵی پاییز و بە هاریش مشتەری سەیرانی تۆم
ئەیوەتەن هەرتۆی تەبیب و من نەخۆش و دڵ حەزین
هەرئەتۆی دەمانی دەردی عاشقانی دڵ ئەوین
خاک و خۆڵی دەشت و کێوت توتیای چاوی نەبین
چاوەڕوانی ئەو دەوایە چاوی بینا و دڵ فەتین
ڕوح فیدای بادی شەماڵ و هەم کزەی زریانی تۆم
مەکروفێڵی دوژمنانت سیحرەکەی هارووتمە
بێ نەتیجە و بێ دەوامە جادویی مارووتمە
ئەی وەتەن سەحرا و کێوت دورر و هەم یاقووتمە
حوببی تۆتیکەڵ بە خوێن و ڕۆحەکەی ناسووتمە
وەختوبێ وەختیش بەفیکریشیوەنوگریانی تۆم
شەوق و شووری شاخ و داخت شادی و هەم ژینمە
کاخ و بورجی بەرزی دونیا دوژمن و نەفرینمە
کێوو ئە شکەوتت لە لای من قەسری شاوفەرزینمە
چەقڵی تیژی لاتە لانت شەونم و نەسرینمە
ماتومەدهوش وزەبوونی هیجرەت و هیجرانی تۆم
داخی کوردوستانی ئەمڕۆ ڕەسم و یاساو باوەمە
ئاوی سوور و سوێری جۆگەدمعەکەی دووچاوەمە
حەسرتی کوردی هەژار و پیر و جوان و لاوەمە
ئاخ و ئوفی کوردی دیل و تەفرقە و بێناوەمە
دڵ پەسێوو ودڵ پەژارەی گردەکەی سەیوانی تۆم
شێتو شیدای نیشتمان و دەشت و سەحرای پاکی تۆم
ئەی وەتەن باغی بەهەشتی و باخەوانی خاکی تۆم
خادیمی لاوی نەترس و ڕێک و پێکی چاکی تۆم
درکی بەرچاوی نەویست و دوژمنی ناپاکی تۆم
عاشقی بابۆس و شاهو و کێوەکەی نیروانی تۆم
من من و تۆ تۆ بووکاکە کوردەکانی کردە پەند
نۆکری بێگانە پاکی خستە داوی قەیدوبەند
ژەهری دوژمن بوو لە لایان ببوە پارە وشە کروقەند
کوشتن و تالانی یەکتر بۆتە ڕەسم و چون و چەند
هەردەبێ بگرم لە تاوان هەوڵی قورپێوانی تۆم
فەخرە ((حەیدەری)) داری وەتەن تابووتتە
ئەلحەدت خاکی وەتەن جێ خەوی شیرینتە
دێنە سەرقە برت عەزیزان باسیان تەڵقینتە
یادی خێر و هەم نزایان باعیسی تەسکینتە
قۆچی قوربانی تۆم و من بە دڵ قوربانی تۆم

هەواڵنامەی کتێب

ئامادەکردنی: فایق دارتاش

# نەتەوە و نەتەوایەتیی



پێناسە:

وشەی nation لە وشەی لاتینیی nascor وەرگیراوە کە لەو زمانە دا بە واتای « من هەم» یان « من لە دایکبووم» بەکارهاتووە.هاومانای ئەو وشەیە لە زمانی کوردیدا « نەتەوە «، لە فارسیدا « ملت»، لە عەرەبیدا « قوم « و لە تورکیدا «Millet» ە.

زۆرکەس، تەمەنی نەتەوە دەگەڕێننەوە بۆ سەرەتای دەستپێکردنی ژیانی بەکۆمەڵ لە لایەن مرۆڤەوە و پێیان وایە نەتەوە هاوتەمەنی کۆمەڵگەی مرۆڤایەتییە.

پەیڕەوانی ئەم تێڕوانینە، پێیان وایە« نەتەوە» چەمکێکی ڕەهاو«مجرد»ە و هەر لە سەرەتاوە هەبووە و بوون و نەبوونی پەیوەست نییە بە ڕەوتی مێژوو و پەیوەندییە کۆمەڵایەتیی و ئابوورییەکانەوە، هەر بۆیە تیۆرییەکانی خۆیان لە سەر ئەم بنەمایە دادەڕێژن کە نەتەوە، ڕاستینەیەکی ئەزەلی و ئەبەدییە و هەر هەبووە و هەر دەشبێ.

لە بەرامبەر ئەو بۆچوونەدا، کۆمەڵێک خاوەنڕا، پێیان وانییە کە ئەم چەمکە دیاردەیەکی کۆنی نەگۆڕ و ڕەهایە، بەڵکوو باوەڕیان وایە کە نەتەوە و نەتەوایەتی دیاردەیەکی نوێی هەڵقوڵاوی کۆمەڵێک پەیوەندی سیاسیی- مێژوویی- ئابووری - کۆمەڵایەتییە کە دوابەدوای دەرکەوتنی مۆدێرنیتەو سەرکەوتنی شۆڕشی پیشەسازی لە ڕۆژئاوا و ژێرکەوتن و داڕمانی پەیوەندییەکانی بەستراوە بە سیستەمی ئاغایەتی و فیۆدالیی هاتۆتە ئاراوە.

بە باوەڕی ئەو دەستەیە، کۆمەڵگەی مرۆڤایەتی هاوکات دەگەڵ گەشەکردنی ئابووریی و کۆمەڵایەتیی، ڕەوتێکی گەشەسەندنی تریش دەپێوێ کە بریتییە لە پێکەوەژیانی مرۆڤەکان لەگەڵ یەکتر و لە ژێر دەواری کۆمەڵێک بنەمای نائابووری وەکوو هۆز و خێڵ و قەوم و گەل و نەتەوە. ئەوەش بەو مانایە دێت کە هەر لە ڕۆژی یەکەمەوە و لە سەرەتای مێژووەوە دیاردەیەک بە ناوی نەتەوە بوونی نەبووە بەڵکوو دەگەڵ پێشکەوتن و گۆرانی فۆرماسیۆنی ئابووری ـ کۆمەڵایەتیی، لە خێڵ و هۆزەوە بۆ قەوم و پاشانیش لە دوای دەرکەوتنی شۆڕشی پیشەسازی دا هاتۆتە مەیدانەوە.

بە کورتی لە ئەندێشەی سیاسیدا سێ جۆرە تێڕوانین و پێناسە بۆ نەتەوە هەیە.....

تێڕوانینی یەکەم نەتەوە وەکوو یەکەیەکی فەرهەنگیی چاولێدەکات و پێیوایە نەتەوە بریتییە لەو کۆمەڵە خەڵکەی کە بۆ ماوەیەکی دیار یان نادیار لە دەوری یەکتر و لە پانتاییەکی دیاریکراوی جوگرافیایی دا کۆبوونەتەوە و خاوەنی مێژوو و نیشتمان و زمان و فەرهەنگ و بەرژەوەندی و زۆرجاران ئایینی هاوبەشن. ئەو فاکتۆرە هاوبەشانە، دەبنە هۆکاری جیاکەرەوەی نەتەوەکان لە یەکتری.

لەم جۆرە تێڕوانینە دا کە بە مۆدێلی ئاڵمانی ناسراوە، زمان و کولتور و کەلەپوری نەتەوەیی و زۆرجاران هاوخوێنبوون و هاونەژادبوون، قسەی سەرەکی دەکات و نەبوونی هەرکام لەم فاکتۆرانە، بنەماکانی نەتەوە لەرزۆک دەکات و دەیباتە ژێر پرسیارەوە.

تێڕوانینی دووەم کە بە مۆدێلی فەڕانسەیی دەناسرێ، نەتەوە وەکوو یەکەیەکی سیاسیی دەبینێ کە تیایدا تاکەکانی کۆمەڵگە لە سەر بنەمای کۆمەڵێک پڕەنسیپی سیاسیی لە چوارچێوەی گرێبەستێکی دیار و پڕۆژەیەکی سیاسیی ڕوون لە دەوری یەکتر کۆدەبنەوە وەکوو هاووڵاتیبوون و مافی یەکسان و بەرپرسبوونی یەکسان کە کۆی ئەمانە تاکی ناو ئەم قەوارەیە دەکات بە تاکێکی ئەندام لە نەتەوە دا نەک زمان و خوێن و ڕەچەڵەک و ئایین و ئەتنیسیتە.

بە پێی ئەم بۆچوونە، نەتەوە، کۆمەڵە خەڵکێکن کە لە ژێر حوکمداریێتیی یاسایەکی پەسەندکراو دا ژیانەدەکەن. لێرەدا دروستبوون و پێکهاتنی نەتەوە دەچێتە دوای دروستبوون و پێکهاتنی دەوڵەت. هەر بۆیە ئەندامانی نەتەوە، ئەو کەسانەن کە لە ژێر دەواری ئەو دەوڵەتە دا ژیان دەکەن کە پارێزەری ئەو پڕەنسیپانەیە.

گۆشەنیگای سێهەم. تێکەڵاوێکە لە هەردوو مۆدێلەکە و لە هەمان کاتدا ڕەخنە لە هەردووکیشیان دەگرێ. ئێرنێست ڕێنان، وەکوو دیارترین تیۆریزانی ئەم بوارە، پێی وایە ناسنامەی نەتەوەیی تەنیا و تەنیا لە سەر بنەمای ئەتنیسیتە، زمان، وڵاتی هاوبەش و دەستەڵاتی سیاسی ( دەوڵەت ) پێک نایە بەڵکوو ئەوە ژان و ئازار و بیرەوەرییە هاوبەشە مێژووییەکان و ئیرادەی پێکەوەژیانی گەلانن کە دەبنە هۆکاری دروستبوونی نەتەوە، تەنانەت ئەگەر خاوەنی زمان و نەژاد و ئەتنیسیتە و کەلتووری جیاواز لە یەکتریش بن.

کەواتە، با لە مێژوو دا کۆمەڵە خەڵکێک وەکوو هۆز و خێڵ و قەوم ژیابن کە ناوەکەیان دەگەڵ ناوی هێندێک «گەل « ی ئێستا یەکسان بێ بەڵام وەکوو باسکرا نەتەوە بە مانا ئەوڕۆییەکەی، دیاردەیەکی مۆدێرنە و هەربۆیەشە دەگەڵ بنەماکانی ژیانیی سیاسی خێڵ و هۆز و دەوڵەتشارەکان و ئیمپراتۆرییەکان، یەکناگرێتەوە و ئەو جۆرە ژیانە تێپەڕ دەکات و دەچێتە ناو سیستەمێکەوە کە دوابەدوای گۆڕانکاری لە شێوازی بەرهەمهێنان و پچڕانی پەیوەندییە کۆنەکانی دەرەبەگایەتیی هاتۆتە ئاراوە.

## ناسیۆنالیزم یان نەتەوەگەرایی:

ئەم دەستەواژەیە بە شێوازی جۆراوجۆر وەرگێڕدراوەتە سەر زمانی کوردی، وەکوو:نەتەوە خوازی،نەتەوەگەری،نەتەوەگەرایی، نەتەوەپەرەستی، نەتەوەتەوەری،نەتەوەباوەڕیو....

ناسیۆنالیزم یان نەتەوەخوازیی،بیرۆکە و ئایدۆلۆژیای ئەو کۆمەڵەخەڵکەیە کە باوەڕیان بە دروستکردنی کیانێکی دیاریکراو هەیە، جا ئەگەر ئەو کیانە بوونی نەبێ خەبات دەکەن تا دروستی بکەن و ئەگەریش بوونی هەبێ هەوڵدەدەن بیپارێزن، ئەو ستاتۆیە دەتوانێ سەربەخۆ یان خۆبەڕێوەبەر یان تەنانەت تێکەڵاوێک بێت لە هەردووکیان.

ئامانجی دوارۆژی ناسیۆنالیزم دروستکردن و پاراستنی دەوڵەتە بۆ نەتەوەیەکی دیاریکراو لە سەر خاکێکی دیاریکراو کە بەم جۆرە لە دەوڵەتە دەگوترێ دەوڵەتی نەتەوەیی.

ناسیۆنالیزم، دەتوانێ لە یەک کاتدا دوو تایبەتمەندی و کارکردی جیاواز و دژ بە یەکی هەبێ

هەندێک لە تایبەتمەندییە ئەرێنییەکانی بریتین لە:

•تاکەکانی نەتەوە بە یەک چاو سەیردەکات و پێگەی کۆمەڵایەتی و سیاسیی و چینایەتیی ناکاتە پێوەری هاونەتەوەیی بوون یان نەبوون و ئەوەش دەتوانێ یارمەتیدەری دامەزراندنی جۆرێک لە دیموکراسی بێ.

•نیشتمان (خاک) پیرۆزییەکی لەرادەبەدەری هەیە و ئەوەش دەبێتە پاڵپشتێک بۆ گەشەسەندنی ئابووری و کۆمەڵایەتیی لە ناوچەکانی ژێر دەستەڵاتی دا..

•ئایین و ئایینزا و جیاوازی ئایینی ناکاتە هۆی لێکترازانی نەتەوە و بەمەش یەکیەتیی نەتەوەیی ساز دەکات.

•بەرژەوەندی نەتەوەیی لە سەرووی هەموو بەرژەوەندیی و قازنجێک دەبینێ و لە سەر ئەو بنەمایە دەوڵەت بەڕێوەدبات و سیاسەت دەکات.

تایبەتمەندییە نەرێنییەکانیشی دەتوانێ هەندێک لەمانەی خوارەوە بن:

*دژی هەرجۆرە جوڵە و بزووتنەوەیەکی ناو کۆمەڵگایە کە ببێتە هۆی لاوازکردن یان رووخانی بنەماکانی نەتەوە...

* هەندێک ڕەمز وەکوو ڕەمزی پیرۆز و نەگۆڕ و هەتاهەتایی دەهێنێتە ناو کایەی سیاسییەوە کە دەگەڵ تێپەڕینی کات ئەو بەهایەی جارانیان نامێنێ و دەگەڵ گۆڕانکارییە کۆمەڵایەتیی و سیاسییەکان ناگونجێن و بە کورتی ناتوانن دیموکراتیک بن و تەعبیر لە بەرژەوەندی و خواست و مەیلی هەموو ئەندامانی نەتەوە بکەن.

* زۆر جاران دەبێتە هۆی نەفرەت و بێزاری دەستە و تاقمە جۆراوجۆرەکانی ناو کۆمەڵگە لە یەکتر و سەرکوتکردنی کەمینە نەتەوەیی و ئایینییەکان و تەنانەت هەڵگیرسانی شەڕی ئایینی و نەتەوەیی.

* ئەگەر زیدەڕەوی تێدا بکرێ دەتوانێ لە ئامانجەکانی خۆی دووربێتەوە و ڕەنگێکی فاشیستی و هێرشبەرانە بەرامبەر نەتەوەکانیتر بەخۆیەوە بگرێ و ببێتە هۆکاری شەڕ وماڵوێرانی نەک تەنیا لە وڵاتەکەی خۆی بەڵکوو هەموو دراوسێکانی و تەنانەت ناوچەکەش و جیهانیش.

## دەوڵەتی نەتەوەیی

بە دەوڵەتێک دەگوترێت کە قەوارەی سیاسیی دەوڵەت دەبەستێتەوە بە قەوارەی فەرهەنگی نەتەوەوە، جا ئەو نەتەوەیە دەتوانێ پێکهاتبێ لە کۆمەڵێک ئایین و ئایینزا و نەژاد و کەلتوور و تەنانەت نەتەوەی جیاوازیش..

بۆ نموونە کاتێک دەگوترێ نەتەوەی ئامریکایی یان فەرانسەیی، لێرەدا مەبەست لە هەموو ئەو نەتەوە و گرووپ و دەستە و تەنانەت تاکانەیە کە شارۆمەندی ئەمریکا یان فەڕانسەن و بە پێی یاسا و گرێبەستێکی جێ‌متمانەی هەمووان، خاوەنی ناسنامەی خۆیانن. بە پێچەوانەوە، دەوڵەتی نەتەوەیی تورک یان عەرەب ئەو مانایەی سەرەوە نادات و تیایدا کۆمەڵێک گرووپی ئایینی و نەتەوەیی پەراویزدەخرێن چوونکە ناسیۆنالیزمی تورک یان عەرەب لە سەر بنەمای مافی شارۆمەندی دروستنەبووە بەڵکوو لە سەر بنەمای نکوڵیکردن و پاکتاوکردنی هەموو ئەو نەتەوە و ئایینانە دروستبووە کە غەیرەتورک و غەیرەعەرەبن تەنانەت ئەگەر ئایینیشیان هاوبەش بێ.

دوا وتە: بە کورتی «نەتەوە»، چەمکێکی مێژوویی نییە بەڵکوو مەفهومێکی سیاسییە،ئەوەش بەو مانایە دێت کە خەڵک یان گەل لە مێژوودا ژیاون بەڵام نەتەوەکان بە سیاسەت دروستدەبن. هەربۆیە ساتەوەختی لەدایکبوونی نەتەوە ئەو کاتەیە کە ئەو هزرە بچێتە نێو مێشکی خەڵکەوە و ببێتە هزرێکی گشتیی. بەو پێیە ئەوە نەتەوە نییە کە بزووتنەوە و ڕێکخراوی ناسیۆنالیستی سازدەکات بەڵکوو بەپێچەوانەوە ئەوە هزری ناسیۆنالیستی و باڵە بەڕێوەبەرەکەیەتی کە نەتەوە دروستدەکات.(٥)

سەرچاوەکان:


١ – فرهنگ سیاسی آرش، غلامرضا علی‌بابایی، نشر آشیان، چاپ چهارم، زمستان ١٣٩٥

٢ – ماتریالیسم دیالکتیک و تاریخی، امیر نیک‌آئین، انتشارات توده، چاپ سوم ١٣٥٨

٣– ملت چیست،، سخنرانی ارنس رنان در دانشگاه سوربن در ١١ مارس ١٨٨٢

٤ –ناسیۆنالیزم ( گۆڕانکاریی، تیۆری و ڕەخنە )، ئەکرەمی میهرداد، مەکتەبی بیر و هۆشیاریی ی. ن. ک. چاپی یەکەم، سلێمانی ٢٠٠٦

٥ – وتوویژی سلێمان چیرە دەگەڵ د.عەباس وەلی، گۆڤاری گزینگ، ژمارە ٢ ، سوێد. زستانی ١٣٩٤

دانیشتنێک لەگەڵ هونەرمەند کاک فەرەیدوون
عەبدوڵلاهی لە بانە

# شایی و شینی ڕەنگەکان

ئامادەکردنی: کەریم ڕەحمانی– بانە

پ: کاک فەرەیدوون خۆت بناسێنە؟

و:من فەرەیدوون عەبدوڵلاهی لە ساڵی ١٣٤٩ی هەتاوی لە شاری بانە لە دایک بووم و هەر لەو شارەدا خوێندوومە و لە زانکۆی تەربیەت معەلیمی سنەش خوێندنم تەواو کردووە و بوومەتە فێرکار لە فێرگەکانی بانەدا.

پ:چۆن بوو هۆگری وێنەگەری بووی؟

و:هەر لە منداڵییەوە ئۆگری نەققاشی و نیگارکێشی بووم، هیچ کەسێ مامۆستا و ڕێنوێنم نەبووە، بۆ خۆم ئیلهام لە جوانییەکانی شار و گوند و چیا و چەم و و جێژن و شایی و لێرەوارەکانی و...ناوچەی بانەم وەرگرتووە ئەو تابلۆیانەم لێ ساز کردووە.

پ:مامۆستا هونەرمەندانی تر لە بووم و فڵچە و قەڵەم و ئاوڕەنگ و.. کەڵک وەردەگرن بەڵام ئێوە لە هیچ یەک لەو کەرەسانە کەڵک وەرناگرن ئەی بە چی ئەو تابلۆ نەخشینانە دەنەخشێنی؟

و:کارەکانی من بە تڵتەو پڵتە چایە، ئەو پڵتەچایەی کە فڕێ دەدری و توێکڵە هێلکە و وردکەبەرد و زیخ و ئاردە مشارە

پ:شێوەی سازکردنیان چۆنە؟

و:بە سەرنجدان بە مژار و بابەتی تابلۆکە لە پێشدا لە سەر تەختە سێ لا یان فیبر گەڵاڵە و تەرحەکە دەکێشمەوە.ئەو کارە چەند ڕۆژ یا چەند حەوتوو دەخایەنێ.دووای ئەوەی پلانم دانا لە سروشت بەردی ڕەنگاوڕەنگ دێنەمەوە لە بەر کانیاو و چەمەکاندا جۆرەکانی وردکەبەرد و زیخ دەهێنم و توێکڵە هێلکە و تڵتە چاش دەهێنم و کارەکەی پێ جێبەجێ دەکەم هەتا ئەو جێیەی بتوانم لە ڕەنگ کەڵک وەرناگرم. بۆ وێنە بۆ ڕەنگی ڕەش لە تڵتە چا بۆ ڕەنگی سپی لە توێکڵە هێلکە و..... بە چەسپ پێکەوە دەیلکێنم ئەو تابلۆیانەی لێ پێک دێنم.

پ:مامۆستا هەرچی مێشکی خۆم دەکوشم و بیر دەکەمەوە داب و ڕەسمێکی کوردواری شک نابەم کە ئێوە نەتان کێشابێتەوە دەڵێی موزەی خەڵکناسی کوردستانە.

و:هەموو داب و نەریتێکی کۆنی کوردستانی تێدایە گوێزەبانە و ناوانی منداڵەو بگرە هەتا کایەکانی قەدیم، فێرگەی ساڵان،زەماوەند و ژن هێنان و لە ئاخریشدا ناشتن و گۆڕستان و سەرەخۆشی.

پ:مامۆستا بە ڕوانین لەو کارانەی ئێوە مرۆڤ دەڵێی مەعجوونی زەمانی خواردووە دەگەڕێتە بۆ شایی و زەماوەندی ساڵان و زستانی پڕ بەفری ساڵان و کایەی هەڵووکێن و گۆرەوی بازی و شوانی و بێری سەربان ماڵین و کانی ژنان و حوجرە و فەقێ و گورگ لە مەڕدان و دەسکەنە و دروێنە و هەڕەوەز و کایەکانی دەوری کورسی و تەنانەت جڕ وجانەوەری وڵاتی کوردەواریشتان لە بیر نەچوە ئایا شارەداری یا هەر ئۆرگانێکی دیکە شوێنێکیان پێنەداوی پیشانگای دایمت هەبێ؟





و:نەخێر نوێنگەی هەمیشەییان پێنەداوم ئەوە تابلۆکانم لە عەمباری داناوە.

پ:بە ڕای جەنابتان هونەر چییە؟

و: هونەر یانی گەیشتن بە جوانییەکان، بەئامانجەکان، بە لووتکە بەرزەکانی ژیان. بۆ هونەرمەند هەموو شتێک واتای خۆی هەیە. تەنانەت سریوەی بایێک، جریوەی مەلێک، شمشاڵی شوانێک، دەنگی جووتیارێک، هەمووی ئەمانە هاندەریەتی بەرەو جوانییەکان، بە واتایەکی تر هونەر نواندنی نوور و جوانی خوایە لە ئاوێنەی دڵی هونەرمەندا. هونەرمەند ئاوێنەیەکە بۆ گەلەکەی بۆ نیشاندانی جوانییەکان، دەستکەوتەکان، کەموکووڕیەکان،کە واتە هونەرمەند زمانی گەلەکەیەتی و هەر شتێک لە چوارچێوەی هونەردابێت فەوتانی بە سەردا نایەت و بۆ هەمیشە ئەمێنێتەوە.

پ:مامۆستا نوێنگە و پیشانگات داناوە؟

و:بەڵێ لە بانە و سەقز و سنە و تاران و بووشێهر وسلێمانی پیشانگام داناوە.

دوا پرسیار گۆڤاری بەیانت دیوە؟

و:بەڵێ دیومە گۆڤارێکی جوانە لاپەڕەکانی سیخناخ لە نووسراوەیە وا جوانە بە تەرح و وێنە و تابلۆی هونەرمەندان و کاریکاتۆر و... ڕازێتەوە و هیوادارم سەرکەوتووبن.

# هونەرمەندێکی نەناسراوی نیگارکێش

ئامادەکردنی:کەریم ڕەحمانی– بانە

جەواد خانی ئەمیری ناسراو بە "خانانی بەردەزەرد" کوڕی فەیزوڵلاخانی ئەمیری لە ساڵی١٣١٧ی کۆچی هەتاوی لە گوندی بەردەزەردی فەیزوڵلابەگی بۆکان لە دایک بووە و لە ساڵی ١٣٧١یش کۆچی دووایی کردووە و لە گۆڕستانی شاری بۆکان نێژراوە.

خانانی بەردەزەرد بێجگە لە نیگارکێشی و خۆشنووسی، مرۆڤێکی هێدی و لەسەرە خۆ بووە و. خاوەنی لەش ولارێکی بە هێز بوو. لە ڕێی کشت و کێڵەوە دەژیا. لە سەرتای شۆڕشی ١٣٥٧دا کە خەڵک زەوی ئاغایان داگیر کرد، خانان هێندە خۆشەویست بوو، بەشە زەوی وی داگیر نەکرا. شوان و گاوان زیانییان دەکرد لە جیاتی ئەوەی توورە بێ و لە گەڵیان بەشەڕ بێ، پێدەکەنی، خانانی بەردەزەرد هێندە بە سەبر و لەسەرە خۆ بوو کەسێ نەیدی بە تەڕاکتۆرەکەی لە دەندە دوو زیاتر بڕوا، کردەوەی جەوادخان ببووە پەند، کەسێ کە بەسەبر شۆفیری دەکرد و ماشێنی دەئاژووت دەیانگوت:"وەکوو خانان دەڕوا"

لەو هونەرمەندە هەتا ئێستێ سێ تابلۆ وەدەست ئێمە کەوتووە کە لە باری هونەرییەوە بێ وێنەیە. ڕێبازی تابلۆکانی ڕیالیسمە.

تابلۆی یەکەم: شاییەکی ڕەشبەڵەکە، پیاوان بە پێچ و کڵاوی موکریانییەوە و ژنانیش بە کڵاوی و گێلگێلەی کوردییەوە هەڵدەپەڕن و شاییگێڕیش بە دەهۆڵ و زوڕنا داوەتەکە دەگێڕێ. هونەرمەند ناخی مرۆڤەکانی نیشان داوە، سەرچۆپی و نیزیکانی سەرچۆپی پۆشتە و پەرداخترن لە چاو گاوانی و نزیکانی گاوانی. پیرێژنان و منداڵان سەیرکەرن. تابلۆکە وەرزی پایز نیشان دەدا، گیشە گیا بە سەربانانەوە دیارە، ساڵانی بەرێ دووای کاری مووچە و مەزرا و بە زۆری لە پایزدا زەماوەند دەکرا. شاخەکانیش زەردڕەنگن.



تابلۆی دووهەم: بەشێ لە گوندی بەردەزەردە لە ڕووکاری ماڵی هونەرمەندەوە، ڕێگای بەردەزەرد



بەرەو بۆکان و پەرژین و تەیمانەکانی قەراغ ڕێگا و تەڕاکتۆرەکەی خۆی بە تەواوی دیارە. وردەکاری هونەریانە وەکوو بیچمی دیوارەکان، دەرکەکان، دەلاقەکان و گوێسوانە و دار و جۆگە و شاجۆگە وکاری وەرزێری خۆی دەنوێنێ.



تابلۆی سێهەم: سوارگەلێکن لە چۆمی دەپەڕنەوە، هونەرمەندان مستەفا شێرزاد و فەیزوڵلا ناهیدیش تابلۆی لە گوین ئەو تابلۆیەی جواد خانیان هەیە.

لە هەر سێ تابلۆدا، هونەرمەند شارەزای پرسپێکتیو و کاری سێ ڕەهەندی بووە. لە ڕەنگ و ڕەوغەن کەڵکی وەرگرتووە. لەتابلۆکاندا شوێنی دوور کەمڕەنگە هەتا دێتە پێشێ پڕ ڕەنگتر دەبێ. کارەکانی لە کاری کەماڵولمولکیش دەچن.

خانانی بەردەزەرد خەتییشی زۆر خۆش بووە. پیرەپیاوان باس لە تابلۆیەکی خەتی هونەرمەند دەکەن کەلەسەر دەرکی قەڵای فەیزوڵلاخانی بابی هونەرمەند نووسرابوو، کە بە داخەوە لەسەرەتای شۆڕشی ٥٧دا تێکدرا.

جەوادخانی ئەمیری لای هیچ مامۆستایەک وانەی نیگارکێشی و خەتاتی نەخوێندبوو، ئیلهامی لە ئاقاری خۆی وەردەگرت.

هەر لێرەڕا داوا لەو کەسانە دەکەم کە ئاسەواری خانانی بەردەزەردیان لە کنە لەڕێگەی گۆڤاری "بەیان"وە بۆمانی بنێرن با لە کتێبی "مشاهیر فیض اللەبیگی" دا بڵاوی کەینەوە.

سپاسی کاک سمایلی مەحموود تەبار دەکەم کە ئەو سێ تابلۆیەی بۆ ناردم



هەواڵنامەی کتێب



کەیهان عەزیزی – پاوە

# ماناخوازی یان مانابێزی

ئاماژە:

بابەتێک خوازیارم لێرە لەسەری بدوێم باسی مانا و ماناخوازییە. برێک لەم وتانەم پێشتر لە چەند بابەت و دانیشتن، بە تایبەت لە دانیشتنەکانی قەڵەمی هاوچەرخی کورد لە پاوە بەرباس هێناون. هەندێ لە دۆستان لە بێ‌مانایی و لە نەبوونی مانا و لە فام نەکردنی مانا لە دەقە شێعریەکاندا گلەیی دەکەن. برێکی‌تر جاروبار لەسەر بێ‌مانایی جەخت دەکەنەوە و بە شانازییەوە ژیستی دژە مانا دەگرن. ئەم وتەگەلە لە چەند لایەنەوە شیاوی مشتومڕن. بە باوەڕی من لە ڕەخنەی سەردەمدا و بەتایبەت لە کۆمەڵگای کوردستاندا، ئەم باسانە و ئەم ئاراستانە گەلێک گرنگ بەئەژمار دێن. لەبەر ئەوەی هەر ڕوانگەیەک کە بۆ "مانا" هەڵدەبژێرین، چ ماناخواز بین چ ڕوانگەیەکی‌ترمان بۆ مانا هەبێ، دواجار کاریگەرییەکی هەراو لەسەر ئاراستەی باسەکان دادەنێت. باوەڕ بە ماناخوازی و باوەڕ بە دژایەتیکردن لەگەڵ مانا، دەتوانێ لە هەمان دەستپێک ئاسۆی باسەکان و ئامانجی قسەکان دیاری بکات، هەر کەسیش لە ئەنجامدا دەتوانێ بە فاکتەوە لە ئاراستەی خۆی لایەنگری بکات.

دیارە ماناخوازی هۆکاری جۆراوجۆری هەیە. لێرە، لەم کورتە نووسینەدا، یەکێک لە هۆکارەکانی ماناخوازی لە کۆمەڵگای خۆمان باس دەکەین و هەوڵدەدەین لە ڕوانگەیەکی جیاکارەوە زۆر بە کورتی نەختێ لەسەر ڕەچەڵەکناسی مانا ئاوڕ بدەینەوە. دواتریش هەر ئەم باسە زیاتر بەباسی شێعرەوە گرێ دەدەینەوە. هەرچەند ئەم باسە و ئەم گەڵاڵەکردنەی خوارەوە تەنیا تایبەت بە کۆمەڵگای کوردی نییە و دەتوانێ دواجار هەموو کۆمەڵگا ڕۆژهەڵاتییەکان بگرێتەوە.

ئەوەی کە ئەدەبی ئێمە زیاتر ماناخوازە شتێکی حەشا هەڵنەگرە، دیارە منیش نامەوێ ئەوە بە خاڵێکی نەرێنی لە قەڵەم بدەم و هیچ شتێ لەبەر چاو نەگرم وبە هەڕەمە ڕەدی بکەمەوە. بەگشتی مانا و ماناخوازی بە لای منەوە کوسپ نییە، بەڵکو چۆن باسکردن بەلای منەوە پرسە. چۆن ڕوانین بۆ من مژارە. دەکرێ پرسیار بکەین، هۆکار یان هۆکارگەلی ئەم دیاردەیە لە ئەدەبی ئێمەدا بۆچی دەگەڕێتەوە؟! پێم وایە بۆ ئەوەی بتوانین بە چڕوپڕی ئەم پرسە شەنوکەو بکەین دەبێ لە سووچی چەشناوچەشنەوە بۆی بڕوانین. هەروەها بۆ ئەوەی باسەکەمان گردوکۆ بکەینەوە و زۆریش پرش و بڵاو نەبێتەوە، لێرە تەنیا ئاور لە سووچە فەلسەفییەکەی دەدەینەوە و لەم ڕەهەندەوە و هەروەها لە ڕەهەندی ڕەخنەی ئەدەبییەوە باسەکە درێژە دەدەین.

فەیلەسووفێک لە دونیای فەلسەفەدا هەیە ساڵانی ساڵە دەسەڵاتدارانە و هەمەلایەنە، دونیای فەلسەفە و بیر و هزری مرۆڤی بە گشتی داگیر کردووە و هەیمەنەی بەسەر مێژووی فەلسەفەوە حاشا هەڵنەگرە. لەوانەیە تا ئێستا هیچ فەلسەفە و فەیلەسووفێک نەیتوانی بێت بەبێ فەلسەفەکەی ئەو "بفەلسەفێت". فەلسەفەکەی ئەو زۆر بەخەستوخۆڵی لەسەر ڕوانگە و بیر و تەنانەت ئاینی مرۆڤی ڕۆژهەڵاتی ڕەنگی داوەتەوە. ئەو لەسەر عێرفان و لەسەر ئەدەب و لەسەر جوانیناسی و بەگشتی لەسەر دونیابینی ئێمە وەک یەکێک لە نەتەوە ڕۆژهەڵاتییەکان کاریگەری زۆر قووڵی داناوە. زۆرجار بەبێ ئەوەی خۆمان ئاگادار بین لە ژێر کاریگەری باوەڕەکانی ئەم فەیلەسووفە بڕستمان لێبڕاوە. هەڵبەت زۆر ناهەقیشمان نییە، چون نیزامە فەلسەفییەکەی زۆر جوان و شاعێرانەیە. ئەوکات نائۆمید دەبین و هەمووشتێ لەبەر چاوانمان پووچ و هولۆڵ و بێ‌واتا دەبێت، تەنانەت ئەوکات لە ئەگزیستانسی خۆمان بێزار دەبین و هێڵینج دەدەین، نیزامە فەلسەفییەکەی ئەو دەستمان دەگرێت و دڵدەمان دەدات و لە کەوشی خۆیدا هێورمان دەکاتەوە. لەو کاتانە فکری ئەو دەرگایەکی‌ترمان بۆ ئاواڵە دەکات و لە ئامێزی خەیاڵەکانی دەحەسێینەوە و پەشۆکاویمان دەڕەوێتەوە؛ چون،سیستەمە فەلسەفییەکەی‌ئەم فەیلەسووفە بەهۆی مێتۆدی خۆیەوە برێ لە پرسیارە دژوارەکان وەڵام دەداتەوە و لە چوارچێوەی خۆیدا نەختێ ڕازیمان دەکات. واتە لە ڕیئالیستی تاڵەوە بەرەو ئایدیالیستی شیرین پەلکێشمان دەکات. ئەم سیستەمە و ئەم کەسە، کەسێ نییە جگە لە ئەفلاتوون و سیستەمە فەلسەفییەکەی.

ئەفلاتوون، یەکێک لەو فەیلەسووفانەیە خاوەنی سیستمێکی فەلسەفی تایبەت بە خۆیەتی، هەمووشتێ لەو سیستەمەدا مانای خۆی وەردەگرێت. لە سیستمی فەلسەفی ئەو، جیهان و هەبوون، مانای خۆیان هەیە. ئەو لەو باسە بەناوبانگەکەی خۆی واتە "ئایدیاکان" (مثل) لەسەر ئەو باوەڕەیە جیهان سێبەرێکە لە ئایدیاکان، لەم جیهانە هەرچی هەیە ڕاستەقینە نییە و ڕاستەقینەکەی لە جیهانی ئایدیاکانە. مرۆڤ لەڕێی بەرهەستەکانی ئەم جیهانەوە دەتوانێ هەقیقەتەکان وەبیر بێنێتەوە. لە ڕاستیدا سەرتاسەری مێژووی فەلسەفەی ڕۆژاوایی دەکەوێتە ژێر کاریگەری ئەم بۆچوونەوە. بۆیە لە نەریتی فەلسەفەی ڕۆژئاوا، هەمیشە لە نێوان "واقیع" و "ڕواڵەت" جیاوازی دانراوە، واتە دانانی جیاوازی لە نێوان خودی شتەکان و نواندنەوەیان.

ئەفلاتوون بەم چاویلکەوە، واتە لە ژێر کاریگەری ئایدیاکان، چاو لە "هونەر"یش دەکات. چون هونەر بەگشتی لاسایی ئەم جیهانە دەکاتەوە و جیهانیش خۆی

سێبەرێکە لە ئایدیاکان، ئیتر ئەفلاتوون لە بەرانبەردا بایەخێک بۆ کاری هونەرمەند دانانێ. ئەگەر جیهان یەک قۆناغ لە ئایدیاکان دوور دەکەوێتەوە و هەقیقەتەکەی کاڵ دەبێتەوە، ئەوا کاری هونەرمەند لە فەلسەفەی ئەفلاتووندا دوو قۆناغ لە هەقیقەت دوورە، بۆیە ئەم فەیلەسووفە لە هەر چەشنە کارێکی هونەری سووک دەڕوانێ. بەلای ئەوەوە نزمترین پلە "ئەیکازیا" یا هەمان خەیاڵە.

ئەگەر بەم ڕوانگەوە چاو لە زمان بکەین و زمان بە کەرەستەی گواستنەوەی مانا بزانین، کە لە سەردەمی کلاسیکیشدا وابووە، ئەوا دەکرێ بە یارمەتی سیستەمە فەلسەفییەکەی ئەفلاتوون مانا یا ئەندێشە بە هەقیقەت بزانین و زمان بە دیاردەیەکی زنجیرە پلەیی "مانا"، "وتار" و "نڤیسار" دابەش بکەین. دیارە لەو خشتەیەدا و لە فەلسەفەی خودی ئەفلاتوون، وتار (گفتار) زیاتر لە نڤیسار (نوشتار)، لە مانا (هەقیقەت) نیزیکترە. لەبەر ئەوەی یەکەم دەرکەوتەی مانا یان ئەندێشە وتارە. بەمبۆنەوە لە کولتووری ئێمە لەژێر کاریگەری ئەفلاتوون هەمیشە وتار لە نڤیسار بەبایەختر بووە؛ چون وا گریمانە کراوە لە وتاردا مانا ئامادەیە، یا دەستیکەم مانا لە وتاردا نیزیکترە، دریدا ئەمە بە "میتافیزیکی ئامادەیی" ناوزەد دەکات؛ واتە ئامادەبوونێک بەردەوام دەکەوێتە دواوە. یانی دواجار لەوێش مانا ئامادە نییە، بە وتەی ڕۆسۆ نڤیسار دەوری تەواوکەری بۆ وتار هەیە. بۆیە لە وینگای «دریدا» ئەم ڕەوتە زنجیرە تەواوکەرییە، بەبێ دمایی بەرەدەوام درێژەی دەبێت و کۆتایی بۆ نییە.

لە کولتووری ئێمە وتاربێژ هەمیشە لە نڤیسەر زیاتر سەرنجی خەڵکانی ڕاکێشاوە. ڕەنگە هەر بەمبۆنەوە بووبێت لە کۆمەڵگای کوردەواریدا ئەوانەی بە قسەخۆش و زمان شیرین ناسراون، زۆر جێگای ڕێز و حورمەت بوون. تەنانەت پەراوە ئاینییەکانیش بەشێوەی وتار، نەکتێب و نڤیسار، بۆ پێغەمبەرەکان هاتوونەتە خوارەوە. لە کولتووری ئەدەبیی ئێمەیش، شاعیران وەک پێغەمبەری ماناکان چاویان لێکراوە. بۆیە من پێم وایە جەخت لەسەر مانا لە ڕاستیدا جەختکردنە لەسەر وتارتەوەریی، کە باوڕ وایە مانا لە وتاردا ئامادە کریاگە. "دریداش باوەڕ بە ئامادەبوونی مانا بە "وتەتەوەری (logocentrim)" ناوی لێ دەبات." بەردەنگی شێعری کوردیش جاروبار بە شێوەیەکی کلیشەیی و سواو ئەوەندە لەسەر مانا پێ دادەگرێت ئیتر بەرەو لای مەیلی وتارتەوەری، وازی خۆی نیشان دەدات. دیارە ئەمەش چ خەسارێک بەرەو ڕووی شێعر دەکاتەوە و شێعر بەرەو چی و چی نابات.

فیزی ناوێ، من بۆ خۆم سەرەڕای ئەوە لایەنگری بێمانایی و شپرزی و ئاڵۆزی و لێڵکردنی شێعر نیم و ناشتوانم دژە مانا بم؛ بەڵام، ڕاشکاوانە دژی دیکتاتۆریەتی ماناخوازی و توتالیتاریەتی گوفتارم. لە کۆمەڵگای ئێمە ساڵەهای ساڵە، "مانا" هەقیقەت دانراوە و لادان لە مانا خەیانەت بە ئەژمار هاتوە، ئەم تەرزە بیرە لە مێژووی ئەدەبی ئێمە مانایەکی کلیشەیی و ئاسایی کردوەتە هێڵی سوور و هەمیشە هەڕەشەش لە بەزاندنی دەکات. هەر ئەم ڕوانگەیە فیلدە واتایەکانی شێعری کوردیی زۆر بەرتەسک کردووەتەوە. کەچی شاعیر دەبێ لە زمان، لە شتە باوەکان و لە هەموو هێڵە سوورەکان بوێرانە خەیانەت بکات. جەختکردن لەسەر مانا، واتە لە نێوان دوالیزمی وتار و نڤیساردا، دواجار هەڵبژاردنی وتاری لێ دەکەوێتەوە؛ کەچی، ئەوەی ئێمە زیاتر لە مانا پێویستمانە و دریدا باسی لێوە دەکات تێکشکاندنی ئەو دوالیزمەیە. هەروەها باشیشە ئەوە بزانین کە وشە یان باشترە بڵێم "نیشانە"، لە لایەکەوە بە دال و مەدلول یان بە سەر واقیعێکی فۆنیمناسانە و بەسەر واقیعێکی دەرهەستیانە دابەش دەبێت. بۆیە "سوو سوور" بەباشی بریار دەدات زمان هەم سیستیمێکە لە جیاوازیەکان، هەمیش سیستمێکە لە نیشانەکان. ئەمە نیشان دەدات زمان لە کۆمەڵێک یەکەی مانایی سەربەخۆ پێک نەهاتووە. هەمووی ئەم باسانە ئەوە دەردەخەن زمان لە جەوهەری خۆیدا لە جیاوازییەکان و لە مەوداکان درووست بووە. هەرچەند زمان تێدەکۆشێ بەسەر ئەم دۆخە زاڵ ببێت، بەڵام بەردەوام هەوڵەکانی تووشی هەرەس دەبنەوە و سەر ناکەوێت، چوونکە لەبز، پەیوەندییەکی ئەمئەویی لەتەک مانادا نییە. کەوابوو هەتا ئەوکات ئەم ڕەوتە هەیە ئێمە تەنیا دەتوانین لە چۆن پێکهاتنی ماناکان باس بکەین نە لە مانایەک یان لە بێمانایی.

بەردەنگی شێعری کوردی لەژێر کاریگەری فەلسەفەی ئەفلاتوون لە بواری ماناخوازییەوە تووشی هەڵەی کوشندە دەبێت. زۆرجار لەم لاو لەو لاوە دەبیستین خوێنەر یان بەردەنگێک لە بەرانبەر شێعرێک ئەم پرسیارە زۆر هەڵەیە دەکرێت، کە مانای شێعرەکە چییە؟! ئەو دێڕە یانی چی؟ یان دەڵێ ئەو شێعرە مانایەکی نییە و شتێک بە دەستەوە نادات. ئەم جۆرە دەربڕینانە ڕاستەوخۆ پرسیاری ئەفلاتوونین و پەیوەندیان بە باوەڕی وتەتەوەری و هەقیقەتخوازییەوە هەیە. بەڵام شێعر بەرلەوەی گواستنەوەی مانا بێت گواستنەوەی کۆمەڵێک شتی ڕەنگاوڕەنگە، کە مانا ژیرانە تەشەنەی کردووەتە ناو هەموو ئەو شتانەی کە شێعرێک پێکدێنن. مانا لە دەقی شێعریدا هەر سات دیمەنێک دەنوێنێ. جاناتان کالێر دەڵێ: لە لایەکەوە مانای وشەیەکمان هەیە، لە لایەکیترەوە مانا یان بزواندن و ورووژاندنی دەقێکیشمان هەیە، پاشان لە نێوان ئەم دوانە شتێک هەیە دەکرێ ناوی بنێین مانای پەیڤێک، واتە مەبەست و مانای وشەکان لە دۆخێکی تایبەت. کەوابوو پرسیارکردن لەوەی کە مانا چییە هەڵەیە. کالێر لانیکەم سێ ڕەهەند یان سێ ئاست بۆ مانا قایلە: مانای

وشەیەک، مانای پەیڤێک، مانای دەقێک. بۆیە بە باوەڕی نووسەری ئەم دێڕانە شیعر ئێستا زیاتر هەڵگری کەش و هەوایەکی ناوازەیە، کە خوێنەر بەرلەوەی فامی بکات پێویستە ئەتمۆسفێرەکەی لە هەناوی ئەو سێ ئاستەدا بکێشتە دەرەوە؛ واتە دەبێ زمان، وێنە و عاتیفە و تەعبیرەکان و جۆری دەربڕینەکەی لە دەرەوەی هەموو ڕێگا باوەکانەوە بناسێتەوە. بۆیە شیعر واتە ناسین، ناسیاریەکی سەرپاک شیعراوی. تاکو بە ناسینەوەی خۆی هەست بە کەیف و شادی و هەست بە ئەندێشە بکات و بە ناسینەکانی بنازێت. بە هۆی ئەم هەڵسووکەوتانەوە ئێتر لەم ڕەهەندەوە نیاز بە مانای کلیشەیی "وەک ئاو لە لیژایی سەری لێ دەشێوێت" و سەری خۆی هەڵدەگرێت و بەرەو ماوای مردن باربەنی دەکات.

هەر بە بۆنەی ماناخوازی و باوەڕ بە وتەتەوەری بوو، جەنابی ئەفلاتوون شاعێرانی لە کۆمارەکەی و لە کالیپۆلیسەکەی خۆی وەدەرنان. چون باوەڕی وابوو شاعێران هەڵیتوپەڵیت دەڵێن و لە مانا یان لە هەقیقەت دوورن. کەوابوو ئەوانەی شۆڕشگێڕانە عەودالی مانان و بە دووی مانادا وەیلانن، دەبێ وەبیریان بێنینەوە ڕێگاکە بە هەڵە هاتوون و ژانری شیعر وەڵامی ئەو وازە و ئەو ئاواتە ناداتەوە. مانا لە شیعردا ڕەگەزێکی‌تری هەیە، لە ڕێسا و یاسایەکی جیاواز و پێشبینی نەکراو پەیرەوی دەکات. مانا، لە شیعردا ناتوانێ تەنبەڵ و بێعۆرزە دانیشێ و جوڵەیەک نەکات. شیعر لە وتار، بە واتا ئەفلاتوونییەکەی دوور دەکەوێتەوە و دەبێتە نقیسار. لە شیعردا زمان ئێجرا دەکرێت و شتەکان دەبنە نیشانە. نیشانەش کەرەستەیەکە بۆ نیشانەیەکی‌تر. بە وتەی سارتر شیعر بە وشەکان سوود دەگەیەنێ. بۆیە خەسڵەتی زمان، نغرۆکردنی مانایە. لە شیعردا ئەوەی گرنگە نقیسار و چۆنیەتی ئەو نقیسارەیە؛ کەچی، لە ڕوانگەی مانا تەوەریدا تەنیا مانا گرنگە و هەموو شتێ لەو بوارەدا ڕۆڵی کەرەستەیەکی گواستنەوە دەگێڕێ. بۆ ئەم مەبەستە ئەفلاتوون دەڵێ: "بابەتی ئەدەبی چەشنی بوونەوەرێکی زیندووە، پێویستە خاوەنی سەر و دەست و پێ بێت." بۆیە لەم ڕوانگەیەدا باوەڕ وایە بۆ مەبەستی پێکهاتنی مانا دەبێ هەمووشتێ لە جێگای خۆیدا هاتبێت، بەڵام شیعر ڕیسککردنە لە زمان و لە کولتووردا، شیعر خوازیارە هەموو شتێکی ئاسایی و هەموو شتێکی جێکەوتوو هەڵبوەشێنێتەوە، هەتا جارێکی‌تر مانا بە دیاردەکان و مانا بە جیهان ببخشێتەوە. کەچی ماناخوازەکان دەیانەوێت شیعر ئاوێنەی باڵانوێنی مانا چەقبەستوەکان بێت. دەیانەوێ بەڵگە بۆ باوەڕەکان بێنێتەوە و باوەڕەکان پتەوتر بکات. دیارە ئەمەش ناتوانێ ئەرکی ڕاستەقینەی شیعر پێشان بدات.

با ئەم دێڕە شیعرانە پێکەوە تەماشا بکەین:

١- فڕۆکە لە نەبزی ئاسماندا ئاسنی لێ ئەدا "بێهزاد کوردستانی"

ئاپارتمان چۆن ئەگاتە سەر بانی خۆی "ڕەزا عەلیپوور"

جە کاستێ بۆیاخ گۆستێ "ڕەووف مەحموودپوور"

٢-خاک لە باوەشیا دارستان گەورە دەکا "محەمەد ئەحمەدی"

هۆ کناچڵە چەم سیاوڵێ
لای لاییوەت پەی ورازوو
بە حەسرەتو دواوانی... "ڕەووف مەحموود پوور"

ئەم ڕستانە لە ڕاستیدا وەک یەک نین، بۆیە منیش بە دوو دەستە دابەشم کردوون. پێم وایە ئەگەر لە پێودانگی ماناخوازییەوە بخرێنەبەر تیشکی ماناکردنەوە، مانایەکی لوژیکی و هێڵی ناتوانن وەدەستەوە بدەن، تەنانەت لە گرووپی دووهەمیشدا کە وا هەست دەکرێ ماناکە یان پەیامەکە بەنسبەت گرووپی یەکەم ڕوونتر و ئاشکراترە. ڕاستی، چۆن دەکرێ لایەلایە بدورین؟ ئایا ئەوە مانایەکی لۆژیکییە؟ حەسرەتی دواوان، هۆرێزانی ئەو دێڕەکان سەقامگیر دەکات. لەو دێڕانە بەتایبەت لە دەستەی یەکمدا بەرلەوەی خوێنەر بییەوێت مانا بکاتەوە، دەبێ بکۆشێت «وێنا» بکات. دەبێ خەیاڵکردی بجولێنێ و بیر بکاتەوە. لەبەر ئەوەی لێرە مەدلوول پێوارە، تەنانەت جاران دەبێتە تارمایی. دڵنیام هەموومان لەو دۆخە نالۆژیکییە چێژ وەردەگرین. بۆ نموونە وێنەی «حەسرەتی دواوان» لەو شیعرە چێژەکەمان بەرز و بەرزتر دەکاتەوە. لەو دێڕانە کە لێرە تەنیا وەک نموونە ئاماژەیان پێکراوە، بەرلەوەی مانا چێژمان خەڵات بکات، هەر خوێنەرێک سەرەتا بە دووی هەستە زەینی و تاکەکەسیەکانی خۆیدا وەیلان و ئاوارە دەبێت. ئەو ئاوارەبوونە، ئەو سەرسامبوونە، سەرەنجام سەرخۆشمان دەکات و دواتریش ئەزموونی لێ دەکەوێتەوە.

کەچی ماناخوازەکان پاش ئەوەی کە دێڕێک دەخوێننەوە دەیانەوێ دەستوبرد لە وشەدانی زەینیاندا مانایەکی دیاریکراو و چەقبەستوو بدەنە پاڵی دێڕەکە و بۆ بەرانبەرەکەیان بیکەنە وشە و ڕستە، تا هەمتر بیلێنەوە. ئیجا ئەگەر ئەمە نەکرا، ئیدی دۆش دادەمێنن. بۆیە لە ئاست ئەو دێڕە شیعرانەی دەستەی یەکەم، ئەم تەرزە بۆچوونە بە یەکجاری تووشی شکست و نائۆمیدی دەبێت. ئەو چەشنە هەڵویستانەش یانی کوشتن و خاپوورکردنی زۆر شت لە دونیای شیعردا. بەڵام ئەو دێڕە شیعرانە و دەیان دێڕە شیعرتری لەو چەشنە کە دەکرێ ئاماژەیان پێ بکەین، بەردەنگ یان خوێنەرەکەیان لە کەشوهەوایەکی ناوازەدا ئاوێزان دەکەن. بۆیە لەجیاتی ئەوەی هێزی ماناکردنی وشەدانی ببەخشنە خوێنەر، متق لە خوێنەرەکەیان دەبڕن هەتا لە دونیایەکی تەژی لە تێفکرین و تەنیایی، لە کەشوهەوایەکی ناوازە و ناجێگیر مەلەوانانە مەلە بکات. دەڵێن هەمیشە لە نێوان مانا و وشەدا جیاوازی و مەودایەک هەیە، شیعر خوازیارە خوێنەرەکەی لەو مەودایەدا سەرگەردان بکات. یان بە ڕێگایەکی‌تر و بە تەرزێکی جیاواز و تازە ئەو مەدایە ببڕێت. ئەگەر وا نەبێ پێودانگی وشکی ماناخوازی

ناقمان دەگرێ و دەمانتاسێنێ. کەچی وادیارە ئەو مەودایە و ئەو سەرگەردانییە ماناخوازەکان تورە دەکات و ماندوویان دەکات. ئەم ماندووبوونە لەگەڵ دونیای شیعر یەک ناگرێتەوە. ئەو شتەی ئێمە باسی دەکەین دەتوانین ئەوەشی لێ هەڵێنجێنین کە شیعر و بەگشتی هونەر، تەنیا وڵاتێکن مرۆڤ دەتوانێ سەربەستانە لە ناویان هەناسە بکێشێت و هیچ شتێ ملکەچی نەکات. بەڵام وادیارە کۆمەڵگای ئێمە بەداخەوە هێشتاکە ناتوانێ لە دونیای هونەریشدا بەبێ زیندانە زەینییەکانی، بەبێ قابلۆخە باوەکان و شتە دەقگرتووەکان ئازادانە خەریکی ژیان و تەراتێن ببێت.

لەم وتانە مەبەستم ئەوە نییە کە دەبێ لە شیعردا بە لەونێکی دەستکرد مانا بزر بکرێت، یان بە ئەنقەست گۆمی شیعر لێڵ بکرێت تا قوڵتر بنوێنێ، هەر شیعرێکیش ئەگەر زیاتر ئاوەکەی لێڵ کردبێت و مانا نەدا بەدەستەوە ئیدی شیعرترە! نا هەرگیز؛ بەڵکوو مەبەستم ئەوەیە جاروبار مانا لە شیعردا ئەوەندە لە بەردەست و ئاساییە، ئەوەندە لە خۆیدا گومە، ئەوەندە عەیار خۆی دەنوێنێ هەتا ئەوپەڕی سەرسامی سەرسامامان دەکات. من لایەنگری ڕوونبێژیم، بەڵام بە مەنتقی شیعری، بە ئەندێشەی شیعری. وشە، پێویستە دەرگایەکی تر بکاتەوە بۆ تێهزرین. شیعر پێویستە ناسینێک بۆ خوێنەرەکەی مسۆگەر بکات. «ئاپارتمان چۆن ئەگاتە سەربانی خۆی»، مانا ئەوەندە سرک و خز و چەتوونە بۆمان دەستەمۆ نابێت. زوو زوو لەسەر زمانمان هەڵدێت. لەیەک ساتدا دێتە سەر زارمان تا گەرەکمانە دەری بپرین وەک جنۆکە لەناکاو ون دەبێتەوە. لەوانەیە ئەو دۆخە قەڵس و تووڕەمان بکات، کاتێ هێور دەبینەوە مانا هەمتر هاروهاجانە لە سووچێکیتر، قەڵافەتی خۆی عەیارانە دەنوێنێتەوە و بە بزەیەکی شیرین چێژمان پێ دەبەخشێ و هەمتر...

ماناخوازان بە هۆی لۆژیکی وتەتەوەرییەوە بۆیان دژوارە لە مەودای بەینی دال و مەدلوول، وێنەی سۆفییەکی عاشقی سەوداسەر، عاسێ و عاشقانە بسوڕێنەوە و تەنیا لە ئارەزووی وێساڵ لە جڤین چێژ وەربگرن و بۆ هەر دیمەنێک فەلسەفەیەک بنیات بنێن. کەچی ئەوان بە پێچەوانەوە، دێن هەر لەو ڕوانگەی خۆیانەوە باسی بەکەڵکبوون و بەسوودبوونی مانا دەکەن. لە کاتێکدا مانا و ڕاڤەکردن بە گشتی ڕەوتێکی جوانیناسانەیە، ئیدی نازانم جوانی، دەبێ چ پەیوەندییەکی بە سوود و قازانجەوە هەبێت؟ هەروەها ڕەچەڵەکی ئەم باسەش دووبارە دەچێتەوە لای فەلسەفەکەی جەنابی ئەفلاتوون، کە قایل بەوە بوو هەموو شتێ هەقیقەتەکەی دەگەڕێتەوە سەر فۆرمەکان یا ئایدیەکان. ماناخوازەکانی لای خۆمانیش قایل بە هەقیقەتی خۆیانن، هەقیقەتێکی تاقانە و پێناسەکراو، هەموو شتێ لە ڕوانگەی ئەوانەوە پێویستە بچێتەوە سەر ئەو هەقیقەتە نەگۆڕە. بەڵام دەبێ هەموومان ئاگاداری ئەوەبین کاتێک هەوڵدەدەین بۆ هەرشتێک مانا بدۆزینەوە، ئەمە ئەوە دەگەیەنێ مانا هەمان شت یان هەمان هەقیقەت نییە کە چاوەڕوانی دەکەین، ئەگەر هەمان شت بایە ئیتر نیازێکی بە ماناکردن و هەمان شتکردن نەبوو. ئەمە دەتوانێ بنەڕەتی بینای هەقیقەتخوازەکان لەق بکات. چون هەمیشە لە بەینی شتەکان و مانادا مەودایەک و بۆشایەک بەدی دەکرێت، ئێمەیش چ پێمان خۆش بێت چ پێمان ناخۆش بێت هەمیشە لەو مەودایە لەو بەتاڵایەدا هاتووچوو دەکەین. ژیانی مرۆڤیش بەو هاتووچوونەوە گرێ دراوە. گادامێر دەڵێ: 'ئێمە هەموومان لە پەیڤ داین."

بەڵام وا باوە کە گوایە یەک هەقیقەتمان نییە، بەڵکوو هەقیقەت زۆرە، کەوابوو لە دەقێکیشدا ناتوانین عەودالی یەک مانا و یەک ڕاڤە بین؛ بەڵکوو، دەبێ بە دووی ماناکانەوە بین و زیاتر لەیک مانا گەڵاڵە بکەین. تەنانەت ڕەخنەی خوێنەرتەوەر، گومان و مەزندەکان و تێهزرینەکانی لەبەرچاو بگرین. کەوایە ئیتر مانا یان مانایەک بایەخی خۆی دەدۆڕێنێ و گرنگییەکی نامێنێ. لەبەر ئەوەی دواجار لە ڕەخنەی ئەدەبی چۆن پێکهاتنی مانا پرسە. هەر بەمبۆنەوە کالێر باسی دژایەتی دوو پرۆژەی "بوتیقا" و "ڕاڤە"ی کردووە. بوتیقا، مانا بە شتێک دەزانێ دەبێ تەتڵە بکرێت، کە چۆن چۆنی پێکهاتووە. بەڵام ڕاڤە، سەرقاڵی داڵە و تێدەکۆشێ بڵێت ئەم داڵە چ مانایەک دەدات. ڕاڤە، لە بوارەکانی دین و مافەوە سەرچاوەی گرتووە، کەچی سەرمەشقی بوتیقا زماناسییە. کالێر دەڵێ ڕەخنەی ئەدەبی پێویستە لە ڕێگای بوتیقاوە هەڵسوکەوت بکات تا ڕازی کاریگەری ئاسەوارە ئەدەبییەکان بدۆزێتەوە.

من بۆ خۆم نەتەنیا دژە مانا نیم، بگرە لایەنگری ماناشم. بەڵام ئەم باوەڕە جیاوازە؛ چون پێم وایە هەمیشە لە زەینماندا هەقیقەت و مانا بە شێوەیەکی ڕەها بەبێ ئەوەی بە شتێکەوە ببەسترێتەوە تەیارە، بۆیە مرۆڤایەتی هەمیشە خاوەنی جۆرێک مانا و خاوەنی جۆرێک هەقیقەتە. بەڵام ئەگەر لە ڕەهەندی ناسینماندا، هەمان هەقیقەت و هەمان مانای زەینمان، مسداقی کردەوە و کەوتەبەر تیشکی ناسیاریەوە، ئا لێرەدا پرسیارێکی کانتی ئاراستە دەکرێت کە زۆر زۆر گرنگ و چارەنووسسازە. ئەویش ئەوەیە کە ئێمە تا کوێ دەتوانین بناسین و کەوشەنەکانی ناسین و ناسینەوەی ئێمە کامانەن؟ هەر کەس تا کوێ دەتوانێ هێزی مەعریفەی خۆی وەگەڕ بخات؟ ناسینەکانی تاک، تا کوێ بڕ دەکەن و ئێمە تا چ ڕادە دەتوانین متمانەی پێ بکەین؟ لەم پرسیارەی کانت، "کات" و "شوێن" گەلێک گرنگن. ئالێرەدا دونیای ڕێژەخوازی، ئامێزی بەرین و بەخشەندەی خۆی دەکاتەوە و هەموومان جێگامان دەبێتەوە، بەبێ ئەوەی شوێنی ئەویدی تەنگ بکەین.



پەروانە ئەحمەدێن – مەهاباد

# شێوی چۆمی و سیپچێکان

من و خەیاڵ وەها لێکهاڵاوین و تێکهاڵاوین، لێک گۆڕاوین. نازانم نە من خەیاڵم؟ نە خەیاڵ منە؟ خۆ قەت بەرم نادات، جار ئەوەندەم لێ نزیکە دەبین بە یەک و دێتە نێو دڵ و دەروونم، جار هەموو سنوورەکان دەشکێنین.

خەیاڵی من جار لە هەنگوین شیرینتر و لە پەلکی ڕیحانە بۆنخۆشتر و لە باڵی پەروانە ناسکترن، جار دەڵێی ئیلهامی مەلەکووتن، جار ئەوەندە تاڵن هەر دەڵێی کەکرە و ژەقنەمووتن. هەموو دەمێ خەیاڵەکانم دەبنە خەون و خەونەکانم دەبنەوە خەیاڵ. ڕاستیتان پێ بڵێم؟ خەیاڵەکانی من نە قەت بەتاڵن نە بۆ پڵاون. جار وایە لە چرکە ساتێکی پێش ئێستا دا بەندم دەکەن و جار دەمگێڕنەوە دەورانی دارەدارە. ئەو جارەش لە عەسری کارەبا و ئینتێرنێت و تێکنیک و ماشێنی جلشۆری، خەیاڵ دەمباتەوە شەش دەیە پێش بۆ کاتەکانی شێو و شواری بە سواری گاری و سیپچێکان.

پێشتر لەسابلاغێ زۆربەی ماڵەکان لەبەر نەبوونی ئاوی لولەکێشی بۆ خواردنەوەو شورت وشواری کەل و پەلی ماڵییان لەئاوی کەرێزە و کانی و ئاوی چاڵاوی تەکیێ باباخەڵیفەی لای یەرغو و پلووسکی شەقامی سەید نیزام و ئاوی کانی مام قەمبەران وئاوی سەرچاوە حاستی ئێستای پۆستخانە وچاڵاوەکانی ماڵان کەڵکیان وەردەگرت. هێندێک ماڵی دەستڕۆیشتوو بۆ ئاوی خواردنەوە ئاوهێنی پیاو یان ژنیان هەبوو. ئێستا کە باسی ئاوهێن کرا بێ ئەمەگی دەبێ باسی مارفی ئاوهێن و کەرەبۆزەکەی و کوورتانە دڕاوەکەی نەکەم، هەم مارف و هەم کەرە بۆز یەک لە یەک کورتەباڵاتر بوون، جا چیە خوا هەر ئەوەندەی پێ ڕەوا دیبوون. کەرە بۆز هەر گوێی لە دەنگی(ڕڕڕڕ) بایە دەستی دەکرد بە زەڕڕین. منداڵەوەردکە و تەنانەت لاو و بەساڵداچووش بۆ سەیر و شۆخی هەر کە تووشی مارف و کەرە بۆز بان، دەیان کووت(کورتانەکەی دڕڕڕاوە) و کەرەبۆز دەستی بەزەڕڕین دەکرد و مارفی پێ قەڵس دەبوو و وەردەگرا دەم و لەوسی و هەموو جارێ بەستە زمانەی نیوە زەڕڕ دەکرد و نیوانیان تێک دەچوو یادیان بەخێر.

هەڵبەت دەبێ ئەوەش بزانین زۆربەی ئەو ئاوانەی کە ئاماژەم پێکردن خاوێن نەبوون بەڵام چ دەکرا دەگەڵ چاری بێچار؟ ئینجا هەر کەڵک وەرگرتن لەو ئاوانە ببوو بە هۆی بڵاوبوونەوەی زۆر نەخۆشیی و نەقوستانی خەڵک، هەربۆیەش زۆربەی منداڵان تووشی نەخۆشیی کەچەڵی و زیپکە و زام و زگچوون و چاوئێشە... دەبوون. جا نەخۆشییەکانی وەک سیل و سوورێژە و خورێکە سەرباری هەمووان.

ساڵی ١٣٣٨کۆچی هەتاوی ئاوی لوولەکێشی بۆ هێندێک ماڵان جێ بەجێ کرا. بۆ هەر گەڕەک و شەقامەش بۆ ئیستیفادەی گشتی چەند لولەی ئاوێ دامەزرا. یێکێک لەو لولە ئاوانە لەبەردەرکی ماڵی ئێمە لە شەقامی حافز لای مزگەوتی سوور داندرا کە بووبە هۆی قەرەباڵغ بوونی بەردەرکە و شوێنی قسەوباسان بۆ ژنان. بە شوێنی ئاوهەڵدێرەکەیان دەکوت شێرە، چونکە بەوێنەی سەری شێر سازکرابوو لەلای تەنیشتی شێرەکە دەسکێک هەبوو، ئاو بەزاری شێرەکەدا دەهاتە خوارێ.

جاران وەک ئێستا نەبوو کە ماڵەکان هەموجۆرە ئامێری گەرمایی و پاک وخاوێنی کارەبایان هەبێ و ماڵەکانیان وەک ئێستا گەرم و پاک وخاوێن بێ، ئینجا زۆربەی ماڵان پڕ خێزان بوون و کەرەستەی هەرە باشی گەرمایان کورسی و کورە و عەلادینی نەفتی بوو. هەش بوون کوورەی داریان هەبا. هەربۆیەش لەدوای مانگی جۆزەردان ئەوکاتەی کە هەواگەرم دەبێ و ئاو تینی تێدەگەڕێ، زۆربەی ماڵان بۆ شێو وشۆری قورس و گرانی ساڵانە یا وەرزانە دەچوونە سەر چۆم وکانی و ڕووباران. جا کاکەڵێ بارگەوبنەیان تێک دەنا و دەگەڵ کازیوەی بەیانی کەل وپەلی ماڵییان دەخستە سەر داشقەیەک یاڵڵا چۆمی باغی میکائیلی، چۆمی بێرغوی، قۆپی مەولەوی، گۆمی تەنەکەی... بگرە هاتین بۆ شورت وشۆرێ.

لەبنەماڵەکاندا بانگاوازدەدرا کەفلان ڕۆژ دەچینە شیوی چۆمی! خۆ ئەوەش یەکدا بە دوو نەبوو، چەند ڕۆژ پێشتر لە بنەماڵە و گەڕەک بڵاو دەبۆوە کە فلان ڕۆژ دەچینە شیوی چۆمی.

ئەوهەواڵەش بۆ کچ و کوڕانی جحێڵ جێژن ومزگێنێکی شادی هێنەربوو، یا جێژنی ڕاستەقینە بوو! جا کیژ و کوڕ و کاڵ بە دەنگ و بە ئیشارە و بە ڕاسپاردە و بە فێرکردنی خۆشک و براگچکەکان لە نێو ئاواڵان و گەڕەک بڵاویان دەکردەوە کە کەی دەچن و بۆ کوێ دەچن، پێشوەخت یەکتریان ئاگادار دەکرد. بەشکوو دوور لە چاوی بەدکار و زمانی زماندار گۆڕینەوەی یادگارێک، دیدارێک، دەستبازێک، باوشێک،

ئامێزێک، دەستەملانێک، ساردەژوانێک... پێک بێ.

کچۆلان بنی سندووقەکانیان دەگەڕان و جلی ڕەنگاوڕەنگ و ملوانکەی مێخەک و شامێلە و سەرپێچی سوور و زەرد و ئابی و کسک و نارنجییان لەبەر دەکرد و پێدا دەدا و بە خۆوە هەڵدەواسی؛ قامکی دەست و لاقیان بە خەنە فندقچە دەکرد و عەتری گوڵی یان گولاویان بەخۆیان هەڵدەپرژاند وکورەمەکەیان بە بەرۆکی کەواکەیان هەڵدەواسی؛ ئەگەر لە مجری گەورەتران پەیدایان کردبایە تۆسقاڵێک سپیاوی قەلایی و سووراویان لەدەم وچاویان هەڵدەسوو( هەڵبەت بەدزی بنەماڵە) و پاوانەی مووروووی شینیان لەپاوپووزیان دەکرد. هەرکام لەکچان و کورانی بنەماڵە تێدەکۆشان جێگای باش بۆ ماڵی خۆیان پەیدابکەن لەبن دارەکانی باغی میکائیلی کە دارە گوێز و قەیسی و هەڵوچە و سێو بوون یان لە بن کورتە گەزەچارەکان و چنارەکانی قۆپی مەولەوی.....

جا دەست و سەر و چاو و برۆ، هەموو ئەندامی جەستەی کوڕ و کچان دەکەوتنە جووڵە و ئیما و ئیشارە. چاوەکان وەک ئەستێرەی گەلاوێژ دەگەشانەوە، ڕوومەتەکان وەک پۆلوی ئاوری سوور هەڵدەگران و ئاڵ و واڵ دەبوون، دڵ دەکوڵێن و هێزی خۆشەویستی و کێشی هەستی سروشتی شکۆی شەرمی دەشکاند.

گەلێک جاریش هەر کوڕەکان جێی باش و دیاریان بە ماڵی کچە خۆشەویستەکانیان دەبەخشی (هەڵبەت بە نەهێنی). دایەگەورەکانی ماڵێ سەرەڕای ئەوەی کە ئەرکی چێشت لێنانیان دەکەوتە ئەستۆی، بە دوو چاو و قەرزی چوار چاوی دیکە ئاگاداری کچەکانیان دەکرد.

دیارە لەورۆژەدا زۆرتر شۆرباوی خەست و خۆڵی پڕ لەبامێ و باینجان و قۆرە یان کفتە و شۆرباو و دۆلمەی گەلای تێژ بەڕۆنی زەنگی کوردی سازدەکرا، دۆی ترشی پرلەقەزوان و گوڵ و ڕیحانە و سەوزەی بێستانێ سفرەی دەڕازاندەوە.منداڵە چکۆلەکان کوڕ وکچ بە جیا و گا پێکەوە و تێکەڵ لە قەراغ چۆمی خەریکی ماسی گرتن و کۆکردنەوەی گوێ ماسیلکان دەبوون، یان بە خیز و ڕەڵم و قوڕ گۆمیلکە و خانووچکەیان سازدەکردن. خاتونەکان بەری بەیانی هەر کە دەگەیشتنە جێ دەسبەجێ خورێکانیان ئەسپۆن پێوەر دەکرد هەتا چاک بخووسێن؛ ئینجا نوێن وبان و تەواوی فەرش و بەڕە و لاکێشی ماڵێ پێش شوشتینیان دەتەکاندران ؛ ئێمەی میرمنداڵ زۆرمان پێ خۆش بوو لەسەرپەڕی ڕاخەرەکان دانیشین و بە تەکاندنەکەی هەڵبەزینەوە و تەواوی سەرو سەکوت و دەم وچاو و گیانمان ببێت بەتەپ وتۆز و وەک ئیشکەڕنمان لێ بێ و دەست بکەین بە قاقا لێدان و گاڵتەبەیەکتر کردن!

دوای شوشتنی ڕاخەرەکان و نوێن و بان دەگەڕانەوە سەرشوشتنی خورێکان. ئاهەنگی کوتانی شوشتنی خوری زۆر خۆش بوو! چون بەداری وێیدەگەڕان و بەتاق وجووت لێیان دەدا و دەنگی کوتەکەکان هارمۆنیک تێکەڵ بە یەک دەبوون! زۆر جار کچ وکوڕی هاوتەمەنی من بەوئاهەنگە هەڵدەپەڕین، هەڵپەڕینی چی؟ چەقڵە سەمامان دەکرد! لە مەش گەورەتر هەڵپەڕینێکی گەرم وگوڕ بەئاهەنگی داری خوری شوشتن؛ مۆسیقاییێکی ئاسمانی و سروشتی. هێندێک جاریش ئێزن دەدرا بەدەنگ خۆشەکان بەدەنگی بەرز دەنگ هەڵبڕن و سنوور بشکێنن! جا با خەڵک کۆ بێتەوە و کچ وکوڕ دەست بگرن بۆ دیلانێ و هێندێک بە ئاواتی دەست گرتنێک و قەوڵ و قەرارێکی دوا ڕۆژ بگەن.

جائەوجار کاتی نانخواردن دەهات، سەماوەرە ڕەژێکان وەهازەهازدەکەوتن؛ سفرە ڕادەخرا کاسە جیرانەتی دەستی پێدەکرد! هەرماڵەی لەچێشتی خۆی برێکی بۆسفرەکەی بنەماڵەی دیکە دەنارد و هەر بەوشێوەیە چێشتی خۆشیشی بۆدەهاتەوە ؛ دوای ئەو کاسە جیرانەتیانە دەردەکەوت کە دەستاوی کام کابان خۆشترە، لەوخوانانە مەلە ماسیگرە و چوێلەکە و قەلەڕەشە و سەگەبەرەڵلا و پشیلەکانیش بێ بەش نەدەبوون. داشقەچێکان تاملان لەچێشتی خۆش دەگیران! و چەورییان بە لالغاوەدا دەچۆڕاوە و دەنکەبرینجی سەر سمێڵیان بە هەوای سەوزەڵە جۆلانەیان بوو.

لە هەرا و بزمی بکوتە وبشۆیە و سەرقاڵیەدا، جار و بار سووکە ژوانێکی کوڕ وکچان بە نەهێنی هەڵدەکەوت. لەو ڕۆژە و لەو تێکەلاوی و ئەو نانخواردنەدا خودایاربا و شانس سوار، هەڵدەکەوت نازدارێک دڵ بستێنی لە دڵدارێک و ئاواڵ ژیانی دوارۆژی خۆی دەستەبەر کا و تارای بووکێنی بە سەرکا.

وەبەلام ئێوارێ درەنگان کاتێک شێوەکان لەبەرتاوێ ئیشک دەبونەوە هەموو بەخاوێنی کۆدەکرانەوە سواری داشقەی دەکران و بنەماڵەکان ماندوو و شەکەت بە کەل وپەلی خاوێن وبەدەستی پیرەلۆک ودڵی خۆش و بیرەوەرێکی زۆر بەرەوشاروماڵ دەگەڕانەوە، هەزار خۆزگە بەوکاتێ.

لەوبەینەدا تاقمی بن داران و ژێر کەند و کەندال و کەناران واتە سیپچی شاریش بێ بەش نەدەبوون و جێژنەیان بوو! مەسەلە دەڵێن جەننەتی سەگەبەرەڵایان دەباغخانەیە. ڕۆژان و شوێنی شیو و شواریش جێژن و جەننەتی سیپچییانە. ئەوانەی چۆمی لای باغی میکائیلیان دیتبێ و قۆپی مەولەویان پێش لە لێدانی بەنداوی مەهاباد لە بیر مابێ دەزانن کە تەنە و کۆلکەی دارەبی زۆرلە قەراغ ئاوەکە هەبوو؛ دارەبی کە پیر بوو جۆرێکە لای خوارەوەی هلۆڵ دەبێ و ئینسان دەتوانێ خۆی لە بنی حاشاربدات یا لە نێوی دا خۆی داپۆشێ! باشترین جێگا بۆ سیپچێکان ئەو شوێنانە بوو! دیارە ئەوانە هەر کامە شوێنی تایبەتی بۆ خۆی

دیاری کردبوو و پاوانی خۆی بوو. مەگەر دوێدی و بۆدی و کەسێکی هەرەمەکی، دەنا هەر کەس حاشارگەی خۆی هەبوو! زۆرجار لەشاردا قاو دەبوو کە کچی فلان کەسی مەچەکی لاقی فلان پاوانەی تێدابووە! یان کچی فلانە ماڵی دەنگی خۆشە! ئەونەقڵ و باسانە سیپچێکان بڵاویان دەکردەوە، تەنانەت زۆر جار کە ژنان دەچوون سەراوێ لەچاوی‌سیپچێکان ون نەدەبوون.

ئەو سیپچییانە جلەکانیان لە شۆنێک دەشاردەوە و هەر بە تای شۆرتێک دەچوونە سیپەوە و جار جێ گۆڕینێکیان دەکرد و هەتا ئێواریَ خۆیان لەبەر نەدەکردەوە. جارێک چەند کەسێک هەر بۆ سەیر و سەمەرە جلی بەنێوبانگترین سیپچی سابلاغێ هەڵدەگرن و لەگەڵ خۆیان دەیهێننەوە شاری! سیپچی گۆرین ئێوارە درەنگانێک دوای بڵاوەی خەڵکی دەچێ جلی لەبەربکاتەوە دەبینێ جل نەماوە و بە رووتی ماوەتەوە! هەواش دێت تاریک دابێت و سیپچیش وەک حەسەن ترسەنۆک لە تاریکی شەوێ و چۆلی باغ و مێشە دەترسێت، چ بکات؟ چ نەکات ؟ ترسان و هەراسان بەرەو شار لاقە قوونێ قوتار کەن! هەڵدێ کە دەگاتە نێو شاری بەهانکەهانک ئەوجار بەرەو ماڵ توشی هەرکەسێکی دەبێ کە لێی دەپرسن کاکە چ قەوماوە ئەوە بۆ هەڵ دەیێ؟ دەڵێ پێشم بەردەن کێبەرکێی هەڵاتنە و ئەمن نەفەری هەوەڵم و ئەوانی دیکە لە پشتەوەن!تا دیدارێکی دیکە و بیرەوەرێکی تر باوەشێک رێز و ئامێز



**پشکۆ یاسینی– سەقز**

# حەسەن فەیزبەخش «ئارام»

مامۆستا حەسەن فەیزبەخش "ئارام" لە ١٣٢٩ ی هەتاوی لە ماسیەری شێخ، چاوی بە دونیا هەڵێناوە. باوکی ناوی محەممەدعەلی و دایکی فاتمە فەیزبەخشی ناوە. لە تەمەنی یەکساڵیدا بە هۆی نەخۆشیی "خولێرکە" یا ئاوڵە، چاویان لە دەست داوە هەر بۆیە دەڵێن کە نازانم کام ڕەنگ جوانە و شێوەیان هەست پێناکەم، بەڵام بە گوێبیستبوون لە دۆستان و خەڵک، ئەو شتە لە مێشکمدا دەمێنێتەوە و بێ ئاڵۆزی زۆر بە جوانی بۆ شێعرەکانم کەڵکیان لێ وەردەگرم! لە تەمەنی٢٠ ساڵییەوە لە نێو فەقێیاندا بووە و لە خزمەت شێخ عوسماندا پەنجەرەیان بەڕوودا دەکرێتەوە. لە ڕێنوێنییەکانیان کەڵک وەردەگرێ و پاشان بۆ درێژەدان بە خوێندن دەچێتە سولێمانی و لە مزگەوتی حاجی کاک ئەحمەدی شێخ، لە خزمەتی مەلا ئەحمەدد گەرمێنی قورئانی پیرۆز خەتم دەکەن. سەردەمێ زۆر لە گەڵ شاعیری گەل مەلا غەفوور دەباغی هاودەم و هاوڕێ بوون و هەر لە منالییەوە زەوقی شێعریان بووە بەڵام بە هۆی ڕێزێکی زۆر کە بۆ مەلا غەفووری بووە، هەستی شاعیریی خۆی نیشان نەداوە ونووسراوەکانی هەڵنەگرتوون. دوای کۆچی خۆشەویستترین هاوڕێی (مەلا غەفوور) ئەمجار هەست بە کەلێنێ گەورە دەکات و لێدەبڕێن بە شێعرنووسین.مامۆستا ئارام زۆر هۆگری شاعیرانی گەورەی کوردن، بە تایبەت هۆگری مەلا غەفوور دەباغییە و زۆربەی شێعرەکانی لەبەر کردوون.مامۆستا ئارام لە ساڵی٥٣ وە لە شاری سەقز تەدریسی دەرسی قورئان دەکەن. لە ساڵی٧٥ وە لە ئیدارەی بێهزیستی سەرقاڵی فێرکردنی خەتی برِیل و تا ساڵی٨٧ لەو بوارەدا ئوستاد بوون. لە تەمەنی٢١ ساڵیدا لە سلێمانی لای مامۆستا موحەممەد تیماری فێری خەتی برِیل بوون و ساڵی٧٥ لە تاقیکاری ٥ی سەرەتایی بەشدار دەبێت و سەرکەوتن بە دەست دێنێ. دیپلۆمی علوومی ئینسانی هەبووە و پاشان لیسانسی علوومی قورئانیان وەرگرتووە و تا ئێستا ئەم بەرهەمە شێعرانەیان لێ چاپ بووە: ١_ وزەی ڕووناکی٢_ شاری ئەوین٣_ باخچەی ساوا. هەنووکە بەردەوامن بە وانە وتنەوەی قورئان و هۆنینەوەی شێعر...

"شەرتە"



شەرتە تا ماوم لە ژینا مەیلی یاری کەم نەکەم
قەت ئەوین و خۆشەویستی دیلی دەست ماتەم نەکەم
چێژ و رووناکی دەروونە خۆشەویستی بێ گومان
جێی وزە و رازی ئەوینە دڵ بە لانەی خەم نەکەم
ئاگری تاسەی ژوانی یار بلێسەی دەم بە دەم
گڕ ئەسێنێ وەک وەلی چۆن بیر و یادی شەم نەکەم
شەرتە دڵ ئاسوودە نابێ تا لە رووی روخساری یار
بۆ زیارەت ئەو دوو لێوەم ئاوێتەی پەرچەم نەکەم
چۆن گوڵی گوڵزاری کوڵمی یاری جوان و نازەنین
بۆ شیفا و دەرمانی زامی دڵبرین مەرهەم نەکەم
لەم دوو چاوەم وا دوو جۆگەی سوێری ئەسرین جارییە
باخی سۆزی یاری ئاودا، چاوەڕێی بەرهەم نەکەم؟
دڵ ئەوینداره بە سانی قەیس و فەرهاد تاکوو هەم
مەرجە باسی خۆشەویستی بابەتی سەرەدەم نەکەم
ئێستە پەیمان و وەفا و عەهد و بەڵێن باوی نییە
کەی ڕەوایە باسی کێشە و مەینەت و ئەستەم نەکەم
یار ئەگەر مەیلی هەبێ دڵ هۆگری پەیمانە خۆ
عەهد دەکەم ئاسۆی بەڵێنم تووشی هەور و تەم نەکەم
گەر لە بۆ "ئارام" بپشکوێ گوڵونەوشەی سۆزی یار
بۆ ئەوینی خاتووزین چۆن خۆم فیدا وەک مەم نەکەم



قادرعەلیخا – بۆکان

# ئاوڕێک لە سۆز

نووسراوەکانی میخائیل ئەلکساندرۆڤیچ شۆلۆخۆف ١٩٠٥- ١٩٨٤ نوسەری بەناوبانگی ڕووسی و خولقینەری ڕۆمانی مەزنی «دۆنی ئارام» و براوەی خەڵاتی نۆبێلی ١٩٦٥ دوای نزیکەی سەدەیەک ئێستاش هەر شیرین و سەرج ڕاکێشن و خوێنەر تامەزرۆیانە، بین بە خوێندنەوەیانەوە دەنێ و لێیان وەڕەزو تێر نابێ. ئەم نووسەرە بێجگە لە ڕۆمانەکانی خاوەنی، نووسینی ژومارەیەک کورتەچیرۆکە کە پڕن لە تۆوی ژیان و لەو دا باسی کێشەو ئازارەکانی مرۆڤی سەردەم دەکرێ و زۆربەشیان ئێستاش تازەن و چارەسەر نەکراون و مرۆڤی ئەم سەردەمەش هەر لەگەڵ ئەو کێشانە هەر دەست و پەنجە نەرم دەکات و لێی ڕزگاری نەبووە. یەکێک لەم چیرۆکانەی چیرۆکی « جوانوو مایین»ە کە بە زمانێکی ساکار و ڕەوان گێردراوەتەوە و خوێنەر بەلای خۆیەوە ڕادەگرێت.

تێمی ئەم چیرۆکەی شۆلۆخۆف دوای نزیکەی سەدەیەک، ئێستاش هەر بۆن و بەرامەی تازەیی پێوەیەو سەرنجی خوێنەر بەرەو لای خۆی ڕادەکێشێت و چێژی پێدەبەخشێت و لە گەڵ خۆی پەلکێشی دەکات و ناهێڵێت لێی بکشێتەوە و سەفەری خوێندنەوەکەی نیوەچڵ کات.هۆیەکەشی دەگەڕێتەوە بۆ ئەوەی کە هەتا ئێستا مرۆڤ هەر ئاقڵ نەبووە و بۆ بەرژەوەندی خۆیان، دەکووژن و ماڵی یەکتر وێران دەکەن و دەستدرێژی دەکەنە سەر یەکتر و مافی یەکدی بن پێدەنێن و چاڵ بۆ یەک هەڵدەکەنن. ماڵی یەکتری دەدزن و دەسووتێنن و جەرگی یەکتر بە تەندوورەوە دەدەن و باب لە منداڵ و دایک لە کۆرپە هەڵداوێرن و، بە نەزانین و خۆ بەزلزلانی خۆیان ئاوی ژیان بۆگەن و لێڵ دەکەن.

چیرۆکەکە لە دۆخێکی ناحەز و پیس‌دا دەست پێدەکات کە پڕە لە دووکەڵی شراپنێل و گرمە و هاشەی تۆپ و دابارینی بۆنی ناخۆشی باڕووت. کە ئەمە ئاماژەیە بۆ ڕووداوگەلی دزێو و قێزەون لە چیرۆکەکەدا و خوێنەر هەر لە سەرەتاوە هەست بەوە دەکات لەگەڵ گێڕانەوەیەکی پڕ لە ئازار و تراژدیدا ڕووبەڕوو دەبێت.

«ئەوکاتەی ڕۆژ گەیشتبوە نیوە، لە پەنای کۆگایەک پەین و لە نێو هازەهازی پۆلێک مێشەزەردەی زۆروزەوەندا لەدایک بوو. لە پێشدا لمبۆز و دووسمەی دەستی لە زێی دایکییەوە هاتنە دەرێ و وردە وردە بەشەکانی دیکەی لەشیشی ڕەهابوون و پێی نایە ژیانەوە. یەکەم شتێک لە ژیاندا بە ئاسمانی سەر خۆیەوە چاوی پێی کەوت، دووکەڵی شراپنێل بوو. گرمە و هاشەی گوللە تۆپەکە لەشە لیچقن و تەڕەکەی فرێدایە بەینی لاق و دەستی دایکییەوە. ترس، یەکەم هەست بوو لە ژیاندا بەرەو پیرییەوە هات و چاوی پێیکەوت. دەسرێژی چوارپارە و بۆنی ناخۆشی ئەو باڕووتانەی دادەبارینە سەربانی یەختەرمەخانەکە و دانە دانەشیان بن میچەکەیان دەبڕی، دایکی جوانووە بۆرەکەی ترۆفیمیان ناچار کرد لە جێی خۆی هەستێ و قیت ڕاوەستێ. بەڵام لە بەر ئەوەی هێز و توانایی بە سەر پێوە ڕاوەستانی نەبوو، حیلاندی و بە لاتەنیشتە ئارەقاوییەکەیدا کەوتە سەر کۆگا پەینەکە.»

شۆلۆخۆف لەم چیرۆکە دا زۆر وردبینانە و ژیرانە بەگژ شەڕدا چوتەوە و لایەنە نێگەتیڤەکانی باس کردووە. ئەو جوانوویەکی کردۆتە هەوێنی باسەکەی و بەو بیانووەوە لە قرچەی دڵی ترۆفیم و خۆشەویستی فەرماندە بۆ منداڵەکانیان دەدوێ و تامەزرۆییەکانی ئەوان بۆ دیتنی منداڵەکانیان پێنیشان دەدا. ئەوان سەرەڕای ئەوەی دەزانن ئەو جوانووە چەندە کۆسپە لەسەر ڕێگاکەیاندا. بە هیچ شێوەیەک ناتوانن بڕیاری کۆتایی بدەن و لە نێوی بەرن. چونکە بە دیتنی ئەو جوانووە دەکەونەوە بیری منداڵەکانیان و سیلەی ڕوحومیان دەبزوێ و دەستیان شل دەکاتەوە. هەرکاتێک ترۆفیم و فەرماندە جوانووەکە دەبینن لە شەر کەرێکەوە دەگۆردرێن و هەستی باوکایەتیان دەبووژێتەوە و بە جێی کوشتنی دەکەونە پارێزگاری لێکردنی و ئەم خۆشەویستییە کارێک دەکات کە فەرماندە یاسای دەورانی شەر بخاتە ژێر پێیو سەرەڕای پێداگری سەرەتایی لە سەر کوشتنی جوانووەکە، بێ ئەوەی وشەیەک بێنێتە سەر زار لە کوشتنی دەبوورێ و خۆی لێ گێل دەکات.

- ترۆفیم دەزانی چییە؟ کلکێکی زۆر سەرنج ڕاکێشی هەیە. ئەو کاتەی کلکی قیت ڕادەگرێ و

جلیتان لێدەدا هەر لە کلکی ڕێوی دەچێ. نازانم بڵێم چی. بەڵام کلکی زۆر سەرنج ڕاکێشە.

ترۆفیمیش هەر بە هۆی ئەو هەستی باوکایەتییەوە، لە ڕێگای ڕزگارکردنی ئەو جوانووەدا گیانی دادەنێ و خۆی دەکاتە قوربانی. هەر ئەو هەستەشە کارێک دەکات فەرماندە نەتوانێ لە سەر کوشتنەکەی سووربێ و لە بڕیارەکەی پاشگەزبێتەوە و لەو جەنگەدا هەر چاوی لێی بووە کەنەکەوێتە بەر پێی ئەسپەکانی دیکە و خەمی لێخواردووە.

«هەرکە چاوم پێی دەکەوێ دەستم دەلەرزێت. ناتوانم بە جوانی شمشێرەکە بوەشێنم. هۆکارەکەی ئەوەیە ڕەنگ و ڕووی زۆر لە شتی ماڵی دەچێ. بەڵام لە شەڕدا نابێ بیر لە شتی وا بکرێتەوە. ئەو فکر و خەیاڵانە دڵی مرۆڤی دڵڕەقیش، وەک لۆکە نەرم دەکەن. پێم سەیرە لە کاتی هێرشەکەدا نەکەوتە بن دەست و پێ. ئەوەندەی دیتم ئەو هەر لە بەر پێی ئەو ئەسپانەدا دەهات و دەچوو.»

لێرەدا شۆلۆخۆف زۆر وەستایانە باسی هەڵبرانی ئەو دوو بابە لە منداڵەکانیان دەکاو بێ ئەوەی لە ڕستەیەکدا ڕاستەوخۆ لە مەبەستەکە بدوێت بە زمانی تەمسیل کسپە و ژانی دڵ و دەروونیان نیشانی مرۆڤەکانی دیکە دەدا و لە قێزەونی و ناحەزی شەڕ دەوێت. ئەو لێرەدا بێجگە لە کوشتن و لاق و دەست پەڕاندن و ئەسیر گرتن و ئاوردان و وێران کردن، کە لە دیاردە قێزەونەکانی شەڕن، ئاوڕی لە دەروونی شەڕکەرەکان داوەتەوە و نیشانی داوە ئەو شەڕکەرە دڵڕەق و بێ بەزیی و خوێن ڕێژانەش، دڵێکیان لە هەناو دایە و هەر لە سەرەتاوە بکوژ لە دایک نەبوون و ئەوە هەل و مەرجی ژیانە زۆربەی ئەوانەی بەرەو شەڕگەکان پەلکێش کردووە.ئەگینا ئەوان باب و مام و خاڵ و برای مرۆڤەکانی دیکەن و دڵیان بۆ مرۆڤ و کەس و کارەکانیان لێدەدا و لە کوشتن و ماڵوێرانی و دووری و هەڵبران بێزارن و، ئەگەرچی بەجەستەلە گۆڕەپانی شەڕدان، بەڵام بە ڕۆح و گیان لە ئامێزی بنەماڵەکانیاندان و لە شەڕ و خوێن ڕێژی بێزارن و ژیانی ئاسوودەیی و ئارامیان بە لاوە خۆشە و لە شەڕ و ئاژاوە بێزارن. هەر ئەوەشە ترۆفیم نەرمەحیلەی نێو ئاوی جوانووەکەی لێدەبێتە هاوار و نووزەی منداڵ و لە خۆ بێبەرێ دەبێ باوکانە بۆ ڕزگارکردنی دەکەوێتە تەقەڵلادان.«جوانووەکە ئێتر نەیدەحیلاند. دەنگی ئەوەندە لاواز ببوو دەتگوت دەقیژێنێت. قیژەکەی هەر لە هاوارو قیژەقیژی منداڵ دەچوو.»

ئەم گێڕانەوانەی شۆلۆخۆف ئێمە دەبەنەوە بۆ سەردەمێک کە لەودا شەڕ باڵی بەسەر ژیاندا کێشاوە و جوانییەکانی بزر کردووە و ئاسوودەییەکانی شێواندووە و مرۆڤەکانی خستۆتە گێژاوی دڵەڕاوکێ و بێزارییەوە. هەر لەوکاتەشدا وەک وانەیەک بە ئێمەی دەڵێ: ئەدەب دەبێ نوێنەری سەردەمی خۆیبێت و لە ئازار و ژانەکان و خۆشی و شادییەکانی سەردەمی خۆی بدوێت و ئاوێنەیەک بێ بۆ ژیانی ئەو سەردەمە و داهاتوان بتوانن، بە هۆی ئەو نووسراوانەوە بگەڕێنەوە بۆ سەردەمی خوڵقاندنی ئەو کاتە و پێوەندی لە گەڵدا بگرن و هەست بە ژیانی ئەو زەمانە بکەن.

لەگەڵ خوێندنەوەی ئەم چیرۆکەدا خوێنەر بە یارمەتی قەڵەمەکەی شۆلۆخۆف دەچێتەوە لێواری چۆمی دۆن و ڕووداوەکانی ئەوکاتی ئەوسای ڕووسییە « سۆڤییەت» هەست پێدەکات و گوێی لە شڵپ و هۆڕی پەڕینەوەی ئەسپەکانی سوارەکان دەبێ و خوێنی بە نارەوا ڕژاوی ترۆفیم دەکاتە تابلۆیەکی بێزار کەر لە شەڕ. ترۆفیم دوای کارێکی تەواو مرۆڤانە و ئازایانە بە دەروونێکی ئارام و گیانێکی پاقژەوە دەکوژرێت. ئاو شوێنی مردنەکەی بۆ دەشواتەوە و لە سەر خیزڵانییەکی خاوێندا بزەیەکی کاڵ دەنیشتە سەر لێوی و لە باوشی سروشتێکی ئارامدا، بە یادی منداڵەکانیەوە گیانی دەسپێرێت.

«لە لێواری لای ڕاستەوە تەقە لە تفەنگی هیچ کەسێکەوە نەدەهات. ئاسمان،دارستان، خیزەڵانییەکەی لێواری ڕووبارەکە هەموویان جوان و خاوێن بریقەدار و سەر سەوز و خەیاڵاوی بوون. ترۆفیم دوو هەنگاو لەولای جوانووەکەوە لە سەر خیزەڵانییە جێنگڵی دەدا و دەتلایەوە. بزەیەکی کاڵی تاڵ نیشتە سەر ئەو لێوانەی کە ماوەی پێنج ساڵ بوو لە ماچکردنی منداڵەکانی بێبەش کرابوو.»

دیارە سەردەمی ژیانی ئێمە کەم نین ئەو ڕووداوانەی ژیانی مرۆڤەکان دەکەن بە بەردی بازەڵێنی خۆیان و هەر بە کەیفی خۆیان گەمەیان پێدەکەن و بۆ ئامانجی خۆیان دەیانکەنە پەیژە و پێ ئەوەی ئەوان بیانهەوێت، لە شەڕێکیان وەردەدەن کە نە بکوژ قوربانی دەناسێ و نە قوربانی هیچ کاتێک چاوی بە بکوژی خۆی کەوتووەو کەچی زۆر بێ بەزەییانە یەکتری دەسڕنەوە و دوای سڕینەوەی یەکترییش، لە دەروونەوە هەست بە شادی و خۆشی دەکەن.

شۆلۆخۆفەکانی ئێستاش، دەبێ زمانی حاڵی ترۆفیم و فەرماندەکانی ئێستا بن و ئاوێتەی ڕۆحیانکەن و لە چاو و دەروونی ئەوانەوە لە ژیان بڕوانن و باسی کێشەی دەروون و حەزەکانیان بۆ ژیان بکەن. خۆبواردن لە ڕاستییەکانی ژیان بە هەر بیانوویەکەوە بێت، خۆدزینەوەیە لە بەر پرسایەتی ئەدەبی و بە تەنگەوە نەبوونی مرۆڤی سەردەمە.

کامیل شەریف پوور – سەرا– سەقز

# هونەر هۆی کەم بوونەوەی ڕەنجی مرۆڤەکان

بە درێژایی مێژوو مرۆڤ نیازی بە هونەر بووەو، هەوڵی داوە پێداویستییەکانی خۆی لە ڕێگەی هونەرەوە دەستەبەر بکات؛بە تایبەت ئەمرۆکە لە هەموو کاتێ زیاتر مرۆڤ پێداویستی بە هونەر هەیە و بە یەکێک لە پێداویستییە گرینگەکانی دێتە ئەژمار و ئەم بابەتەیش هێندە ڕوونە ئاتاجی بە بەڵگە هێنانەوە نییە.

چونکە مرۆڤ لە هەر ئاستێکی زانستی و فیکری و فەرهەنگیدا بێ،هەست بەم پێداویستییە دەکات و لە ناخەوە حەزی لێیەتی و دڵی بۆی دەکورکێنێ.

هەر لەوکاتەوە مرۆڤ پێی ناوەتە سەر ئەم گۆی زەوییە،بەبێ هونەر نەژیاوە و هەمیشە هونەر ئاوێتەی ژیانی بووەو لە هەموو بوارەکانی ژیانی مرۆڤدا خۆی نواندووە.

لە ڕاستیدا ژیان بەبێ هونەر،نەزۆکە و مرۆڤ ماندوو دەکات و لە هەمان کاتیشدا هەست بە دەستەوەستانی دەکات لە هەمبەر ئاستەنگەکانی ژیانیدا.

ڕۆڵی هونەر لە ژیاندا، بریتییە لە بەرزڕاگرتنی ورەو بەهێزکردنی هیوا و خستنە بەرچاوی ئامانجەکان و ڕاگرتنی خۆشی و هێور کردنەوەی ڕۆح و ئۆخژنی دان،بە ژیانی مرۆڤ.

هونەر،مرۆڤ فێر دەکات ژیانی خۆش بوێ و قەت لێی ماندوو نەبێت و لەبەرچاوی نەبێزرێت، لە هەمان کاتیشدا هەوڵ بدات بۆ لە ناوبردنی کێشەکانی و نەهێشتنی لەمپەر و سڕینەوەی خەم و نەیامەتیەکانی.

هەر لە کۆنەوە هونەر دیاردەیەکە،کاریگەری لە سەر مرۆڤ هەبووە و بەردەوام مرۆڤ کەڵکی لێ وەرگرتووە بۆ گەیاندن و پەرەپێدانی هزر و بیری خۆی و بە ئامانج گەیاندنی ئەو شتانەی باوەڕی پێ بووە.

ئەگەرچی هەموو مرۆڤێ، ناتوانێ ببێتە هونەرمەند و هونەر بخولقێنێ، بەڵام دەتوانێ لە گەڵ هونەردا پەیوەندی هەبێت و لە هەموو بوارە تاکەکەسی و کۆمەڵایەتیەکانیدا، کەڵکی لێ وەربگرێت و بیکاتە هۆی حەسانەوەی ناخی و لە دەلاقەی هونەرەوە،جوانیەکان ببینێ و دەروو و ژووری ژیانی خۆی پێ بڕەنگێنێ و شێوازی ڕوانین و هەڵوێستی لە هەمبەر خۆی و خەڵکی پێ بگۆڕێ و بیکاتە فاکتەری چەسپاندنی هەستی خزمەت و خەباتی بێ وچان،لە پێناو بەرژەوەندی گشتیدا.

بۆ وێنە ئەم شێعرەی مەحوی[کە شێعر یەکێک لە ژانرەکانی هونەرە] چەنێ نرخی خۆشەویستی بەرز دەکاتەوەو و مرۆڤ هەڵدەنێ تا لە سۆنگەی عەشقەوە،هەموو ئەرکە ئینسانی و ئەخلاقیەکان لە هەمبەر کۆمەڵگادا،جێبەجێ بکات:

[دیارم دەیری عەشقە جێ بە سووتن بێت لەوێ دەگرم
کە من مشتێ چڵ و چێوم بە چی بم کڵکی کێ دەگرم
لە سەرخۆ چوونە، شەیدا بوونە،قورپێوانە سووتانە
هەتا مردن مەحببەت ئیشی زۆرە ڕێزی لێ دەگرم
یان( هەتا مردن مەحببەت ئیشی زۆرە ڕیزی لێدەگرم)]

هەروەها شێعری کۆتایی ئەم شێعرە کە بریتییە لە:(شوکور هۆشیارە مەحوی تێدەگا دونیا خەراباتە
کە بەدمەستی بکا ئەهلی خراپەی بۆچی لێدەگرم)

چەنێک خووخدەی لەبەرچاو نەگرتنی هەڵەی خەڵک و چاوپۆشی کردن لە تاوانی مرۆڤەکان و پێشگرتن بە توندوتیژی و سڕینەوەی ئاسەواری ڕقەبەرایەتی،لە ناخی تاکەکاندا زۆر دەکات و لە ڕووی کۆمەڵایەتیشەوە خەڵک هان دەدات بە باوەشی ئاوەڵاوە، وەک بابەتێکی کردەیی بە کاری بێنن.

هونەر خاوەنی پەیوەندییەکی تایبەتە لە گەڵ مرۆڤدا و دەتوانێ ڕێگەی ڕزگاری لە دەس ڕەنج و خەمی بۆ هەموار کات و مەرهەمێ بێ بۆ ساڕێژی برینەکانی و لە بیربردنەوەی ئازارەکانی.

بە پێچەوانەی ئەفلاتوون،کە پێیوایە دەبێت خاوەن دەسەڵات فەیلەسووف بێت،بەڵکوو باش وایە کاربەدەستان هونەرمەند بن،چونکە لە سۆنگەی هونەرەوە، باشتر دەتوانن ئەرکەکانیان جێبەجێ بکەن و دادپەروەری بچەسپێنن،تەنانەت ئەگەر لە نێو بنەماڵە و قوتابخانەدا،منداڵ لە گەڵ هونەر ئاشنا بکرێت و هەستی هونەری پەروەردە ببێت و لە هونەر چێژ وەربگرێ،هەم لە سەر ڕەوشتی کاریگەر دەبێت و هەم باشتر دەتوانێ لە داهاتوودا لە کۆمەڵگایەکی دیمۆکراتیکدا وەک مرۆڤێکی لێهاتوو،بەشدار بێت.

هونەردەرمانی،لە زۆرێ لە کۆمەڵگاکاندا جێگەی خۆی کردۆتەوە و وەکوو ئامێری لەناو بردنی کێشە و مەینەتیەکان، بە کار دەهێنرێ و وەک حەقیقەتێ بۆ چارسەری نەخۆشییە دەروونییەکان و تەنانەت جەستەییەکانیش کەڵکی لێ وەردەگیرێ. مەکتەبی ڕەوانناسی گشتالت،کە بۆچوونێکی گشتگیرانەی هەیە لە بەستێنی ڕەوانناسیدا، ئاورێکی لە ڕەوانناسی هونەر داوەتۆ و بایەخی بۆ داناوە و لە ئاکامدا بابەتی هونەردەرمانی لێکەوتۆتەوە.

کارتێکەری هونەر لە سەر مرۆڤ لە هەموو

بوارەکاندا حاشا هەڵنەگرە و ئاسەواری لە ژیاندا،بە ڕوونی دەبیندرێ.

ئێستا پرسیارێ دێتە ئاراوە کە بریتییە لەم پرسیارە: هونەر چۆن دەتوانێ ڕەنجەکانمان کەم بکاتەوە؟

لە وڵامی ئەم پرسیارەدا بیر و بۆچوونی جیاواز،[خزمەتی هونەر لە پێناوی سڕینەوەی ڕەنج و ئازارەکاندا] ئاراستە کراوە:

١-خزمەتی یەکەم: ئەرەستوو باوەڕی وایە،بینینی بەرهەمی هونەری،زەختی ڕۆحی مرۆڤەکان کەم دەکاتەوە.مرۆڤ کاتێ هۆگری جوانی دەبێت،زەختی ڕۆحی لە سەر شانی سووک دەبێت. ئەرەستوو لە دەستەواژەی پاک بوونەوەی ڕۆح کەڵک وەردەگرێ.

بە زمانی‌یونانی،بەرهەمی هونەری، مرۆڤ کاتارسیس(پاک) دەکاتەوە. کاتارسیس بە واتای پاک بوونەوەی ڕۆحە.

بە ڕای ئەرەستوو، مرۆڤ کاتێ بەرهەمێکی هونەری دەبینێ،ڕۆحی پاک دەبێتەوە و پێدەچێ ئەم بێگەردی ڕۆحە بۆماوەیێکی درێژخایەن لە مرۆڤدا بمێنێتەوە.

ئەرستوو لای وابوو،ئاڵۆزی و خەم بە هۆی بینینی بەرهەمێکی هونەری لە دڵی مرۆڤدا نامێنێ و تەواو دەبێت.

هەڵبەت،ئەم ئەرکەی ئەرەستوو دەیداتە پاڵ هونەر،لە شتانێکی دیکەیشدا دەکرێ بەدی بکرێ.

مرۆڤ دەتوانێ لە ڕێگەی خواردنی دەرمانی هێورکەرەوە،ئەم ئاڵۆزی و خەمانە وەلانێ.

چوون بۆ لای پسپۆڕی ڕەوان دەرمانیش ئەم کاریگەرییەی هەیە و خواردنی مادەی هۆشبەر و ڕەوان گۆڕیش دەتوانێ ببێتە جێگری هونەر.

بەڵام ئەو دەرەنجامە پوزەتیڤەی لە بینینی بەرهەمێکی هونەری دێتە ئارا لە هیچ کامیان بەدی نایە و ئەو ڕێگانەی تر لایەنی نیگەتیڤیان گەلێک بە هێزترە و لە درێژخایەنیشدا، بوونی مرۆڤ ڕووبەڕوو دەکەنەوە لە گەڵ مەترسی گەورەدا.

٢- خزمەتی دووهەم: لە پاش ئەرەستوو،بۆچوونی دیکەش لەم بەستێنەدا ئاراستە کراوە.برێک پێیان وایە،بینینی بەرهەمێکی هونەری،کێشە و ململانێی دەروونی کەم دەکاتەوە.

لە دەروونی مرۆڤدا،هەمیشە لایەنی هزر و ئاوەز لە گەڵ لایەنی هەست و بەزەیی لە ململانێ دان.زۆرێک لە ڕەوان ناسانی هونەر، باوەڕیان وایە،تا کاتێ مرۆڤ وەتا لە ژێر کاریگەری و هێژموونی بەرهەمێکی هونەری،ئەم دژوازییە دەروونییەی مرۆڤ لە نێوان ئاوەز و هەستدا،دەگاتە نزمترین ئاستی خۆی.

چونکە سڕینەوەی ئەم دژوازی و ململانێ دەروونییە،بە پوزەتیڤ دێتە ئەژمار،پەس کەوابوو،نرخی داوەری ڕەوشتیش لەم بارەوە،پوزەتیڤە.

٣- خزمەتی سێهەم:چوونە نێو ناخی بەرهەمی هونەری،شێوەی ڕوانینی مرۆڤ دەگۆڕێ و هێزی وردبینی و تێژبینیشی دەباتە سەرەوە.

کەسانێک لە گەڵ بەرهەمی هونەری سەروکاریان هەیە،وردبین تر و وریاترن و کاتێک دەچنە نێو بوارەکانی تری ژیانەوە،هێزی ناسین و تێگەیشتن و دەستنیشان کردنیان، زیاتر دەبێت.

چوونە نێو ناخی بەرهەمی هونەری،دەبێتە هۆی چوونە سەرەوەی ئاستی بەدی کردن و ناسینی جیاوازیەکان و بە هێزکردن و پەروەردەکردنی وزەی ناسین و لێک هەڵاواردن.

بۆ وێنە،ئەگەر هونەرمەندێک بچێتە نێو دونیای سیاسەتەوە،وزەی تێگەیشتنی بە هێزتر دەبێت.

برێک لە ڕەوان ناسان لە ڕێگەی پشکنینەوە،ئەم بابەتەیان پەسند کردووە.

٤- خزمەتی چوارەم:بەرهەمی هونەری،وزەی خەیاڵی مرۆڤ دەباتە چڵەپۆپە؛یانی کاتێ مرۆڤ لە گەڵ بەرهەمێکی هونەری ڕووبەڕوو دەبێتەوە،لە چوارچێوەی ئێستای خۆی دێتە دەرەوە و دەتوانێ بچێتە نێو حاڵ و هەوای ئەو کەسانەی،وەک ئەم نین و جیاوازییان هەیە.

ئەگەرکەسێک قەت کریکاری نەکردبێ،بە خوێندنەوەی ڕۆمانێک دەتوانێ بچێتە نێو ئەو بازنەی کرێکارەکەی تێدایە.ئەگەر کەسێک،قەت ئەشکەنجە نەدرابێ،بە بینینی فیلمێک،تێدەگا ئەشکەنجە چی بە سەر مرۆڤدا دێنێ؛ پەس کەوابوو بردنە سەرەوەی ئاستی وزەی خەیاڵ،یەکێک لەو خزمەتانەیە، بەرهەمی هونەری بە مرۆڤی دەکات.

٥- خزمەتی پێنجەم: خزمەتی پێنجەم، بەرهەمی خزمەتی چوارەمە،بەم مانایە کە ئاستی هاودڵی و هاودەردی مرۆڤ لە گەڵ یەکدا دەباتە سەرەوە.

چونکە هاودڵی و هاودەردی،تەنیا پەیوەندی ڕاستەوخۆی بە خەیاڵەوە هەیە. مرۆڤ لە ڕێگەی بە هێز کردنی وزەی خەیاڵی خۆی،پلەی هاودەردی و هاودڵی لە گەڵ مرۆڤەکان، دەگەیێنێتە ئاستێکی بەرز.

لە ڕاستیدا مرۆڤ، هەرچەندە وزەی خەیاڵ بە هێزتر کات،بەو ڕادەیە دەبێتە مرۆڤێکی ئەخلاقی،بە پێچەوانەی وزەی تەمژی (تەوەهووم)،هەرچەنێ زیاتر بێت، مرۆڤ‌زیاتر دژی ئەخلاق و حەقیقەت دەجووڵێتەوە.بەشی زۆری ئەوەی کە مرۆڤەکان،ئەخلاقی ناژین،هەڵدەگەڕێتەوە بۆ ئەوەی کە ئەوان ناتوانن هەست بکەن بەو ئازار و ئێشانەی بە خەڵکی دەگەیێنن.بۆ وێنە کاتێ بڕیاری چاوپێکەتن لە گەڵ کەسێ،دەبەستین،دەبێت بە وزەی خەیاڵ،بتوانین دەرەنجامی وەعدی درۆ کە پێدەچێ بەرامبەرەکەمان

بگرێتەوە وەکوو سەرما و گەرما و ئازار و ناڕەحەتی،لە دەروونی خۆماندا هەستی پێ بکەین تا لە وەعدی درۆ خۆمان بپارێزین.

٦- خزمەتی شەشەم: هاوڕێیەتی و بینینی بەرهەمی هونەری،دەبێتە هۆی ساخی و سلامەتی ڕەوانی مرۆڤ.لە دوایین لێکۆڵینەوەیەک کە لە ناوەندی نێو نەتەوەیی لێکۆڵینەوەی ڕەوان ناسی لە ئەمریکا کراوە،یانزە فاکتۆر بۆ سلامەتی ڕەوانی،لەبەرچاو گیراوە.یەکێک لەو یانزە فاکتۆرە،بریتییە لە خوو گرتن بە بەرهەمی هونەری،کە لە حەوت فاکتۆر لەو یانزە فاکتۆرە، کاریگەری لە سەر ڕەوانی مرۆڤ بە هێزترە.

٧- خزمەتی حەوتەم: بەرهەمی هونەری،ئارمان خوازی لە مرۆڤدا بە هێز دەکات و بەرهەمی هونەری،هانی مرۆڤ دەدات خۆی بە ڕەنگی بەرهەمی هونەری دەربێنێ.

مرۆڤ دەتوانێ، ژیانی خۆی بکاتە بەرهەمێکی هونەری؛بەو مانایە مرۆڤ کاتێ لە گەڵ بەرهەمێکی هونەری ڕووبەڕوو دەبێتەوە،هەست بە جۆرێ بەرزەفڕی و بەرزەبیری دەکات و خۆی لەو بەستێنەدا دەبینێتەوە. ئەگەر تاقیکارییە ڕەوان ناسییەکان، بگەن بەو قەناعەتەی کە هۆگری و نزیکی لە بەرهەمی هونەری،لانی کەم یەکێک لەو حەوت دەرەنجامەی لێدەکەوێتەوە،دەکرێ بڵێین هەڵسووڕانی هونەری،جۆرێک ئەرکی ئەخلاقیشە؛ لەبەر ئەوەی دەتوانێ،مەینەتی و ڕەنج و خەمی مرۆڤەکان کەم بکاتەوە.ئەم بابەتە دەکرێ لە ڕوانگەی فەلسەفەی ئەخلاقەوەو لە چوارچێوەی ئەخلاقی بایەخییەوە (هنجاری) بەتایبەت دەرەنجام خوازی (غایت گرایی) هەڵسەنگاندنی بۆ بکرێ و بخرێتە بەر تیشکی لێکۆڵینەوە و شرۆڤە کردن، کە ئێستا لە تاقەتی ئەم وتارەدا نییە.

هادی مەحموودی – بۆکان

## خۆشاروەکێنە

کایەی خۆشارووکێنە تایبەتی منالان و مێرمنالانی کوڕ و و کچە لە کاتی شەو یا ڕۆژدا بەڕێوە دەچێ.ئەو خۆشارووکێنەی لێرەدا باسی لێدەکرێ خۆشارووکێنەی تایبەتی کوڕانی مێرمناڵە و لە شەودا بەڕێوە دچێ. ئەوکات کە ڕووناکایی کارەبای تۆماسئەدیسۆن نەگەیشتبوە دێهاتەکان، ئەم کایە خۆشە کە تێکەڵاو لەگەڵ دڵەخورپە، پێکەنین،بوێری و چالاکی بوو، لە شەوانی مانگە شەو یا تاریکیگیاڕەشی بەهار و وەرزی هاوین و مانگی ڕەزبەر بەڕێوە دەچوو. لەم کایەدا کوڕان دەبوونە دوو گرووپی سێ تاحەوت، هەشت،نەفەرە، بۆ دەسپێکی یاری کە کام گرووپ بڕوا خۆی بشارێتەوە و کام گرووپ لە سەر شار (شوێنی دەسپێکی یاری) بمێنێتەوە، لە لایەن مەلاوە(بەڕێوەبەر)ی گرووپەکان، پڕ و پووچ دەکرا، یەکێ لەم دوو گرووپە بەهەڵاتن دەڕۆیشتن و هەرکامەی خۆیان لە کەلێن یا قوژبنێکی تاریک و تەریک کە زۆر بە ئەستەم دەبینرا،حەشار دەدا و متەقیان لە خۆ دەبڕی. مەلای گرووپی دەرەوە هەرای دەکرد:

* خۆشاروکێ خۆت چاک وەشێرە.... *

هەردووک مەلای گرووپەکان لەسەر شار دەمانەوە دوای چەن ساتێک گرووپەکەیدیکە وەخۆدەکەوتن و بە شوێنیاندا دەگەڕان تا بیان دۆزنەوە. دوای گەڕانێکی زۆر لەتاریکایی شەودا کە دۆست و دوژمن نەدەناسراوە و تا قامکت بە چاوی کابرادا نەکردبا نەت دەدی، دەبوو دانە، دانە بیان دۆزنەوە و بۆ ئەوەی ڕانەکەن دەبوو توند بیان گرن و بیانبەنەوە بۆ شار(شاربریتی بوو لە هێندێ خۆڵ یا چەن بەردی بچکۆلە کە کۆگایەکی درووست دەکرد) تا دواین نەفەریان نەدیتباوە و نەیان هێنابانەوە بۆ شار دە بوو هەروا بەشوێنیاندا بگەڕێن و بیان بیننەوە، زۆر جاریش ئەوانەی خۆیان حەشاردابوو دوور لە چاوی ئەندامانومەلای گرووپی ژووری بە کەڵک وەرگرتن لە پلانی مەلاکەیان و بوێری خۆیان زۆر بەنهێنی هەڵیان دەکوتا سەر شار، و شار بە دەستەوە دەگیرا، هەرایان دەکرد؛وەرن،وەرنەوە شار لە دەست خۆماندایە، بەم کارە براوەی کایە ئەمان دەبوون؛ بەڵام ئەگەر نەیان توانیبا شار بگرنەوە و هەموویان ببینرابانەوە و بیان بردنایەتەوە بۆ شار ئەوا دەبوونە دۆڕای کایە یا مەیدان.

یاری بەم شێوە بەردەوام دەبوو تا شەو دەزرینگاوە وهەموویانماندوو دەبوون، لە سەر شار کۆدەبوونەوە، یەکتریان بە خودا دەسپارد و دەچوونەوە بۆ ماڵێ و خۆیان وەبن لێفە دەدا، خەوەکەیان هێندە شیرین بوو تا بەیانی لە سەر یەک لاتەنیشت دەخەوتن و جووڵەیان لێوە نەدەهات. ئەم جۆرە یارییانە دەبوە هۆی ئەوە لە کاتیشەودا لە ناو ئاوایی بڵاو ببنەوە و لە شوێنی تاریک و بێشک خۆ حەشار دەن کە پێویستی بە بوێری و چالاکیەکی تەواو هەبوو. هەر بۆیە کوڕانی لادێ چاونەترس، بوێر، چالاک و توانا بار دەهاتن، و لە کاتی تەنگانەی خۆیان، بنەماڵە، هاواڵ، جیران، گەڕەک، ئاوایی و ناوچە، شار و نیشتمانەکەیاندا بەگژ شێرا دەچوون و زۆر لە خۆڕادیو بوون.

من دەڵێم لەوانەیە شاعیری گەورەی فارس،فیردەوسی شێعری «وەرزش»ی هەر بۆ ئەو کورە مێرمنالانەی کورد نووسی بێ کە بوێری خۆیان لە یاریەکاندا نیشان دەدا.

زنیرو بود مرد را راستی / زکژی سستی زاید و کاستی

نووسەر: ئالبێر کامۆ
وەرگێر بۆ فارسی: مستەفا ڕەحیمی
وەرگێڕ بۆکوردی: سلێمان عەبدی– سەقز

# نان و ئازادی

کاتێ هەموو توند وتیژییەکان و دەستدرێژییە جیاوازەکان کە وا لە بەر چاوی ئێمە بوونیان هەیە سەر یەک دەخەین، دەگەینە ئەو سەردەمەی کە لە ئورووپای دامەزرێنەی زیندان و ئێشکگری زیندان بێجگە لە پاسەوانی زیندانەکان هیچ کەس بە ئازادی نەدەژیا. ئەو کاتەی هەر ئەم ئێشکگرانی زیندان یەکدی زیندان دەکەن و کاتێ لەم تاقمە تاکە کەسێ دەمێنێتەوە، ئەو ناو دەنێن سەرۆکی گشت ئێشکگرەکانی زیندان. ئەمە هەر ئەو کۆمەڵگا گشتییەیە کە لەودا کێشەی بەریەککەوتنەکان و دژەبەرایەتییەکان و هەر وەها بابەتی دەسەڵات لە سەدەی بیستەم بە تەواوی یەکلایی دەبێتەوە.

بێگومان ئەم خاڵە دوابینییەکی پەتییە، هەرچەن لە تەواوی دنیادا دەسەڵات و پۆلیسەکان بە((نییەتپاکی)) زۆر تێدەکۆشن بەم ئاکامە پرشنگدارە بگەن، بەڵام ئێمە هێشتا بەم قۆناغە نەگەیشتووین. بۆ وێنە لە ئورووپای ڕۆژئاوا ئامانج، ئازادی بە شێوەی فەرمییە. بەڵام ئەم ئازادییە من وە بیر ئەو بێوەژنانە دەخاتەوە کە لە هەندێ لە بنەماڵە بوورژوایەکاندا بەرچاو دەکەون.

لە خێڵەکەدا ((کچە ئامۆزا)) بێوەژن کەوتووە و مێردەکەی لە دەست داوە. بنەماڵەی بوورژوا ئەو لە لای خۆی وەردەگرێ. ژوورێک لە نهۆمی پێنجەمی پێ دەدرێ. ئیزنی پێ دەدرێ لە ئاشپەزخانە لە سەر سفرەکە دانیشێ. هەندێ جاریش ئەندامانی بنەماڵە پشووی یەکشەمۆیان لە گەڵ خۆیان لە شاردا دەیسووڕێننەوە بۆ ئەوەی بیسەلمێنن کە جوامێری و چاکەکاری نەمردووە و مرۆڤ نەبووەتە سەگ. بە لام لە دیکەی بابەتەکاندا بە شێوەی گشتی و بە تایبەت لە بابەتە گرینگەکاندا لە خاتوونی بێوەژن تکا دەکەن کە لە سووچی ماڵەوە بمێنێتەوە و تەنانەت ئەگەر پاسەوانێکی ئەرکنەناس لە پێچ و پەنایەک ئەتکی خاتوونی کرد پەردەپۆشی دەکەن. بۆ ئەوەی هەر ئەمە لە لایەن کەسانی دی و لەوانە گەورەپیاوی ماڵەکە لە ئاست خاتوون ڕووی داوە. سەرەڕای هەمووی ئەمانە ئەم بابەتە بایەخی کەمتر لەوەیە پیاو خۆی بکاتە بەردەمی بەرپرسانی حکوومی و نیزامی.

بەڵام لە ڕۆژهەڵات دەکرێ بڵێین بابەتەکە بە تەواوی یەکلایی بووەتەوە: لەوێ بابەتی خاوەندارییەتی لە بێوەژنیان یەکجار و بۆ هەمیشە چارەسەر کردووە. ئەو لە یەغدانێک دەخەن و دوو قوفڵی قایمیش لە دەرگای یەغدانەکە دەدەن. هەڵبەت بڕیار وایە کەم تا کورت دوای نیو سەدە و لە کاتێکا کۆمەڵگا ئارمانجییەکە جێگیر بوو، خاتوون لە یەغدانەکە دەربهێنن. ئەودەم بە شانازی ئەو جەژن دەگرن. بەڵام بە ڕای من وێدەچێت ئەو لەو ماوەدا کەڕوو بێنێت و دڵەڕاوکەی ئەوە لە ئارادایە ئەودەم ئیتر ئەو هەمووە خزمەتگوزاریی و پیرۆز ڕاگرتنە کەڵکێکی بۆ وی نەبێت.

کاتێ بیری لێ دەکەینەوە کە ئەم دوو تێگەیشتنە لە ئازادی واتە تێگەیشتنی "یەغدانی" و "چێشتخانەیی" هەر کامەو خۆی بە سەر ئەوی دی دەسەپێنێت و مەجبوورن لە ئاست ئازارەکانی بەرکەوتەی ئەم ماڵگوێزانەوە، بەردەوام هاتوچۆ و جووڵەی خاتوونی بێوەژن بەرتەسک کەنەوە، ئەوسا بە ئاسانی بۆمان دەردەکەوێت لەبەر چی مێژووی ئێمە زۆرتر لەوەی مێژووی ئازادی بێت مێژووی کۆیلەتییە و لەبەر چی ئەو دنیایەی ئێمە تیایدا دەژین ئەو دنیایەیە وا بۆم شرۆڤە کردن، دنیایێ وا هەر دەمەو بەیان لە توێی لاپەڕەی ڕۆژنامەکان دەخزێتە نێو چاوانمانەوە بۆ ئەوەی ڕۆژەکان و حەوتووەکانی ئێمە بکاتە ڕۆژێکی وەک یەک کە لێوانلێو لە سەرهەڵدان و بێزاری پەنگ خواردووە.

باوترین و ساکارترین کارەکان ئەوەیە کە لەم کردە ناماقووڵانەدا تاوانەکە بخەینە ئەستۆی دەسەڵاتەکان یا هێزە نەیارەکانی ئەندێشە. هەڵبەت بە تەواوی ڕاستە کە ئەمان تاوانبارن و تاوانی ئەوان هێندە قووڵ و ڕیشەدارە کە تەنانەت ناکرێ سەرچاوەکەی ئەو پێناسە بکرێ. بەڵام تەنیا هەر ئەمانە تاوانبار نین. بەدەر لەمە ئەگەر ئازادی بە درێژایی مێژوو بێجگە لە دەسەڵات بۆ پارێزگاری کردن لە گەشە و هەڵچوونی خۆی باوانێکی دی نەبووە، سەیر نییە کە لە قۆناغەکانی منداڵیدا بێت یا لە ژێرلەوحی "فریشتەی ئاسمانی"دا نێژرا بێتیش.

کۆمەڵگایەک لە سەر بنەمای تەڵا و چەوساندنەوە دامەزرابێت تا ئەو شوێنەی عەقڵی من بڕ بکات بڕاوبڕ دەربەستی ئەوە نەبووە کە ئازادی و دادپەروەری بە

دەسەڵات بگەیێنێت. دەسەڵاتە پۆلیسییەکان هیچ کات دەربەستی ئەوە نەبوون لە هۆڵی لێ‌پێچینەوەکاندا، زانکۆی حقووق بکەنەوە.

بەم پێیە کاتێ ئەم دەسەڵاتانە زۆرەملی دەکەن و دەچەوسێننەوە کاری خۆیان دەکەن، کەوابوو بێتو کەسێ ئازادی بێ سنوور بخاتە خزمەتی ئەوانەوە، ئەگەر بێ سێ‌ودوو شەرەف لە بەری داماڵدرێ زۆر جێی سەرسوورمان نییە. ئەگەر ئەمڕۆ ئازادی بێ ئابڕوو کراوە یا خود ئازادی لە بەند کراوە، بەو هۆیەوە نییە کە نەیارانی ئازادی خەیانەتیان لێ کردووە، بگرە لە ڕاستی‌دا هۆکار ئەوەیە کە ئازادی پارێزەرانی سروشتی خۆی لە دەست داوە. بەڵێ ئازادی بێ باوان و بێوەژن کەوتووە. دەبێ ئەمەیش وەک درکاندنی ڕاستییەک لە سەری زیاد بکەین کە ئێمە گشتمان ئازادیمان بە بێ خاوەن بەڕەڵڵا کردووە.

دەست‌خستنی ئازادی ئەرکی چەوساوەکانە و پارێزەرە دێرینەکانی ئازادی بەردەوام لە نێوان نەتەوە چەوساوەکانەوە ڕاساون. "شارە ئازادەکان" بوون کە لە ئورووپای دەرەبەگایەتی هەوێنی ئازادییان پاراست. دانیشتووانی گوند و شارەکان بوون کە وا لە ساڵی ١٧٨٩دا بۆ ماوەیەک سەرکەوتن و لە سەدی بیستەمدا بزووتنەوە کرێکارییەکان بوون کە ئاڵای پیرۆزی پاراستنی ئازادی و دادپەروەرییان بەرز کردەوە و هەرگیز دڕدۆنگ نەبوون کە ئەم دووانە دووانەیەکی ناتەبان.

کرێکارانی کردەچاک و ڕووناکبیران بوون کە قەوامیان بە ئازادی دا و ئەویان لە جیهاندا وەها بردە پێش کە ئازادی بە شێوەی ئەسڵێکی بنەڕەتی هزری ئێمە خۆی نواند. ئازادی بۆ ئێمە چەشنی هەوای لێ‌هات کە بۆ ساتێ ناتوانین لێی بێ‌نیاز بین. هەوایێ کە وا هەڵی‌دەمژین بێ ئەوەی پارێزگاری لە بوونی بکەین و ئەودەم کە بێ‌نەسیبمان دەکات هەست بە مەرگ دەکەین.

ئەگەر ئەمڕۆ ئازادی لە وەها پانتاییەکی بەرین لە جیهان لە پاشەکشەدایە، بێگومان بەو هۆیەوەیە کە هیچ کات پارێزەرانی کۆیلەتی بەم ڕادە قیزەون و بەم ڕادە پڕ چەک نەبوون. بەڵام دەکرێ بەم هۆیەشەوە بێت کە پارێزەرانی ڕاستەقینەی ئازادی بە هۆی شەکەتی و هیوابڕاوی یا خود بە هۆی هزری نادروست کە لە بابەت دۆخی خەبات و چۆنیەتی شوێن‌دانەرییان هەیانە، پشتیان لە ئازادی کردووە. بەڵێ، ڕووداوی گەورەی سەدەی بیستەم دوورکەوتنەوە لە بایەخەکانی پێمل بە ئازادی لە لایەن جووڵانەوە شۆڕشگێڕییەکان و پاشەکشەی ڕوو لە زیادبوونی ڕۆژ لە دوای ڕۆژ سۆسیالیزمی ئازادیخواز لە ئاست سۆسیالیزمی"قەیسەری" و سۆسیالیزمی چەکدارییە.

لەم ساتە بەدواوە جیهان هیوابڕاو و چەشنی

هەستی بەتەنیا مانەوە، لای هەرکام لە خەڵکانی ئازاد سەری هەڵداوە.

کاتێ دوای مارکس ئەم واتوویرە کە: "ئازادی توڕڕەهاتی بوورژوازییە" هاتە ئاراوە و هێزی گرت، لەم دێڕەدا تەنیا وشەیەک لە شوێنی خۆیدا نەبوو و ئێمە هێشتا لە ئاڵۆزییەکانی سەدەی خۆمان تاوانی ئەم هەڵە واتە جێ‌گۆڕکێی شوێنی وشەیەک دەدەینەوە. لەبەر ئەوەی تەنیا پێویستە بڵێی: "ئازادی بوورژوازی توڕڕەهاتە."، نە هەر چەشنە ئازادییەک. پێویستە بە ڕوونی بگوترێت کە ئازادی بوورژوازی ئازادی نییە یا خود لە باشترین حاڵەتیدا هێشتا ئازادی نییە. بەڵام ئازادی‌گەلێک بووە و هەیە کە پێویستە دەستەبەری بکەین و هەرگیز لە دەستی نەدەین. ئەم وتە بە گشتی گونجاوە کە دەڵێت بۆ مرۆڤێ کە وا لە دەمەوبەیانەوە تا ئێوارە ئارەق دەڕێژێ و شەو لە گەڵ بنەماڵەکەی لە کەلاوەیەک دەخزێ، دەستەبەری ئازادی مومکین نییە. بەڵام ئەم دۆخە حوکمدانی چینێک وحوکمدانی کۆیلەتی داسەپێندراوی کۆمەڵگایەکە، نە حوکمدانی ئازادی خۆی، کە هەژارترینەکانی ئێمەیش ناتوانێ چاوپۆشی لێ بکات. لەبەر ئەوەی تەنانەت ئەگەر کۆمەڵگا کوتوپڕ گۆڕانی بەسەردا بێت و بە قازانجی گشتی خەڵک ئاراستە بکرێ و ئاسان بکرێتەوە، ئەگەر ئازادی باڵادەست نەبێ ئەو کۆمەڵگایە هێشتا لە دۆخی دڕندایەتیدا دەژێ. هەر بەم هۆکارەی کە کۆمەڵگای بوورژوازی قسە لە ئازادی دەکا و بە کردەوە دەکاری ناکا کۆمەڵگای کرێکاری دەبێ بە شانازی ئەوەی قسە لە ئازادی ناکات، لە دەستەبەر کردنی ئازادی چاپۆشی بکات؟

سەرەڕای هەمووی ئەمانە پێویستە بگوترێ بابەتەکان شێواوە و لە بزووتنەوەی شۆڕشگێڕی‌دا بەرە بەرە ئازادی مەحکووم کراوە، لەبەر ئەوەی کۆمەڵگای بوورژوازی ئازادی کردووەتە کەرەسەی گەوجاندنی خەڵک. لە بێ متمانەیی بەجێ یا خود نابەجێ لە ئاست بەرەڵڵایی ئازادی، بەرەڵڵاییەک کە وا کۆمەڵگای بوورژوازی بە سەر ئازادیدا دایسەپاندبوو، کار گەیشت بە بێ متمانەیی بە خودی ئازادی. بە واتایەکی باشتر ئازادی دواخرا بۆ خولی دنیا ئاخربوون و داوا لە خەڵک کرا کە لەم سەردەمەدا باس لەوە نەکەن. گوتیان بەر لە هەموو شتێک دادپەروەری پێویستە دوایە نۆبە بە ئازادی دەگات. تێدەچێت کۆیلەکانیش خولیای دادپەروەرییان ببێت.ڕووناکبیرانی چالاک بە کرێکاریان گوت کە تەنیا کێشەی نان گرینگە نە ئازادی، وەک بڵێی کرێکار نەیدەزانی کە نانەکەیشی گرێدراوی ئازادییەکەیەتی.

ئەمە ڕاستە کە لە ئاست نادادپەروەریی بەردەوامی کۆمەڵگای بوورژوازی، دنەدانێکی بەهێز بۆ ئەم چەشنە لە زێدەڕۆییەکان بوونی هەبوو. بەدەر لە هەمووی ئەمانە

لەوانەیە تەنانەت تاکەکەسێکیش لە نێو کۆڕی ئەمڕۆی ئێمەدا نەبێ کە بە کردەوە یا خود هزر تەسلیمی وەها بیرکردنەوەیەک بووبێت. بەڵام مێژوو درێژە بە ڕەوتی خۆی دەدا و ئەوەی تا ئێستا بەرچاومان کەوتووە دەبێ بەرەو بیرکردنەوە هانمان بدات.

شۆڕشی دەستکردی کرێکارەکان لە «ئۆکتۆبر»ی ساڵی ١٩١٧ سەرکەوتنی بە دەست هێنا و ئەمە بەڕاستی بەرەبەیانی ئازادی ڕاستەقینە و گەورەترین هیوا بوو کە تا ئەو ساتە جیهان بە خۆیەوە دیتبووی، بەڵام بە هۆی ئەوەی ئەم شۆڕشە لە ناوەوە و دەرەوە گەمارۆ درابوو و هەڕەشەی لێکرا، دەستی دایە چەک و خۆی بە هێزی پۆلیس تەیار کرد. ئەم شۆڕشە میراتگری ئایینێ بوو کە بەداخەوە لە ڕێساکانی خۆیدا لە ئازادی دڕدۆنگ بوو. هەر بەم هۆیە بە بەهێزبوونی پۆلیس، شۆڕش کەوتە هەناسەبڕکێ و گەورەترین هیوای مرۆڤایەتی لە بەهێزترین دیکتاتۆری جیهاندا پیر بوو. ئازادی دڕۆینی کۆمەڵگای بوورژوازی ئەمەی نەتەنیا پێ ناخۆش نەبوو، بە پێچەوانە کەیفیشی پێی هات. ئەوەی لە مەحکەمەکانی مسکۆ و شارەکانی دی لە ئاپۆرەی شۆڕش کوژرا، ئەوەی لەبەر تیربارانی فلانە کرێکاری ڕێگای ئاسن بە هۆی تەوەزەلی لە ڕاپەڕاندنی ئەرک – بۆ وێنە لە مەجارستان– کوژرا، ئازادی بوورژوازی نەبوو، ئەم مرۆڤە کوژراوی ئازادی بەرهەمی شۆڕشی ١٩١٧ بوو.

لە وەها دۆخێکدا ئازادی بوورژوازی دەتوانێ بە کردەوە گەوجێنەرەکانی خۆی درێژە بدا. دادگاییکردنەکان‌وگەندەڵییەکانی کۆمەڵگای شۆڕشگێڕ لە هەمان کاتدا بۆ "ئازادی" بوورژوازی هۆکار و پاساوی نوێی بەرهەم دەهێنێت.

کورتی ببڕینەوە، سیفەتێکی دیاری ئەو جیهانەی کە ئێمە تێیدا دەژین مەنتقێکی بەد ودمە کە نادادپەروەری بەرەیەک لە بەرانبەر کۆیلەتی بەرەیەکی دی دادەنێت و یەکیان بەوەی دی بە هێز دەکات.

کاتێ کە فرانکۆ، هاوڕێی گۆبلز و هیملێر، فرانکۆی سەرکەوتووی ڕاستەقینەی شەڕی جیهانی دووهەم دەهێننە نێو ڕێکخراوەی فەرهەنگی نەتەوە یەکگرتووەکان، لە وەڵامی نارەزایەتی ئەوانەی کە دەڵێن بۆ چی هەموو ڕۆژێ مافی مرۆڤی ئاماژە پێدراو لە مەنشووری نەتەوە یەکگرتووەکان لە زیندانەکانی فرانکۆ دەکرێتە گاڵتەجاڕ، بەم شێوە وەڵام دەدەنەوە کە لەهیستانیش ئەندامی ڕێکخراوی فەرهەنگی نەتەوە یەکگرتووەکانە و لە بابەت ڕچاوی ئازادییە گشتییەکان ئەم بە سەر ئەویا نییە. بە دڵنیاییەوە ئەم جۆرە دەلیل هێنانەوە گەمژانەیە: کە ئەگەر ئێوە لە چارەڕەشیدا کچە گەورەکەتان بە ئاجوودانێکی گوردانی ئافریقا بە مێرد دا، ئەمە هۆکار نابێت کە کچە چکۆلەکەیشتان بە پشکێنەری عەیاشی دەستەکە بە مێرد بدەن.

دڵسووتاوییەک بەسە بۆ خێڵەکە. سەرەڕای ئەمە هەر ئەم بەڵگە گەمژانە هێنانەوە، تەشەنەدراو و بەردەوامە. ڕۆژانە سەلماندنی ئەم بابەتە بە چاوماندا دەدەنەوە. لە وڵامی هاواری دادخوازی کەسێ وا دژ بە کۆیلەتی لە وڵاتە کۆیلەکراوەکان دەنگ هەڵدەبڕێ، ئۆردووگاکانی کاری زۆرەملێی ڕووسیە نیشان دەدەن و بە پێچەوانەوە ئەگەر ئێوە دژ بە کوشتنی مێژوونووسێکی دژ بە دەسەڵاتی پراگ، وەک "کالاندرا" دەنگ هەڵبڕن چیرۆکی دوو یا خود سێ کەسە ڕەش‌پێستەکەی وا لە ئامریکا کوژران لە بەردەمتانا دادەنێن. لەم مەزادە بێزارکەرە تەنیا یەک شت نەگۆڕە: قوربانی، بەردەوام هەر ئەم قوربانییە و بەردەوام بایەخێک ئەتک دەکرێ یا خود ترۆ دەکرێ: ئەویش ئازادییە. هەر لێرەوەیە کە دەبینن لە هەموو شوێنێک بە سووکایەتی کردن بە ئازادی، بە دادپەروەریش سووکایەتی دەکرێت.

کەوابوو ئەم سوورە پووچەڵە دۆزەخییە چۆن ببڕین؟

ڕوونە بەم مەبەستە ناتوانین بگەین مەگەر ئەوەی هەر لە ئێستاوە لە خۆمان و دەوروبەری خۆماندا ئازادی جێگیر بکەین و قەت بەوە ڕازی نەبین کە تەنانەت بە شێوەی کاتیش بووە ئازادی قوربانی بکەین یا خود لە داخوازی دادپەروەری دابڕین. ئەمڕۆ ئێمە هەموو پێویستە ئەم ڕستەیە دەست نیشان بکەین: "چاوپۆشی نەکردن لە هەموو شتێکی پێوەندیدار بە ئازادییەوە بێ ئەوەی لە بابەت دادپەروەرییەوە تەرکی شتێک بکەین".

بە تایبەت نابێ بوونی ئەو چەند دانە ئازادییە دێموکراتیکەی هەمانە وەک وەهمیکی بێ بایخانە بێنینە ئەژمار و نابێ بهێڵین ئەوانمان بە ئاسانی لێ برفێنن. ئەم ئازادییانە میراتی بەجێماو لە سەرکەوتنە گەورەکانی شۆڕشی دوو سەدەی ئەم دواییانەن. کەوا بوو هەر چۆن زۆربەی چەواشەکارانی تەوەزەل بانگەشەی بۆ دەکەن، ئەم ئازادییانە بە واتای حاشا لە ئازادی ڕاستەقینە نییە. وەها ئازادییەکی خەیاڵاوی، کە هەر وەک چۆن مووچەی خانەنشینی لە کۆتایی تەمەندا بەسەریەکەوە پێمان دەبەخشرێ، بوونی نییە، دەبێ ئازادی دانە دانە و بە خۆڕاگری لە ئاست ڕەنج و مەینەتی وەچنگ بخەین. ئەوەی ئێستا هەمانە قۆناغگەلێکن لە ئازادی. هەرچەندە ئەم ئازادییانە بە بێگومان بەس نییە، بەڵام سەرەڕای هەمووی ئەم ڕێبازە جیاوازانە ئازادی خۆی بە چەند قۆناغدا تێ‌دەپەڕێ. ئەگەر ملکەچی ئەوە بین ئەم ئازادییانە بفەوتێن نە ئەوەی هیچ لە ڕێبازی سەرەکیدا بەرەوپێش نەچووین بگرە بە پێچەوانە بەرەو پاش، پاشەکشەمان کردووە و ڕۆژێ دەبێ ئەو ڕێ بڕدراوە دیسانەوە ببڕینەوە. بەڵام ئەو هەوڵە دووپاتکراوە دیسانیش هاوتا لە گەڵ ئارەقە و خوێنی بەشێکی زۆر لە خەڵک دەبێت.

نا، ئەمڕۆ هەڵبژاردنی ئازادی، ناتوانێ هەڵبژاردنێک لە چەشنی کاری "کراوچێنکۆ" بێت، بەوەی لە سەر سفرەی دەسەڵاتی شۆڕەوی بۆ سەر سفرەی دەسەڵاتی بوورژوازی جێگۆڕکێ بکەی. ئەم هەڵبژاردنە بە پێچەوانەوەی هەڵبژاردنی کۆیلەتییەکی دوولایەنەیە. مەحکوومبوونی کۆتاییە، هەڵبژاردنی دیسانەوەی کۆیلەتی بۆ دیترانە.

هەر وەک بانگەشەی بۆ دەکرێ، هەڵبژاردنی ئازدی، هەڵبژاردن بە دژی دادپەروەری نییە. بەپێچەوانەوە، ئەمڕۆ دەبێ ئازادی لە ناو ئەو کەسانەی بەردەوام لە هەموو شوێنێک ئازار دەچێژن و خەبات دەکەن و تەنیا لێرە، هەڵبژێرین. دەبێ ئازادی هاوڕێ لە گەڵ دادپەروەری هەڵبژێرین و ڕاستییەکەی ئەمەیە کە لەمەبەدوا چیدی ناتوانین یەکیان بێ ئەوەی دی هەڵبژێرین. ئەگەر کەسێ نانبڕاوتان کات هەر بەم کارە ئازادی ئێوەشی ستاندووە. ئەگەر کەسێ ئازادی لە ئێوە زەوت کردبێت دڵنیا بن نانەکەشتان لە بەردەم هەڕەشەدایە. لە بەر ئەوەی ئیتر نانی ئێوە گرێدراوی خۆتان و خەباتەکەتان نییە. بگرە گرێدراوی مەیلی ئاغایە. هەر بەو ڕادە ئازادی لە جیهاندا لە پاشەکشەدایە چارەڕەشی پەرە دەگرێ و بەپێچەوانەشەوە. ئەگەر ئەم سەدە ئالۆزە خاڵێکی جێی سەرنجی فێر کردبێتین بەدەر لەمە نییە کە شۆڕشی ئابووری یا لەگەڵ ئازادی هاوتەرییە یا لە بنەڕەتەوە شۆڕش نییە. هەروەک ئەوەی ئازادیش یا هاوڕێ لە گەڵ ئازادی ئابوورییە یا لە بنەڕەتا هیچ نییە.

چەوساوەکان تەنیا بەدوای ئەوەدا نین لە دەست برسییەتی ڕزگاریان بێت بەڵکوو دەیانەوێ لە دەسی ئاغاکانیش ڕزگاریان بێت. ئەمانە بە باشی دەزانن کە بە مانای ڕاستەقینە لە برسییەتی دەرباز نابن مەگەر ئەوەی ئاغاکانی خۆیان و هەمووی ئاغاکانی خۆیان ناچار بە ڕەچاوکردنی ڕێزگرتن لە خۆیان بکەن.

لە کۆتاییدا پێویستە ئەمەش زیاد بکەم کە جیاکردنەوەی ئازادی لە دادپەروەری دەبێتە هۆکاری جیا بوونەوەی بیرکردنەوە لە کار و ئەمەش گەورەترین تاوانی کۆمەڵایەتییە. بەشێکی سەرلێشێواوییەکانی بزووتنەوەی کرێکاری لە ئورووپا لەوەوە سەرچاوە دەگرێ کە ئەم شۆڕشە نیشتمانی ڕاستەقینەی خۆی لە بیر کردووە. نیشتمانێ وا بزووتنەوەی کرێکاری دوای هەر نسکۆیەک دیسانەوە هێزی خۆی لەودا ڕێک دەخستەوە: واتە ئیمان بە ئازادی.

هەر وەها شڵەژاوییەکانی ڕووناکبیرانی ئورووپایی سەرچاوەی لە گەوجاندنێکی دوولایەنەیە: گەوجاندنی بوورژوایانە و گەوجاندنی بە ناو شۆڕشگێڕی. ئەم دووانە، ڕووناکبیرانی لە تەنیا سەرچاوەی ڕەسەنایەتی و خۆشەویستی خۆی، لە کار و ڕەنجی گشتی، دابڕاندبوو و ئەوانی لە تەنیا هاوپەیمانی سروشتی خۆیان، واتە کرێکاران دوور خستووەتەوە.

تا ئەو شوێنەی پێوەندی بە منەوەیە، من بەردەوام بەدەرلە دوو ئلیت، ئلیتێکی دیکەم نەناسیوە. ئلیتی کرێکاری و ئلیتی ڕووناکبیری. ئێستاش دڵنیام کە ئەم دووانە هەردووکیان ئلیتێکی یەکگرتوو پێک دێنن و دڵنیام کە ڕاستی ئەوان و بە تایبەت شوێندانەرییان لە یەکگرتنی ئەواندایە. دڵنیام ئەم دووانە هەر دووکیان ئەگەر لێک دابڕێن، هەر کامە لە سەرەڕۆیی و بەربەرییەتدا دەسوێنەوە. لە کاتێکا بە پێچەوانە لە ئەگەری یەکگرتنندا، یاسای جیهان دادەڕێژن. هەر بەم هۆکارە هەر کردەوەیەک کە ببێتە هۆکاری تەرکی هاوکاری و لێکدابڕانی ئەم دووانە، کردەیەکی دژە مرۆڤایەتی و هیوا گەورەکانی ئەو دەبێت.

بەم پێیە یەکەم هەوڵی هەر ڕێکخراوەیەکی دیکتاتۆری ئەوەیە کە کار و هزر بە یەکەوە سەرسپردە بکات. یا لە ڕاستیدا دەبێ دەمبێن لە دەم ئەم دووانە بدرێت یا ئەوەی هەر چۆن چەوسێنەران بە باشی دەزانن درەنگ یا زوو یەکیان باس لەوی دییان دەکات. بەڕای من هەر بەم پێیە ئەمڕۆ لە بەردەم ڕووناکبیردا دوو ڕێگا بەرەو خیانەت دەڕوات و هەر دوو ڕێگا ڕێگای خیانەتن.

لە بەر ئەوەی هەرچۆنێ بێت ڕووناکبیر شتێکی قەبووڵ کردوە: ئەویش دابڕانی کار لە ئەندێشەیە.

ڕێگای ئەووەڵ تایبەت بە ڕووناکبیرانی بوورژوایە. ئەمان قەبووڵی دەکەن کە قیمەتی ئیمتیازەکانیان کۆیلەتی کرێکارەکانە. ئەم تاقمە بە زۆری خۆیان بە داکۆکاری ئازادی دەزانن بەڵام ئەمانە بەر لە هەر شتێک داکۆکی کاری ئەو ئمتیازەن وا ئازادی بەوان و تەنیا بەوانی دەبەخشێ.

ڕێگای دووهەم تایبەت بەو ڕووناکبیرانەیە کە خۆیان بە چەپ دەزانن و بە هۆی بێ متمانەیی بە ئازادی قایل بون کە ئەندێشە و ئازادی پێویستی ئەندێشە بە هۆکاری هەڵەی خزمەت بە دادپەروەری داهاتوو دەبێ "ڕێنوێنی" و ئیدارە بکرێ. هەر چۆنێ بێ ئەم دوو دەستە چ بە کەڵک وەرگرتن لە نادادپەروەری چ بە ناسپاسی لە ئاست ئازادی، ڕەوایی دابڕانی کاری هزری لە کاری دەستی (کە هاوکات کار و ئەندێشە هەر دووکیان لاواز دەکات) دەسەلمێنن. بەم کارەیش هەم ئازادی و هەم دادپەروەری بەرەو فەوتان دەبەن.

ڕاستە ئەگەر ئازادی بە بەرهەمی ئیمتیازەکان دابنرێ کاری مرۆڤ بە بێ هەمیەت چاو لێ دەکا و ئەو لە ئەندێشە جیا دەکاتەوە. بەڵام ئازادی بەرهەمی ئیمتیاز نییە، بە تایبەت بەرهەمی ئەرکەکانی مرۆڤە. هەر لەو ساتەوە کە هەر کام لە ئێمە تێبکۆشین بۆ ئەوەی ئەرکی پێوەندیدار بە ئازادی سەرتر لە ئیمتیازەکان لە

بەرچاو بگرین هەر لەو ساتەوە ئازادی ئێمە کار و ئەندێشە یەک دەخات و هێزێک دەخولقێنێت کە تەنیا ئەم هێزەیە دەتوانێ بە شێوەیەکی شوێندانەر لە خزمەت بە دادپەروەری وەگەڕ کەوێت. کەوا بوو نوێنگەی کردەی ئێمە، نهێنی خۆڕاگری ئێمە دەکرێ زۆر ئاسان کورت بکرێتەوە:

هەر شتێ سووکایەتی بە کار بکات، سووکایەتی بە ئەندێشە و کەلتوور دەکا و بە پێچەوانەوە.

خەباتی شۆڕشگێڕانە و تێکۆشانی لەمێژینەی ئازادیخوازی بەر لە هەموو شتێک لە ژێر ناوی سووکنەژماردنی کار و ئەندێشە، کە دووانەی لێکدانەبڕاون پێناسە دەکرێت.

بە ڕاستی ئێمە هێشتا لەم سەرشۆڕییە دەرباز نەبووین.بەڵام گەردوون دەسووڕێ، مێژوو دەگۆڕدرێ و من دڵنیام سەردەمێ دێت کە ئێمە ئێتر تەنیا نەبین. بە ڕای من کۆمەڵگای ئەمڕۆی ئێمە خۆی هێمای هەر ئەم بابەتەیە. لێگەڕێن با ئەندامانی پیشە جیاوەزەکان لە دەوری یەک کۆوە بن و بۆ پارێزگاری لە ئازادی، بە دەور ئازادیدا خڕ ببنەوە. بۆ دەستەبەری ئەمە شیاوە کە هەموو لە هەر شوێنێکەوە بێنە پێش بۆ ئەوەی یەکیەتی و هیوا خۆی بنوێنێ. ڕێگایەکی دوور لە بەرە. سەرەڕای ئەمانە ئەگەر شەڕ بە شڵەژاویە وەیشوومەکانی خۆیەوە هەموو شتێک تێک نەشڵەقێنێ، ئێمە دەرفەتمان بۆ دەرەخسێ کە لە کۆتاییدا ئازادی و دادپەروەری کە پێویستی سەرەکیمانە، ڕێک بخرێ. بەم مەبەستە دەبێ لەمە بەدوا بە ڕوونی و بێ تووڕەبوون، بەڵام ئاشتینەخوازانە ئەو درۆیانەی بە سەرماندا سەپاوە توور بدەین.

نا، ئازادی لە ئۆردووگا زۆرەملییەکان ناتوانی بدۆزییەوە. هەر بەو شێوەی لە وڵاتە کۆیلە و لە کۆلۆنیاکان و لە سەر بنەمای چارەڕەشی کرێکاران ناتوانی بینای ئازادی دابمەزرێنێ.

نا، کۆتری ئاشتی لە سەر داری سێدارە نانیشێتەوە.

نا، هێزە ئازادەکان ناتوانن منداڵی قوربانییەکان لە گەڵ خوێنرێژەکانی مادرید و وڵاتانی وەک ئەو، لە شوێنێک کۆ بکەنەوە.

بەم پێیەیە کە ئێمە ئێستا دڵنیاین و لانی کەم لەمە بەدوا دڵنیاتر دەبین کە ئازادی دیارییەک نییە کە لە دەسەڵاتێک یا سەرۆکێک وەر بگیرێت. بگرە ئازادی بەشێکە کە دەبێ بە تێکۆشانی هەر تاکێک و بە یەکگرتنی گشتی، هەموو ڕۆژێ بۆ دەستەبەرکردنی غیرەت بنوێنێ.

جەمیلە سەمەدی– مەهاباد

# «ڕۆژئاوا» سەرسامم دەکا!

ئەو کاتەی مانگی چاردە لە ئاسۆوە سەرەتاتکێ دەکا و لە بەرامبەر ئاوێنەی کانیدا عیشوە دەنوێنێ، لە گەمەی هەور و مانگەشەو بڕوانە! تارای تەنک و ناسکی هەوری قۆشمە، لە پەناوە دەردەکەوێ و ئاوێنەی ڕوخساری تەڵخ و لیڵ دەکا. کەچی مانگی وریا، وەک کیژۆڵەیەکی بزۆز بە ژێریدا دەخوشێ و هەندێ دوورتر سەر دەردێنێ. ئەمە سەمای باڵەی مانگ و هەورە لە سەر شانۆی ئارامی شەو، تا بەیانی، بێ ماندووبوون.

یا لە حەکایەتی خۆر و ڕۆژئاوا بڕوانە!

من، هەتاو وەک شاژنێکی ژیر و مەند بەدی دەکەم کە بە درێژایی ڕۆژ هەوڵ دەدا و بۆ چرکەساتێکیش ناوەستێ.

بەهێزترین بەشی لەشی، تاڵی کەمەندی پرچەکانێتی کە تاریکی پێدەخاتە بەند؛ هەر بۆیەش تاریکی دوژمنی قژێتی و هەموو توانای خستووەتە گەڕ بۆ شاردنەوە و داپۆشینی...

تاڵی قژی هیند بە هێز و توانایە، کە تەنانەت ئەو جێگەیەی کەس بۆی نییە ڕووی تێبکا، سووک و هاسان تیشکی تێدەگرێ و ڕێی تێدەبا.

جەستەی لە بن ئەو تاڵە زێڕینانە ون بووە، وا وێدەچێ، جەستەی تەواو قژ و مووە...

بەڵام کە گەیشتە ئێوارە و کاتی تاوپەڕان، ماندوو و هیلاک هەوڵ دەدا بۆ پشوویێ و چرکەساتێ حەسانەوە. ئا لەم دەمەدایە کە سپای تاریکان دەرفەت دێنێ و ڕووبەند و پەچەی بە سەردا دەکێشێ و بە زۆر ڕایدەکێشێتە تاریکستانی شەوەزەنگ تا بیخاتە سیاچاڵی ئەنگوستەچاوی و سکووت و تەنیایی...

ئێتر لە جێی پشوودان و حەسانەوە، بە درێژایی شەو تێدەکۆشێ بۆ ڕزگاری و ئازادی خۆی. تاکوو لە شەوەکیدا، پەردەی ڕەشی خەو دەدڕێنێ و تاریکوڕوونی بەربەیان سەردەکەوێ و جارێکی تر خەرمانی زەردی قژەکانی پەخشان دەکا. ئەمجار ڕووەو دنیا پێدەکەنێ و تاڵە زێڕینەکانی بە سەر لووتکە و بنار و پێدەشتا هەڵدەکاتە دوورترین سنوورەکان و بە کۆتر و پەپوولەکانی گزینگدا بەیانیباش لە ڕووبار و چیا و دارستان دەکا.

من وا بیر دەکەمەوە، کە هەتاو ئەو شاژنە ماندووەیە کە قەت لە تێکۆشان ناوەستێ و دوای ئەم هەموو هەوڵدانە، بەرەو ئێوارە ڕادەکا، نازانێ ئێوارە کات، چ خەونێکی بۆ دیتووە، چ پیلانێکی بۆ دارشتووە...

هەر بۆیە من دەمەوئێواران، بە تاوپەڕان و «ڕۆژئاوا» سەرسام دەبم. «ڕۆژئاوا» سەرسامم دەکا...

مراد نەزەری – شنۆ



# مێژووی شارستانییەتی گردی دنخە

گردی دنخە لە شەش کیلۆمتری باشووری ڕۆژهەڵاتی شاری شنۆ لە تەک چۆمی گادەر هەڵکەوتووە هەوەڵین لێکۆڵینەوەکان لە سەر گردی دنخە لە لایەن (ئێشتاین) کراوە بەڵام لێکۆڵینەوەیەکی بەربڵاوتر لە سەر ئەم گردە هاوکات بوو لەگەڵ پرۆژەی حەسەنلیان بە سەرپەرستی (هێنری دایسۆن) و (ئێسکاروات ماسکارلا) لە ساڵی ١٩٦٦ تا ١٩٦٨ی زائینی.

لەم لێکۆڵینەوانەدا مێژووی چوار چاخی ژیاری شارستانی و نیشتەجێ بوونی مرۆڤ لەم شوێنە دیاری کراون:

١:چاخی ئیسلامی، چینی سەرەوە بۆ چاخی ئیسلامی واتە لە ساڵی ١٣٥٠ی هەتاوی کە ئەم شوێنە چۆڵ کراوە تا١٤٠٠ساڵ پێش دەگەڕێتەوە

٢: چاخی دووهەمی ئاسن ٢٨٠٠ تا٣٠٠٠ساڵ پێش کە لە ژێر چینی چاخی ئیسلامییە

٣: چاخی هەوەڵی ئاسن ٣٠٠٠ تا ٣٣٠٠ ساڵ پێش کە لە ژێر چینی چاخی ئاسنی دووهەمە

٤: چاخی حەوتجۆش ٣٣٠٠ تا٣٨٠٠ ساڵ پێش کە لە ژێر چینی چاخی ئاسنی هەوەڵە

کەچی هێشتاش لێکۆڵینەوەکانی گردی دنخە لە زانستگای پێنسیلوانیا بە تەواوی بڵاو نەکراوەتەوە ئەم شوێنە ڕۆڵێکی زۆر گرینگی لە سەر ڕوونبوونەوەی مێژووی هەزارەی هەوەڵ و هەزارەی دووهەمی پێش زایین (تا ٤٠٠٠ساڵ پێشی) لە ڕۆژهەڵاتی نزیک هەروەها تێپەڕین لە چاخی حەوتجۆش بۆ چاخی ئاسن و تۆرە توجارییە کۆنەکانی هەیە.

سەرەڕای گرینگیی لەڕادەبەدەری ئەم شوێنە بەشێکی یەجگار زۆری زانیارییەکان هێشتا ئاشکرا نەکراون.

دوو ڕاپۆرتی سەرەتایی (ماسکارلا) لە ساڵی ١٩٦٨تا ١٩٧٤ کە بەشێکی زۆری تەرخان کراوە بە گۆڕستانەکەی چاخی ئاسن و بەشێکی زۆر کەمی باس لە شوێنەوارەکانی دەکات کە بریتین لە یەک گۆڕستان، هێندێک کووپە و کاشی، پاشماوەی ئاژەڵان یا هێندێک کەرەستەی وەک داخم و مووروویی شووشە، بەشێکی بەرفراوانی ئەم کەرەستە دۆزراوانە ئێستا لە مووزەی پێنسیلوانیای ئەمریکان.

سەرچاوەی ئاوییەکەی دنخە کوێستانە بەفرینەکانی





شاری شنۆن، کەنارەکانی دنخە بەپیتترین شوێنن بۆ جووتیاری. دنخە گەورەترین گردی دەسکردی شاری شنۆیە و گردی حەسەنلیان وەک دەستەخوشکی ئەم گردە دێتە هەژمار کە لە ٢٥ کیلۆمتری ئەم شارستانییەتەیە.

ئاوی زۆر و خاکی بەپیتی ئەم ناوچەیە بە درێژایی مێژووی چەند هەزار ساڵە شوێنێکی زۆر لەباری بۆ ژیان لەم ناوچەیە پێک هێناوە و بەپێی بەڵگە مێژووییەکان لە چاخی بەردینی نوێ بەدواوە خەڵکێکی زۆر لەم گردە نیشتەجێ بوون.

ئەمە سەرەڕای هەڵکەوتەی جوگرافی تایبەتە کە لە گەڵی گادەران و تاڵەجاڕ بۆ دیوی باشوور و باکووری کوردستان دەڕوا و بەجۆرێک ڕێگەی سەرەکی بووە کە ئاسیای ناوەندی بە نێوان دووچۆمان و قەوقاز تا ڕۆژهەڵاتی ئانادۆڵ و مێزۆپۆتامیای کۆن دەبەستەوە.

لە دەقە ئاسۆرییەکان ئاماژە بەو ڕێگە بازرگانییانە کراون کە بۆ هاوردە کردنی کەل و پەل لەم ڕێگایانەدا کەڵکیان وەر گرتووە.

ڕێگاکان:

لە لای ڕۆژهەڵات بەرەو ڕۆژئاوا دوو ڕێگەی سەرەکی هەبووە. ڕێگای گەورەی خوراسان لە باشوور و ڕێگایەک لە باکوور کە لە دەشتی سندووس و شنۆ

تێدەپەڕی.

ڕێگایەکی گەورە لە خوراسان و قەزوێن دەست پێدەکات و بە تێپەڕین لە کێوەکانی ئەڵوەند لە ڕێگەی گەڵی ئەسەدئاوا دەگاتە دەشتی هەمەدان ئەم ڕێگەیە دوای چەند دۆڵ و گەڵێک کە پێکەوەن بەرەو ڕۆژئاوا دەچێ تا دەگاتە دەروازەکانی زاگرۆس لە سەرەوەی سەرپێڵی زەهاو و دواتر بەرەو ناوەندی دووچۆمان دەڕوات.

ڕێگایەکی دیکە بە درێژایی چۆمی زەنجان بەرەو تاوڕێژ و دواتر بە تێپەڕینی لە کێوەکانی سەهەند بەرەو گۆلی ورمێ دەهات تا دەگەییە دەشتی سندووس و دواتر دەشتی شنۆ. لە شنۆ ڕێگەیەک بەرەو گۆلی وان کە کاتی خۆی ئورارتوویی حوکمیان لێ کردووە تا دەگاتە ڕۆژهەڵاتی ئانادۆڵ هەبوو. ڕێگەیەکی دیکە بە تێپەڕین لە کێلەشین هەڵکەوتوو لە ١٦ کیلۆمەتری دنخە بەرەو ڕۆژئاوا دەچوو و بە تێپەڕین لە شاری ڕەواندز بەرەوباکووری نێوان دووچۆمان دەڕۆیشت. ڕێگای باکوور بۆ باشوور دوو ڕێگای جیا لە یەک ڕێگا گەورەکەی خوراسانی بە دەشتی سندووس دەبەستەوە.

ڕێگای ڕۆژئاوا لە کرماشان بەرەو میاندواو و مەهاباد دەچوو و دواتر دەگەیشتە دەشتی سندووس و شنۆ. ڕێگەیەکی‌تر لە هەمەدان بەرەو بیجاڕ و تکاو و میاندواو و کەنارەکانی گۆلی ورمێ تا دەگەییە دەشتەکانی سندووس و شنۆ دەهات ڕێگاوبانێکی باش بە درێژایی کەنارەکانی گۆلی ورمێ هەبوو و لە کەنارەکانی ڕۆژئاوا ڕێگایەک بەرەو تاوڕێژ و باکووری وڵاتی ئێستای ئێران دەچوو کە ڕێگەیەک بوون بۆ گەیشتن بە قەوقاز. بەڵام بە گشتی ئەو ڕێگایانەی کە ئێستاش هەر ماون و کەڵکیان لێ وەردەگیرێ بریتین لە ڕێگای ڕۆژهەڵات کە بەرەو دەشتی سندووس دەڕوا، ڕێگایەک لە لای باشووری دنخە بەرەو دەشتی لاجان و قەڵای پەسوێ تا دەگاتە سەردەشت و گردی خۆبۆشکووی ڕەبەت و دواتر باشووری کوردستان و نێوان دووچۆمان دەڕوات.

ڕێگای گەڵی خرووشوو کە ڕێگەیەکی ئورارتوویيشە بەرەو دەشتی ورمێ و باکووری کوردستان دەچێ ڕێگای قەڵاتۆک کە بەرەو شارستانییەتی گیلز یان گەڵاز و دواتر باکووری کوردستان دەڕوا ڕێگای کێلەشین کە بەرەو باشوور و شارە مێژووییەکە مووساسیر دەچێ و دواجار ڕێگای گەڵی گادەران کە لەوێڕا هەم بەرەو باشوور و هەم باکووری کوردستان دەچێ. چۆمی گادەر دوای ٢٠ کیلۆمتر لە دەشتی شنۆ پان و بەرین دەبێتەوە. لەم بەستێنە کە بە خیز و لم داپۆشراوە گردی دنخە دروست کراوە. بە هۆی لافاوی بەهارەی گادەر، هەر ساڵ بەشێکی تووشی داڕمان دەبێ و لەناو دەچێ. ئەو گردە بە شێوەی بازنەیی و نزیک ١٠ هێکتارە.

بەشی باکووری ئەم گردە زۆرترین زیانی لافاوی بەرکەوتووە. لە لای دیوی باشووری گردەکە کۆنە خەندەکێک بەدی دەکرێت بەڵام لە بەشەکانی دی لەناو چووە و ئەم خەندەکە بەربەستێک بووە بۆ پێش گرتن لە هێرش‌کردن بۆ سەر شارەکە. لە بەشی باکوور لەم چەند ساڵەی دوایی لە چینی دووهەم بە هۆی تاڵانچیانی مێژوو بیر و دیواری بەردچن وەدەر کەوتوون کە پێشتر نەدۆزرابوونەوە، ڕێک لەسەر ئەم چینە، چینێکی خەڵووز و سووتاو بەدی دەکرێ کە ئاماژەیە بە سووتان و وێرانکردنی ئەم شارە لە لایەن هێرشبەران. دوو ڕێگا بۆ چوونە ناو ئەم شارە هەبووە، یەکەم ڕێگایەک کە کەوتووەتە دیوی باشووری گردەکە کە بەرەو نەڵۆس دەڕوات و لەم بەشە ئاسەواری کۆنەخەندەکێک ماوە، بەڵام ڕێگای سەرەکی بۆ چوونە ناو قەڵاکە لە بەشی ڕۆژهەڵاتی دنخەیە کە ئێستاش ڕێگەکە هەر ماوە و دەگاتە ناو گوندی سەرگیز و لە سەر ئەم ڕێگەیەش گردێکی بچووکی پاسەوانی دروست کراوە کە پاسەوانانی شاری لێ نیشتەجێ بوون و بە گردی مزە ناسراوە. ئەم تەپۆڵکە پاسەوانییە بە مەودای ٦٥٠ متر لە ناوەندی گردی دنخەی دوورە کە بەرزایی ١٨ مترە و پانائی ٨٠٠ متری چوارگۆشەیە. بەداخەوە پاراستنێک بۆ دنخە نەکراوە و چواردەوری کراوەتە زەوی جوتیاری و باخات و زۆر شوێنی تێک دراوە بۆیە خەملاندنی تەوای ڕووبەری ئەم شارە ئەستەمە بەڵام ئەوەی ئاشکرایە پانتایی ئەم شارە لە کۆن زۆر لە ئێستا زیاتر بووە. ئەوەی ئێستا لەم شارە ماوەتەوە نزیک(١٠٠٠) هەزارمتری چوارگۆشەیە و بەرزترین شوێنی ئەم گردە دەکەوێتە لای ڕۆژئاوای دنخە کە هێندێک شوێنەواری خانوو و بیری لێ دیارە و زۆربەی گۆڕە کۆنەکان لەم بەشەدان و لە بەشی ڕۆژهەڵاتی گردەکە لە چینی سەرەوە گۆڕی چاخی ئیسلامی لێ دیارە. وێدەچی هەر ئەم بەشەی ڕۆژئاوای گردەکە شوێنی سەرەکی شانشینانی ئەم شارستانە بووبێت. ئەم شوێنە ئێستا نزیک ١٨ متر لە بەستێنی ئاوی چۆمی گادەر بەرزترە. لە ڕووی ئاسەوارەکان جگە لەم بەشانەی کە چۆمی گادەر وەک بەربەستێکی سروشتی بۆ چوونە ناو ئەم شارە هەیبووە، دیوی باشوور و ڕۆژهەڵاتیشی بە لێدانی خەندەک پارێزگاری لێ کراوە.

ئەم گردە لە ڕۆژهەڵات بۆ ڕۆژئاوا نزیک ٣١٠ متر و لە باکوور بەرەو باشوور نزیک ٣٣٠ متری ماوە. تەنیا لەم چەند سەدەی دوایی بەشی باکووری ئەم شارستانییەتە نزیک ٤٠ متر لە پانایی بەهۆی لافاوی بەهارە لەدەست داوە. هەر ئەم بەشەش باشترین شوێنە بۆ ئاگاداری و دەستگەیشتن بە چینەکانی خوارەوەی ئەویش بەهۆی لافاو و دەرکەوتنی چینەکانی ژێرەوەیەتی. بۆ نموونە لەم شوێنە بە جوانی چینی چاخی ئیسلامی دیارە کە نزیک مترونیوێکە. لە ژێر چینی ئیسلامی چینێکی دیکەو دواتر چینە سووتاوەکەش دەردەکەوێ کە مەزەندە



هەوارنامەی کتێب

دەکرێ بۆ چاخی ئاسنی ئەوەڵ بگەڕێتەوە، بەڵام جۆری دارشتنی بیرە بەردچنەکە ڕەنگە بۆ چاخی حەوتجۆش یا تەنانەت کۆنتر یا سەرەتای دروستکردنی ئەم گردە بگەڕێتەوە. ئەوەی جێی تێڕامانە لە ژێر چینی ئیسلامی شارستانییەتێکی پێشکەوتوو هەیە کە لە بنیاتنانی زۆربەی شارەکە کەڵکیان لە بەرد و خشت و خڕەبەرد بۆ فەرشکردنی شەقام وەرگرتووە کە لە چاخەکانی دوای خۆی ئەم کەرەستانە نامێنن و تەنیا لە گڵ و چیم و مۆرەی قوڕین گەڵک وەرگیردراوە.

بە گشتی بەو دەرەنجامە دەگەین کە سەرەتای بنیاتنانی ئەم گردە دەسکرد و توورەکەڕێژە کە ڕەنگە سەرەتاکەی بۆ پێش چاخی حەوتجۆشیش بگەڕێتەوە، سەرەتا بەرزایی ٥ بۆ ٦ متر بووە چون لە لێکۆڵینەوەکاندا تەنیا تا ئاستی ٥ بۆ ٦ متر لە سەرەوەی بەستێنی ئاوی چۆم لەتکە کووپە و کاشی دەرکەوتوون. بە تێپەڕینی چاخ بەرە بەرە چین و گڵی خراوەتە سەر یا بەهۆی وێران کردن سەر لە نوێ شوێنەواری لە سەر دروست کراوە تا گەیوەتە بەرزایی ئەمڕۆکەی.

ئەم گردە تا سەرەتای ساڵانی ١٣٥٠ ئاوەدان بووە و لەم کاتە بەدوا ئەم گوندەی کە بەناو دنخە لە سەر ئەم شوێنە بوو چۆڵ کراوە. لێرە ئەم گومانە دروست دەبێ کە ئایا هەر لە کۆنەوە ناوی ئەم شوێنە بە ناوی دنخە بووە یان نا؟ بە بۆچوونی من چون ناوی دنخە لە بنچینەدا ناوێکی جوولەکەییە و گوندەکانی دەورووبەری ئەم گردە وەک سەرگیس یان نەڵۆس کە ئەوانیش ناوێکی جوهوود یا فەلەیین و تا چەند دەیە پێش لەم شوێنە جوو و فەلەی هەر لێ بوون دەبێ لانی کەم ئەم ناوە بۆ سەرەتاکانی سەدەی هەوەڵی ئیسلام نزیک١٤٠٠ بۆ ١٥٠٠ ساڵ پێش بگەڕێتەوە و ئەگەری یەجگار زۆرە لە کۆن ناوێکی دیکەی هەبووبێت.

بە بڕوای من مەودایەکی زەمەنی زۆری ژیان لەسەر ئەم گردە لە توێژینەوە کەمەکانی ماسکارلا و دایسۆن و هاوڕێیانی بە نادیاری ماوەتەوە. بۆ نموونە دوای چاخی دووهەمی ئاسن ڕاستەوخۆ باسیان لە چاخی ئیسلامی کردووە ئەمەش کێشە هەیە چوون سەرەتای چاخی ئیسلامی ١٤٠٠ ساڵ پێشە و کۆتایی چاخی دووهەمی ئاسن ٢٨٠٠ ساڵە و لەم نێوەدا چینێک دیاری نەکراوە کە مەودای نزیک ١٤٠٠ ساڵ خەڵکی لێ ژیاوە واتە ژیان لە نێوان سەرەتای چاخی ئیسلامی کۆتایی چاخی دووهەمی ئاسن نادیارە.

بۆیە پێویستە پێداچوونەوەیەک بۆ ئەم بابەتە بکردرێ. لە توێژینەوە مەیدانییەکانی سەر ئەم گردە تەنیا لەتکی ساکاری کووپە و کاشی بە ڕەنگی سوور بەدی دەکرێت و هیچ کەرتە سواڵەتێکی ڕەنگکراوی لێ نەدۆزراوەتەوە. بە پێی ئەو ژمارە زۆرە لە کووپە و سواڵەتانەی کە لە دنخە دۆزراونەتەوە بەو دەرەنجامە دەگەین کە نەخشاندنی کووپەکان بە وێنەی جۆراوجۆر یا تاک ڕەنگ کە بە شێوەی هەندەسی و جارجارە وێنەی ئاژەڵان خەملێندراون بۆ کۆنترین چینی نیشتەجێ بوونی مرۆڤ لەم گردە واتە لە ٥ تا ٥/٥ متری ئاستی چۆم کە کۆنترین شوێنی ئەم گردەیە و بۆ چاخی حەوتجۆش دەگەڕێتەوە. تا لە ئاستی گردەکە بەرەو چینی سەرەوە بڕۆین لە کنە و پشکنینەکان، سواڵەتەکان تەنیا بە شێوەی هێڵی ساکار بەدی دەکرێن. جێی ئاماژەیە لە هیچ یەک لەم شوێنانەی کە کاری کنەی لێ ئەنجام دراوە کەرەستەی بەردینی لێ نەدۆزراوەتەوە.

بە بەراوردێک لەنێوان دنخە و گردی حەسەنلیان لە گردی دنخە هیچ سواڵەتێکی ڕەنگ خۆڵەمێشی تۆخ یا ڕەش بە هێڵی نەخشێندراوی لێ نەدۆزرایەوە، ئەوەش ئەم گومانە بەهێز دەکات کە نیشتەجێبوونی چاخی مزبەردینی گردی دنخە زۆر کۆنترە لە حەسەنلیان و کزئاواو و گیرئیرانی لوڕستان کە لە نێو هەموو گۆڕەکانی ئەم شوێنانە کەرەستەی ئاسنی دۆزراوەتەوە. لە گردی دنخە تا قوڵایی دە متر شوێنەواری نیشتەجێبوونی مرۆڤ بەدی دەکرێ و تەنیا ٦ متری خوارەوەی شوێنەواری لێ نییە. بە بڕوای من چون ماوەیەکی زۆر بە سەر ئەم توێژینەوانەدا تێپەڕیوە و ئێستا کەرەستەی باشتر بۆ کاری کنە و پشکنین هەیە، ڕەنگە ئەم ئاستە واتە ٦ مترەش کەمتر ببێتەوە چون ئەم چاڵاوەی کە لە دیوی باکووری ڕۆژئاوای گردەکە دۆزراوەتەوە چاڵاوەکە تا سەر ئاستی ئاوی چۆم و خوارتریش دەڕوات و ئەوەش ئەم ئەگەرە بەهێز دەکات کە لە ٤ بۆ ٣ متری ئاستی ئاوی چۆم لەم گردە کەرەستە و سواڵەت بدۆزرێتەوە و ئەمەش مێژووی ئەم گردە بۆ چاخێکی کۆنتر لە چاخی حەوتجۆش بگەڕێنێتەوە. کۆی گشتی ئەم سواڵەتانەی کە لە دنخە دۆزرانەوە بە پێی ڕەنگ بریتی بوون لە سواڵەتی ڕەنگ نۆکی ناسک، سواڵەتی ڕەنگ نۆکی گر، سواڵەتی ڕەنگ خۆڵەمێشی ناسک، سواڵەتی ڕەنگ خۆڵەمێشی یان ڕەشی گر، سواڵەتی ڕەنگ پرتەقاڵی و چەند سواڵەتێکی تایبەت بە نەخشی داغکراو و سێ دەفری دووڕەنگ هەوێر و قوڕی. هەر هەمووی ئەم سواڵەتانە بۆ بەهێزکردنیان تێکەڵەیەک لە لم وخیزی وردیان پێوە زیاد کراوە بەڵام لە هیچ کام لەم سواڵەتە دۆزراوانە موو یا کا بۆ قایمییان تێکەڵ نەکرابوو.

### جۆری گۆڕەکان و کەرەستەکانی ناویان

زۆربەی هەرە زۆری ئەم توێژینەوە و کنە و پشکنینەی کە لە دنخە کرا لە سەر گۆڕستان و گۆڕەکان بوون. لە یەکەم کاری کنە و پشکنینی سەر دنخە هەوەڵین گۆڕێک کە دۆزرایەوە لە بەرزایی ٦ متری ئاستی ئاوی چۆمی گادەر بوو، زارکی گۆڕەکە ٧٥سانتی متر و بەرەو باکوور و باشوور بوو بە ٣ خشت بە پانایی ٣٠ دە ٣٠ و ئەستووری ١٠ سانتیمتر داپۆشرابوو. کۆتایی

بەشی باشووری گۆڕەکە بە سواڵەتێکی شکاوی گەورە گیردرابوو. ئێسکەپەیکەرەکە کە بە ڕواڵەت هی منداڵێک بوو تەنیا بەشێک لە ئێسقانی کەللەی سەر و ئێسکی ڕانی مابۆوە. لە نێو گۆڕەکە دوو گۆزەی بچووک کە یەکێکیان سێ پێچکەی هەبوو هەروەها قاپێکی بچووک کە زۆر سەرەتاییانە دروست کرابوو دۆزرایەوە. لە نێو خۆڵەمێشی ناو گۆڕەکە دوو دەرزیلەی حەوتجۆش کە سەریان وەک هەرمێ بوو و هەروەها چوار ئاڵقەی حەوتجۆشی بچووک، حەوت کلانە و مۆری شووشەیی دۆزرایەوە. لە شوێنی کنەی ژمارە شەش لە پێنج متری سەرەوەی ئاستی ئاوی چۆم ئێسکەپەیکەرێکی تەواو دۆزرایەوە کە بە ڕواڵەت هی کوڕێکی مێرمناڵ بوو کە بەرەو باکوور و باشوور نێژرابوو. لە تەک ئەم ئێسکەپەیکەرە دوو گۆزەی بچووکی نەخشێندراو بە جەغزی سوور و گۆزەیەکی بچووک کە لە کاتی هەڵگرتندا شکا، دۆزرانەوە.

لە شوێنی پێنجەم کە کاری کنە و پشکنینی تێدا کرا، هەر لەم قووڵاییە دوو تەختەبەردی خڕ کە نێوەکەیان کۆڵدرابوو دۆزرانەوە کە ئەگەری زۆرە پاژنەی دەرگا بووبن. لە لایەکەی دیکە خشتێکی سووتاوی چوارگۆشە بە ئەستوورایی ٢٠ سانتی متر دیترایەوە.

لە بەشی دووهەمی کنە و پشکنینەکان لە بەرزایی ٥/٤ میتر لە ئاست ئاوی چۆمی گادەر گۆزەیەکی گەورە بە ٦٥ سانتی متر بەرزی و ٣٥ سانت بەرینایی دیترایەوە کە لە سەر تەنیشت داندرابوو. لە نێو ئەم گۆڕە کەللەسەرێک و ئێسقانی چەند مرۆڤی بەتەمەنی تێدابوو. لە سەر ئەم گۆزەیە چەند خشتی کاڵ کە شکابوون لە ئەندازەی ٣٥ دە ٣٥ سانت و ئەستوورایی ١٠ سانت داندرابوون کە لە سەرەوەیان چینێکی سووتاو دەدیترا کە دیارە بۆ تالان و سووتانی ئەم شوێنە لە ڕۆژگاری کۆن دەگەڕایەوە.

لەم شوێنە گوڵمیخێکی لە گڵ درووستکراو بە درێژایی ٢٥ سانت بە سەرێکی لەقالب دراوی لووس دیتراوە. جێی ئاماژەیە گوڵمیخەکە چوارگۆشە و نووکی تیژ بوو. یەکێک لەم بزمارە چوارگۆشانە بە مەودای یەک متر لە زارکی گۆزەکە و ئەوی تر کەمێک دوورتر داندرابوون، ڕەنگە ئەم بزمارە قوڕین و چوارگۆشانە پێوەندییان لەگەڵ سیحر و جادوو هەروەها پێشگرتن لە گەڕانەوەی ڕووحی مردۆکان بۆ ماڵەکانیان هەبێ. جگە لەم گوڵمیخانە شتێکی دیکە کە سرنجڕاکێش بوو لە بەشی هەشتەمی کنە و پشکنینەکان لە بەرزایی ٨ متر لە ئاستی ئاوی چۆم دۆزرایەوە ئەویش بریتی بوون لە دوو بەردی گەورە کە لەسەر گۆڕێک کە دیواری هەبوو داندرابوون. ئەم گۆڕە لەبن چینێکی گەورەی بەرد و گڵ بە بەرزایی پێنج متر بوو. گەورەیی یەکێک لە بەردەکان ١٦٠ سانت دە ٦٥ سانت بوو. ئەم گۆڕە بە شێوەی تەشک بوو کە چواردەوری بە بەرد داندرابوو.

تەرمی ناو ئەم گۆڕە بەرەو ڕۆژهەڵات ڕۆژئاوا نێژرابوو، قەبارەی ئەم گۆڕە یەک متر و سی و پێنج سانت و پانایی ٨٠ سانت و قوڵایی ٩٠ سانت بوو.

هێندێک گڵ و کەرەستە لە نێو ئەم گۆڕەدا بوون. تەرمەکە بە شێوەی خڕکراوە داندرابوو. هەبوونی خەنجەرێکی حەوتجۆش و سوانی کەمی ددانەکانی ئاماژە بوون بۆ لاو بوونی ئەم مردوویە. هێندێک کەرەستەی دیکەش لە نێو ئەم گۆڕەدا بوون. لە لای ڕاستی ئێسکەپەیکەرەکە دوو گۆزەی بچووکی بنخڕ داندرابوون و دواتر خەنجەرێکی حەوتجۆش بە درێژایی ٥/١٨ سانت و لە خوار وی دوو دەرزیلەی حەوتجۆش بە درێژایی ١٧ سانت هەبوون. لە لای چەپەوە ئاڵقەیەکی حەوتجۆش بە ئەستووری ١/٢٥سانت و ڕەوەقی ٩ سانت داندرابوون کە بە هۆی قورسی نابێت وەک بازنە کەڵکیان لێ وەرگرتبێ. گۆزەیەکی بچووک کە زارکی شکابوو و چەند هێڵ و جەغزی لە سەر بوو. لە خوارتر لە تەک ڕانی چەپی تەرمەکە پێنج گۆزەی چووکە کە شێوەیان هێلکەیی بوون داندرابوون و لە لای ڕانی ڕاستی تەرمەکە ٤ گۆزەی بچووک هەبوو کە لە ناو یەکێکیان ورکەشووشە و کەرتەدارێک هەبوو. ئەم گۆڕە کە بە گۆڕی ژمارە ٨ ناسراوە، جگە لە کەرەستەگەلێکی زۆر کە لە نێویدا بوو لە ڕوانگەی دیش گرینگی هەیە چون بە مەودایەکی کەم لەم گۆڕە گۆڕێکی لینەیی لێ دۆزرایەوە کە ئەمەش نیشاندەری ئەوەیە کە لە چاخی مس بەردین لە یەک کات بە دوو شێوەی جیاواز مردوو نێژراون.

ئەم شتە گرینگەی دیکە کە دەتوانین ئاماژەی پێ بکەین ئەو چینە زۆرەی گڵە بە بەرزایی شەش متر کە نیشاندەری مەودایەکی دوورودرێژی ژیان لە سەر ئەم گردەیە کە لە نێو ئەم گڵەدا دەیان کەرتەسواڵەتی نەخشێندراو دۆزرایەوە ئەو زەمەنەش هاوکاتە لەگەڵ چاخی شووش لە خوزستان. دەوری دیکەی نیشتەجێبوونی مرۆڤ لە سەر ئەم گردە تایبەتە بە کەڵک وەرگرتن لە کاشی ڕەنگکراو. ئەم دەورەش مەودایەکی کەمی خایاندووە و ئەم چینە گڵەی کە کاشی و سواڵەتی ڕەنگکراوی لێ دەدۆزرێتەوە مترێک و نیو بۆ مترێک و هەشتا سانت بەرزە و لە چاخەکانی دواتر ئەم دیاردەی ڕەنگکردنەش لەناو دەچێت و نامێنێ. لە لێکۆڵینەوەکانی(ئێشتاین) لە لای بەشی باکووری دنخە، گۆڕستانێک دۆزرایەوە بەڵام ئەوەی جێی سەرنج بوو، کەرەستەکانی نێو گۆڕەکان ڕێک وەک کەرەستەکانی چاخی ئاسن بوون. هەر لەم بەشە ٩٤ گۆڕ هەڵدرانەوە کە ٦٨ گۆڕ هی چاخی دووهەمی دنخە (چاخی ئاسنی دووهەم ٢٨٠٠تا ٣٠٠٠ ساڵ پێش) بوون و٢٦ گۆڕیش هی چاخی سێهەمی دنخە (چاخی ئاسنی هەوەڵ ٣٠٠٠ تا ٣٣٠٠ ساڵ پێش) دەگەڕایەوە و لەو بەشە سێ داشخانە بۆ سوورکردنەوەی کووپە و سواڵەت

دۆزرانەوە لە نێو یەکێک لەم کوورەخانانە دەفرێک لە چاخی دووهەمی دنخەی لێ دۆزرایەوە. ئەمە سەرەڕای دۆزینەوەی چەندین دیواری خانوو بوو. سێ جۆرە گۆڕ لە چاخی دووهەمی دنخە دۆزراوەتەوە. جۆرێک گۆڕ کە بە خشتی کاڵ دانداروە کە سێ لای گیراوە و بەشێک دە درێژاییدا. لای ڕاست یا چەپی تەرمەکە بە بێ دیوارە و چەند کەرەستەشیان لەگەڵ ناشتووە. ئەم جۆرە گۆڕانە بە سێ یان چوار ڕیز خشت داندراون و لە ڕیزی سەرەوەی چەند کەرتەخشت دەکار هاتووە. ئەم گۆڕانە بە گڵ داپۆشراون و هیچ هێمایەک بۆ ناسینەوەی گۆڕەکانیان بۆ دانەندراوە. جۆری ئەم کەرەستانەی کە لەگەڵ مردووەکە نێژراون بریتین لە دەفری بۆریەدار کە زۆربەیان شتی خواردنیان تێدا بووە. لە نێو ئەم گۆڕانە دا بازنە، خرخاڵ، دەرزیلە و هێندێک جار چەقۆ یا خەنجەری حەوتجۆش دۆزراوەتەوە.

جۆری دووهەمی گۆڕەکان ٧ گۆڕن کە بە بەرد دروست کراون و چواردەوریان گیراوە. ژێر گۆڕەکان بە بەردی پان فەرش کراون و کەرەستەی تایبەت بە مردووی تێدا نێژراوە. سەرەوەی گۆڕەکانیش بە چەند تەختەبەردی پان داپۆشراون. کەرەستەی نێو ئەم گۆڕە بەردینانە لە کەرەستەی نێو گۆڕە خشتییەکان دەوڵەمەندترە. لە نێو یەکێک لەم گۆڕە بەردینانە١٦ کەرەستەی سواڵەتی لە دەرەوەی گۆڕەکە لە بەشی ڕۆژهەڵات داندرابوون و زۆر کەرەستەی هەرگینە لە نێو گۆڕەکەدا نێژرابوون. لەگەڵ زۆر کەرەستەی حەوتجۆش وەک سەرەگورزێکی ئەستێرەی (گورزی ئەستێرەیی تایبەتی ئوراتوویەکانی نیشتەجێی گۆلی وان بوو) لغاوی ئەسپ، سەرە ڕمب و چەند بازنە و خرخاڵ و چەند ئالقەو دەرزیلە لە نێو ئەم گۆڕەدابوون. لە دەرەوەی گۆڕەکە لە تەک هەرگینەکان ئێسکەپەیکەری کەرت کەرت کراوی ئەسپێک دۆزرایەوە. هۆکاری ناشتنی ئەسپ لە تەک گۆڕی مردووەکان لە سەدەی ٩ یان ١٠ی پێش زایین واتە ٣٠٠٠ساڵ پێش لە گردی دنخە هێشتا ڕوون نەبووەتەوە (ناشتنی ئەسپ لەگەڵ مردوو تایبەتەت بووە بە سەکاکان و سەکاکان لە سەدەی ٧ تا ٨ی پێش زایین واتە٢٧٠٠ تا ٢٨٠٠ ساڵ پێش دەگەڕێتەوە و بە هۆی جیاوازی مەودای زەمەنی ٢٠٠ ساڵ کەمتر ناشتنی ئەسپ لە دنخە بڕێک نامۆیە).

### جۆری سێهەمی گۆڕەکان

ئەم جۆرە گۆڕانە بریتین لە گۆزەی گەورەی هەرگینە یا لینە (خومرە) کە مردوویان تێدا ناشتووە. لە ناو ئەم لینانە تەنیا چەند مۆریژانک و هێندێک گڵ و ئێسقانیان تێدا بوو. زارکی ئەم گۆڕلینانە بە کەرتە سواڵەتی گەورە یان چەند سواڵەتێک گیرابوو. ئەم جۆرە گۆڕلینانە زۆرتر تایبەت بوون بە منداڵان.

گۆڕەکانی دیکە کە مێژوویان کۆنتر بوو و بۆ چاخی سێومی دنخە دەگەڕانەوە بە شێوەی چاڵێکی ساکار بوون. لە هێندێک لەم گۆڕانە دیوارێک بە خشتی کاڵ تەنیا لە یەک لای تەرمەکە دوست کرابوو. لە هێندێک گۆڕیش دیواری خشتی لە دوو لای تەرمەکە واتە چەپ و ڕاستی داندراوە و ئەم دوو دیوارە لە لای سەرێ پێکەوە نووساوە واتە ئێسکەپەیکەرەکە لە سێ لا دەورە دراوە و لایەکی ئاوەڵایە. جۆری ئەم کەرەستانەی لە نێو گۆڕەکەدا نێژراون بریتین لە دەفری بۆریەدار، فنجانی پێپکەدار کە سێ پێپک و دەستگرەیەکیان هەیە، قاپ بە باریکەیەکی لێو بچووک کە کونێکیان لە لێوەکەیدا بۆ هەڵواسین. لە نێو یەکێ لەم گۆڕانە مۆریژانکێکی شووشەیی بە شێوەی سەری قۆچ دیترایەوە. لەم جۆرە مۆریژانکانە بە ڕێژەیەکی زۆر و بەرچاو لە گردی ڕیما و نووزی (نزیک شاری کەرکووک) دۆزراوەتەوە کە ئەو ئەگەرە بەهێز دەکا خەڵکی دنخە لە کۆن پێوەندییان لەگەڵ ئەم شوێنانە هەبووبێ. جێی ئاماژەیە لە نێو ئەم کەرەستانەی کە لە چاخی ئاسنی ئەوەڵ و دووهەم لە دنخە و حەسەنلیان دۆزراونەتەوە، هیچ جیاوازییەکیان نییە، بەڵام لە باری گۆڕەکان زۆر جیاوازن، چون لە حەسەنلیان هیچ چەشنە گۆڕێکی بەردی یا خشتی نەدۆزراوەتەوە.

دیاردەیەکی دیکەی دنخە کە زۆر بەرچاو بوو دۆزینەوەی دوو گۆڕی لە سەر یەک بوون کە بۆ چاخی سێیەمی دنخە دەگەڕایەوە و ئەم دوو تەرمە هی یەک دەورە بوون.

لە دوو شوێنی دنخە شوێنەواری فەرهەنگی و پاشماوەی بینا هی چاخی حەوتجۆش دۆزرایەوە. یەکێک لەم شوێنانە لە کۆتایی بەشی باکوور ڕێک لە ژێر گۆڕستانی چاخی ئاسن بوو. دووهەم لە نزیک ناوەندی گردەکە، کۆنترین شوێنی نیشتەجێبوونی چاخی حەوتجۆش لە بەشی ناوەندی گردەکەیە. لەم بەشە کاری کنە و پشکنینی بەربڵاوی نەتواندرا لێ بکرێت

هەر لەم شوێنە دیوارێکی پان دۆزرایەوە بە بەرزایی ٤ متر کە سەکۆیەکی خشتی لە تەنیشت دروست کرابوو. دیار نەبوو ئاخۆ ئەم شوێنە وێران کراوە یان پێشتر چۆڵ کرابوو. بەڵام لە سەر ئەم شوێنە بینایەکی دی لە سەر بنیات نرابوو. مێژووی بنیاتنانی ئەم دیوارە هێشتا دیاری نەکراوە، بەڵام چینەکانی سەرەوەی ئەم بینایە بە پێی کاربۆنی ١٤ بۆ ٣٦٠٠ تا ٣٦٥٠ ساڵ پێش دەگەڕایەوە/ هەر بە پێی ئەم خەمڵاندنە مێژووی ئەم دیوارە بۆ ٣٨٠٠ تا نزیک ٤٠٠٠ ساڵ دەگەڕێتەوە. ئەم شوێنە ماوەیەک دوای نیشتەجێبوون لە لایەن کەسانێکی نادیار سووتاندراو و وێران کراوە (ئەم چینە سووتاوە لە هێندێک شوێن دەگاتە نزیک ٤٠ سانتی متر). لە بەشی باکووری گردەکە هەر لەم چینەدا، دوو خانووی گەورە دەرکەوتن. ئەم خانوویانە لە خشتی

کاڵی گەورەی چوارگۆشە دروست کرابوون و هێم و بناخەی خانووەکان بە بەردی گەورە داندرابوون.

لە چینی سووتاوەکەی ئەم گردە لە نێو ژوورەکاندا کەرەستەیەکی کەم دۆزرایەوە کە ئەم ئەگەرە بەهێز دەکات پێش ئاگرتێبەردان ئەم شارە چۆڵ کرابێت.

بە پێی کاربۆنی ١٤ ئەم شوێنە سووتاوە کە ڕێک لە ژێر گۆڕستانی چاخی ئاسنە بۆ ٣٤٠٠تا ٣٥٠٠ساڵ پێش دەگەڕێتەوە و ئەم سواڵەتانەی کە لە بەشی باکووری گردەکە لەم چینە دۆزراونەتەوە ڕێک وەک سواڵتە بینراوەکانی ناوەندی گردەکە دەچن، لە هەردووک شوێن دەفری خابوور دۆزرایەوە. سواڵەتی ڕەنگ نۆکی بە نەخشی سێ‌سووچ و بادامی بە شێوەی زنجیری پێکەوە هەروەها نەخشی وەک شێوەی باڵندەکان دۆزرایەوە. لە هەردووک شوێن کە کاری کنە و پشکنینی لێ کرا، سواڵەتێ دۆزرانەوە کە بە دوو ڕەنگ یان زۆرتر نەخشێندرابوون، هەر وەک دەفری گوێکتەپە و سواڵەتەکانی کاپادووس لە باکووری کوردستان. یەکێکی دیکە لە سرنجڕاکێشترینی ئەم سواڵەتانەی کە لە چینی چاخی حەوتجۆش دۆزراوەتەوە، پلاکێکی گڵ بە نەخشی مرۆڤە. ئەم سواڵەتە چوارگۆشە کە وێنەی سەری مرۆڤێکی لە سەرە و بە شێوەی زەق هەڵکەندراوە لە کنە و پشکنین لە ناوەندی گردی دنخە دیترایەوە.

ئەم نەخشە وە ڕواڵەتی ژنێک دەچێ گەرچی هێڵێکی زۆر باریک لە سەر لێوێتی و ئەو گومانە دروست دەکات کە وێنەی پیاوێک بێت. موویەکانی زۆر درێژن و تا سەر شانی هاتوون، چاوەکانی زەق و لووتی شۆڕە و لێوەکانی ئەستوورن ئەم نەخشە لە جۆری خۆیدا زۆر بێ وێنەیە.

لە نێو ماڵەکان لە بەشی باکووری دنخە هەر لەم چینەدا (چاخی حەوتجۆش) دوو گۆڕی بەردی دۆزرانەوە کە هەرکامیان چەند مردوویان تێدا نێژرابوون. بە پێچەوانەی نەریتی چاخی کۆتایی ئاسن کە گۆڕەکان لە دەرەوەی ماڵەکاندا دروست دەکران، خەڵکانی نیشتەجێی دنخە لە چاخی حەوتجۆش مردووەکانیان لە ماڵەکانیان دەناشتن. ئەم گۆڕانە لە بەردی ئاسایی دروست کرابوون و سەریان بە تەختە بەردی پان داپۆشرابوون. لە نێو ئەم گۆڕانەدا چەند جۆر شت دۆزرانەوە کە بریتی بوون لە شمشێر، چەند چەقۆ، چەند دەرزیلەی حەوتجۆش و مزین و چەند گوارە و ئاوێزی بچووکی زێڕ. ئەوەی جێی سەرسووڕمانە هەموو کووپە و سواڵەتەکان لە جۆری ڕەنگ نۆکی زۆر ساکار بە بێ هیچ نەخش و نیگارێک بوون.

بە پێی ئەم بەڵگانە دەتوانین بەو دەرەنجامە بگەین کە کەلتووری خەڵک لە دەشتی شنۆ تا دەگاتە دەشتی سندووس و کەنارەکانی گۆلی ورمێ و دواتر سنووری باشووری کوردستان بەگشتی خاوەنی کەلتوورێکی یەکسان بوون و ئەم شوێنە نزیکی فەرهەنگی زۆریان لەگەڵ ناوچەی ئاناتۆل لە باکووری کوردستان و ڕۆژئاوای کوردستان هەروەها باشووری کوردستان تا نێوان دووچۆمان هەبووە. هێندێک بەڵگە لە بەر دەستن وەک شێوەی جۆری نەخشە سواڵەتەکان و دەفری خابوور کە دانیشتووانی دنخە لەگەڵ گردی گیان و گودین لە لوڕستان پێوەندییان هەبووە.

### گۆڕەکانی چاخی ئاسن (چینی سێهەم)

لەم گردە ١٠٥ گۆڕ دۆزرانەوە کە ٣٣ گۆڕ هی چاخی ئاسنی هەوەڵ بوون و زۆربەی ئەم گۆڕانە لە بەشی باکوور نێژرابوون.

کەچی لە بەشی باشوور و ڕۆژئاواش هێندێک گۆڕ دیترانەوە. ئەم گۆڕانە بە شێوەی تاکەکەسین و بە بێ هیچ نیشانە و هێمایەک بوون. بەشی ڕۆژهەڵاتی گۆڕەکان (گۆڕەکان لەم چاخە بە خشت دروست کراون) بە بێ دیوار بوون و پیاو، ژن و منداڵ هەموویان بە بێ جیاوازی لە یەک گۆڕستان نێژراون بۆیە مەزەندە دەکرێ هەموویان بە یەک شێوە و نەریت نێژرابن.

هەموو نێژراوانی چاخی دووهەم و سێهەم (ئاسنی یەک و دوو) لە ناو چاڵێک دان و سەریان بە گڵ پڕکراوەتەوە. ڕێگای ناسین و جیاکردنەوەی گۆڕەکان لە چاخی سێهەمی دنخە بە کەرەستەکەی ناو گۆڕەکان جیا دەکرێتەوە. قووڵایی گۆڕەکان لە چینی سێهەم زۆرترە لە قووڵایی گۆڕەکانی چینی دووهەمی دنخە.

لە ٣٣ گۆڕی چاخی ئاسنی هەوەڵ ٢٣ گۆڕ بە شێوەی چاڵێکی ساکار بوون، ١٠ گۆڕ بە شێوەی دیواری خشتی، چوار لەم گۆڕانە لە ڕیزێکی خشتی کاڵ کە لایەکی ئێسکەپەیکەرەکەیان دەگرت و سێ گۆڕی دیکە لە ڕیزێک بە خشتی کاڵ کە لە کۆتایی هەردووک سەری گۆڕەکان بەو شێوەیە ( [ ] )چەمابوونەوە و لای چەپ یا ڕاستی ئێسکەپەیکەرەکەیان دەگرت و لایەکەی دیکەی ئێسکەپەیکەرەکە بەبێ دیوار بوو دۆزرانەوە. هەروەها گۆڕێکی سێ‌سووچ کە ئێسکەپەیکەر و کەرەستەی دەناودا بوو دیترایەوە. بنی یەکێک لەم گۆڕانە بە خشتی کاڵ فەرش کرابوو.

تەرمەکان بەرەو باکوور باشوور یا ڕۆژهەڵات ڕۆژئاوا نێژرابوون بەڵام زۆرتریان بە شێوەی باکوور باشوور نێژرابوون. ڕووی تەرمەکان بەرەو هەموو شوێنەکان بوون و دیسپلینێکی دیاریکراویان نەبوو.

تەرمەکان لە سەر پشت یا لاتەنیشت بوون. قاچەکانیان جگە لە سێ تەرم بە شێوەی کۆکراوە بوون و دەستەکانیان لە لای دەم و چاویان یا لە سەر سینگیان داندرابوو یا دەستیان بۆ لای قاچیان درێژ کرابوون. هەشت گۆڕ دەستێکیان بۆ لای قاچیان و دەستەکەی دیکەیان لە سەر سینگیان داندرابوون.

هەواڵنامەی کتێب

## کەرەستە سواڵەتییەکانی دەوری سێهەمی دنخە

ئەم کەرەستانە بریتی بوون لە دەفری بۆریەدار کە نێوانی دەفر و بۆریەکە بەبێ کڵکە و دەسکن. فینجانی پێچکدار بە دەسکی ئاڵقەیی، دەفری جۆری لێو چەماوە بەرەو دەرەوە کە کونێکیان دە لێوەکەی دا بۆ هەڵواسین. لە ناو ١٧ لەم ٣٣ گۆڕە دەفری بۆریەدار نەدۆزرایەوە و گۆڕ کاس و فینجانیان دەنێودا بوو.

بە گشتی ٨١ سواڵەت لە چینی سێهەمی دنخە دۆزرانەوە کە ٨٠ سواڵەت لە نێو گۆڕەکاندا بوون و دانەیەک لە دەرەوەی گۆڕەکان بە هەڵکەوت دیترایەوە. لەم نێوەدا ٥٦ سواڵەت لە جۆری سواڵەتی ڕەنگ خۆڵەمێشی، ٢٣ سواڵەت لە جۆری ڕەنگ نۆکی و دانەیەکیان نەخشێندرابوو.

لە نێو چوار گۆڕ کەرەستەی شەڕ و چەک دۆزرایەوە. لە نێو ٣٠ لەم گۆڕانە خشڵی پیاوانە و ژنانە و منداڵانە دیترایەوە و ئەمەش دەرخەری ئەوەیە کە مردووەکان بە جل و بەرگ و خشڵ و گەواهیرات دەنێژران. لە هیچ کام لە گۆڕەکانی چاخی سێهەمی دنخە ئاسن نەدۆزرایەوە. تەنیا لە نێو گۆڕێک زێڕێکی بچووک و لە ناو گۆڕێکیش مۆرێکی گڵی بینرایەوە. هێندێک پاشماوەی خواردن وەک گۆشتی مەڕ و بزن لە ناو سێ گۆڕ دیترانەوە.

کۆتایی چاخی حەوتجۆش بۆ ٣٦٠٠ساڵ پێش دەگەڕێتەوە و دەسپێکی چاخی ئاسن ٣٥٠٠ساڵ پێشە. واتە کۆتایی چاخی حەوتجۆش و دەسپێکی چاخی ئاسن لەم گردە ١٠٠ ساڵی خایاندووە.

## بیناسازی لە چاخی دووهەمی دنخە

لە چەند شوێنی دنخە ئاسەواری چاخی ئاسن دەس کەوتوون. لەم ئاسەوارانە لە گۆڕستانە سەرەکییەکە پاشماوەی ٣ داشخانە دیترایەوە. هەروەها پاشماوەی چەند دیوار و هۆدەیەک کە ئەم دیوارانە بەهۆی هەڵکەندنی گۆڕ زۆر تێک چوون. بەشێکی دیکەی دیوارەکان لە شوێنێکی دیکە لە ژێر گۆڕی ژمارە ١٧ دۆزرایەوە کە ئەوەش ئاماژەیەکە کە ئەم شوێنە پێشتر چوڵ کراوە. لە شوێنی دیکەی کنینەکە داشخانەیەکی دیکەی گۆزە سوورکردنەوە دیترایەوە. لە سووچەکەی دیکەی ئەم کنە و پشکنینە دیوارێک دەرکەوت کە گۆڕێک لە نێو ئەم دیوارە نێژرابوو هەروەها گۆڕێکی لینەیی (خومرە) لە ژێر وەتاغەکە داندرابوو. گۆڕلینەیەکی دیکەش لە ژێر داشخانەکە وەدەر کەوت. لە سووچێکی دیکە دیوارێک بە درێژایی ٥/٥ متر وەدەرکەوت کە بەشی دەرەوەی دیوارەکە بە بەردی گەورە و بەشی ژووری دیوارەکە بە بەردی بچووک داندرابوو. بەردێک لە بەشی ڕۆژهەڵاتی ئەم دیوارە دۆزرایەوە کە پاژنەی دەرگاکە بوو. لە بەشی باشووری ئەم دیوارە شوێنێک دەرکەوت کە هەردەکەی بە خڕە بەرد فەرش کرابوو کە ڕەنگە کۆڵانێکی بەردفەڕشکراو بوبێت. هەر لە سەر ئەم شوێنە کە بە بەرد فەرش کرابوو، دوو مەنجەڵی چێشتەکوڵێن دیترانەوە. کۆمەڵێک خڕەبەردی دیکە کە بە شێوەی ئێلی ئینگلیسی داندرابوون و ڕێپلیکانێک بوون. لە مەودای یەک متری ئەم ڕێپلیکانە ڕیزێک بەرد داندرابوون کە بەشی بەردفەڕشەکەی بە بەرزی ٣٥تا ٥٠ سانت دەورە دابوو و ئەم بەشەش بە شوێنێک کە ئەویش بە خڕەبەردی گەورەتر بە پانایی ١/٣٠ یەک متر و سی سانت فەرش کرابوو دەبەستەوە. لە لای ڕۆژهەڵات دیوارێکی دیکە ئەو بەشەی دەگرتەوە کە بە خڕەبەرد فەرش کرابوو، بەم جۆرە ئەو دیوارە ڕێپلیکانێک بووە بۆ بەشە بەردفەرشکراوەکە کە ئەوشوێنەش هۆدەیەک بوو لە لای ڕۆژهەڵات جیا دەکرایەوە.

بە گشتی دەتوانین بڵێین دیواری کۆشکی پاشاکەی دنخە لە لای باکووری بەرەو باشوور ١٨ متر درێژایی و لە بەشی ڕۆژهەڵات بەرەو ڕۆژئاوا پتر لە ١٢ متر بووە. ئەم کۆشکە پتر لە ٩ هۆدەی هەبوون و دیوارەکانی زۆر پان و بەهێزن کە بە ئاسانی توانیویێتی قورسایی نهۆمی دووەم ڕابگرێ. لە یەکێک لە هۆڵە درێژەکان چەند کۆڵەکەی داری لێبووە. بە گشتی ئەوەی بەجێ ماوە ئاماژەیە بە باڵەخانەیەکی گەورە کە لە چاخی دووهەمی ئاسن لە سەر ئەم گردە بەجێ ماوە.

لە کنە و پشکنینەکەی دیکەی بەشی باکوور وێرانەی خانوویەک وەدەر کەوت کە پانایی دیوارەکەی مترێک و پانزدەسانت بوو کە بەشی دەرەوەی بە بەردی گەورە و بەشی ژوورەوەی بە بەردی بچووکتر دروست کرابوون. دوو هۆدەی چوارگۆشە هەر لەم بەشە دەرکەوتن کە گەورەییان ٣/٦٠ × ٣/٧٥ متر بوو و ئەوی تریان ٣/٢٠×٧/٤٠ بوو.

لە لای باشوور هۆدەیەکی بچووکتر دروست کرابوو. لە هیچ کام لەم ژوورانە ئاسەوارێک لە سووتان بەدی نەکرا. ئەوەی جێی سرنجە هەر لەم شوێنە دوو تەختە بەردی دیکە دۆزرانەوە کە بە دڵنیایی تەختەبەردی بن کۆڵەکەدارینەکان بوون کە ئێستا کۆڵەکەکان نەماون و دیار نییە چەند کۆڵەکەی دیکەشی هەبوون بەڵام وێناچێ ڕێژەی کۆڵەکەکان لە ٤ یا ٥ کۆڵەکە وەسەر کەوێ.

## گۆڕەکانی ناو چینی دووهەمی دنخە (چاخی ئاسنی دووهەم)

لەم چینە ٦٨ گۆڕ دیترانەوە کە لە نێویاندا ١٩ گۆڕ لە ناو لینەدا نێژرابوون. ئەم گۆزە گەورانە تەرمی منداڵانیان تێدابوو. لەم نێوەدا ٥ گۆڕ بە هۆی نەبوونی بەڵگەی تەواو نەتوانرا بە دەورەی دوو یا سێی دنخە ببەسترێنەوە. ١٢گۆڕ بە شێوەی ساکار چاڵ کرابوون٣١ گۆڕ بە خشتی کاڵ لە سێ لایەوە دەورە درابوون و تەنیا بەشێکیان بێ دیوار بوون. ٦ گۆڕ بە بەرد دروست

هەواڵنامەی کتێب

کرابوون و زۆرتری گۆڕەکان بەرەو باشوور و باکوور بوون. تەرمەکان لە سەر پشت یا لە سەر تەنیشت داندرابوون. لە زۆرتری گۆڕەکان تەرمەکان بە شێوەی دەست و پێ خڕکراوە بوون. لە دوو گۆڕ دەستێکیان بەرەو خوار و دەستەکەی دیکەیان چەمابۆوە و لە سەر سینگیان داندرابوون وەک نەریتی پێش خۆیان.

لە گۆڕە خشتینەکاندا زۆربەی گۆڕەکان، بەشی ڕۆژئاوایان بەبێ دیوار بوو. لە گۆڕە بەردییەکان چوار گۆڕ بەشی ڕۆژهەڵاتیان بەبێ دیوار بوون. گۆڕێکیش بەشی ڕۆژئاوای بەبێ دیوار بوو.

لەم چاخەدا ناشتن بە شێوەی تاکەکەسی بوو بەڵام لە نێو چوار گۆڕ دوو تەرمیان تێدا نێژرابوون، یەکێکیان هی دایک و منداڵێک، ئەوەی تر هی دایک و کۆرپەیەک دوو جۆری دیکەی ئەم شێوازە ناشتنەی لە ناو گۆڕە بەردییەکان بوو کە هەر کامیان دوو مرۆڤی بەتەمەنیان تێدا نێژرابوو.

لەم چینەش وەک چینی خوارەوە هیچ جیاوازییەک لە نێوان گۆڕی ژن و پیاو و منداڵەکان نەبوو و هەر هەموویا لە گۆڕستانێک نێژرابوون جگە لەوەی کە هێندێک جار منداڵەکان لە ناو لینەدا نێژرابوون. کەرەستەی ناو گۆڕەکانی ئەم دەورە جۆرێک سواڵەتی بۆریەدار بوون بەبێ لەنگەری نێوان بۆری و سواڵەتەکە. لەم دەورە هەم سواڵەتی خۆڵەمێشی و هەم سواڵەتی ڕەنگ نۆکی کەڵکیان لێ وەردەگیرا بەڵام زۆرتریان سواڵەتی ڕەنگ نۆکین. بەگشتی لە ٢٥٢ دەفری سواڵەتی کە لە دنخە لە چاخی دووهەمی ئاسن دۆزرانەوە ٢٢٩یان لە نێو گۆڕدا نێژرابوون، ١٩ گۆڕ لە نێو لینە و دوو گۆڕ لە ژێر داشخانە دۆزرانەوە، دوو گۆڕ لە نێو بیناکان بوون لەم نێوەدا ٦٧ سواڵەتی ڕەنگ خۆڵەمێشی و ١٨٥ ی ڕەنگ نۆکی دۆزرانەوە.

لە نێو ئەم گۆڕانە ڕێژەی سواڵەتەکان سفر تا ٢٦ دانە بوون (ئەو گۆڕانەی کە هیچیان لێ نەدیتراوە بە هۆی هەڵدانەوەی ناتەواویان بوو) کە لە زۆربەی گۆڕەکان ٤ هەتا ٥ سواڵەتیان تێدابوو. بەڵام گۆڕە بەردییەکان ڕێژەیەکی زۆرتری دەفر و سواڵەتیان تێدا نێژرابوو.لە نێو ٣٧ گۆڕ خشڵ دۆزرایەوە. لە نێو چوار گۆڕیش تۆق دیترایەوە. ٧ گۆڕ چەکیان تێدابوو. لە نێو گۆڕێکیشدا لەغاوێکی ئەسپ دیترایەوە. خشڵ و چەکەکان لە جنسی ئاسن و حەوتجۆش بوون بەڵام ڕێژەی حەوتجۆش زۆرتر بوو. جگە لەمانە ١٧٢ خشڵی حەوتجۆش،٨١ خشڵی ئاسن و لە نێو چەکەکان ١٦ئاسن و ٣یان حەوتجۆش بوون. ئێسقانی بزن و مەڕ لە نێو زۆربەی گۆڕەکاندا هەبوو.

### ناشتن لە نێو لینەدا

لە گردی دنخە ١٩ گۆڕی لینەیی دۆزراوەتەوە. زۆرتری گۆڕەکان بە پێی قووڵایی و کەرەستەی ناویان بۆ چاخی سێهەمی دنخە دەگەڕێنەوە واتە چاخی دووهەمی ئاسن، چون زۆرینەیان لە چینی سەرەوەی دەوری دووهەمی دنخەن واتە چاخی ئاسنی هەوەڵ دۆزراوەتەوە. لە نێو هێندێک لەم گۆڕلینانەدا سواڵەتیان تێدا نێژرابوو.

دەفرە نێژراوەکان لە جۆری ڕەنگ نۆکی و مات یا مەنجەڵی چێشتەکوڵێن و هێندێک داریان تێدابوو. هێندێک لەم لینانە زارکیان تەسک و هێندێکیش زارکیان گەورە بوون. زۆرتری گۆڕلینەکان تایبەت بە منداڵان بوون، بەڵام لە ناو یەکێکیان ددانی مرۆڤێکی بەتەمەنی تێدا دۆزرایەوە. زارکی ئەم لینانە بە سواڵەتی گەورە گیرابوون. لینەکان زۆرتر لە سەر تەنیشت داندرابوون بەڵام هێندێکیان بە شێوەی قیت و هێندێکیش سەراوبن داندرابوون.

لینەکانی کە لە سەر تەنیشت داندرابوون بەرەو باکوور و باشوور یا ڕۆژهەڵات و ڕۆژئاوا بوون. لە ٧ گۆڕلینەدا دەفری ناشتراو لە تەک گۆڕلینەکان داندرابوون و چوار گۆڕلینەش سواڵەتەکان لە دەرەوە بوون و خشڵەکان لە نێو لینەکاندا بوون.

یەکێک لە جوانترین سواڵەتەکانی کە لەم گردە دیتراوەتەوە، سواڵەتێکە بە شێوەی باڵندە کە لە سێ دەفری پێکەوە دروست کراوە. چاوەکانی بە دوو قووڵایی بچووک دیاری کراوە و دوو هێڵی هەڵکەندراو لە سەر ملی کێشراوەتەوە. جگە لەمانە بڕێکی زۆر عەقیقی سلێمانی و مۆری شووشەیی و هێندێک دەرزیلە کە زۆرتریان جنسی حەوتجۆش و هێندێک ئاسن و زیو بوون.

بە پێی سواڵەتە ساکارەکانی ئەم گردە ئەم ڕێژە زۆرە خۆی جێی سەرسووڕمانە. لەم گردە تەنیا چەند کەرتی بچووکی زێڕ دۆزرایەوە کە بریتی بوون لە جووتە گوارەیەک، دوو تۆقی بچووک و چوار ئاڵقەی ساکاری زیوین و دوو سیمی بچووکی زێڕی لوولدراو. لە چاخی کۆن بە هۆی هەڵکەوتەی جوگرافی تایبەت دنخە ڕۆڵێکی سەرەکی هەبووە لە توجارەتی نێوان کێوەکانی باکووری ئێرانی ئەمڕۆ و وڵاتی نێوان دووچۆمان.ئەوەی جێی داخە ئەم شارستانییەتە گرینگە زۆر بە کەمی کاری توێژینەوەی لە سەر کراوە و نزیک٥٠ ساڵە هیچ ئاوڕێکی وێ نەدراوەتەوە و ڕۆژ نییە تاڵانچی ئاسەوارە دێرینەکان ئەم گردە هەڵنەکوڵن. سەرەڕای ئەمە لە لایان جووتیارانی ئەم ناوچەیە گردەکە تەخت دەکرێ و ئێستا ڕووبەرێکی زۆری کراوەتە زەویی جووتیاری و باغات و بەشێکی زۆریش لەم گڵە لە ساڵانی پێش بۆ سواخکردنی بانی خانووەکان لە لایەن گوندنشینان ڕاگوێزراوە و دەکار کراوە. دنخە ئەو شارستانییەتەیە کە لە ئەگەری توێژینەوەی وردی زانستی زۆر گرێکوێرەی مێژوو بەتایبەت سەردەمی چاخی ئاسنی کۆن و حەوتجۆش و بگرە پێشتریش لەدڵدا شاردراوەتەوە.

کەماڵ مەسعوودی – مەهاباد



# ناساندنی کتێبی «شوانی کورد»

ناوی کتێب: شوانی کورد/ نووسەر: عەرەبی شەمۆ
ساڵی چاپ: ١٩٣٥ یەریڤان
وەرگێڕ بۆ کوردی ناوەڕاست:
محەمەد خزری ئەقدەم
ناوەندی چاپ: مادیار ١٣٩٨

١) سەرەتا: نووسین و تۆمارکردن بەشێکی سەرەکی لە هەرمان و مانەوەی هەر کۆمەڵگە و نەتەوەیەک پێکدێنێ. دەربڕین و نوسینەوە بەهانەیە بۆ خۆناساندن و خۆنواندن. دەربڕین لە چەشنی ئەدەب و وێژە، بریتییە لە گێڕانەوەی هەست و سۆز و چیرۆکەکانی ژیانی تاک،کۆمەڵگە و ئاوەز و ئارەزۆکانیان. نووسینەوە و تۆمارکردنی ئەو ڕووداوانەش ماندگاری و بەڵگەکردنی ژیانی کۆمەڵگەیە. ئەدەب بە هەموو چەشنەکانی لە شێعر و وێژەوە تا پەخشان و ڕۆمان و... چەشنێکن لەو مژارە. شێعر دەربڕینی هەست و سۆز و هونەرە بە شێوازێکی ئیحساسی. چیرۆکیش چەشنێک گێڕانەوەیە کە بریتییە لە تێکەڵاوی هەست و بیرمەندی. چیرۆک گێڕانەوەیە لە بەستێنێکی فراوانی زمانەوانیدا. گرینگی چیرۆکنووسین لەوەدایە کە زمان وەک ئامرازێکی شوناس و ناسنامە دەردەکەوێ و وەک داڵیکی بەهێز مەدلولەکەی پێناسە دەکات. لە سەدی حەڤدەوە لە ڕۆژئاوا ڕۆمان وەک نۆرمێکی نوێی گێڕانەوە لەدایکبوو و لەماوەیەکی کەمدا توانی تەنگ بە بەشەکانی تری ئەدەب هەڵچنێ!هەربۆیەشە کە زانایەک پێیوایە ئەو زمانانەی بتوانن بگەنە ئاستی ڕۆمان نووسین لە مەترسی لەناوچوون ڕزگاریان دەبێ! بێگومانیش وایە، زمانی ڕوسی بەخۆیی و بە سەدان ڕۆمانی بان چەندسەت لاپەڕەوە توانیوێتی خۆی وەک زمانێک بناسێنێ کە ڕۆمانی پێدەنووسرێ و فەلسەفەی پێ شەندوکۆ دەکرێ و سەنگ و گرانی خۆی هەیە. کێ هەیە ئەو ڕاستییە موکور نەکا!

٢) ئەرمەنستان وەک سەرەتایەک

یەکێتی سۆڤییەت لە سەرەتاکانی سەدەی بیست وەک شێوازێکی نوێی دەسەڵاتی سیاسی لەدایکبوو و لە ماوەیەکی کورت دا توانی دەسکەوتگەلێکی زێدە بخوڵقێنێ کە لەمەوبەر یان بوونیان نەبوو یان ئەگەریش هەبوون زۆر لاواز و بێتوانست بوون. لێرەدا ئامانج پێهەڵگوتن یان تانەلێدان لە ئەزموونی سۆڤییەت نییە، ئامامج ئاماژە پێدان بەو هەنگاوانەیە کەلەسەردەمی دەسەڵاتی سۆسیالیستی لەو وەڵاتە دەستەبەرکراون.جا کەموکوڕی و خەسارەکانی ئەو ئەزموونە بابمێننەوە بۆ کاتێکی تر!

سۆڤییەت بە پێی ئەو مانیفێست و پێڕستەی بۆخۆی تاریفاندبووی مۆڵەتیدا بەو گەلانە و جڤاکانەی لە سێبەریدا دەژیان تا پەرە بە زمان و ئەدەبی خۆیان بدەن و بۆ ئەم مەبەستەش برەپارەشی بۆ تەرخان دەکرد. گرینگی ئەو مەبەستە لەوەدایە کە هاوکات لەگەڵ ئەو کرانەوە پڕشنگدارانە لە سۆڤییەت، لەو ساڵانەدا کوردانی ژێردەسەڵاتی تورکیا کۆمەڵکوژدەکران و کوردستانی خەیاڵی لەژێر تۆنێک چیمەنتۆدا بۆ هەمیشە ژێرئەرد دەکرا! لە عێراقیش لەسایەی ئاڵوگۆڕی سیاسی دەسەڵاتی ناوەندا کوردەکان ڕەوشێکی باشتر نەدەژیان. هەر لەو سەردەمانە لە ئێرانیش ڕەزاخان هەسپی دەوڵەت- نەتەوەی پارسی تاودەدا و هەموو کولتور و ناسنامە و پێکهاتەکانی دەکرد بە قوربانی سازدانی زمان و ناسنامەی میللی!

لەوسەردەمانەدا سۆڤییەت و بەتایبەتیش ئەرمەنستان و کوردانی ئێزدی ئەو دەڤەرە ببونە پێشەنگ و پێشڕەوی نووسینەوە و تۆمارکردنی مێژوو و پەرەپێدانی زمان و ئەدەب و وێژە!

ساڵی ١٩٢١ کۆماری ئەرمەنستان بە فەرمی مۆڵەتیدا لە خوێندنگاکان زمانی کوردی وەک وانە بگوترێتەوە. ساڵی ١٩٢٦، زارە، وەک یەکەم فیلم کە باس لە ژیان و بەسەرهاتی کوردانی ئێزدی دەکات لە لایەن هاموبیک نازاریان لە ئەرمەنستان بەرهەم هات. ساڵی ١٩٣٠، ڕۆژنامەی "ڕێیاتازە" وەک ئەزموونێکی تازە و سەرکەوتووی ڕۆژنامەوانی کوردی لە ئەرمەنستان لەدایک بوو! لە ١٩٣١ "کۆچەک درۆیین " وەک یەکەم چاپکراوی کوردی لە لایەن عەرەبی شەمۆوە کەوتە بەردیدەی خوێنەران. لە سەرەتاکانی ١٩٤٠ ڕادیۆ یەریڤان دەستی بە پەخش کرد و لەگەڵ هێندێک گۆڕان و ئاستەنگی تا ئێستاش خەباتەکەی بەردەوامی هەبووە! کوردناسی لە ١٩٦٢ وەک وانە لە زانستگەی یەریڤان گوتراوەتەوە. بە دەیان نووسەر و وێژەوان و مێژوونوس و لێکۆڵەرەوە و ئاکادمیک لە زانستگەکانی ئەو وەڵاتە هاتنەدەرێ. قەناتی کۆردۆ،عەرەبی شەمۆ،حەجی جندی، ئەمین ئەڤدال،جەلیلێ جەلیل، شاکیرۆ و...

ئەگەر کوورتی ببڕینەوە لەو ساڵانەدا یەکێتی سۆڤییەت و کۆماری ئەرمەنستان دەرفەتێکی زێڕیین بوون بۆ لەدایکبوون و گەشەسەندنی زمان و ئەدەب و خوێندەواریی کوردی. جێگایەتی لێرەوە ماڵئاوەدانێکیان پێشکەش بکەین!

٣) عەرەبی شەمۆ یان شۆلۆخۆڤی کوردان!

عەرەبی شەمۆ لە ساڵی ١٨٩٧ لە گوندێکی سەر بە شاری قەرس لە دەوروبەری چیای سەرکەشی ئاگری لەدایک بووە. هەر لە منداڵیەوە لە شوێن چوونە خوێندنگە و پەروەدەدیتن بە هۆی نەداری بنەماڵەکەی بووەتە شوانکارە و گەڕیدەی چیا و زناران بووە. بە هۆی هەڵکەوتی ناوچەکە و تێکەڵاوی دانیشتووانی زمانەکانی کوردی،تورکی،روسی وئەرمەنی زانیوە و هەرلەبەر ئەو تایبەتمەندییەش لە ساڵانی شەڕی یەکەمی جیهاندا وەکو وەرگێڕ لە ئەرتەشی رووسیا دامەزراوە. لە کاتی سەرهەڵدانی شۆڕشی ئۆکتۆبر لە رووسیا بەشداری حیزبی بۆلشویکی کردووە و تامی سەرکەوتنی شۆڕشی هەژارانی چێشتووە. لە دوای سەرکەوتنی شۆڕش بەشداری شەڕی نێوخۆیی رووسیای کردووە. لە ١٩٢٠لە زانکۆی مۆسکۆ وەردەگیرێ. لە ١٩٢٤ دەگەڕێتەوە هەرێمی ئەلەگەز و کارو خەباتی فەرهەنگی و رێکخستنی دەکات. ئەندامی دەستەی نووسەرانی رۆژنامەی رێیاتازە بووە.

لە ١٩٢١ یەکەم کتێبی فێرکاری زمانی کوردی ئامادە کردووە.لە ١٩٣٧ دەکەوێتە بەر غەزەبی ئیستالین و تا ١٩٥٦ رادەگوسترێ بۆ سیبیری. دوای مردنی ئیستالین دەگەڕێتەوە ئەلەگەز.خەڵاتی ساڵانەی لینینی پێبەخشراوە و ماکسیم گورکی مەزن بەرێزەوە باسی کردووە. ئەندامی کۆڕی زانیاری کورد بووە لە بەغدا و لە کۆتایی دا لە ١٩٧٨ دڵی گەورەی لە کوتان کەوتووە ومالاوایی لە ژیان کردووە.

بەشێک لە کتێب و کارەکانی عەرەب ئەمانەن: بەربانگ(١٩٥٨)،ژیانابەختەوەر(١٩٥٩)،دمدم(١٩٦٦)،حۆپۆ(١٩٦٩)،شڤاناکورمانجا(١٩٣٥)،....

٤) شوانی کورد وەک یەکەم رۆمانی کوردی

عەرەب شەمۆ بە پێی گەڕان و لێگەڕان و لێکۆڵینەوەکانی لەگەڵ ئەدەبی رووس ناسیاوی پەیدا دەکا ولەناو دەریا کاکی بەکاکیکەی رۆمان و چیرۆکی رووس نوقم دەبێ. هاوکات بۆخۆی وەک بەڕێوەبەرێکی دەزگای پروپاگەندای سۆڤییەت لە گەڵ چەمکی ریالیسمی سۆسیالیستی ئاشنا دەبێ و تێدەگا کە ئیدارەی فەرهەنگی سۆڤییەت هەوڵ دەدات لە رێی فەرهەنگ و هونەر و سینەما و بەستێنەکانی تری ئەدەبیات چەشنێکی‌تری مرۆڤ لە ژێر ناوی مرۆڤی تازە بخولقێنێ! هەربۆیەشە کە عەرەب هەم بۆخۆی لەم بوارەدا کاری کرد هەمیش دەست و پەیوەندەکانی هاندەدا کەمتەرخەمی نەنوێنن و قۆڵی لێهەڵماڵن! "شڤانێ کورمانجا" و " کوردێن ئەلەگەزێ" لە وەها سەروبەندێکیدا لەدایکبوون و شانازی یەکەم رۆمانی کوردییان پێبەخشرا.

شوانی کورد لە سەرەتای ساڵانی سی نووسراوە و لە ١٩٣٥ لەچاپدراوە. هەر بە زوویش بۆ چەند زمانی تر وەرگێردراوە، لە وانە روسی و ئەرمەنی و فەڕانسەیی. ئەو نوسخەی لەبەردەستماندایە نوورەدین زازا لە زمانی فەڕانسەوی وەریگێڕاوەتەوە سەر کوردی. دیارە کوردانی باکووریش چەند جاران وەریانگێڕاوە و لەچاپیان داوە، بەڵام شیمانەی ئەوە دەکرێ کە کارەکەی زازا هێژاتر بێت و بنەمایە.

گرینگایەتی شوانی کورد لەوەدایە کە هەنگاوی یەکەمە بۆ رۆماننوسی کوردی و راستەراست ئەو هاشوهوشانە وەدرۆ دەخاتەوە کە پێیانوایە کوردی زمانی نووسین نیە و تەنیا جۆرێک دەربڕینی کۆمەڵە خەڵکێکی شاخاوییە.

رۆمان وەک نۆرمی گێرانەوەی بەسەرهات و سەربوردەی خەڵکان و کۆمەڵگەکان لە سەرەتاکانی سەدەی بیستی زایینی و بە دیاریکراوی لە کۆتایی بیستەکان و سەرەتای سییەکان بوو بە میوانی خانەی ئەدەبی وەڵاتانی رۆژهەڵات. رۆمانی تورکی و فارسی و عەرەبی کە لەسەر کیسەی خەلیفەی بۆی دانیشتبوون زوو گەشەیان کرد و پێرۆکەبوون و بۆخۆیان بوون بە کەسێک! سادق هیدایەت لە ١٩٣٦ یەکەم رۆمانی فارسی لەچاپداوە. دیارە مێژووی نووسین و چیرۆکنوسی فارسی کۆنترە، بەڵام ئەگەر مژار رۆمان بێت ئەوە ئەزمونەکەی هیدایەت هەنگاوی یەکەمە. رۆمانی عەرەبی بەهۆی کراوەبوونی وەڵاتی میسر و تێکەڵی زیاتری لە گەڵ وەڵاتانی رۆژئاوا زوتر لەدایکبوو. راستە محەمەدحسێن هەیکەل لە ١٩١٤ یەکەم رۆمانی عەرەبی بە نێوی "زێنەب" نوسی بەڵام تا ئەوکاتەی لە ١٩٢٩ بۆ جاری دووهەم لەچاپدرایەوە نێوونێوبانگێکی وای بۆخۆی دەستەبەر نەکرد!

هەر بەو پێودانگەش سییەکانی سەدەی بیست سەرەتایە بۆ رۆمان و رۆماننوسی لە رۆژهەڵاتی ناوەراست. رۆمانی کوردیی "شوانی کورد" لەو روانگەوە گرینگە و جێگای تایبەتی هەیە.

شوانی کورد لە بواری شێواز و داڕشتنەوە لەسەر بنەمای رئالیسمی سۆسیالیستی کە ئەوکات لە رووسیای سۆسیالیست باوبوو نووسراوە. لەم چەمکە لە ئەدەب، نووسەر هەوڵ دەدات کێشە و گرفتەکانی کۆمەڵگەیەکی دواکەوتوو و لەسەر رێگای گۆران هێما بکات و بەدەستێوەردانێکی شۆڕشگێرانە بیپەرێنێتەوە کەنارەکانی ژیانێکی تازە ویەکسان و بەرابەر. میخایل شۆلۆخۆڤ (١٩٨٤-١٩٠٥) یەکێکە لە سەرکەوتووترینی ئەو نووسەرانە کەلەو بەستێنەدا کاریان کردووە. رۆمانەکانی" زەوی تازە ئاباد" و "دۆنی ئارام" شاکاری جیهانین لەو بوارەدا کە لە لایەن شۆلۆخۆڤ نووسراون. نووسەر لەهەردووک لەو رۆمانانەدا سەردەمانی شۆڕشی ئۆکتەبر لە ١٩١٧ باس دەکات و دەگێڕێتەوە کە چۆن شۆڕشڤانان بۆ سڕینەوەی نەهامەتێکانی کۆمەڵگەی کۆن و جێگیرکردنی جیهانێکی نوێ تێکۆشان

دەکەن و بەرەنگاری ئاغای ملهوڕ دەبنەوە و دەکوژن و دەکوژرێن! عەرەبی کوردانیش هەر بەو پێودانگە وەک ئەرکێکی مێژوویی هەوڵ دەدات دوای سەرکەتن لە شەڕی نێوخۆیی رووسیا بگەڕێتەوە ئەلەگەز و بەرەنگاری ئاغا و کوێخا بێتەوە و پیلانەکانی داشناکی رەگەزپەرستی ئەرمەن تێک بدا و کوردە کۆچەرێکان فێری جڤات و شوڕا و کاری رێکخستنی کۆمەڵایەتی بکات. شوانی کورد لەم بوارەدا بەشێکە لە ئەدەبیاتی فەرمی حکومەتی سۆڤییەت و عەرەبی شەمۆش خۆی شۆلۆخۆفێکە لە وەڵاتی کوردان دا!

رۆمان لە دوو بەش پێکدێ؛ بەشی یەکەم بەنێوی شوانی کورد کە گێرانەوەی ژیان و بەسەرهاتی نووسەر خۆیەتی و لێرەدا نووسەر بە شیرینی و پووختی هەوڵی داوە بەسەرهاتی خۆی بکاتە رۆمان. لەم بەشەدا لە گەڵ کۆمەڵێک رووداوی شیرین و تاڵ و بەسەرهاتی سەیروەهەست بزوێن، نووسەر پەژراوەتە سەر گەلێک مژار و کێشەی کۆمەڵایەتی نێو جڤاکی کوردان. شیربایی وەرگردن و مامەڵەی بەدەرلە نرخە مرۆییەکان لەگەڵ ژن، چەوساندنەوەی خەڵکی رەشانی و نەدار لە لایەن دەوڵەمەند و دەست ڕۆیشتوان،دەست تێکەڵ کردنی ئاغا وکوێخا و دەستوپەیوەندیکانیان لەگەڵ دەسەڵاتدارە تیزارێکان و...

لە دوو توێ بەشی یەکەمی رۆمانەکەدا ساڵانی شەڕی یەکەمی جیهانی و کاردانەوەکانی لەسەر وەڵاتی کوردان بە جوانی دەبیندرێ. رۆژێک سوپای رووسی تیزاری و رۆژێک سوپای عوسمانی و سەردەمانێک نەتەوەپەرستە ئەرمەنێکان لەسەر جەستەی ئەو نیشتمانە بریندارە دەیکەنە تەراتێن، مڵک و ماڵی کوردان غارەت دەکەن، دەست داوێنە نامووسی ژنان و شارەکان قەڵاچۆدەکەن و تێدەپەڕن. عەرەب خۆی بەشێکە لەو چیرۆکە و بە باوەڕی من ئەو سەردەمانەی بە جوانی بۆمان نەخشاندووە.

بەشی دووهەمی رۆمانەکە واتا"کوردانی ئەلەگەز" سەردەمانی دوای سەرکەوتنی شۆڕشی ئۆکتوبرمان بۆ باس دەکات. شۆڕش سەرکەوتووە و عەرەبی گیان بەدەربردوو لەو هەموو شەڕو نەهامەتییە دەگەڕێتەوە ئەلەگەز تا پاشماوەکانی دەرەبەگایەتی و ژیانی کۆن راماڵێ و شرۆشیپاڵی ئاغاوەت تێکومەکان بدات و شارستانییەت بۆ کوردەکۆچەرێکان بەیادگار بێنێت! لێرەدا دەبێ بڵێین عەرەب هەم لە گێرانەوە دا و هەمیش لە هێماکردنی ئەو ژیانەی بریارە بۆ کوردان سازی بکات سەرکەوتوو نەبووە! ئەگەر رۆمانی"زەوی تازەئاوای" شۆلۆخۆڤ وەک نموونەیەکی سەرکەوتووی ئەدەبی رئالیزمی کۆمەڵایەتی بدەینە بەرچاومان بۆمان دەردەکەوێ کە گێرانەوەکەی عەرەب لاواز و سەرنەکەوتووو بووە و لە ئەدەب زیاتر پروپاگەندا و پێهەڵگووتنی حکومەت و دەسەڵاتە!

لەگەڵ هەمووی ئەو باسانە رۆمانی شوانی کورد جێگای تایبەتی خۆی لەناو کتێبخانەی کوردیدا هەیە و وەک یەکەم رۆمانی کوردی گرینگایەتی زۆری هەیە. دەبێ ئەوەش بگووترێ کە بەداخەوە ئەو رۆمانە تا ئێستا شوێنی تایبەتی خۆی نەبینیوە و نەکەوتۆتە بەر سرنجی نووسەر و رەخنەگران و بێ لوتفی لەگەڵ کراوە!

لەبەرچاوگرتنی رۆمانی شوانی کورد بۆ تیشک خستنە سەر رووداوە مێژوویەکانی ساڵانی شەڕی جیهانی یەکەم، ناسینی دابونەریتی کۆمەڵگەی کورد و پەیوەندیٔ نێوخۆییەکانیان و.. و لەهەمووشیان گرینگتر وەک بەشێک لە مێژووی ئەدەبی کوردی زۆر گرینگە و دەبێ گرینگایەتی پێبدرێ!

٥) وەرگێرانی شوانی کورد

سەبارەت بە وەرگێرانی شوانی کورد لە زاراوەی کورمانجی بۆ سۆرانی یان کووردی ناوەڕاست دەکرێ چەند مژار لەبەرچاو بگیرێ.

یەکەم: وەرگێران لە زارەویەکی کوردی بۆ زاراوەیەکی تر؛ سەبارەت بەم باسە زۆر قسەکراوە و هەم لایەنگری هەیە هەمیش دژبەر. دژبەران پێیان وایە دەبێ خوێنەران ببنە خاوەنی زانستی تێگەیشتنی هەموو زاروزاراوەکانی زمانی کوردی و وەرگێران لە زاراوەیەک بۆ زاراوەیەکی تری کوردی مەترسی زیاتر دووربوونە و لێکدابرانی نێوان لقەکانی زمانی کوردی لێدەکەوێتەوە! لایەنگران بەڵام لەوباوەڕەدان کە دەبێ قەبوڵی بکەین زاراوە جۆربەجۆرەکانی زمانی کوردی تا رادەیەک سەربەخۆن و تایبەتمەندی تایبەت بە خۆیان هەیە و لە وانەیە هەورامییەک نە بۆی بلوێ زازاکی فێربێ و نەش پێویستی پێی هەبێ! دیارە ئێمە لەسەردەمانێک داین کە ئەنجامدان یان نەدانی کارێک بە پێوەری خێر و قازانج (فایدەگەرایی) دەپێوترێ، جا کە وایە لە وانەیە فەیلییەک هیچ کات بیرنەکاتەوە کە فێربوونی زاراوەی کورمانجی و خوێندنەوەی ئەدەبی ئەو زاراوە بە پیتی لاتین قازانجێکی ئەوتۆی هەبێ کە کاتی بۆ تەرخان بکات! گرینگی یەکخستنی زاراوەکان و کردنیان بە یەک یان لانیکەم وەپێشدانی زاراوەیەک بەسەرئەوانی تردا(بە دیاری سۆرانی) تەنیا بیرکردنەوەیەکی تەسکی ناسیۆنالیستی و ناوچەگەراییە و بەس!

دووهەم: مژاری تێکهەڵکێشکردنی زاراوەکانیش هەر وەک مژارەکەی تر هاڵوز و جێگای مشتومڕە.لە جەماڵ نەبەزەوە تا هەژار موکریانی هەوڵێکی زۆر بۆ ئەم مەبەستە دراوە و دیارە هێندێک سەرکەوتنیشی بەدەستهێناوە. دەکرێ بگوترێ کەڵکوەرگرتن لە تواناکانی زاراوەکان ساناتر و لۆژیکیترە لە سازدانی زمانی یەکگرتوو و تاکانە. دەکرێ زاراوە

جۆربەجۆرەکانی زمانی کوردی بەفەرمی بناسرێن، هەر کامەو ئەدەبیات و شێوە ئاخاوتن و نووسینی تایبەت بە خۆی هەبێ و لە هەمان کاتدا بۆ چارەسەرکردنی کێشە زمانێکانی لە دەوڵەمەندی زاراوەی جیران کەڵک وەرگرن.

به لەبەرچاوگرتنی ئەم خاڵانە دەکرێ وەرگێرانەکەی بەرێز محەمەدخزری ئەقدەم بخەینە بەر تیشکی رەخنەگرتن و لێکدانەوە؛ هەوڵی وەرگێران لە زاراوەیەکی کوردی بۆ زاراوەیەکی تری کوردی لای من بڤە نییە و دەکرێ هەلێکی باش بێ بۆ ناساندنی زیاتری نووسەران و پەرەدان بە زمانی کوردی. هەوڵی وەرگێری بەرێز لێرەدا شیاوی پێزانین و دەسخۆشی گووتنە! وەرگێر لە گەڵ وەرگێرانی کتێبەکەی عەرەبی شەمۆ هەوڵی داوە تائەو جێگایەی بۆی بکرێ تێکهەڵکێشی زاراوەکانیش بکات. لە هەرکوێ بۆی کراوە وشەگەلی کورمانجی و هەورامی و بابانی و.. خستۆتە ناو دیالکتیکەکەی. ئەم تەجرووبەیەی وەرگێر لە هێندێک شوێن زمانەکەی شیرین کردووە و چێژی تایبەتی داوە بە کارەکە، لە هێندێک شوێنیش دیارە زیادەڕۆیی پێوەدیارە و بۆ تێگەیشتن لە بابەتەکە خوێنەر دەخاتە بەلەقاژەوە! ئاستی زمانزانی و هەگبەی پڕی وشەدانی وەرگێر جێگای رێز و ئافەریم گووتنە، لە هەمانکاتدا دەبێ بڵێین هەڵرشتنی هەمووی هەگبەکەش لە تۆی چەند لاپەرە و رستەدا دەکرێ ببێتە هۆکاری سەرلێشێوانی خوێنەر. وەرگێر دەیتوانی ئەو فەرهەنگۆکەی لە کۆتایی کتێبەدا هێناویەتی، هەنگاوبەهەنگاو و هەر وشە و لە لاپەرەی تایبەتی خۆیدا داینێ کە ئەمە دەبووە هۆکاری تێگەیشتنی زیاتری دەقەکە.

رەخنەیەکی تر کە لەکاری وەرگێر دەکرێ بگیرێ ئەوەیە کە جاروبار پێوەری ئەمانەتداری هەڵپەساردووە و چۆن حەزی لێبووە هەسپی خۆی تاوداوە، هەرچەند وەرگێر لە پێشەکی دا ئاماژەی بەو مژارە داوە بەڵام بە باوەڕی من لە هێندێک شوێن لادانەکە زۆر زەق و بەرچاوە.

بە کورتی زمانی وەرگێر شیرین و خۆشە،کە وێرای پاراستنی مافی رەخنە و تانەلێدان لە کارەکە دەکرێ وەک ئەزموونێکی باش چاوی لێبکردرێ. بە باوەڕی من کاری بەرێز خزری ئەقدەم شیاوی خوێندنەوە، لێکدانەوە و رێزلێنانە، هیوادارم بەردەوام بن لە ئەزموونەکەیان!

٦) زمانی کوردی وەک گرینگترین باس

زاراوەی سۆرانی یەکێکە لە سەرەکیترین زاراوەکانی زمانی کوردی کە رابردوویەکی تەژی لە هەورازونشێوی هەبووە. هەنگاوی یەکەمی جێگیربوون و بەسازیبوونی زاراوەی سۆرانی لە سلێمانی و سەردەمی شێخ مەحموودی حەفید هاویشرا. رەفیق حیلمی و هاوڕێیانی بە لە چاپدانی رۆژنامەی یادداشت و دانانی چاپخانە و کردنەوەی قووتابخانەی کوردی بناغەیەکی پتەویان بۆ زمانی کوردی و زاراوەی سۆرانی بەتایبەت دامەزراند.

لە دوای شەڕی جیهانی دووهەم و بە لەدایکبوونی کۆماری کوردستان لە مەهاباد هەنگاوێکی تری بەهێز بۆ گەشەسەندنی سۆرانی هاویشرا. نووسەر و رووناکبیرانی وەک قزڵجی و هێمن و هەژار و... گۆڕەپانی زمانی کوردیان لە مەهاباد وەها بەرفراوان کرد کە ئاسەوارەکانی بۆ هەمیشە مایندەبوو! کاریگەری هەوڵە زمانێکانی ئەوسەردەمە بوو بە بناغەیەک بۆ پەرەپێدانی زیاتری ئەو زاراوەیە. دواتر لە باشووری کوردستان و لە سەردەمی کۆڕی زانیاری و دەستەی نووسەرانی کورد زاراوەی سۆرانی گەیشتە لووتکەی خۆی و باڵی بەسەرهەموو زاراوەکانی تری زمانی کوردی دا کێشا، تا رادەیەک کە هێندێ لە نووسەران و لە وانە بەڕێزان ئەمیری حەسەنپوور و ئیبراهیم یونسی باسیان لە مەترسێکانی فاشیزمی سۆرانی بۆ سەر زاراوەکانی تر کرد! نووسەر و وێژەوانانی سەردمی کۆڕی زانیاری رۆڵێکی بێ هاوتایان لە گەشەکردنی زاراوەی سۆرانی هەیە کە تا ئێستاش تێکرار نەبۆتەوە. گۆڤاری "سروە" بە پێشەنگایەتی هێمن موکریانی لە ساڵانی دوای ١٩٨٠ هەوڵێکی تر بوو بۆ بەهێزکردنی زاراوەی سۆرانی.

رووخانی رەژیمی سەددام لە عێراق لە ٢٠٠٣ و سەرهەڵدانی حکومەتی هەرێمی کوردستان لە باشوور هاوکات بوو لە گەڵ گەشەی چەمکێکی تر لە ژێر نێوی سۆشیال مەدیا کە بەرەبەرە تەنگی بە دونیای کتێب و گۆڤار و قەڵەم هەڵچنی و جیهانێکی فانتیزی بۆ لایەنگرانی خولقاند. ئەمە هاوکات بوو لە گەڵ گەشەکردنی سیاسەتی کوردی و زاراوەی سۆرانیش بوو بە زمانی سیاسەت و سیاسەتکردن.

کۆی ئەو رووداوانە، واتا، گەشەی سۆشیال مەدیا، پۆلیتیزە بوونی زمان، دابەزینی ئاستی خوێندەوانی و کتێب خوێندنەوە، نەمانی رۆڵی دەستەی نووسەرنی کورد، نەخوێندەواری بەرپرسانی ئیدارەی فێرکاری حکومەتی هەرێم، دابەزینی چالاکییە زمانەزانێکان لە رۆژهەڵاتی کوردستان و... هەموو بوونە هۆکاری شێواندن و چەوتاندنی زمانی کوردی بە گشتی و زاراوەی سۆرانی بە تایبەتی، تا ئاستێک کە ئەو زمانە ئەورۆ راگەیاندنی باشوور پێی دەدوێ و وەشانی پێدەکات سەخت، ناخۆش، رەق، بێ رووح و بی بەرێ لە زانستی زماننناسی!

هەر لەو چوارچێوەدا دەکرێ وەرگێرانی رۆمانی شوانی کورد بۆ سۆرانی و هەوڵەکانی کۆمەڵێکی تری نووسەران و رووناکبیرانی بواری زمانی کوردی وەک فەتاح ئەمیری و هیدایەتی قادری و... وەک دەلاقەیەک ببیندرێ بۆ رزگاری زمانی کوردی و زاراوەی سۆرانی لەو قەیرانەی تێیدا دەژێ.

هەواڵنامەی کتێب



مۆفەق میراوەدەلی– پشدەر

# دەزگای ڕۆشنبیری جەمال عیرفان «١٨٨١ – ١٩٢٢»

جەمال عیرفان یەکێکە لە ڕوناکبیرەکانی شاری سلێمانی لە نیوەی یەکەمی سەدەی بیست، لەو سەردەمەدا لە بواری ڕۆژنامەوانی و ئیداری و سەربازی ناوی دەبرێت، لەڕوانگەی وتارەکانی یاخود بەشداری لەبواری ئیداری، هەروەها وەرگرتنی پلەی سەربازی، کەسایەتیەکی بەتواناو لێهاتوو بووەو هەر لەسەر هەڵوێست و تواناکەی و دنیابینی لەشاری سلێمانی و لەسەردەمی حوکمڕانی شێخ مەحمودی حەفید، لەماڵی خۆی خافڵکوژدەکرێت، وەکو وەفاو پێزانین بۆ تواناو ڕۆشنبیری جەمال عیرفان، دکتۆر تەها ڕەسوڵ ناوەندێکی گرنگی کردۆتەوە بەناوی جەمال عیرفان، کە خزمەتێکی دیاری بە کتێبخانەو بواری ڕوناکبیری کوردی کردووە.

## بنیادنان و خاوەندارێتی:

دەزگای رۆشنبیری جەمال عیرفان، دەزگایەکی ڕوناکبیری کوردی یە ناوەندی دەزگاکە لەشاری سلێمانی یە، لەبواری چاپ و بڵاوکردنەوەو چالاکی ڕۆشنبیری جیاجیا کاردەکات، ئەم دەزگایە لە (٢٠١٤/٢/١٤) لەشاری سلێمانی دامەزراوە، لەلایەن بەڕێز(دکتور تەها ڕەسوڵ) لەسەر ئەرک و خەرجی ناوبراو کاروباری دەزگاکەو چاپ و بڵاوکردنەوەو چالاکییەکان ئەنجام دەدرێن، بەڕێوەبەری دەزگاکە بەڕێز (سیروان حەمە سەعید حەمە خورشید)ە، سەرپەرشتی بەشی زۆری چالاکی و ناساندن و ڕێوڕەسم و چالاکییەکان دەکات.

ئەم دەزگایە زیاتر کار لەسەر بواری ڕوناکبیری و خزمەتکردنی خوێنەرو توێژەری کورد دەکات، لەبواری (لێکۆڵینەوە، وەرگێران، نووسین)لەبواری (جینۆساید، فەلسەفە، سیاسەت، مێژوو، ئابووری، کۆمەڵایەتی، هزرو، ئایین، کلتور، ...هتد).

## وەرگێران:

وەرگێڕان یەکێکە لە هۆکارە گرنگەکانی گواستنەوەو گەیاندنی کلتورو مێژووی گەلان، لەو بوارەدا دەزگای ڕۆشنبیری جەمال عیرفان خزمەتێکی گەورەی بەو بوارە کردووەو بەردەوامیشە، بەشێوەیەک وەرگێڕانی کتێب لە زمانی بیانی و زیندووی وەک (ئینگلیزی، فەرەنسی، فارسی، عەرەبی، تورکی) بۆسەر زمانی کوردی لە چەندین بواری جیاجیا، لەهەمان کاتدا وەرگێڕان لەزمانی کوردی یەوە بۆ زمانەکانی وەک (ئینگلیزی، فارسی)لەچەند بوارێکی جیاواز، لەماوەی تەمەنی کارکردنی چەندین کتێبی گرنگ و دانسقەی وەرگێڕاوە.

## بەشەکانی دەزگایی ڕۆشنبیری جەمال عیرفان

دەزگاکە لە سێ بەشی سەرەکی پێکدێت، سەرجەمیان تایبەتن بە بواری چاپ و بڵاوکردنەوەی کتێب، یەکەمیان: ناوەندی توێژینەوەی مێژوویی جەمیل ڕۆژبەیانی تا ئێستا (٦٩)کتێبی چاپکردووە، دووەمیان: ناوەندی توێژینەوەی ئەدەبی عەبدوڕڕەحمان زەبیحی (٤٣)کتێبی چاپکردووە، سێیەمیان: ناوەندی توێژینەوەی شەهید ئارام (٤١)کتێبی چاپ کردووە.

بەدەر لەو بەرهەمانەی ئاماژەم پێکردن، بەگشتی کۆی بەرهەمی چاپکراوی دەزگاکە لەسەرەتای دامەزراندنیەوە، زیاتر لە (٥٠٠)ناونیشانی جیاجیا لەخۆدەگرێت، ئەمەش خزمەتێکی گەورەی بواری ڕۆشنبیری کوردی یە.

## چالاکییەجیاجیاکانی دەزگا

ساڵانە بەشداری لە پێشانگای نێودەوڵەتی کتێب دەکات، بەدەرلەوەش لە شارو شارۆچکەکانی کوردستان، پێشانگای کتێبی دەزگاو چاپەمەنییەکان دەکرێتەوە، ئەم دەزگایە بەشداری بەرچاوی هەیە، بەردەوام بەداشکاندنی بەرچاو بەرهەمە چاپکراوەکانی دەخاتەڕوو، لە زۆربەی شارەکانی کوردستان ساڵانە چەند جارێ دەیکاتەوە، بە ئامانجی خزمەتی زیاتر بە خوێنەران و توێژەران.

بەدەر لەوەش بەردەوامە لەچالاکی کۆڕو کۆبونەوە بۆ ناساندنی بەرهەمی نووسەران، هەمیشە لەگەڵ چاپکرانی بەرهەمەکانی خۆی یاخود هی دەزگاو ناوەندە چاپەمەنییەکانی دیکە، بە بەشداری نووسەری کتێب یاخود وەرگێڕەکان لە ئێوارە ناساندنێک دا دەیخەنەڕوو، بە ئیمزای نووسەر کتێبەکە بە خوێنەران ئاشنا دەکرێت، جگە لەوەش کۆڕو سیمینار بۆ ڕێکخراوەکان و ڕۆشنبیران ڕێک دەخەن، بە حوکمی ئەوەی بینای دەزگاکە لەڕووی شوێن و دابینکردنی پێداویستی زۆر گونجاوەو کارئاسانی زۆری کردووە بۆ ئەو جۆرە چالاکییانە.

## ئامانجی ئەم دەزگایە

جگە لە خزمەتکردنی بە بواری ڕوناکبیری و میللەتی کورد، هیچ بەرژەوەندییەکی ماددی و بازرگانی تێدابەدی‌ناکرێت، بەو پێیەی بەشی زۆری چاپ و بڵاوکراوەکان بە نرخێکی زۆر کەم و داشکاندنی گەورە دەخرێنە بەردەستی خوێنەران و توێژەران، لەڕووی ئابووری یەوە هیچ داهاتێکی ئەوتۆی لێ دەردەست ناکرێت، تا ئێستا پارەو بودجەیەکی زۆری بۆ تەرخانکراوەو خەرجکراوە، لەکاتێکدا بەردەوامیش لە گۆڕانکاری و خزمەتکردنی زیاتر دایە.

کوردوان ئیفتخاری – سنه

# زمانیزە کردنی میشک

ئالزایمر وەکوو پرسێکی جیدی و نەخۆشییەکی مەترسیدار لە چەرخی بیستویەکدا سەیر دەکرێت و هەمووی ژن و پیاو دەبێ ئاگاداری ئەم نەخۆشییە بین و لێی بزانن و خوێندنەوەیان لە سەر ببێت. ئەم بابەتەی کە لێرەدا دەخوێنرێتەوە، بەرهەمی خوێندنەوەیەکی زۆری نووسەرە، بە دڵنیاییەوە کە دەبێ بەس وەکوو ڕاوێژ یان بیرۆکەیەک سەیر بکرێت و هەر کەس بۆ خۆی دەبێ جۆری کێشەی مێشکیی خۆی بناسێت و چارەسەری بکات.

بەڵام ئەوەی کە نووسەر لێرەدا کەڵکی لێ وەرگرتووە، فۆلکلۆری نەتەوەکەیەتی کە توانیویە بە تیرێک دوو ئامانج بپێکێت و هەم هەوڵی پاراستنی فەرهەنگی خۆی دەدات و هەم هەوڵی بەرگری و تەنانەت چارەسەرییەکی هاسان و لەبەردەست بۆ یەکێک لە مەترسیدارترین نەخۆشییەکانی سەردەمی خۆی داوە.

فولکلۆری هەر نەتەوەیەک دەتوانێت وەکوو دیاریدەر، تووشبوون بە ئالزایمر دیاری بکات و بە بووژاندنەوەی مێشکی مرۆڤ، بەرگری لە پەرەسەندنی ئالزایمر بکات و تەنانەت چارەسەری بکات. لە سەرەتادا پێویستە کە خوێنەر چۆنیەتی زمانیزەبوونی مێشک و تەلبژێریی (انتزاع) مێشک تێبگات. تایبەتمەندی تەلبژێریی مێشک لە ژێر کاریگەری زماندا ڕوو دەدات. زمانی هەر کەسێک بە سەر دیاردە هاوبەشەکاندا ناوێکی تایبەتی دادەنێت، بۆ وێنە لە وشەی فڕیندا، ئێمە بۆ یەکەم جار وشەی فڕین لە فڕینی پەپوولە و چۆلەکە و کۆتر و قەلدا دەبینین و دواجار لە مێشکی خۆماندا پەرەی پێ دەدەین و بۆ فڕینی تەواوی پەلەوەرەکان، تەنانەت بۆ ئەوانەی کە نەمانبینیوە یان نەیاندەناسینیش، بە کاری دەبەین.

بەڵام ئەگەر لە باتی وشەی فڕین بۆ پەپوولە، لە وشەی باڵگرتنەوە، کەڵکمان وەرگرتبا و لە جیاتی وشەی فڕین بۆ قەل، لە وشەی پەلوەشاندن کەڵکمان وەرگرتبا و... ئیدی لە مێشکی خۆماندا ئەو دوو پەلەوەرەمان وەکوو یەک سەیر نەدەکرد، کەچی لە ڕاستیدا و لە فیزیۆلۆژی جەستەی هەر دوو پەپوولە و قەلدا، شێوەی فڕینێکی یەکسانیان هەیە.

ئەمە وێنەیەکی بچووک لە زمانیزەکردنی جیهانە، زمانی هەر نەتەوەیەک بۆ تەواوی ئەو شتانەی کە دەیناسێت کۆدێکی تایبەتی دادەنێت. کۆدەکان لە دوو قەوارەی گەورە و بچووکدا دەسنیشان دەکرێن.

لێرەدا بۆ وێنەی قەوارەی گەورە کۆدێکمان هەیە بە نێوی "کورد" و لە ئەو کۆدەدا کە ناوێکی گشتییە، ئیدی گرنگ نییە کە وردەکارییەکان چین، ئایا ڕەنگی پاتۆڵ لەم عەشیرەتەدا شینە، ڕەنگی جامانە لە ئەوی تردا سوورە. یان کۆدی تری هەیە بە نێوی ئاوی کە ڕەنگی زەریا و ئاسمانگ و ئاو و... و ئەوانەیە کە چی لە وردەکاریدا جیاوازن بەڵام لە دۆخێکی گشتیدا هەموویان ئاوین. یان کاتێک کە دەڵێن کوڕ، کچ، باوک، دایک و... ڕەنگە لە وردەکاریدا هەزاران جیاوازیان هەبێت، بەڵام کاتێک کوڕ و کچێک دەبن بە خاوەنی منداڵ، پێیان دەوترێت باوک و دایک.

کۆدی قەوارەی بچووکیشمان هەیە بۆ وێنە ئەگەر بە کەسێکی ئیسکیمووی خەڵکی جەمسەر بڵێن بەفر و سەهۆڵ یەکێکە؟ بە دڵنیاییەوە پێتان دەکەنێ، ئەوان بۆ بەفر و باران،دەیان وشەیان هەیە. تەنانەت ئێمەی کورد چەندەها ناومان هەیە بۆ جۆرەکانی بەفر و باران (ڕەهێڵە، دوودانگ، پرووشە، پەپوولە، تەرزە، کریوە، لاسامە، زوقم، بۆران، توَف و...) بەڵام لە هەمان کاتدا لە زمانی عەرەبیدا بۆ بەفر و باران یەک وشەمان هەیە بە نێوی " ثلج"، ئەگەر بە ئێمە بڵێن سەهۆڵ دەبارێ، پێمان سەیرە، بەڵام ئەگەر بە تاکێکی عەرەب بڵێن سەهۆڵ دەبارێ، پێی سەیر نییە و لە مێشکی خۆیدا و لە کاری ڕستەکەدا دەزانێت کە مەبەستی ئەو وشەیە، بەفرە.

بەڵام زمانی عەرەب لە بواری نیشتمانی خۆیدا و بۆ وشەی خۆی دەوڵەمەندە، بۆ وێنە دەیان ناوی بۆ وشتر هەیە یان لە بواری شمشێرەوە، بۆ تەواوی پارچەکانی شمشێر ناوی داناوە کە لە هیچ زمانێکی تردا نییە.

لای ئێمەی کوردیش، لە بواری خۆماندا و لە نیشتمانی خۆماندا و لە سەرقاڵیی هەزاران ساڵەی ژیانماندا، توانای سەرسووڕهێنەرمان لە وشەکاندا هەیە. لای ئێمەی کورد، تەواوی هەستی مروو لە چینی یەکەم تا سێهەم بە وشەی دڵ دەوترێت، لای ئێمە ئاژەڵەکان دەیان ناویان هەیە، دەیان دەستەوشەی تایبەتی ئاژەڵداری و جووتیاریمان هەیە کە لە ئەوانی تردا نییە. لە فەرەنسیدا دەیان جۆر چێشتمان هەیە کە بە هێلکەوە دروستی دەکەن، لە ئیتاڵیدا دەیان ناومان هەیە بۆ بەستەنی. لە وڵاتی تردا دەیان ناویان هەیە بۆ پەنیر، شەراو، سێف، ترێ و...ئەمانە بۆ خۆی وەکوو پێناسەیەکە بۆ هەر نەتەوەیەک.

زمان وا دەکات کە ئێمە دیاردە نادیار و چەمکینەکان وەکوو ناوە گشتییەکان وەکوو باوک، دایک، جیهان، خودا، دار، ئاوی و... بۆ خۆمان دیاری بکەین کە واتە لە ڕاستیدا دیاردەیەکی وەکوو باوک بۆ هیچ کەس دیاری ناکرێت، بەڵکوو ئەم کۆدە وەکوو چەمکێکە بۆ فامکردنی ئەو تاقمە شتە یان مرۆڤە بە کار دەبرێت.

لە عێرفاندا ناوی "شهوود"یان بۆ داناوە intuition، لە ڕامیاریدا نێوی BigPicture و... بۆ دانراوە.

ئەم کۆدینگە بەس تایبەتی مرۆڤە و لە گیاندارانی تردا نییە یان تا ئێستا دەرنەکەوتووە، بۆ وێنە کە دەڵێن ئینسان لە نەتەوەی مەیموونە، مەیموون لە مێشکی خۆیدا، ئەم تایبەتمەندییە نییە و بۆخۆی ئەوە فام ناکات.

لە ئەزموونێکدا لە نێوان شامپانزەیەک و چەپکەیەک مۆز، ئاگرێک دەکەنەوە و فێری دەکەن کە ئاگرەکە بکوژێنێتەوە و مۆزەکان بخوات، مێشکی شامپانزە زووتر لە ئینسان ئەو شتە فێر دەبێت و ئەمەش بە باشی فێر دەبێت، دوای

چەن جار تاقیکردنەوە و دڵنیابوون لە فێربوونی شامپانزە، بۆ ئەزموونێکی تر، لە قایەقێکدا لە سەر ڕووبارێکدا، ئاو دادەنێن و لە قایەقێکی تردا دیسان هەمان شتومت دادەنێنەوە، ئەم جارە دەبینن کە شامپانزەکە دەچێتە سەر قایەقی تر و ئاو دێنێت و ئاگرەکە دەکوژێنێتەوە و دواجار مۆزەکان وەردەگرێت.

ئەم ئەزموونە پیشان دەدات کە وریاترین شامپانزەش توانای لێکدانەوە و پەرەپێدانی زانیارییەکانی خۆی نییە. بۆ شامپانزە، ئاو تەنیا ئەو ئاوەیە کە لە نێو سەتڵەکەدایە و ئەو ڕووبارە لە دەوراندەوریدا بە ئاو ناناسێت. زانایان پێیان وایە کە لە مرۆڤدا، زمان ئەو کارە بۆ ئێمە دەکات کە کارمان هاسان دەکاتەوە و لە ئەزموونی ڕابردووانمان کەڵک وەردەگرین. ئەو کارە کاری زمانە کە ئێمە دەیزانین ئاوی نێو سەتڵ و ئاوی ڕووبار، هەر ئاوە. هەر چەندە زمان لە سرووشت و دەڤەری خۆی وردتر ببێتەوە، هەر چەندە هەژمار و کوالیتی ئەم کۆدانە زۆرتر بێت، نیشانەی بەهێزتر بوونی زمانمانە و واتای ئەوەیە کە ئەزموونی باب و باپیرانمان زۆرتر بووە و ئەو شانە وەکوو زانیاری ژیان، کاری نەتەوەی داهاتووش هاسانتر دەکات. بەشێک لە پەرەسەندنی مێشکی ئینسانەکان بە هۆی کۆدەکانی زمانەوەیە، ئەرەستوو دەیگوت کە "ئینسان گیاندارێکی بێژەرە".

بەڵام پەیوەندی زمان و تەڵبژێری لەوەدایە کە دەتوانین شێوازی کاری زمان وەکوو شێوازی تەڵبژێری ناو ببەین، زمان تەڵێک چەمکی هاوبەش و گشتی لە نێوان دیاردەکاندا هەڵدەبژێرێت، ئەم هەڵبژاردنە و پشکووتنی مێشکی ئینسان پێکەو پێش دەچێت. بەم بۆنەوەیە کە منداڵ لە ساڵی یەکەمی ژیانیدا کە هێشتاکوو مێشکی ئەوەندە زمانیزە نەبووە، دیاردەی گشتی و تەڵبژێردراو وەکوو خولینەوە فام ناکات. بۆ وێنە تا تۆپێک لە کاتی خولیندا نەبینێت، مانای خولینەوە فام ناکات، شتانێک وەکوو مردن، هەست، خودا، جیهان، قیامەت و... کە چەمکی مەعنەوین بۆ منداڵان فام ناکرێن، لەبەر ئەوەی کە مێشکی منداڵ هێشتاکوو توانای تەڵبژێری و دەرهاوردنی دیاردە و مانای هاوبەش و زمانیزەکردنی و پۆلبەندی کردنی شتەکانی دەڤەری خۆی نییە.

هەروەها منداڵان لە مەتەڵ تێناگەن، لە مەتەڵۆک،چیرۆک، نەزیلە و لە هیچکام لە ڕازەوێژەییەکان(صنایع ادبی)، وەکووخوازە (استعارە)،وێکچوو(تشبیە)،کینایە و... تێناگەن. هەروەها کەسانێک کە ترۆمای قورسی مێشکینیان بە سەردا داسەپاوە وەکوو ئاتئیستیکەکان یان مۆنگۆلەکان و جۆرێکیش لە ئیسکیزۆفرنییەکان و... ئەوانەش دیاردەی تەڵبژێردراو فام ناکەن. ئەگەر بە زمانێکی زۆر سادە بڵێین، ئێمە ناتوانین لەگەڵیاندا شۆخی و گاڵتە بکەین، چۆن بنەڕەتی قسەی خۆش و نوکتە و پێکەنین لە سەر تەڵبژێریدایە، ناتوانین مەتەڵیان بۆ بڵێین چۆن لە مەبەستی مەتەڵەکە تێناگەن.

یەکێک لە گرنگترین نەخۆشییەکانی مێشک، ئالزایمرە. لە ئەوانەشدا کە تووشی ئالزایمر دەبن ئەم کێشانە ڕوو دەدات کە مێشکیان توانای فامکردنی تەڵبژێری نامێنێت.

سەبارەت بە ئالزایمر دەبێ بزانین کە چی جاران لە بیرەوونمانی شتەکان بە نیشانەی دەسپێکی ئالزایمر دادەنرا، بەڵام بۆ ئێستا ئەوە ئاماژە بە دوایین قۆناخەکان و توندبوونەوەی نەخۆشییەکە دەدات و ئاماژەکانی سەرەتایین و نیشانەکانی پێشوەختە لە فامنەکردنی تەڵبژێردراوەکاندایە کە چی مێشک ناتوانێت سێبەری دوای وشەکان و دەستەوشەکان فام بکات و دوای لە دەسدانی ئەو توانایەیە کە لە قۆناخی تردا خودی وشەکان لە بیر دەکات و هێدی هێدی پەرە دەسێنێت.

نیشانەیەکی تری ئالزایمر لە دەسدانی توانای شیمیزایسیۆنی مێشکە، شیمیی مێشک کە بۆ یەکەم جار لە لایان جان ئیستوارت میلەوە بە کار براوە، دەڵێت کە ئێمەی مرۆڤ دەتوانین لە دونیای مێشکماندا، بوونەوەرانێک بخولقێنین کە لە ڕاستیدا هەبوونیان نییە یان ئەگەر هەیە هێشتاکوو نەدۆزراونەتەوە یان بەڵگەیەکمان لە سەر هەبوونیانەوە نەبێ یان هێشتا هیچ مرۆڤێک فامی نەکردووە کە لە ئەزموونی ئەو کەڵکمان وەرگردبێت. بەڵکوو بە تەواوەتی لە خولقێنراوەی مێشکی خۆمانە. کە ئەوە لە ئالەشەوەکاندا زۆر دەیبینین کە گیاندارانی زۆر سەیر و سەمەرە بە دواماندا دەکەون.

بەڵام لە دۆخێکی گشتیدا، دەکرێت خودا ناو ببەین کە هیچکەس ئەزموونی نەکردووە و نەدەتوانێتیش ئەزموونی بکات، بەڵام هەموومان بڕوامان پێی هەیە و قەبووڵمان کردووە و لە دۆخی هەستیاردا بیری دەکەین. یان وەکوو ققنەس کە بەس لە دێرۆکەکاندایە یان وەکوو تارمایی کە ئەگەریش بمانهەوێ ناتوانین لەگەڵیدا پەیوەندی بگرین و... دەیان وشەی چەمکینی ترمان هەیە کە بۆ ئەمانە،هەبوونی ڕاستەقینەمان نییە، بەس بە هەبوونی وشە فامیان دەکەین.

لە پێچەوانەشدا ئەگەر خۆدی شتەکە هەبوونی ببێت بەڵام ئێمە وشەمان بۆ نەبێت، زۆرتر لێی دڕدۆنگ دەبین، بەڵام ئەگەر ئاسەوارێکی ڕاستەقینە یان ناڕاستەقینەی لێ بە دی بکەین، بە زووترین کات، ناوی بۆ دادەنێن و دواجار، بڕواکردنیشی بۆمان هاسانتر دەبێت.لە بوارێکی تردا ئێمرۆکە دەڵێن کە سەردەمی چیرۆک و دێرۆک نەماوە، ئەگەر لە یۆنانی کۆندا بڕوایان بە چیرۆکی خودایانیان هەبوو، ئێمەش ئێمرۆکە سووپرمەن و بەتمەن و ئیسپایدرمەنمان هەیە و وەها سەرەنجیان ئەدەین و سەیریان ئەکەین کە کاتێک لە سەر شاشەی تی.ڤی یان مۆبایل دەیانبینین وەکوو ئەوەی سەیری هەواڵەکان بکەین بۆمان ئاساییە کە دەچینە دەرەوش ماسک و جلوبەرگ و کارتۆن و شتومەکی ئەوانە دەکڕین، ئەمانە هەمان خودایانی کۆنن، کە وا شوێنی هەواڵ و بارودۆخ و ئاڵقەی نوێی فیلمەکانیاندا دەڕۆین کە واتە هەبوونی وشەکان و زمانەکانە کە هەبوونی شتەکان بۆ ئێمە هاسان دەکاتەوە و فامی دەکەین.

زمان کاریگەری تایبەتیی خۆی لە سەر هەستی مرۆڤیشدا هەیە. بۆ وێنە لە زمانی ئینگلیزیدا یەک وشەی cousinیان هەیە بۆ هەشت ناو، لە هەندێک زماندا تەنانەت

هەوارنامەی کتێب

بۆ شتومتەکانیش نێر و مێ دیاری دەکرێت بۆ وێنە کاتێک سەبارەت بە مانگ یان خۆر قسە دەکەن دەبێ ڕەگەزیان بۆ دیاری بکەن کە ئەمانە نێرن یان مێ، دواجار ئەوە کاریگەری خۆی هەیە لە سەر هەست و بیری مرۆڤەکان و بە دڵنیاییەوە سەرجەمی ئەم جیاوازییانەیە کە زمانەکان جیاواز دەکات و ئەوەش بە دوای یەک، دەبن بە هۆی جیاوازبوونی گەلان.

یەکێک لە باسە هەرە گرنگەکان لە ڕەوان‌دەرمانی‌دا، باسی زمانە. ئەوەی کە دەڵێن وشەکان بگۆڕە تا هەستی ئەو نەخۆشە بگۆڕدرێت، ئەگەر لە زمانێکدا وشەی عەشق نەبێت و بەس وشەی خۆشەویستی ببێت، کاتێک دەڵێن عەشق لەگەڵ خۆشەویستی‌دا جیاوازە، بۆ ئەو گەلە بە هاسانی فام ناکرێت. ڕەنگە من بە کەسێکی لاواز بڵێم ڕیقۆڵ، بەڵام تۆ پێی بڵێی فیت. ئەمانە کاریگەری وشە و زمان لە سەر هەستی خەڵکە کە دەبێتە هۆی دوو هەستی جیاواز لە ناخی یەک کەسدا.

لە وێنەیەکی تردا شتێک بۆ کەسێک دەقەومێ کە خۆی دەڵێ "چ بەوبەختییەک"، بەوبەختی واتا بێچارەیی، بەڵام ئەگەر بڵێی "چ گێرە و کێشەیەک" واتا هێشتا چارەت هەیە و بێ چارە نەبوویت. لە بواری ئین.ئێل.پی بە شێوازێکی زۆر ورد لە سەر ئەم بابەتە کار دەکرێت، لە دووبارەنووسینی بیرەسەرخۆکانی ئارۆن بەکیشدا سوودی لێ وەردەگیردرێت. ئەوەیە کە بە شێوازێکی چەمکین لە ئەنجیلی یووحەنادا دەڵێت... وشە خودا بوو...

لە لایەکی ترەوە، هەر زمانێک بۆ خۆی دونیایەکە، هەر زمانێکی نوێ کە فێر دەبین دونیایەکی ترمان بۆ دەکاتەوە، فێربوونی زمانی نوێ ئەبێتە هۆی پەرەسەندنی مێشک، گەشانەوەی بەشە دامرکاوەکانی مێشک و بووژاندنەوەی بەشێکی نوێ.

ئەگەر نەخۆشێک لەم ڕاهێنانەدا بەردەوام بێت، دوای ماوەیەک دەتوانێت ئالزایمری پێشکەوتووش چارەسەر بکات. سەرەنج بدەن کە زمان تەنیا دەنگ نییە، فێربوونی زمان تەنیا فێربوونی دەنگ و شەپۆلی فیزیکی نییە، هەر وشەیەک، هاوکات کە دەنگ دەگوازێتەوە لەگەڵ خۆیدا ڕەنگیش دەگوازێتەوە، کاتێک کە من دەڵێم "چووم بۆ کێو"، تەنیا پیتەکانی ک، ێ، و نییە کە بە مێشکی بەردەنگمدا دەگات، بەڵکوو، وێنەی کێوێکیش لە مێشکی‌دا دەنەخشێنرێت.
یەکێک لە ڕێگا ئاشناکانی بەرگری کردن لە ئالزایمر ئەوەیە کە دەڵێن کارێک، قسەیەک، ڕێگایەک کە هەر ڕۆژ دووپاتی دەکەیتەوە، با بە یەکسانی دووپات نەبێتەوە، ئەگەر بڕیارە کە تۆ هەر ڕۆژ نان بخۆی، جاروبار بە دەستی چەپ بیخۆ، یان ئەگەر هەمیشە بە دەستی ڕاستت دەنووسی، جاروبار بە دەستی چەپ بنووسە.

یەکێکی تر لە ڕێگا ئاشناکانی شەڕی ئالزایمر ئەوەیە کە وێنەی کێوێک بە نەخۆشێک پیشان دەدەن و دەڵێن ئەمە چییە و چ وشەهایەکمان بۆی هەیە؟ کە دەبێتە هۆی بووژاندنەوەی مێشک. یان بە پێچەوانەی ئەوە بە نەخۆشەکە دەڵێن کە من ناوی شتێک وەک پەلەوەرێک دەبم و تۆ هەوڵ بدە کە ئەو وێنەیە کە لە مێشکتدا هەیە لە سەر تێنووسێک شێوەی بکەی. لە تواوی وێنەکانی سەرەوە، ئەو سیگناڵە کە بۆ نەخۆش دەنێردرێت دەبێتە دال و ئەو ڕەنگدانەوە لە مێشکی ئەودا دەبێتە مەدلوول.

سەیری ئەم وێنانە بکەن: ماڵیان بە قەد کونەمشکێکە، نەشتەرگەر نییە خۆ قەساوێکە بۆ خۆی، وانەوتنی دیازپامە، لە دەرەوە شێرە و لە ماڵا ڕێوی، خوێنی کرێکار دەمژن، مێشکم تەقی، کەفم کرد و.... لە خوازەکانی ناوبراودا هیچ وێنەیەکی ڕاستەقینە نابینرێت، ماڵی هیچ مرۆڤێک بە قەد کونەمشک نییە، هیچ دوکتۆرێک قەساوی ناکات و... بەڵکوو ئەمانە جۆرێکی وێکچوویە کە بەشێک لە ڕستەکەی لێ داخراوە و دەبی خۆمان پێی بزانین کە مەبەستی بێژەر چییە و جار وایە چەند مانای لێ دەکەوێتەوە. بۆ وێنە: ئەو دوکتۆرە ئەوەندە کەم ئەزموونە قەساوێک لە ئەو باشتر تێدەگات یان دەڵەی بە مەبەستی چاکسازی نەهاتووە و بەمەبەستی قەساوی کردن کار دەکات یان چۆن قەساو لە کاتی بڕینی جەستە ئاژەڵاندا کار دەکات ئەمەش بۆ نەخۆشەکانی خۆی وا دەڕوانێت و بە چاوی مرۆڤ سەیریان ناکات و...

کە ئەگەر مێشکی کەسێک نەتوانێت ئەمانە فام بکات واتا یەکەم نیشانەکانی ئالزایمری لێ دەردەکەوێت. لە لایەکی ترەوە لە خوازەکانی ژوورەوە، زمان دەنگی گواستووەتەوە بەڵام ڕەنگێکی ناڕاستەقینەی لێ کەوتووەتەوە کە هەمان شیمیزاسیۆنی مێشکە کە دونیایەکی نوێی بۆ خۆی خولقاندووە. بۆ وێنە ئەگەر بڵێی ماڵەکەی بچووکە، لەگەڵ ئەوەی کە بڵێی ماڵەکەی بە قەد کونەمشکێکە، بە یەقین دوو مانای جیاواز دەگوازێتەوە و دوو هەستی جیاواز لە بەردەنگدا ساغ دەکاتەوە.کاری گرنگی خوازە، گواستنەوەی هەستە، لە دۆخی ئاساییدا کە شیمیزاسیۆنی مێشکمان نەبێت، هەر دەبێ بڵێین کە "ئازاری زۆری دام"، بەڵام کاتێک کە خوازەیەک بە کار دەبەین و دەڵەین "خوێنی مژیم" هەستێکی تایبەتی دەگوازینەوە کە ئەگەر ئەو خوازە نەبووایە ئەو هەستە فام نەدەکرا. ئەو نەتەوەیە کە کاری زۆرتری لە سەر مێشکیان کردووە و شیمیزاسیۆنی مێشکیان پێشکەوتووترە، بیر و هۆشیان بەربڵاوترە، پەلەوەری خەیاڵیان دوورتر دەفڕێت، هەستەکانیان بە باشی دەگوازرێنەوە، تێگەییشتنیان لە یەکتر زۆرترە، تەنانەت ڕوحمیشیان زۆرترە.

بەڵام هەر شتێک کە لە ڕادەی خۆی بە دەر بچێت دەبێتە هۆی کێشە، لە کەیسێکی تایبەت وەکوو نەتەوەی کورددا، بە هۆی کێشەی دەرەکییەوە، نەکراوە کە پەرە بە بوارەکانی تر بدرێت و بەس لە دەسەڵاتی خۆماندا و لە بواری مێشکی خۆماندا توانیومانە پەرە بسێنین و ئەمە بووەتە خاڵی لاواز و هۆی خەسار. گەلی کورد وەکوو کەسانێکی زۆر هەستیار و زۆر ڕوحمار، کەمتر لە بواری لۆژیک و ژیری و زانست و... پێش کەوتوون چون ئەو بابەتانە بابەتی مادییە و ئێمە دەسەڵاتی مادیمان نەبووە، هەرواش کە دەزانن کەسانی هەستیار زۆرتر بە دوای بابەتی مەعنەویدان، بە دوای دین و عیرفان و ئینسانییەت و مرۆڤایەتیدان، لە دۆخێکدا کە

لە سەرەتای دونیادا، گەلانی تر بە دوای قازانجی خۆیانەوەن، گەلی کورد زۆر بە خۆشباوەڕ و خۆشبینییەوە لەگەڵ ئەوانی تردا مامڵە دەکات. زۆر زوو دەخەڵەتێنرێت، زۆر زوو فریو دەخوات، زۆر سادە و ڕاشکاوانە مامڵە دەکات و ئەگەر دڵ و دەروونیان تێک بچێت و هەستیان لێ تێک بچێت، لە ناخی خۆیاندا زۆر زیانیان لێ دەکەوێتەوە. بەشێک لە ڕەوانناسینی لاکان باسی ئەوە دەکات کە دەڵێت کە تۆ کاتێک قسەکانی ئاساییت بە زمانی وێژە دەڵێی، هەستی ناخت دەبزوێنی، ئەگەر بڵێی فلانی خوێنی مژیم، بە ڕاستی خۆت لە ناخی خۆتدا ئازار دەبینی، دەبێ زۆر ئاگاداری وشەکان و کاریگەریی نهێنیەکەیان ببی، لێرەدا ئەگەر بڵێی فلانی ئازاری دام، زۆر لە ناخی خۆتدا تێک ناچی. زمانی وێژە، زمانێکە کاریگەرییەکی قووڵ و بەردەوامی لە سەر گیان و هەستی مرۆڤدا هەیە. هونەر وەکوو شێوەکاری، مووزیکسازی و... ئەو دەرفەتە بە مێشک ئەدات کە خولقاوەکانی خۆی بە دی بێنێت و دونیایەک دروس بکات کە پێش لەوە هەبوونی نەبووە. ئەمانەش شێوەهایەکی ترە بۆ بووژاندنەوەی مێشک، کە بە دوای گەشە کردنی مێشک و زیندوو کردنەوەی شیمیزاسیۆنی مێشکەوە دەتوانین بڕۆینە قۆناخێکی نوێ و ئەو بیر و هەستە بەدی بێنین، کاریکاتۆر، کاریکەلماتۆر، ڕیالیسمی جادوویی، کووبیسم، سووریالیسم، ئێکسپرسیۆنیسم، ئابسترە و... کاری هونەرمەندانێکن کە لە بواری شیمیزاسیۆنی مێشک و داهێنەرایەتی زەیندا زۆر بەتوانان.

## هەردێمەوە

حەسەن ڕەوش(پارێزەر) - سەردەشت

تۆ ئەو کیژە هەنگیوە بووی، بەتیری نیگاکانت بەردی خەیاڵت ئەنگاوتم و کەوتمە گێژی خەیاڵاتی ئەوینێک، کە تافی لاویم بۆ کورتەساتێکیش بێ گەیشتنە ئاقاری چێشکەی خۆشی و بەختەوەری.

داری هیوام لە زستانێکی تووش و سەقەتدا چرۆی دەرکرد.

خشتەی دیواری بەڵێنەکانمان بە یەکەوە هەڵچنین.

سنووره هەڵبەستراوەکانمان بڕین، تا لەسنووری ئاواتەکانی خۆمان لە ژێر سێبەری تاوڵی خۆشەویستی وچان بگرین.

ئەوە بوو تۆش پرچی ڕەشمارت لەسەر شانم خزین و حەبای شەرمت بۆ من لادا.

ئای خۆزگەم بەو ساتە هەرگیز لەبیرنەکراوە! کە وا ڕەنگی بەهاری ژینت گۆڕیم و، سەری هەودای گرۆڵەی لێکهاڵاوم لە ئەوینی تۆدا دۆزییەوە.

خۆشەویستم!

هەر لە بیرمە لە جوانی تۆ واقم وڕ بوو و نەمدەزانی چۆن خۆشەویستی خۆم بەرانبەر بە تۆ دەرببڕم؟

نەمدەزانی چۆن ناخی پڕ لە گڕ و ئەوینم بۆ تۆ هەڵبڕێژم.

زۆر لەمێژ بوو، چاوە لیلەکانم لە گۆلی نیگاکانی سیحراوی تودا دەشوتنەوە!

ساڵانێک بوو، وەک شمشاڵێکی خۆشهەنگیو ئاهەنگی ژیانی منت بەرە و کەناری ئارامی و ئۆقرەیی وەڕێ خستبوو.

بەڵام باش بزانە لە دووری تۆ، غەریبێکم بێ ناو و نیشان!

غەریبێکم دوور لە خۆشی، دونیایەک خەمم لە کۆڵە و، نە بەفرم هەیە و نە(بان).

من بیستوومە زۆر کەس دەڵێن غەریبی فێری دوو ئەزموونت دەکا:

یەکەم بتوانی بێ هاریکاری ڕێگا بدۆزییەوە، دووهەم لە سەر پێیەکانی خۆت بوەستی، بێ ئەوەی کەسێکی تر پاڵپشتت بێ.

بەڵام من باوەڕ ناکەم! من باوەڕناکەم! چونکە دووری لە تۆ هەموو ڕێگا و بەردەبازەکانی دەربازبوونی لێ ون کردم.

دووری لە تۆ، منی تخێڵی هەرد کرد و هەستانەوەم بێ هاوکاریت مەحاڵە.

ئەی شلکەڕێواسی دەم کەلی کوێستانم! دووریت ئاگرێک بوو مانگی پووشپەڕی دەروونی گڕ دام و خۆڵەمێشی سووتمانەکەی بە گێژی گێژەڵووکە ئەسپارد.

دووریت منی کردە کەوڵەی بێ بەهار و شینکەی بێ باران، هەر بۆیە ڕەنگی بەهاری خۆشیم بە پاییزی ماڵئاوایی گۆڕا.

دڵنیابە ئازیزەکەم، دڵنیابە، هێشتاش لە چاوەڕوانی گەیشتنی دووبارە بە تۆ دەژیم و هیوام بە گۆڕانی وەرزی ژیانە.

ئێستاش پەڕ بە پەڕی دڵنووسەکانم بۆنی ئەوینی تۆیان لێدێ و یادەکانت بوونە هەوێنی دێڕ بە دێڕی شێعرەکانم.

بۆیە بەڵێنت پێ دەدەم، تا نەفخی سووریش لێدەدرێ لە بەر بێلای ئەوینی تۆدا چاوەڕوان دەبم.

ئەتۆش گوڵم خۆڕاگربە، مەگەر بمرم ئەگینا من، هەر دێمەوە، هەردێمەوە.

# زانایێ مەزن
# شێخ محەممەدسەلیم ئەردەلانی کوردی


هێرش کەمال ڕێکانی
بەرپرسێ سەنتەرێ قوبەهان بۆ ڤەکۆلینێن بەلگەنامە و دەستنڤیسان
ل بەهدینان - دهۆک





العالم الفاضل المحقق المصنف الناظم الناثر الاديب الشاعر اوحد اهل عصره علما
وادبا وفضلا اخي امين العمري الخطيب بن خير الله العمري الخطيب بن
محمود العمري الخطيب بن الشيخ موسى العمري الخطيب بن الحاج علي العمري بن الحاج
العمري الموصلي الحنفي امام عصره قرا على والده ثم على ملا سليم الاردلاني وملا علي السويدي
وملا عبد ... وملا درويش الكردي العقراوي وملا جرجيس الاربلي والسيد
موسى الحدادي وملا عيسى بن صبغة الله والعلامه صبغة الله افندي الحيدري
في بغداد ورحل الى ماوران واخذ عن الحيدرية ودرس في مدرسة ياسين افندي
ثم في مدرسة الوزير محمد باشا وتلمذ عليه جماعة من علماء هذا العصر ثم درس بمدرسة العمرية

ددیرۆکا گەلێ کورد دا هژمارەکا زۆر ژ زانایێن بەرکەفتی و خودان زانینەکا بەرفرەه پەیدابوویینە و ناڤێن وان د رووپەرێن دیرۆکێ دا هاتینە نەخشاندن کو هژمارەکا ژ وان بەرهەم و بەرکار و نڤیسین و ژینەنیگارا وان ب بەرفرەهی نە هاتیە زانین و بەرهەمێن وان ماینە نخافتی ژ دیتن و بەلاڤکرنێ، ژ وان زانایێن مەزن ژی یێن کێم ل سەر هاتیە نڤیسین و ب تێر وتەسەلی ژیاننامەیا وی نەهاتیە زانین ئەو ژی شێخ (مەلا محەممەدسەلیم ئەردەلانی کوردی) یە کو دێ د ڤی بابەتی دا ضەند پێزانینان ل سەر دیارکەین ب وێ ئومێدێ د پاشەرۆژێ پتر و بەرفرەهتر بەرهەمێن وی بهێنە دیتن و ڤەکۆلین ل سەر بهێنە کرن.

## ناڤ و ژدایکبوون:

ناڤێ وی شێخ (مەلا محەممەدسەلیم ئەردەلانی) یە، ئێک ژ زانایێن ناڤدارێن باژێرێ مووسل بوویە، خەلکێ ئەردەلانێ یە ل رۆژهەلاتێ کوردستانێ، ل سەدێ (۱۸ز) ژیایە، مێژوویا ژدایکبوونا وی نەهاتیە دیارکرن، بەلێ هەکە ل دویڤ گوتنا شاگردێ وی محەممەدئەمین ئەلعومەری دیاربکەین دەمێ دبێژیت: ژ گەنجێن ئێکەمین و دەستپێکێ بویمە کو من گەلەک ل دەف شێخ محەممەدسەلیم ئەردەلانی خاندی یە ژ نەحو و صەرف و فیقهێ شافعی و ئیجازەنامە ب ڤەگێرانا بوخاری و موسلم دایە من و پەرتووکێن دیتر یێن سوننەتێ.... و ژیێ وی نوکە نێزیکی (۷۰) سالیێ یە، هەژی یە بێژین کو دەمێ محەممەدئەمین ئەلعومەری دژیێ گەنجاتیێ دا و ل دەف مەلا محەممەدسەلیم ل مووسل خواندی ل سالا (۱۱۸۶مش/ ۱۷۷۲ز)بوویە، ل دویڤ دەستنیشانکرنا وی کو وی دەمێ ژیێ شێخی نێزیکی حەفتێ سالیێ بوویە ئانکۆ دشێین بێژین مەلا سەلیم ئەردەلانی سالێن دەستپێکێ ژ سەدسالیا هەژدێ دناڤبەرا (۱۷۰۰_۱۷۰۵ز) ژدایکبوویە، بەرێ بهێتە ل مووسل و لێ ئاکنجی بیت ناڤهاتی بەرێ هنگێ ل مەدرەسەیا ملازگرد دەرس داینە و دەمێ هاتیە مووسل نێزیکی هزار بەرگێن پەرتووکان دگەل خۆ دا ئینانە.

ژ فەقە و شاگردێن وی:

_ محەممەدئەمین کوڕێ خەیروللاهـ ئەلعومەری (مرن: ۲۱ محەرەما ۱۲۰۳مش _ ۲۳ /۱۷۸۸/۱۰ز):

زانا و هۆزانڤانەکێ ناڤدارێ مووسلی بوو، ل (۱۵ شەعبانا ۱۱۵۱مش _ ۲۷ /۱۱/ ۱۷۳۸ز) هاتیە سەر دونیایێ، ل جامعا (العمریه) ل مووسل ل دەف زانا مەلا محەممەدسەلیم ئەردەلانی خاندی یە و ئیجازەنامە وەرگرتی یە، ضەندین پەرتووک نڤیسینە ژ وان ژی پەرتووکا ناڤدار (منهل الاولیاء)، برایێ وی یاسین ئەفەندی ئەلعومەری دپەرتووکا (الدر المکنون)دا مرنا وی (۱۲۰۳مش) دەستنیشانکریە کو دبیتە (۱۷۸۸ز) ئانکۆ ل هەمان سالا مرنا شێخ محەممەدسەلیم ئەردەلانی.

یاسین افندی العمری، الدر المکنون....، (مخگوگ: ۱۸۱۱)

_ عەلی کوڕێ عەلی ئەلعومەری:

زانا و هۆزانڤانەکێ ناڤداربوو، ل دەف گەلەک زانایێن بەرکەفتی خواندی یە ژ وان ژی زانا مەلا محەممەدسەلیم ئەردەلانی، پشتی برایێ وی شێخ ئەحمەد ئەلعومەری مری وی جهێ وی ل جامعا (العمریه) ل مووسل بڕێڤەبریە، ل سالا (۱۱۹۲مش/ ۱۷۷۸ز) دگەل میر یووسف ئاغا قابجی باشی ضوویە ئیستانبولێ بەلێ رۆژێن وی گەلەک ل وێرێ نەڤەکێشایە، ب شەهیدبوون مریە (هاتیە کوشتن).

## مرنا وی:

پشتی ژیەکێ درێژ و خزمەتەکا مەزن یا زانستێن ئایینی هەروەکی ددەستنڤیسا پەرتووکا (الدر المکنون) دا هاتی یا مێژوونڤیسێ مووسلی (یاسین ئەفەندی ئەلعومەری) کو زانایێ بەرکەفتی (مەلا سەلیم ئەردەلانی کوردی) ل سالا ۱۲۰۳مشەختی ضوویە بەر دلۆڤانیا خودێ کو دبیتە بەرامبەری (۱۷۸۸ز)، و ل رۆژا (۱۹ رەبیعلئەوول ۱۲۰۳مش _ ۱۷۸۸/۱۲/۱۷ز) درێورەسمەکێ هەژی دا ب ئامادەبوونا زانا و مەزن و کەسایەتیێن باژێرێ مووسل ل گورستانا (نەبی شیت_سلاڤ لێ بن) هاتیە ڤەشاراتن.

یاسین افندی العمری، الدر المکنون....، (مخگوگ: ۱۸۲٤)


ژێدەر:

_ یاسین افندی العمری، الدر المکنون فی المآپر الماضیه من القرون (تاریخ یاسین العمری)،(مخگوگ: ۱۸۱۱م)،الورقه:٤۰۷.

_ یاسین افندی العمری، الدر المکنون فی المآپر الماضیه من القرون (تاریخ یاسین العمری)،(مخگوگ: ۱۸۲٤م)،الورقه:۳٦.

_ سلیمان صائغ (القس)، تاریخ الموصل، ج۲، مگبعه الکاثولیکیه _ بیروت، (بیروت: ۱۹۲۸)، ص۲۰٥.

_ محمدأمین بن خیرالله الخگیب العمری، منهل الأولیاء و مشرب الاصفیاء من سادات الموصل الحدباء، حققه و نشره: سعید الدیوجی، ج۱، مگبعه الجمهوریه_ الموصل،( الموصل: ۱۳۸٦هـ _ ۱۹٦۷م)، ص ۱۸_۱۹ و ص ۲۷۷_۲۷۸.

دکتر عبدالله لطیف پور– سقز



# تحلیل و تفسیر داستان« حصار و سگ های پدرم »

چکیده:
رمان « حصار و سگ های پدرم » یکی از رمانهای مشهور شیرزاد حسن نویسندهی کرد عراقی است. این رمان از شهری و محیطی بسته سخن میگوید که به دست پدری مستبد و خودخواه، اداره میشود به صورتی که در آن همه چیز در زمام اختیار اوست و در این حصار، غیر از خود پدر که مکررا ازدواج میکند، احدی از اولاد ذکور و اناث او اجازهی ازدواج کردن و حتی اندیشیدن در مورد این موضوع را ندارند و حتی حیوانات مذکر هم در آن پیوسته اخته میشوند.
تابو کردن ازدواج و ایجاد محدودیت در روابط و منع ارتباط و تلاش برای حفظ شرایط موجود از خواستها وایدهها و برنامههای پدر و مدیر حصار است و از طرف دیگر رمان در کلیت خود به ترس وگریزان بودن مردم از آزادی و عدم رغبتشان به جامعهی باز و دلبستگیشان به سلطهای که به آن عادت کرده اند اشاره دارد.
شیرزاد حسن در این رمان، پایان تلخ اتوپیا گرایی و بی نتیجه بودن مهندسی اجتماعی تخریبی و انقلابی را - در صورت عدم آمادگی روحی و روانی مردم و انجام کارهای فرهنگی و سیاسی پیشینی - نشان می دهد و همچنین گرایش به مرکز مردم وعلاقه به بازگشت به گذشتهو ترس از آینده هم از تمهای اصلی این رمان هستند.

کلید واژه ها: شیرزاد حسن،حصار، نماد،فروید، پدر

مقدمه:
رمان در ادبیات کردی ژانری جوان است وسابقه و عمری چندان طولانی ندارد. ورود دیر هنگام رمان به ساحت ادبیات کردی دلایل متعددی می تواند داشته باشد که یکی از آنها پیوند عمیق فرهنگ کردی با شعرو نظم است به صورتی که شعر سالهامهمترین رسانهی فرهنگی کردها نیز بود به همان صورتی که داریوش آشوری در مورد ادبیات فارسی مینویسد که«شعر مهم ترین عنصر هنری و رسانهی فرهنگی ایران در گذشته بوده است » ( آشوری، ۱۳۸۰ : ۱۸۲) اما عمده ترین دلیل درتاخیر ظهور و ورود رمان،تاخیر در ورود مدرنیته با توابع و عواقب آن به کردستان بود چون به تعبیر هاشم احمدزاده « ظهور رمان نتیجهی مدرنیزاسیون است» (احمدزاده، ۱۳۸۶: ۳)
رمان یکی از عوامل اصلی فردگرایی مثبت و هویتگرایی است و درتشکل و تشخص بخشی به سیمای ملی ملتها هم تاثیر گذار است. هرچند بسیاری از منتقدان علی العموم چپ، قالب ادبی را بازتابی از قالب اجتماعی میدانند اما جهان رمان میتواند هم جهانی مستقل باشد و هم در آفربنش جهانهای واقعی هم موثر باشد.
اگر رمان« چوپان کرمانج» اثر عرب شامیلوف( عرب شەمو ) را نخستین رمان کردی بدانیم(۱۹۳۵) عمر رمان کردی از صد سال کمتر است اما با این سابقهی کم،امروزه ادبیات کردی رمان نویسان موفق و توانای زیادی همچون: شیرزاد حسن، عطا نهایی و بختیار علی و...دارد که در این سالها آثار این نویسندگان کمکم دارند از جغرافیای کردستان میگذرند و با ترجمه به زبان های دیگر در میان بسیاری از کشورهای جهان و از جمله در ایران شناخته می شوند.
شیرزاد حسن یکی از رمان نویسان و داستان نویسان معاصر کردعراقی است که قلم توانایی در نوشتن داستان و رمان دارد و رمان های او تاکنون به چندین زبان زندهی دنیا و از جمله به زبان فارسی ترجمه شده اند.
این رمان نویس در سال( ۱۹۵۰ م )در شهر اربیل در کردستان عراق به دنیا آمد.تحصیلات خود را تا پایان متوسطه در این شهر ادامه داد و برای ادامه تحصیل در رشتهی ادبیات انگلیسی به دانشگاه المستنصریه بغداد رفت. بعد از پایان تحصیل، سالها به عنوان دبیر زبان خارجه در دبیرستانهای کردستان عراق مشغول به کار بود و این شغل و محیط، بعدها الهام بخش نویسنده برای نگارش برخی ازشاهکارها و قصهها و داستان های مشهور او شد.
شیرزاد حسن در خانواده ای نظامی متولد شد و پدرش نظامی و پلیسی آتشین مزاج و سنگدل بود.. او در برخی از داستان هایش به این وضعیت نیز به صورت مستقیم یا غیر مستقیم اشاره داردو حتی رمان خود را هم به روح پدرش و حصارکوچکش تقدیم کرده است. شیرزاد حسن در این داستان و بسیاری از کارهای دیگرش به خوبی از خصیصههای پاتریمونیالیسی(پدرسالاری) جوامع کردی سخن رانده است و یکی از تم های اصلی داستان های ایشان بحث اتوکراسی (یکه سالاری ) است.
نویسنده این رمان را در سال ۱۹۹۶ منتشر کردو به نظر میرسد که این رمان،به موقعیت کشور عراق اواخر حکومت صدام حسین و ترسی که بسیاری از مردم عراق از نابودی دیکتاتور و خلأ قدرت بعد از آن در دل داشتند. اشاره دارد.

پیشینهی تحقیق:
نقد ادبی در فرهنگ و ادبیات کردی هم مثل خود قالب رمان سابقهی چندان زیادی ندارد و آنچه هم در این حداکثر ۷۰ ساله عمر آن میگذرد کمتر وارد حوزههایی همچون نقد رمان و نمایشنامه و یا متون فلسفی شده است هرچند در سال های اخیر این وضعیت دارد تغییر می کند و این قالب ها هم مورد نگاه ریزبینانهی منتقدین قرار میگیرند. به همین خاطر در مورد این رمان هم کارهای چندان زیادی خصوصا در کردستان ایران صورت نگرفته

و به زبان فارسی هم علی رغم ترجمه ی آن به فارسی، چندان کارهای قابل توجهی که در شان این رمان و این نویسنده باشند دیده نمی شود. عبدالله کیخسروی در ویژه نامه‌ی « هه نگاو » یاداشتی را تحت عنوان « روایت پدر کشی در آثار شیرزاد حسن » (کیخسروی، ۱۳۹۰: ۴۷) به رشته‌ی تحریر درآورده است و در چند سایت اینترنتی هم یاداشتهایی به زبان فارسی نوشته شده اند که می توان به یاداشت خانم منیره قهرمانی در وبلاگ «جامعه بازار» اشاره کرد که علی رغم اهمیت این کارها اما هرگز این نوشتارها کافی نیستند و رمان می طلبد که در مورد آن کارهای بهتر و کاملتری صورت گیرد.

رمان حصار و نقدی روانشناسانه:

رمان حصار باتوجه به ویژگیباز بودن متن و محتوای عمیق و زبان و بیان استوار و ادبی آن میتواند از جهات مختلفی همچون: اسطوره شناسی، جامعه شناسی و خصوصا روان شناسی مورد بحث و تحلیل قرار گیرد. نقد روان شناسانه یکی از گونه های موفق و پرطرفدار نقد ادبی در این سالهاست. در این نوع نقد آثار ادبی از حیث تئوریها و نظریه های روانشناسانه و روانکاوانه مورد مداقه قرار میگیرند. این گرایش از یک طرف نشانه ی دلبستگی منتقدان به قرائتهای روان شناسانه است و از جانب دیگر نشان از اهمیت فوق العاده زیاد آثار ادبی نزد روان شناسان دارد. فروید در مجلسی که به مناسبت بزرگداشت او برگزار شده بود در برابر سخنان یکی از سخنرانان که او را کاشف ضمیر ناخودآگاه لقب داده بود واکنش نشان داده و مینویسد:« من کاشف ضمیر ناخودآگاه نیستم،شعرا ضمیر ناخودآگاه را کشف کرده اند،کار من فقط پیدا کردن روشی علمی برای بررسی آن بود »(پاینده، ۱۳۹۰: ۲۵۱)و حتی در جایی دیگر خود را در برابر نویسندگان فردی «عامی » قلمداد می کنند( پاینده، ۱۳۹۰: ۲۸۴)

نقد روانشناسانه عمق و بطن و ناخودآگاه آثار ادبی رانشان می دهد و از سطحیت و سطحی گرایی متون می گذرد و احوال روحی و روانی نویسنده و شخصیت ها را تفسیر و تحلیل می کند. هرچند این نوع نقد نیز علی رغم همهی توفیقاتش مخالفت و مخالفانی هم داشته است و مخالفان معتقدند این نقد « به زیبایی شناسی آثار ادبی بی توجه است و با عینک ها و تئوری های از پیش آماده مانند تئوری های فروید و... به آثار ادبی می نگرد »(شایگان فر، ۱۳۹۰: ۱۲۶)

نقد روان شناسانه رااز حیث بررسی ابژهی تحقیق و تحلیل،میتوان به سه طیف وسه مرحله تقسیم کرد: دریک مرحله به روانشناسی نویسنده میپردازند، در مرحله ای دیگر روان شناسی شخصیتهای متن ها و داستانها و سرانجام روان شناسی خوانندگان مورد مداقه قرار می گیرد.

